حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەیزانستی
زانکـــــۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییـەکان
سکوڵی زمـان

# شرۆڤەکردنی مەرجی ڕاستەقینەیی لە واتـای زمانیدا

نامەیەکە

بەهرە سلام حم غریب

پێشکەشی ئەنجوومەن سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە
پێویستییەکانی وەرگرتنی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت

پ . د . بەکر عومەر عەلی

(2715)ی کوردیی (2015)ی زایینیی

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.

ئەم نامەیە بەسەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لەزمانی کوردیدا .

ناو : پ.د. بەکر عومەر عەلی

ڕۆژ : 10/ 12/ 2015

بەپێی ئەو پێشنیازە ، ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .

ناو : پ.ی. د. کاروان عمر قادر

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

ڕۆژ: 10/ 12 /2015

ئێمە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا ، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لەزمانی کوردیدا پێبدرێت .

ناو: پ.ی.د.مهاباد کامل عبدالله
ئەندام
ڕۆژ: / /2016

ناو: پ.ی.د. ابوبكر عمر قادر
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: / / 2016

ناو: د. ئاڤێستا کمال محمود
ئەندام
ڕۆژ: / / 2016

ناو : پ. د. بكر عمر علی
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕۆژ: / / 2016

لەلایەن ئەنجومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەندکرا .

ناو :

سەرۆکی سکوڵی زمان

ڕۆژ: / / 2016

ئەم نامەیە پێشکەشەبە :

1- دایك و باوکی زۆر زۆر خۆشەویستم ، کە بەردەوام یارمەتیدەر و هاندەرم بوون ، هەمیشە هیوای باشترینیان بۆ خواستووم ، هیوادارم ببمە مایەی بەختەوەرییان .

2- خوشك و برا خۆشەویستەکانم و جگەر گۆشەکانیان .

3- هاوسەری خۆشەویستم ( فازیل ) ، کە بە وتە و ڕەفتارە جوانەکانی ئاسودەییم پێدەبەخشێت .

4- ئامۆزای خۆشەویستم (شنیار) .

5- مامۆستا و هاوڕێی خۆشەویستم ( د.ئاڤێستا کەمال ) ، کە بەردەوام یارمەتیدەر و هاندەرم بووە .

6- گشت مامۆستایانی بەشی کوردی / کۆلێژی زمان / زانکۆی سلێمانی .

## سوپاس و پێزانین :

1- زۆر سوپاسی مامۆستای بەڕێزم پرۆفیسۆر ( د. بەکر عومەر عەلی ) دەکەم ، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەمی گرتە ئەستۆ .

2- زۆر سوپاسی مامۆستای بەڕێزم ( د. ئاڤێستا کەمال محموود ) دەکەم ، کە بەردەوام یارمەتیدەرم بووە و هەوڵی لە گەڵدا داوم و ڕێنموێنی کردووم .

3- زۆر سوپاسی مامۆستای بەڕێزم ( پ.ی. د. شیلان عومەر حسێن ) دەکەم ، کە بەدڵێکی فراوانەوە وەڵامی پرسیارەکانمی دەدایەوە .

4- زۆر سوپاسی کارمەندانی کتێبخانەی ناوەند و کتێبخانەی کۆلێژی زمان / زانکۆی سلێمانی دەکەم .

5- سەرۆکایەتی بەشی کوردی و مامۆستایانی بەشی کوردی / زانکۆی سلێمانی .

لیستی هێما و کورتکراوەکان :

| | |
|---|---|
| ʉ | ڕادەی گشتی ئەرێنی |
| E | ڕادەی هەبوونی هەندێك |
| S | ڕستە |
| $N^{-}$ /NP | فرێزی ناوی (ف.ن ) |
| $V^{-}$/VP | فرێزی كاری (ف.ك ) |
| N | ناو |
| $D^{-}$/Det | دەرخەر |
| P | واتای سەرەكی |
| q | گریمانەی پێشینە / مەرجی ڕاستەقینەیی |
| ~ | نەرێ |
| X | قسەكەر |
| y | گوێگر |
| ^ | ئامرازی یەكگرتن ( و ) |
| V | ئامرازی یەكگرتن ( یان ) |
| ← | دەربڕاوی مەرجداری ( ئەگەر ـــ پاشان ) |
| ↔ | دەربڕاوی مەرجداری ( ئەگەر و تەنها ئەگەر ) |
| >> ......<< | زاراوە |
| * | هەڵەی ڕێزمانی |
| ∴ | كەواتە |
| د. ق | دروستەی قووڵ |
| د. ڕ | دروستەی ڕوكەش |
| ن | ناو |
| ئان | ئاوەڵناو |
| هـ: | هەڵە |

لیستی زاراوەکان :

| | |
|---|---|
| reference | ئاماژە |
| signifier | ئاماژە |
| **conjunction** | ئامرازی یەکگرتن |
| disjunctions | ئامرازی  جیاکردنەوە |
| Object | بابەت |
| Object Language | بابەتی زمانەکە |
| Generalization | بەگشتیکردن |
| sense | مەعقولیەت (**منطق**) |
| The notion of truth | چەمکی ڕاستی |
| Branching | پەلهاویشتن |
| converse | پێچەوانە |
| proposition | پێشنیار / ڕستە:ناوەڕۆك |
| Component | پێکهاتە |
| Syntactic Component | پێکهێنەری ڕستەسازی |
| Phonological Components | پێکهاتەی فۆنۆلۆژی |
| Transformational component | پێکهاتەی گواستنەوە |
| Semantic Component | پێکهێنەری واتایی |
| Elements | توخمەکان |
| Reference Theory | تیۆری ئاماژەبەندی |
| Theory of Dispositional | تیۆری ڕەفتارکردن |
| T–theory | تیۆری ڕاستەقینە |
| Truth-based theories | تیۆرەکانی بنچینەیی –ڕاستەقینەیی |
| recursive theory | تیۆری دووپاتکردنەوەی لێکدانی پێکهاتەکان |
| Revised Extended Standard Theory | **تیۆری ستانداردی فراوانکراوی پێداچووەوە** |

| ASPECTS OF THE THEORY OF SYNTAX | لایەنەکانی تیۆری ڕستەسازی |
|---|---|
| lexical insertion | تێکردەفەرهەنگییەکان |
| non- asserted | جەخت لێنەکراو |
| truth table | خشتەی ڕاستەقینەیی |
| implication | دەربڕاوە مەرجدارەکان/ بەخشکەیی دەربڕین |
| Context | دەوروبەر |
| Surface structure | دروستەی ڕووکەش |
| Deep structure | دروستەی قووڵ |
| contra positive | دژ |
| predicates | دراوە پاڵەکان |
| standard logic | لۆژیکی پێوانەیی |
| Truth | ڕاستی |
| truth and falsity | ڕاستێتی و هەڵەیی |
| Denotation approach | ڕێبازی نیشانەکردن |
| necessary truth | ڕاستی پێویست / بەناچاری |
| contingent truth | ڕاستی مەرج /کەڵکەڵەیی |
| Semantic Aspects | چەند لایەنێکی سیمانتیکی |
| common ground | زەمینەی هاوبەش |
| Meta Language | زمان خودی (مێتا زمان) |
| terms | زاراوەکان |
| constraint | سنوردانان/ ڕێگەلێگرتن |
| extension | فراوانکردن |
| mental lexicon | فەرهەنگی ئاوەزیی |
| Logical form | فۆڕمی لۆژیکی |
| speech act | کردەی قسەیی |
| Selection restriction | کۆتی هەڵاوێرکردن |
| presupposition | گریمانەی پێشینە |

| | |
|---|---|
| existential presupposition | گریمانەی پێشینەی بوون |
| Pragmatic presupposition | گریمانەی پێشینەی پراگماتیکی |
| structural presupposition | گریمانەی پێشینەی پێکهاتەیی |
| Trigger Presupposition | گریمانەی پێشینەی دەستپێکردن |
| Psycho presupposition | گریمانەی پێشینەی دەروونی |
| counterfactual presupposition | گریمانەی پێشینەی درۆینە |
| factive presupposition | گریمانەی پێشینەی ڕاستەقینە |
| semantics presupposition | گریمانەی پێشینەی سیمانتیکی |
| Potential Presupposition | گریمانەی پێشینەی شاراوەدا |
| Lexical presupposition | گریمانەی پێشینەی فەرهەنگی |
| non-factive presupposition | گریمانەی پێشینەی نا–ڕاستەقینە |
| Convergence problem | گرفتی شێوە دارێژ |
| Materialist | ماددی |
| truth-conditional | مەرجی راستەقینەیی |
| Non Truth – Conditional | مەرجی ناڕاستەقینەی |
| Truth- Conditional Semantics | مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکی |
| Necessary condition | مەرجی پێویست |
| Sufficient condition | مەرجی لاوەکی |
| the Maxim of Relevance | ماگزیمی پەیوەندیدار |
| the Maxim of Quantity | ماگزیمی چەندێتی |
| the Maxim of Quality | ماگزیمی چۆنیەتی |
| the Maxim of Manner | ماگزیمی شێوازی |
| nomintum | ناولێنراو |
| Content | ناوەڕۆك |
| Negation. | نەرێ |
| truth values | نرخی ڕاستەقینەیی |

| **Truth value in sentence** | نرخی ڕاستەقینەیی ڕستە |
|---|---|
| inverse | هەڵەوگێڕاو |
| Falsity | هەڵەیی |
| Intension | هێز |
| pretend | وا دەرخستن |
| presumably | وادانراو |
| Meaning | واتا |
| Utterance meaning | واتای دەربڕاو |
| sentence – meaning | واتای ڕستە |
| social meaning | واتای کۆمەڵایەتی |
| imagine | وازانین / وێناکردن |
| Stimulus | وروژێنەر |
| response | وەڵامدانەوە |
| Regularity | یاسابەندێتی |
| syntactic | یاسای سینتاکتیکی |
| equivalent | یەکسانە |
| formation rules | یاساکانی فۆرمداڕشتن |
| Projection principle | یاساکانی پرۆژەسازدان |
| interface rule | یاساکانی بەریەککەوتن |
| correspondence rule | یاساکانی پەیکاڵبوون |

## ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی : | 3–1 |
| بەشی یەکەم :قوتابخانە زمانەوانییەکان و کێشەی واتا | 58–4 |
| 1/1 ) چەمك و تێڕوانین بۆ واتاسازی | 5 |
| 1–1/1)قوتابخانەزمانەوانییەکان و کێشەی واتا | 7 |
| 1–1–1/1) تیۆری ئاماژەبەندی | 8 |
| 2–1–1/1 ) تیۆری ڕەفتاری | 14 |
| 3–1–1/1)تیۆری کێڵگەواتاییەکان | 20 |
| 4–1–1/1) تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی | 24 |
| 1–4–1–1/1) قۆناغەکانی تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی | 30 |
| ا–1–4–1–1/1) تیۆری ستانداردی سیمانتیکی لێکدەرەوەیی | 30 |
| ب–1–4–1–1/1) تیۆری ستانداردی فراوانکراوی سیمانتیکی لێکدەرەوەیی | 35 |
| پ–1–4–1–1/1) تیۆری ستانداردی فراوانکراوی دەستپێداهێنراوی سیمانتیکی لێکدەرەوەیی | 37 |
| 5–1–1/1 ) تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان | 42 |
| 2/1 ) جۆرەکانی لێکدانەوەی واتا و مەرجی ڕاستەقینەیی | 48 |
| 1–2/1)جۆرەکانی لێکدانەوەی واتا | 48 |
| 1/ 2–2)پەیوەندی نێوان واتا و مەرجی ڕاستەقینەیی | 56 |
| بەشی دووەم : مەرجیڕاستەقینەیی لە واتای زمانیدا (واتای زمانیی و مەرجی ڕاستەقینە | 117–59 |
| 2) شیکردنەوەی ڕایەڵەکانی مەرجی ڕاستەقینە لەگەیاندنی واتادا . | 60 |
| 1/2) بنەمای تیۆری مەرجی ڕاستەقینەیی بۆ لێکدانەوەی واتایی | 60 |
| 1–1/2 ) مەرجی ڕاستەقینەیی واتای ڕستەکان | 70 |
| 2–1/2 ) بنەماکانی مەرجی ڕاستەقینەیی | 71 |
| 3–1/2 ) بەهای ڕاستەقینەیی لە ڕستەدا | 88 |
| 4–1/2 ) پەیوەندییە لۆژیکییەکان لە نواندنی مەرجی ڕاستەقینەدا | 90 |

| | |
|---|---|
| 5-1/2 ) خشتەی ڕاستەقینەیی و لێکدانەوەی پەیوەندییەکان | 95 |
| 6-1/2 )بەربەستەکانی هاتنە ناوەوەی مەرجی ڕاستەقینە | 100 |
| 2/2 )مەرجی ناڕاستەقینەیی | 102 |
| 3/2) ناسینەوە و دیاریکردنی مەرجی ڕاستەقینە لە پێکهاتەی ڕستەدا | 110 |
| 3/2 – 1 ) مەرجی ڕاستەقینە لە ڕستەی هەواڵی و پرسیار و فەرمانکردندا | 110 |
| 1-1/3/2 ) مەرجی ڕاستەقینە لە ڕستەی ڕاگەیاندن /هەواڵدەر | 110 |
| 2-1/3/2 ) مەرجی ڕاستەقینە لە ڕستەی فەرمانی | 111 |
| 3-1/3/2) مەرجی ڕاستەقینە لە ڕستەی پرسیاری | 111 |
| 3/2– 2 ) مەرجی ڕاستەقینە لە ڕستەی سادە و لێکدراو ئاوێتەدداا | 112 |
| 1-2/3/2 ) مەرجی ڕاستەقینە لە ڕستەی سادە | 113 |
| 2-2/3/2) مەرجی ڕاستەقینە لە ڕستەی لێکدراو | 113 |
| 3-2/3/2) مەرجی ڕاستەقینە لە ڕستەی ئاوێتە | 115 |
| **بەشی سێیەم : ئاوەڵناو وەك نموونەی پراکتیکی واتای زمانیی و مەرجی ڕاستەقینە** | 161 –118 |
| 3) پراکتیکەکردنی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا | 119 |
| 1/3 )پۆلێنی ئاوەڵناوەکان لە ڕووی پێکهاتەو واتا و تایبەتێتیانەوە لە زمانی کوردیدا | 119 |
| 1-1/3) پۆلێنی پێکهاتەی ئاوەڵناو | 120 |
| 2-1/3 ) پۆلێنی واتایی ئاوەڵناو | 122 |
| 1-2-1/3) ئاوەڵناوی چۆنیەتی | 122 |
| 2-2-1/3 ) ئاوەڵناوی چەندێتی | 124 |
| 3-2-1/3 ) ئاوەڵناوی نیشانە | 126 |
| 4-2-1/3) ئاوەڵناوی ڕێژەیی | 126 |
| 5-2-1/3) ئاوەڵناوی نادیاری | 127 |
| 2/3)مەرجی ڕاستەقینەیی ئاوەڵناوەکان لە زمانی کوردیدا | 129 |
| 1-2/3 )مەرجی ڕاستەقینەیی ئاوەڵناوەکان لە ڕستەی هەواڵدەر و پرسیاری و فەرماندا | 132 |
| 2-2/3)مەرجی ڕاستەقینەیی ئاوەڵناوەکان لە ڕستەسادە و لێکدراو و ئاوێتەکاندا | 136 |
| 3/3 )مەرجی ناڕاستەقینەیی ئاوەڵناوەکان لە زمانی کوردیدا | 146 |

| | |
|---|---|
| 148 | 1-3/3 )مەرجی ناڕاستەقینەیی ئاوەڵناوەکان لە ڕستەی هەواڵی و پرسیاری و فەرماندا |
| 152 | 2-3/3)مەرجی ناڕاستەقینەیی ئاوەڵناوەکان لە ڕستەسادە و لێکدراو و ئاوێتەکاندا |
| 162 | **ئەنجام** |
| 165 | **سەرچاوەکان** |
| 174 | **پوختە** |

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.

# پێشەکی

# پێشەکی

## 1/0) ناونیشان و بواری نامەکە :

ناونیشانی نامەکە ( شرۆڤەکردنی مەرجی ڕاستەقینەیی لەواتای زمانیدا ) ، بەشێوەیەکی سەرەکی هەوڵدانە بۆ چۆنیەتی شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی واتای ڕستەو دەربڕاوەکان ، بەشێوەیەك شرۆڤکردن و لێکدانەوەی واتای ڕستەکان سەر بەسیمانتیکە ، واتای دەربڕاوەکانیش کە لە ڕستەکانەوە هەڵدەگوێزرێت گشتیترە و سەر بە پراگماتیکە .

## 2/0) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :

هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی بابەتەکە ، خستنەڕووی چۆنیەتی لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی واتای ڕستە و دەربڕاوەکانە ، بە مەبەستی گەیشتن بە مەرجی ڕاستەقینەییان بەهۆی لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و بەهای ڕاستەقینەیی ڕستەکان ، کە لە ئاماژەکانی ڕستە سادەکانەوە دێت .

## 3/0) کەرەستەی نامەکە :

لە نووسینی ئەم نامەیەدا ( زمانی کوردی – کرمانجی ناوەڕاست – شێوەزاری سلێمانی ) بەکارهاتووە ، فۆڕمە زمانییەکان لە گفتوگۆکانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانەوە وەرگیراون .

## 4/0) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە :

لەم نامەیەدا ڕێبازی " شیکاریی پەسنکارانە" پەیڕەوکراوە ، چونکە کارکردن لەگەڵ بابەتێکی وەك سیمانتیك و پراگماتیك ، بۆ گەیشتن بەمەرجی ڕاستەقینەی ڕستە و دەربڕاوەکان ، لە ڕێگەی شرۆڤەکردنەوە ، پێویست بەم ڕێبازە دەکات ، بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجەکان . .

## 5/0) بەشەکانی نامەکە:

نامەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە سێ بەش پێکهاتووە :

**بەشی یەکەم :** پێکهاتووە لە سێ پار :

پاری یەکەم :خستنەڕووی قووتابخانە زمانەوانییەکان و کێشەکانیان .

پاری دووەم : باس لە جۆرەکانی واتا دەکرێت ، بە شێوەیەکی گشتی حەوت جۆرمان لێدیاریکردووە .

**بەشی دووەم :**بەشی دووەمیش بەهەمان شێوە پێکهاتووە لە سێ پاری سەرەکی :

پاری یەکەم : بە شێوەیەکی گشتی باس لە سەرهەڵدانی تیۆری مەرجی ڕاستەقینەیی و بنەمای تیۆری مەرجی ڕاستەقینەیی بۆ لێکدانەوەی واتایی و چۆنیەتی دیاریکردن و ناسینەوەی مەرجی ڕاستەقینەیی و دیاریکردنی نرخی ڕاستەقینەیی ڕستەکان و بەربەستەکانی هاتنە ناوەوەی مەرجی ڕاستەقینە دەکرێت ، هەروەها هەوڵدەدرێت بۆ ئامادەکردن و خستنەڕووی خشتەی ڕاستەقینەیی بۆ زاراوە لۆژیکییەکان.

پاری دووەم : باس لە مەرجی نا– ڕاستەقینە دەکرێت ، کە دیاردەیەکی پراگماتیکییە و لە بەکارهێنانی زماندا دەردەکەوێت ، بەهۆی دەوروبەر و بارودۆخ و زانیاری هاوبەش و زانیاری دونیاییەوە دەتوانین لە مەبەستی قسەکەر بگەین .

پاری سێیەم : هەوڵدەدەین مەرجی ڕاستەقینە لە ڕستەدا بخەینە ڕوو ، بۆ ئەو مەبەستەش مەرجی ڕاستەقینە لە ڕستەی هەواڵدەر و پرسیارکردن و فەرمانکردندا ، هەروەها لە لە ڕستەی سادە و لێکدراو ئاوێتەدادەخرێتە ڕوو .

**بەشی سێیەم** : بەشی کارەکی و بوارەکانی کارکردن و سود وەرگرتنە لە مەرجی ڕاستەقینە ، ئاوەڵناو وەك نموونەی پراکتیکی واتای زمانیی و مەرجی ڕاستەقینەیی وەرگیراوە ، لە سێ پار پێکهاتووە :

پاری یەکەم : واتای زمانیی ئاوەڵناوەکان لە زمانی کوردیدا لە ڕووی پێکهاتە و پلەو پۆلێنی واتاییەوە دەخرێتە ڕوو .

پاری دووەم : مەرجی ڕاستەقینەیی ئاوەڵناوەکان لە ڕستەی هەواڵدەر و پرسیاری و فەرمان ، هەروەها لە ڕستەسادە و لێکدراو و ئاوێتەکاندا لە زمانی کوردیدا دەخرێتە ڕوو .

پاری سێیەم : مەرجی ناڕاستەقینەیی ئاوەڵناوەکان لە ڕستەی هەواڵی و پرسیاری و فەرمانکردندا و لە ڕستەسادە و لێکدراو و ئاوێتەکانداله زمانی کوردیدا باسی لێوە دەکرێت و بە نموونەوە ڕووندەکرێتەوە .

لەکۆتای لێکۆڵینەوەکەشدا گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان خراونەتەڕوو .

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.

# بەشی یەکەم

## قوتابخانە زمانەوانییەکان و کێشەی واتا

## 1) واتای زمانیی / سیمانتیك و قووتابخانه زمانەوانییەکان :

واتای زمانیی مەبەست لێی واتای سیمانتیکی ڕستەکانە ، کە هاریکاری قسەکەرەکان دەکات تا هەرچەند دەیانەوێت قسەبکەنو لە ناوەڕۆکی بارودۆخەکان تێبگەن ، جگە لە واتای زمانیی واتای پراگماتیکی و واتای سایکۆلۆژی هەیە[1] ، کەدەوری گرنگ لە ئاخاوتنەکاندا دەگێڕن و تێگەیشتن دێننە ئاراوە .

### 1/1 ) چەمك و تێڕوانین بۆ واتاسازی .

زمان بەکاردێت بۆ ئاشکراکردنی بیرۆکەکانو خستنەڕوو و نواندنی ڕەهەند و دونیای ڕاستەقینە، ئەوەی بیری لێدەکرێتەوە بەهۆی ڕستەکانەوە دەردەبڕدرێت بەپشت بەستن بە واتاو مەبەستی ڕستەکان ، "زمانی قسەکردن گرنگترین ڕێگایە بۆ پەیوەندیکردنی مرۆڤەکان بەشێوەیەکی فراوان ، ئەو ئەنجامەی ، کە مرۆڤ دەستی دەکەوێت لەقسەکردن زۆر زیاترە لەو ئەنجامەی لە نوسین و ئاماژەو هێماجەستەییەکان دەستی دەکەوێت ."[2] واتای زمانیی ئەو واتایانەن کەلەڕێگای هێما زمانییەکانەوە دەردەبڕدرێن ، یان لەڕێگەی ئاماژەو ڕەمز و زمانی جەستەوە دەگەیەنرێن ، " زمان ناوەندێکە ڕاستەقینەیی بوونی تێدا ئاشکرا دەبێت و دیاریکردنی ڕاستەقینەیش لەزماندا دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوتی تاکەکان لە ناو کۆمەڵدا[3] .

دەربڕین و گۆکردنی هێمازمانییەکان لە خۆوەو بێ ئامانج نین ، بەڵکو هەڵگری کۆمەڵێك بیر و پەیامن ، چونکە هەربیرێك کە لە مێشکدایە پێویستی بەفۆڕم و دەربڕینە ، ئەگەر دەربڕین نەبوایە ئەوکاتە بیرکردنەوەکان تەنیا لەمێشکدا گەڵاڵە دەبوون و هیچ سودوکەڵکێکیان بۆ مرۆڤ نەدەبوو ، هەموو هێمایەك خاوەنی فۆڕم و ناوەڕۆکی خۆیەتی و لە شێوەی یەکەی زانیاری لە مێشکی مرۆڤدا هەڵگیراون و هێماکان پێکەوە کۆزانیاری مێشکی مرۆڤ پێکدەهێنن ، کە خاوەنی چەمکی تایبەتی خۆیانن و بۆ دەربڕینی بیر دەبێت لە هێما زمانییەکانەوە بئاڵێنرێت و(بەشێوەی وشەو ڕستە یا پێکهاتەی گەورەتر لە پەرەگرافیش دەربربڕدرێت بۆ ئەوەی واتایەك بگەیەنن ).[4]

وشە و ڕستەکان واتایان هەیەو قسەکەریش بەهۆی بەکارهێنانیانەوە مەبەستەکانی دەگەیەنێت ، واتای ڕستەکان لە دروستە سینتاکسییەکاندیاریکراون و هەڵبژێراون ، بەڵام هەندێکجار قسەکەر ئەومەبەستەی هەیەتی دیارینەکراوە ، کاتێك دەیەوێت مەبەستێك یان چەند مەبەستێك بگەیەنێت، ئەمەش چەند لایەنەیە

---

[1] بۆزانیاری زیاتر لە سەر جۆرەکانی واتا بڕوانە پاری دووەمی ئەم بەشە .

[2] احمد مختار عمر (1982 : 40 ).

[3] محمد کەمال (2011 : 96 ).

[4] هۆگر محمود (2005 :106).

،كە ئایا قسەکەر خۆی نایەوێت بابەتەکە بەڕونی بڵێت و مەبەستەکەی بگەیەنێت ، یان گوێگر ئەو توانایەی نەبێت لە بابەتەکە بگات ، یان بابەتەکە قورس بێت و نەتوانرێت بەتەواوی بگەیەنرێت ، لەوانەشە زمانی گەیاندنی بابەتەکە کەموکورتی تێدا هەبێت .

واتاسازی[1] پەیوەندی بە لەیەکترگەیشتنەوە هەیە ، کە لە کۆمەڵدا گرنگە ، هەوڵدەدرێت لە ڕێگەی واتاسازییەوە پەی بە چۆنیەتی کارکردنی مێشکی مرۆڤ بدرێت ، واتە هەتا لەیەکترگەیشتن هەبێت واتاش گرنگی خۆی لەدەست نادات ، واتاسازی یەکێکە لە ئاستەکانی زمان ، پەیوەندییەکی تەواوی بە ئاستەکانی تر تەنانەت زانستەکانی تریشەوە هەیە ، هەموو ئاستەکانی تری زمان لەخزمەتی ئەم ئاستەی زماندان بۆ دەستەبەرکردنی واتا ، چونکە ئەگەر واتا دروست نەبێت زمان نابێت ،واتاسازی بەهۆی ئاڵۆزی و سەختییەوە زانایانی زمان بیروڕای جیاوازیان لەسەری هەیە ، دانانی پێناسەیەکی گشتی سەبارەت بە واتا ، بەشێوەیەك زاناکانی زمان و قوتابخانە زمانەوانییەکان کۆکنین لەسەری کارێکی گرانە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بیرو بۆچونیان و جیاوازی تێگەیشتنیان بۆ واتا .

(فریگە)پێناسەی واتای کردووە بەوەی " واتا ئەو شێوازەیە کە گوزارشتی لەشتەکان پێدەکرێت "[2] ، (سۆسێر) بەمشێوەیە ئاماژەی بۆ کردووە "هەر پرۆگرامێك لە پرۆگرامەکانی لێکۆڵینەوە لایەنێك لە لایەنەکانی واتا دەگرێتە خۆی و ڕووبەڕووی دەبیتەوە"[3] ، (ئۆگدن و ریچاردس )چوار توخم لە واتا دەستنیشاندەکەن "مەبەست ، بەها ، واتا ، سۆز"[4] ، بەپێی ئەم بۆ چوونە واتا لە چوار توخم دروستدەبێت ،نابێت جیابکرێنەوەو یەکەیەکە وەریانگرین ،" واتاسازی ئەو زانستەیە ، کە لە واتا دەکۆڵێتەوە ، یاخود ئەو

---

[1] واتاسازی لەوشەی (Sema)ی لاتینییەوە هاتووە ، بەواتای (Sing) (هێما ) نیشانە دێت . بەرامبەر بە (Semantic)ی ئینگلیزی و (علم الدلاله )ی عەرەبی بەکاردەهێنرێت .. ئەم زاراوەیە یەکەمجار لەسەدەی (17)دا لەسنوری چەمکی فەلسەفیدا بەکارهاتووە بۆ مەبەستی پێشبینی و زانستە شاراوەکان ، نەك بۆ مەبەستی زمان. واتاسازی لەکۆتاییەکانی سەدەی( 19)وە لەلایەن زانای فەرەنسی (میشێل بریل )ەوە وەك زاراوەیەکی زمانی باسیلێکراوەو بەکارهاتووە ، کە لە ساڵی (1883) باسێکی نوسیوە ، تیایدا باس لەواتای وشە کراوە ، هەروەها باسی لە جۆرەکانی واتا وپەرەسەندن و گۆڕانەکانی واتا لەزمانی هیندۆئەوروپیەکاندا کردووە . لەدوای زانا (میشێل بریل) ەوە وەك لقە زانستیکی سەربەخۆ دەرکەوت ، بەڵام وەك پێویست گرنگی پێنەدرا تا دەرکەوتنی چۆمسکی .نوێترین ئاست لە زماندا لێکۆڵینەوەی تیاکرابیت دەگەڕێتەوە بۆ (1894) ، کە ئاستی واتاسازییە ، وەك زانستیك لە زمانەوانیدا ، بۆ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی واتای وشەو ڕستەکان بەکاردێت . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

ا- هۆگر محمود فرج ( 2000 ).

ب- فەرهاد تۆفیق ( 2010 ).

[2] R. Car nap(1956:119 -118).

[3] سازان ڕەزا معین ( 2005 : 5 ) .

[4] سەرچاوەی پێشو ( 6).

لقه زانستەیە لەو مەرجانە دەكۆڵێتەوە ، كە پێویستە بوونی هەبێت لە هێمادا ، تا بتوانێت واتا هەڵبگرێت "[1] ، واتە هێما بۆ ئەوەی هەڵگری واتا بێت،دەبێت خاوەنی مەرجی بەكارهێنان بێت ،سیمانتیك"ناوێكە بۆ لقێكی زانستی زمان بەكارهێنراوە ، كە خۆی بەشیكردنەوە و پەسنكردنی واتای دەربڕاوەزمانییەكانەوە خەریكدەكات"[2]، هەموودەربڕاوێكی زمانیی لەرێی زانستی سیمانتیكەوەشرۆڤەدەكرێت وپەسندەكرێت ، "سیمانتیك زانست و تیۆری رێكخستن و یاسابەندێتی << regularity>>هەندێك لایەنی دیوی ئاماژەیی << signifier>>هێما زمانییەكانە "[3]، بەواتای ئەوەی زانستی سیمانتیك دیوی واتای هێمازمانییەكان رێكدەخات و لێكدەداتەوە ، "واتا زانستێكە ، دەربارەی واتای دەربڕینە زمانەوانییەكان ، زمانی واتا دەتوانێت زمانێكی سروشتی بێت وەك هەر زمانێك لە زمانەكانی جیهان ، یان زمانێكی دەستكرد وەك زمانی پرۆگرامكردنی كۆمپیوتەر "[4]،دەوترێت" :پێویستە واتاسازی بتوانێت لێڵی و ناوێزەی شێوە دەربڕینەكانی پارافرێزی لێكبداتەوە "[5]، واتە بۆ شرۆڤەكردنی گشت دەربڕینە ئاڵۆزەكانی زمانە كە لەرێیەوە تەموومژی و ناوێزەییەكان لێكدانەوەیان بۆ دەكرێت ،مەبەستی واتاسازی گەڕان نییە بەدوای نهێنییەكی نادیاردا ، كەناوی واتایە ، بەڵكو ئەوەیە كە تێبگەین وشە یان ڕستە چۆن واتا دەگەیەنن[6] .

## 1–1/1) تیۆرییەزمانەوانییەكان وكێشەی واتا .

لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونانەوە ، واتاسازی زانستی لێكۆڵینەوە و تێگەیشتنە لە گەیاندنی واتای وشەو دەربڕینەزمانییەكان ،وەك دەبینین گرنگترین ئەو هۆكارانەی وایكردووە پێناسەی تەواو و گونجاوی واتا دروست نەبێت ، ئەوەیە كە واتا تێكەڵییەكی تەواوی لەگەڵ زانستەكانی تردا هەیە و بەشێوەیەكی چڕو تێكچڕژاو ئاوێزانبوون ، واتا وەك ئاستەكانی تری زمان بوونێكی بەرجەستەی نییە ، لەگەڵ بوونی چەند جۆرێكی واتا و بوونی چەندین بۆچوون بۆ لێكدانەوەی واتا لەلایەن زمانەوانەكان و هاتنەكایەی واتاسازی بۆ چەند ئامانجێكە ، تا ئێستا لە مێژوی زمانەوانیدا چەندین تیۆری جیاواز بۆ لێكدانەوە و شرۆڤەكردنی واتای ڕستە و دەربڕاوەكان هاتونەتە ئاراوە ، هەرتیۆرییەك گرنگی خۆی هەبووە و ڕۆڵی بینیوە ، لەگەڵ ئەوەشدا

---

[1] احمد مختار عمر ( 1982 : 17).

[2] محمدمەحوی ( 2006 : 2 ).

[3] محمدی مەحوی ( 2009 : 21 )، ب .

[4] Richmond H.Thomason (3:1996 ).

[5] عبدالواحید موشیر دزەیی ( 2010 : 27) .

[6] مجيد ماشطة ( 2009 ، 69 ).

هەریەك لەم تیۆرانە نەیانتوانیوە سنورێكی تەواو بۆ واتا دابنێن ، لەبەرئەوە توشی گرفت و ڕەخنە بوونەتەوە[1] ، لەگرنگترین ئەو تیۆرییانەش :

## 1/1–1–1) تیۆری ئاماژەبەندی <<Reference Theory[2]>> .

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم تیۆرییە بۆ چەند بنچینەیەكی فەلسەفی و لۆژیكی و سایكۆلۆژی دەگەڕێتەوە . "سیمانتیكی ئاماژەبەندی وەك لقێكی زانستی زمان – بەدەر بەئامرازو ئامێرە زمانییەكان لەمەرجەكان و یاساكانی گەڕانەوە بۆ دنیای دەرەوەی زمان و پەیوەست بوون بەو دنیا نازمانییەوە دەكۆڵێتەوە و پەسنیاندەكات "[3] ، بیرۆكەی ئەم بۆچوونەش دەگەڕێتەوە بۆ ( ئەفلاتون) ، كە واتا وەك ئاماژە لێكدەداتەوە و دەڵێت :" كە پەیوەندییەكی ڕاستەخۆ لەنێوان هێما و شت / ڕوداو / كەس داهەیە ، ئەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی نێوان (هێماو شت / ڕوودا و / كەس )"[4]، بەمشێوەیە پێناسەی زمان دەكات " زمان بریتییە لە سیستەمی پەیوەندیكردن ، لەسەر دوو ڕەگەز كاردەكات ، ئەوانیش ( دال و مەدلول ) و ( هێماو واتا ) و (بونی بێژەیی و بونی فیزیكی )ن ، كەپەیوەندییەكی بەرامبەری لەنێوانیاندا هەیە "[5].

بۆ پلەكانی ئاخاوتن چوارجۆر بوون دیاریكراون ، بەم شێوەیەی خوارەوە[6] :

1– بوونی بیر : بریتییە لەو بیرانەی لەساتەوەختی خستنەڕووی كەرەستە زمانییەكاندا لە مێشكی قسەكەردایەو چەمكەكە دەگاتە مێشكی گوێگر ، فەیلەسوفی ئینگلیزی (جۆن لۆك ) دەڵێت : دەبێت

---

[1](محمد محمد یونس علی ، 2004 ) شەش تیۆری ، ( محەمەدی مەحوی ، 2009 ) دووتیۆری ، (عبدالواحد موشیر دزەیی ، 2010) ، كەبەبۆچوونەكانی لێكدانەوەی واتا ئاماژەیان پێدەكات ، دوانزە تیۆری ، ( فەرهاد تۆفیق ، 2010 ) چوار تیۆری ،بۆ ئەم بابەتە دیاریكراوە.

[2] (محمد محمد یونس ، 2004 ) بەهێما ، ( محەمەدی مەحوی ، 2009 ) بە سیمانتیكی ئاماژەبەند ، سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (2009) بە تیۆری سێگۆشەو تیۆری ناولێنان ، (عبدالواحد موشیر دزەیی ، 2010)بە بۆچونی ناولێنان ، لە هەندێك تیۆری دیكەدا بەتیۆری سێگۆشەی واتایی ئاماژەیان پێكردووە ، بڕوانە ( فەرهاد تۆفیق ، 2010 ) .

[3] محەمەدی مەحوی (2009 : 151 ).

[4]لە دیالۆكی ( كراتیلۆس)ی ئەفلاتوندا ئاماژەی بۆ كراوە .

[5] سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ( 2009 : 191 ) .

[6] لە سەدەی حەڤدەدا بە تیۆری هۆشەكی ناوبراوە ، واتا لەڕوانگەی وێنەو بیرەوە لەمێشكی مرۆڤدا دەبینن . هەندێكیان ڕایان وایە واتا بریتییە لەو كۆمەڵە وێنە هۆشەكییانەی كە پەیوەندییان پێكەوە هەیە ، وێنە كاتێك دروستدەبێت ، كە قسەكەر دەیەوێت كەرەسەیەك دەربڕێت ، دواتر دەگاتە مێشكی گوێگرو وێنەكەی لادروست دەبێت ، هەندێكی تر ڕایان وایە ، واتا بریتییە لەو بیرانەی لەساتە وەختی خستنەڕووی كەرەستە زمانییەكاندا لە مێشكی قسەكەردایەو چەمكەكە دەگاتە مێشكی گوێگر . بڕوانە( هۆگر محمود فرج ، 2010 ).

بەکارهێنانی وشەکان ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی ڕەنگدانەوەی بیر بێت[1]، لەم تیۆرییەدا قسەکردن لەسەر وێنەی هۆشەکی شتەکانە ، نەك وێنەی ڕاستەقینەیان ، بۆ نمونە کاتێك دەڵێین :

1. بەهێز ڕۆیشت تا ماسی بکڕێت .

لەنموونەی(1) دا تەنها وێنەی هۆشەکیمان مەبەستە ، کە ماسیەکەیە ، نەك وێنە ڕاستەقینەکەی کە (ماسییەکە) چ جۆرێکە ، قەبارەی چەندە ، زیندووە یان نا .

2- بوونی شت : بوونی تاکەکانی مرۆڤە بەهەموو ڕەگەزو ڕەنگ و شێوەو ڕواڵەتەکانیانەوە ، جگە لە مرۆڤیش .

3- بوونی دەربڕین : بریتییە لەو کۆمەڵە وێنە هۆشەکییانەی کە پەیوەندییان پێکەوە هەیە ، وێنە کاتێك دروستدەبێت ، کە قسەکەر دەیەوێت کەرەسەیەك دەرببڕێت ، دواتر دەگاتە مێشکی گوێگرو وێنەکەی لادروست دەبێت .

4- بوونی نوسراو : مەبەست لەبوونی وشەو هێماکانە بەشێوەی پیتە نوسراوەکان ، بۆ نمونە ،

2. ماسی ( م + ا + س+ ی ) .[2]

بەڵام لەلای زمانەوانان و واتاناسان بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆری یەکەمیان کارپێکراون ، لە ڕوانگەی ئەوانەوە نوسین پڕۆسەیەکی زاراوەسازی دەستکردە بۆ هێماکان ، زانایان (ئۆگدن) و (ڕیچاردز) بۆ یەکەمجار بوونی (بیرو شت و هێما) یان لە سێگۆشەیەکدا خستۆتەڕوو ، کە بە سێگۆشەی واتایی ناسراوە ، هەروەها هەوڵیانداوە پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی بیر و شت و هێما[3] بخەنەڕوو ، کە ئایا پەیوەندی نێوانیان هۆییە یان لەخۆوەیە ، بەمشێوەیە لێکدانەوەیان بۆ پەیوەندی نێوانیان کردووە ، ئەو بیرەی یان چەمکەی کە لە مێشکدا دروست دەبێت لەگەڵ ئەو کەرەستەیەی کە لە دنیادا هەیە بەبەرجەستە کراوی پەیوەندی هەیە ، واتە پەیوەندی نێوان بیرو شت ، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە ، هەروەها هێما پەیوەندی لەگەڵ بیردا هەیە ،

---

[1] عزمی اسلام (1985 : 56 ) .

[2] ابو الحامد الغزالی (1983 :46 -47 )

[3] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هێما ، بڕوانە :

ا-بەهزاد موحسین ( 2008 ) .

ب-محەمەدی مەحوی ( 2009 ) .

پ-شیلان عسمان عبدالرحمن ( 2009 ) .

ت- تالیب حسین علی ( 2011) .

چونکە وشە کە ناوی شت دەنێت ، خاوەن بیرە ، بیریش ڕەنگدانەوەی تایبەتیمەندییەکانی شتومەکە لەمێشکدا.[1]




هێڵکاری -1-

ئەو هێمایەی بۆ شت دادەنرێت لە دنیای دەرەوەدا هیچ پەیوەندییەك نییە لەنێوانیاندا ، بەڵکو پەیوەندییەکەیان لەخۆوەیەو تەنیا ڕێککەوتنی لەسەرە ، مەبەست ئەوەیە ئەو هێمایەی بۆ شتێك دانراوە لە بنەڕەتدا ناوی ئەو شتە نییەو تەنیا لەکۆمەڵدا ڕێککەوتنی لەسەرکراوە ، بۆ نموونە ، ئەگەر بەرامبەر بە سێو هێمای ( لیمۆ ) بەکاربهاتایە ئەوکاتە قسەپێکەرانی زمان ناوی لیمۆیان بۆ بەکاردەهێناو لەسەر بەکارهێنانی ڕێکدەکەوتن ، لەهەمان کاتیشدا دەتوانرێت بوترێت پەیوەندی نێوان هێماو شت ڕاستەوخۆیە ، لەکاتێکدا دەڵێین (سێو ) بیرمان بۆ (سێو) و تایبەتمەندیەکانی دەچێت لە مێشکداو بەرامبەر بە (سێو ) دەوەستێتەوە لەدنیای دەرەوەدا .




هێڵکاری -2-

هەندێکجاریش پەیوەندییەکە هۆییە ، بەهۆی شتێك یان حاڵەتێکەوە یان لە دەنگە سروشتی و حاڵەتە سروشتییەکانەوە ناونراوە ، دەکرێت بڵێین پەیوەندییەکە لەنێوان هێماو شت ڕاستەوخۆیە ، بۆنموونە (خشەخش)وەك دەنگێکی سروشتی ، هێمایەکی دەربڕاویشە بەرامبەر ئەو دەنگەی دروستدەبێت ، کاتێك با هەڵدەکات و گژوگیا دەجوڵێتەوە ، دەنگەکانی (خ) و (ش) دەبیسترێن.

لەکاتێکدا (ئەفلاتون) ناو و ناولێنراوی جیاکردەوە ، فەیلەسوفی ئەڵمانی (فریگە) ناولێنراو<<nomintum>> و واتا <<meaning>>ی جیاکردەوە ، ناولێنراوەکە ناسراوەو شتەکەی پێ ناولێنراوە ، ئەم پێشبینیکردنەی (فریگە) لە هەردوو گوزارشتی ( ئەستێرەی بەیانیان و ئەستێرەی

[1] فاروق عمر سدیق (2011 : 23 ).

ئێواران ) سەریهەڵداوە ، کە هەردووکیان ئاماژە بۆ ئەستێرەی ڤینۆس ) دەکەن ، بەڵام بەواتای جیاواز ، ئەم جیاوازییە لەبواری تێگەیشتنی دیاردەی هاوواتایی ناولێنراوەکاندا سودی لێدەبینرێت .

3.ا.3/21 یەکەم ڕۆژی مانگی نەورۆزە .

ب . 3/21 یەکەم ڕۆژی سەری ساڵی کوردیە .

پ .3/21 جەژنی نەتەوەیی کوردە .

لەڕستەکانی (3 .ا .ب .پ)دا ئاماژەکردنەکان بۆ یەك شتن ، کە (3/21 ) یە ، بەڵام لە هەر دەربڕاوێکیاندا بەواتای جیاوازەوە بەکارهاتووە ، لە (3.ا) مەبەست دەربڕینی مانگی نەورۆزە ، لە (3.ب) دا مەبەست سەری ساڵی کوردییە ، لەکاتێکدا لە ( 3.پ) مەبەستەکە بۆ گەیاندنی واتای جەژنی نەتەوەی کورد دەربڕاوە.

جیاکردنەوەکەی (فریگە) بووە هۆی ئەوەی کە (کارناپ) جیاوازی لە نێوان واتا و ناولێنراوی بۆ دروست ببێت ، لەمەوە (کارناپ)یش دەستی کرد بە جیاکردنەوەی هێز >>intension<< و گرتنەوە>> extension<< ، کە نزیکە لە جیاکردنەوەکەی (فریگە) ، لێرەشدا ئاماژەکردنەکان بۆ یەك شت / کەس ڕوودوان و لە فراوانکردندا هاوواتان ، بەڵام لە چەمکدا جیاوازن .[1]

4. باڵندەیەکی شیردەرە .

5. باڵندەیەکە بەشەودەفڕێت .

ئەم دوو وەسفکردنە ئاماژە بۆ یەك شت دەکەن و هاوواتان ،کە (شەمشەمەکوێرەیە) ، بەڵام لە گەیاندنی چەمکەکاندا جیاوازن ، لە(4) چەمکی شیردەر دەگەیەنێت ، لە (5) دا چەمکی فڕین دەگەیەنێت لە کاتی شەودا.

دواتر بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی فۆرم و واتا / هێما و شت /دال و مەدلول ، توێژەران چەندین زاراوەیان بەکارهێناوە ، بۆ نموونە (فارابای)[2]چوارلایەکی بۆ ئەو مەبەستە خستۆتەڕوو،بەمشێوەیە:

---

[1] بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:

ا–R. Car nap (1956).

ب–Lyons( 1977).

پ–محمد محمد یونس عەلی ( 2004) .

ت- عبدالواحد موشیر دزەیی ( 2010).

[2] لە کتێبی ( سەرژمێری زانیارییەکان ) لە (870 – 950 ) .




هێڵکاری -3-

لەلای (فارابای ) دال بیرەکەیەو مەدلول هێمایە ، جیاوازی نێوان هێما و هێما بۆکراو وەك جیاوازی گشتێتی و تایبەتێتی وایە، کە لەدیوی عەقڵ/هۆش دەردەکەوێت [1] .

(ئۆڵمان) باوەڕی وایە ، کە وشە شتێك دەگەیەنێت ، گەیاندنەکە لەڕێی بیرەوە دەستدەکەوێت ، باوەڕی وایە کە (شت) پەیوەندی ڕاستەوخۆی لە واتاسازیدا نییەو ئەو تایبەتمەندییانەش، کەپەیوەستن بەدیاریکردنی واتای وشەکان لە شتەکان دەرهێنراون و لە بیر /چەمك کۆکراونەتەوە، لەکاتێکدا (Lyons) بەگونجاوی دەزانێت ( شت یان بیر ) لە سێگۆشەکە لاببرێن ، چونکە دەڵێت :" واتای وشەیەك بریتییە لەو شتەی دەینوێنێت یان هێمای بۆ دەکات" ، ئەم بیروڕایەی (ئۆڵمان و لیۆنز) لەگەڵ بیروڕای (سۆسێر)دا دەگونجێت ، چونکە (سۆسێر) بڕوای وایە هێما تەنیا هەر وشە ناگرێتەوە ، بەڵکو (وشە و بیر ) دەگرێتەوە و لەپەیوەندییەکی هۆشەکیدان و بەبوونی هەریەکێکیان ئەوی تریان دەست دەکەوێت .[2]

سێگۆشەکەی ( ئۆڵمان ) بەم شێوەیەیە:




هێڵکاری -4-

بەشێوەیەکی گشتی ئەم تیۆرییە چەند تایبەتمەندییەکی دیاریکراو لەخۆدەگرێت :

بەپێی ئەم تیۆرییەو بە بیروڕای ئەفلاتون هێماو واتا لەپەیوەندییەکی ڕاستەخۆدان ، لەسێگۆشەی واتایی (ئۆگدن و ریچاردز)دا ئەوە خراوەتەڕوو[3]، کە پەیوەندی نێوان هێماو شت دەستوربەدەرو لەخۆوەیە و

---

[1] عبدالقادر عبدالجليل (2002 :555 ).

[2] سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ( 2009 : 195 ) ، Lyons (1977) .

[3] بڕوانە:

ا-سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (2009) .

ب-عبدالواحد موشیر دزەیی ( 2010) .

ڕێککەوتنی کۆمەڵی لەسەرە ، هەروەها ئەوە خراوەتە ڕوو ، کە هێماو بیر لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدان و وەك دوو ڕووی دراوێك وان ، بە بوونی یەکێکیان ئەوی تریان دەستدەکەوێت ، لەم تیۆرییەدا بیر پردی پەیوەندی نێوان شت و هێمایە ، لەکاتێدا هەندێك پێشنیاز دەکەن ، کە شت لە سێگۆشەکە بکرێتە دەرێ ، واتا وەك پەیوەندییەکی دوو سەرەیی دەبینن لە نێوان هێما و بیردا .

تیۆری ئاماژەبەندی بەوشێوەیە بۆ واتا دەچێت ، کە لەڕێگەی ئاماژەکردنەوە بۆ شتەکان ، دەتوانین دەستمان بە واتا بگات ، ئەم بۆچوونانەش بۆ واتا چەند کەموکوڕییەك لەخۆ دەگرێت ، کە لەچەند خاڵێکدا دەیانخەینەڕوو .

1– ئەگەر واتا شتێکی ئاماژە بۆکراو بێت ، ئەوا ئەو هێما جیاوازانەی کە ئاماژە بۆ یەك شت دەکەن هاوواتان ، بەڵام ئەمە پێچەوانەیە ، چونکە بەهۆی چەند هێمایەکی جیاوازەوە دەتوانین ئاماژە بۆ یەك شت بکەین ، لەکاتێکدا واتای جیاوازیان هەیە.[1]

2– ئەو بیروڕایەی ، کە دەڵێت پەیوەندی نێوان هێماو شت ڕاستەخۆیە ، زیاتر لەسەر بنەمای سروشت دامەزراوە، ئەگەر پەیوەندییەکی ڕاستەخۆ هەبوایە ، نەمان دەتوانی ئاماژە بەو شتانە بکەین ، کە ئەبستراکتن[2] و تەنها لەبیرو هۆشماندا بونیان هەیە ، بۆ نمونە وشەکانی وەك ( خۆشەویستی ، ئازادی ، یەکگرتن ، .....)، هەروەها کردارەکانی ( هاتن ، ڕۆیشتن ،...)و ئاوەڵناوەکان و ئاوەڵکارەکان و ئامرازەکانی بەستنەوە.

3– کاتێك دەوترێت پەیوەندی نێوان هێما و بیر پەیوەندییەکی ڕاستەخۆیە ، ئەوا دەبوو هەموو زمانەکانی دنیا بەرامبەر بە بیرێك یەك هێمایان بەکار بهێنایە ، لەکاتێکدا تەنانەت لەیەك زمانیشدا بەرامبەر بەبیرێك چەند هێمایەك بەکاردەهێنرێت ، لەمەوە (پەیوەندی نێوان هێمازمانییەکان و بیرەکانیان پەیوەندییەکی لەخۆوەیی و دەستور بەدەرە وەك چۆن پەیوەندی نێوان هێماو شت پەیوەندییەکی لەخۆوەی و دەستور بەدەرییە ، بەهەمان شێوەش بارکردنی واتاو چەمك لەسەر هێما زمانییەکان بەپێی ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییە ، چونکە دەربڕینی هێمایەکی زمانی هەموو ئەو توێکڵەواتا و کرۆکەواتایانە ناگەیەنێت

---

پ– فەرهاد تۆفیق (2010 ).

[1] بڕوانە نمونەکانی ( 3/ ا.ب.پ.) ، هەروەها (محمد محمد یونس عەلی (2004 :25) .

[2] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەبستراکت و ناوی ئەبستراکت لە ئاستەکانی زماندا بڕوانە ( مستەفا ڕەزا مستەفا ، 2013 ) .

کەلەفەرهەنگدا بەرامبەری دانراوە )[1] ، هەندێکجاریش هێمایەکی زمانیی بۆ گەیاندنی چەمکی جیاواز بەکارهێنراوە ، بۆنموونە ،

6. ورچ ——— گیاندار / قەڵەو

لە نموونەی ( 6) دا ورچ دوو چەمکی جیاواز دەگەیەنێت ، کە جارێك چەمکی (گیاندار) و جاریکی تریش چەمکی (قەڵەو) دەگەیەنێت ، گەیاندنی ئەم چەمکە جیاوازانەش لە ڕستەکاندا دەردەکەوێت :

7.ا. لە باخچەی ئاژەڵان ورچی زۆر جوان هەیە .

ب. ورچەکە هات .

لە ( 7.ا)دا ورچ چەمکی گیاندار دەگەیەنێت ، بەڵام لە ( 7.ب) دا ورچ چەمکی قەڵەوی دەگەیەنێت.

### 2–1–1/1 ) تیۆری ڕەفتاری .

ئەم تیۆرییە لەسەر دەستی زانای قوتابخانەی ڕەفتاری ئەمریکی بلۆمفیلد هاتە ئاراوە ، کە لەسەر بنەمایەکی میکانیکی وەك وەلأمێکی ڕەخنەیی بەرامبەر بە تیۆری ئاماژە ، واتا بەهۆی مەرجی فێربوونەوە لێکدەداتەوە ، لەم تیۆرییەدا زمان وەك ڕەفتار سەیردەکرێتهاوشێوەی ڕەفتارە فیزیکییەکانی تری مرۆڤ .

" بلۆمفێلد وەك دەروونناسێك لەڕوانگەی وروژێنەر <<stimulus<< ووەڵامدانەوە <<response<< دەڕوانێتە زمان و بەبەشێك لە ڕەفتاری مرۆڤی داناوە ، بەواتای ئەوەی هۆکارە دەرەکییەکان زیاتر کاردانەوەیان لەسەر فێربوونی زمان و پەرەسەندنی زمان دەبێت "[2]، واتا لەوکاتەدایە کە قسەکەر وروژێنەرێك دەردەبڕێت و لەبەرامبەردا گوێگر وەڵامدانەوەی دەبێت ، جا ئەو وەڵامدانەوەیە زمانیی یان نازمانیی بێت ، بەوشێوەیە واتای وەڵامدانەوە واتای وروژێنەرەکانە ، ئەگەر وروژێنەر وەڵامدانەوەی هەبوو ، ئەوا وروژێنەر واتای هەیە ، ئەگەر وروژێنەر وەڵامدانەوەی نەبوو ، وروژێنەر واتای نییە ، فۆڕمێك کاتێك واتادار دەبێت ، کەوەك وروژێنەرێك وەڵامدانەوەی هەبێت ، لە ڕوانگەی ئەم تیۆرییەوە ، ئەگەر دووان لەوروژێنەرەکان لای گوێگر هەمان وەڵامدانەوەیان هەبێت ، ئەو دوو وروژێنەرە هاوواتان .

(بلۆمفێلد) پەرەپێدەری تیۆری پابەندی مەرجییە ، کە سەرەتا لەسەردەستی (بافلۆف) هاتووەتە ئاراوە ، زمان وەك ڕەفتارێك سەیر دەکات و لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بەستنەوەی ڕەفتارن بەبیرەوە ، لە ڕوانگەی ئەمانەوە ڕەفتار کار لە بیر دەکات ، لەدیارترین بنەماکانی ئەم تیۆرییە ( ڕەتکردنەوەی هەموو تێڕوانینێکی

---

[1] فەرهاد تۆفیق حەسەن (2010: 20 ) .

[2] تریفە عمر ( 2008 : 28 ) .

ئارەزوومەندانە و لێکچواندنی ڕەفتاری ئاژەڵان و مرۆڤە ، هەروەها کورتکردنەوەی پرۆسە ئاڵۆزەکانی مرۆڤ بۆ چەند پرۆسەیەکی سادەی فێربوونی زمان)[1]، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە ڕەفتاری مرۆڤ لەڕوی هەڵچون و دەربڕین و ئاوەزەوە جیاوازن ، ئەم قوتابخانەیە ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنە و گرفت بوەتەوە ، لە گرفتەکانی ئەم تیۆرییە ئەوەیە کە لێکدانەوەی ڕووکەشییان بۆ پرۆسەکانی زمان کردووە ، " لای ئەمان مەرجی بوونی زمان بنەمای بیرکردنەوەیە و پەیوەستە بە توێی دەرەوەی مێشك و پەرچەکردارەکانەوە و هەر لەم ڕێگایەشەوە سیستمی هێما زمانییەکان دیاریدەکەن ، بەم پێیە ڕەفتاری زمانیی دەچێتە ژێر ڕکێفی ڕەفتاری گشتییەوە "[1]، لەلایەکی ترەوە باوەڕیان بەبابەتێتی هەبوو لەزماندا ، هێماو وشەو بیریان بە میتافیزیکی هەڵە دادەنا ، (بلومفێلد)دەیوت : واچاکە کە ئێمە شتە بینراوەکان لەڕێگەی شتی بینراوی ترەوە واتاکانیان بگەیەنین ، ئەمەش کەموکوڕییەکی دیاری ئەم تیۆرییەیە ، چونکە تەنها بۆ شتە بینراوەکانە و ناتوانین باس لە ئەبستراکت و نابەرجەستەکان کەین ، (چۆمسکی) زۆر دژی هەڵوێستی ڕەفتارییەکانە ، لەو باوەڕەدایە کەپابەند بوون بە بابەتییەوە لەخودی خۆیدا چ سودێکی هەیە ، ئەگەر هۆشیاری و درککردنمان لەبارەوە نەبێت.[2]، هەروەها ئەم لێکدانەوەیەی (بلۆمفیلد) دووچاری هەندێك ڕەخنە بوەتەوە ، چونکە هەندێکجار دوای ڕوداوە کردەییەکانی پرۆسەی قسەکردن زیاتر لەوەڵامدانەوەیەك دێتە ئاراوە، فەیلەسوفی ئەمریکی ( چارڵس مۆریس )وەڵامدانەوە ی لاداو لەبری ویست وئارەزووی دانا ، پێی وایە لێرەدا پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی ئامێری نییە ، بەڵکو پەیوەندیەکی خولیاییە ، دواتر تیۆرییەکە بەتیۆری ڕەفتارکردن >> Theory of Dispositional<<ناسرا ، بەڵام ئەم بۆچوونە نەیتوانی خولیا دیاریکراوەکانی پەیوەستبە دەربڕینەوە دەستنیشان بکات.[3]




هێڵکاری –5–

واتسن (Watson ) پێیوایە ، "تەنیا ڕەفتار دەبێتە نێوەندی وروژێنەرو بەدەنگەوەهاتن ، هەرچی بیرە هیچ بوونێکی بەرجەستەی لەوپرۆسە میکانیکییەدا نییە "[3]، ئەم بۆچوونەی واتسن لەسەر بنەمایەکی مادی

---

[1] مصطفی غلفان (2010: 18 )، وەرگیراوە لەئاڤێستا کەمال مەحموود ، ( 2012 : 44 ).

[2] Chomsky ( 1965 : 20) .

[3] عبدالقادر عبدالجلیل ( 2006 : 197 ).

<<Materialist>>یە ، لەتیۆرییەکەیدا ، کە بە تیۆری پابەندی وشەبوونی واتسن ناسراوە ، پەیوەندی نێوان بیر و زمان لەلای تاك دەخاتە ڕوو ، پێیوایە زمان نەریتێکی دەربڕاوە و ڕەفتارێکە وەك ڕەفتارە فیزیکییەکانی تری مرۆڤ ، بە پێی ئەم تیۆرییە کاتێك قسەکەر فێری قسەکردن دەبێت سەرەتا ژمارەیەك وشە فێردەبێت ، کە خاوەنی فۆرم و واتای تایبەتی خۆیانن ، دواتر فێری چۆنیەتی لێکدان و پێکەوە گونجانی وشەکان دەبێت لەگەڵ یەکتردا [1] ، بۆ نموونە :

8. ئانیا یارییەکانی خۆشدەوێت .

لە ڕستەی (8) دا هەریەك لە وشەکانی ( ئانیا ) و ( یاری ) ، ( یاری ) و ( خۆشدەوێت ) ، ( ئانیا ) و ( خۆشدەوێت ) ، لێکدان و پێکەوەهاتنیان لەگەڵ یەکتردا گونجاوە و ڕستەکە پێکدەهێنن .

لە دیارترین کەموکوڕییەکانی ئەم تیۆرییە ، فەرامۆشکردنی هەندێ لە پرۆسە وردو ناوەکییەکانی نێوان زمان و بیرە ، ( ستات staats ) کارەکانی ( واتسن Watson )ی کردە بنەماو تیۆرەکەی بەناوی ( تیۆری دامەزراوەی پۆلی وشە ) ناسراوە ، لەڕێی بەکارهێنان و ناسینەوەی وشەکان لە ناو سینتاکسدا لە سەر بنەمای پۆلی وشەوە گەشەی بە بەتیۆرەکەی واتسن دا ، بەڵام هەڵەی دیاری ئەم تیۆرییە ئەوەیە ، کە کاتێك وشەکان لەڕستەکاندا بەکاردەهێنرێن پۆلی مۆرفیمە جیاوازەکانی بەپێی جێکەوتەکانیان وەك یەك داناوە[2] ، بۆنموونە ،

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 9. ئانیا | بووك | ەکە | ی | کە | دوێنێ | کڕی | ونیکرد . |
| 10.ئەو | بووکە | ی | کە | ئانیا | کڕی | ئەمڕۆ | ونیکرد . |
| 11. بووکە | تازە | کە | ی | ئانیا | زۆر | جوان | ە . |

لە ڕستەکانی (9،10،11)دا ( دوێنێ ، کڕی ، زۆر ) کە دەکەونە یەك جێکەوتەوە سەر بە پۆلەکانی ( ئاوەڵکردار ، کردار ، ئاوەڵناو )ن ، لەکاتێکدا بەپێی ئەم تیۆرییە خراونەتە یەك خانەوە و پۆلەکانیانی وەك یەك داناوە ، کە ئەم پۆلێنکردنە تاڕدەیەکبەسەر هەموو خانەکاندا ئەنجامدراوە .

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر تیۆری ڕەفتاری بڕوانە :
ا– ئاڤێستا کەمال مەحموود ( 2012 : 43– 50 ) .
ب– D. Steinberg (1991 : 4-54) .
پ–watson J.B (1908 , 1915,1930).

[2] ئاڤێستاکەمال مەحموود ( 2012 : 43– 50 )

( سکینەر Skinner) تیۆری چێوەی ڕستەی بەکارهێناوە ئەوە ڕوندەکاتەوە ، کە لە ئەنجامی ڕەفتارە ناوەکییەکانەوە دەتوانرێت زمان بە بیرەوە ببەسترێتەوە و پرۆسەناوەکییەکانی بخرێتەڕوو ، ئەمەش لەڕێی بەستنەوەی زمان بە جووڵە سنوردارەکانی ڕەفتار بەواتاوە ، (Skinner) پێیوایە بە لە بەرچاوگرتنی ئاوێتەبوونی واتا و بیر و یاساڕێزمانییەکان ، پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان وروژێنەرەکان و وەڵامدانەوە ئاخاوتنییەکاندا هەیە ، پێنج جۆر مەرجی بۆ پرۆسە و ڕەفتارە ئاخاوتنییەکان داناوە ، کە ڕەفتاری داواکردن و پرۆسەکانی بەوێڵی ، دەنگدەرەوەیی ، دەقبەندی ، نێوان ئاخاوتنییەکانن ، ئەم تیۆرییەش بێ کەموکوڕی نەبوو ، دیارترین گیروگرفتی ئەوەیە کە لە ڕستەی ڕێزمان دروستدا نەتوانراوە ڕستەی دروست لە هەڵە جیابکاتەوە ، هەروەها لە شێوە جیاجیاکانی ڕستەکاندا نەیتوانیوە چۆنیەتی درکپێکردنی ناوەکی ڕستەکان بخاتە ڕوو .[1]

( فیرس Fries ) درێژەپێدەری تیۆرییەکەی (Skinner )ە ،( گۆڕانکاری گرنگ لەم تیۆرییەدا جەخت خستنەسەر فێربوونی هەموو زنجیرەکانی پۆلی وشەکانە لە کاتی زمانپژاندندا ، لەلایەکی تریشەوە لە لێکدانەوەی شێوە و شێوازی جیاوازی ڕستەکان گرفتی هەبووە ، هەروەها لە لێکدانەوەی وشە سینۆنیمەکان و ڕستە تەمومژو لێڵەکاندا )[2]، بۆنموونە ،

12. منداڵەکەتۆپی کڕی .

لە ڕستەی (12)دا (منداڵ) سەر بە پۆلی (ناو ) ، (ەکە)کەرەستەیەکی مۆرفۆسینتاکسییە ، (تۆپ) سەربەپۆلی ( ناو ) ، کڕی سەربەپۆلی ( کردار ) .

13.قاپەکەت بەتاڵە .

قسەکەر لەم دەربڕاوەدا مەبەستی ئەوەیە کە خواردنی تری تێبکات ، نەك ئەوەی هەواڵ بگەیەنێت ، ئەم تیۆرییەش لە لێکدانەوەو هەڵهێنجان و درککردنی ئەو واتایەدا کورتدەهێنێت .

14.لێدانەکەی دارا زۆر خراپ بوو .

ا.دارا لە کەسێکی داوە .

ب. کەسێك لە دارای داوە .

---

[1] ئاڤێستا کمال محمود( 2012 : 48 ) .

[2] سەرچاوەی پێشوو (49 ).

لە ڕستەی (14)دا دروستەی ڕستەکە دوو واتای جیاوازی لە خۆیدا هەڵگرتووە ، لە (14. ا)دا (دارا) ئەنجامدەری کردارەکەیە ، بەڵام لە (14.ب)دا (دارا) کردارەکەی لەسەر ئەنجامدراوە و بەرکاری ڕستەکەیە .

( ئۆسگوود Osgood و سیبووک Sebook ) لە چوارچێوەی زمانەوانی دەروونیدا وەك ئەڵقەیەکی نێوەند گۆشەی واتایان بۆ پەیوەندییە دوانەییەکەی ڕەفتارییەکان لەنێوان هێما و سەرچاوەدا زیادکرد ، "لەرێی لێکدانەوە و شیکردنەوەکانیانەوە گەشەیان بە مەرجی واتا داوە ، چونکە ئەم شیکردنەوەیە جگە لە وابەستەبوون بە ئامێری وروژاندن و وەڵامدانەوەوە ، پشتیش بە چەمکی دامەزراوەیی و لەخۆوەیی دەبەستێت لە نێوان وشەو ئەو سەرچاوەیەی پەیوەندی (نزیکی و لێکچوون) یان( هەمبەری و دژێتی ) لەگەڵیدا هەیە ".[1]

15. نالی شاعیرە .

لە ڕستەی (15)دا ،(نالی ) وروژێنەرە و دەربڕاوی ( شاعیرە ) لەگەڵ (نالی) دا وەك دەرخەرێك ، وادەکات وەڵامدانەوەکان بۆ (نالی ) پڕاوپڕبێت ، چونکە سیماکانی ( شاعیر ) نزیکی و دامەزراوەیی بە سیماکانی (نالی ) بەخشیوە، (شاعیر ) وەك وەڵامدانەوەیەك دەردەکەوێت .

لەم تیۆرییەدا گروپێکیان کە بە شیکەرەوە (Reductionism ) ناسراون ، پێیان وایە کە بوونی بیر پێویستییەکی ناچارییە ، هەروەك چۆن بوونی ڕەفتار ناچاری و سەلمێنراوە ، بەمەش هەردوو دوانەی ( بیر – ڕەفتار ) دەبنە دوو ڕووی یەك شت ، ئەوەی لە ڕەفتاردا ڕوودەدات لە بیرشدا ڕوودەدات ، بەڵام لەوێدا جیادەبنەوە یەکەمیان نابەرجەستەیە و دووەمیان بەرجەستەیە ، ئەگەر بمانەوێت شتێك دەربارەی بیر بزانین دەبێت لێکۆڵینەوەیەکی وردی ڕەفتار بکەین ، چونکە پێیانوابوو لەبەرئەوەی بیر بەرجەستەناکرێت ، پێویست ناکات لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت ، بەم جۆرە ئەمانیش جەخت لەسەر ڕەفتار دەکەنەوە ، هەرلەڕەفتاردا وروژێنەری زمانەوانی و وەڵامدانەوەی زمانەوانی ڕوودەدەن ، لەلای ئەمان هاوکێشەکە بەمشێوەیەیە :[2]




هێڵکاری (6)

---

[1] ئاڤێستا کمال محمود (2012: 51) .

[2] سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ، (2009: 199– 200 ).

16. هەستە .

لە دەربڕاوی (16) قسەکەر فۆڕمی زمانیی (هەستە) وەك وروژێنەرێك دەردەبڕێت ، بەڵام لە بەرامبەردا گوێگر بەبێ ئەوەی هیچ فۆڕمێکی زمانی دەربڕێت لە ڕێی ڕەفتاری جەستەییەوە وەڵامدانەوەی دەبێت .

17. ا.لەنیا ئەم دیارییەی بۆ ناردی .

ب. دەستی تۆ و لەنیاش خۆشبێت ، ئەزیەتتان کێشا .

بینینی کەسی بەرامبەر دەبێتە وروژێنەر و قسەکەر وروژێنەری زمانەوانی (17.ا) دەردەبڕێت ، لە بەرامبەردا گوێگر وەڵامدانەوەی زمانەوانی (17.ب) دەردەبڕێت . بەمپێیە لە ڕەفتاردا وروژێنەرو وەڵامدانەوەی زمانەوانی ڕوودەدەن .

زاناکان پێیان وایە کارکردن لەسەر ئەم تیۆرە ،سەرنجدانە لەسەر دوو ڕوانگە ، هەروەك (ریچاردس )دەڵێت : بۆ مەسەلەی واتا دەبێت دوو ڕوانگە دیاریبکرێت .

1- ڕوانگەی فیزیکی : هەموو ئەو شتانەی لە واقیعدا لە چوارچێوەی فیزیکیدان ، مرۆڤ لەکاتی قسەکردندا دەیانبینێت .

2- ڕوانگەی دەرونی : ئەوشتانەی مرۆڤ بەهۆی کەناڵەکانی هۆشەوە (بینین، بیستن ، .....تاد) هەستیان پێدەکات و لەچواچێوەی فیزیکیدا دەبنەوروژێنەرو لە چوارچێوەی دەرونیدا وەڵامدانەوەی دەبێت ، هەموو چالاکییەکانی مرۆڤیان لەو ڕوانگەیەوە نیشاندا ، بلومفیلد بارەکانی ئاخاوتن بەمجۆرە دەخاتەڕوو:

ا- ڕووداوە کردەییەکانی پێش پرۆسەی قسەکردن .

ب-پرۆسەی قسەکردن .

پ- ڕووداوە کردەییەکانی دوای پرۆسەی قسەکردن .[1]

18. بینینی مامۆستا کاتێك بەرەو پۆل دەڕوات .

پێش پرۆسەی قسەکردن هەستی (بینین ) لە چوارچێوەی فیزیکیدا دەبێتە وروژێنەر و لە چوارچێوەی دەرونیدا وەڵامدانەوەی دەبێت، لەبەرامبەرداوەڵامدانەوەش دەبێتەوە بە وروژێنەرو وەڵامدانەوەی دەبێتەوە.

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

أ- Bloomfield ( 23:1933 ) .

ب- عەبدوالواحید موشیر دزەیی (2010 ) .

## 3-1-1/1)تیۆری کێڵگەواتاییەکان.

" سەرەتای ئەم تیۆرە لە سۆسێر < زمانەوانیی گشتی>یەوە دەستپێدەکات "[1]، بەپێی ئەم تیۆرییە هێما زمانییەکان و وشەکان هەڕەمەکیی و پەرت و بڵاونین ، هێما زۆرو بەیەکداچوەکانی هێمای زمانیی لەپێڕەوێکی ورددا کاردەکەن ، هەر هێمایەك ئەندامی کۆمەڵێك هێمای دیکەیە لەو پێڕەوەدا و پێکەوە کێڵگە واتاییە بچوك و گەورەکان پێکدەهێنن .

بۆ نمونە / دایك / لەناو کێڵگەی خێزاندایە و لە کێڵگە بچووکەکەدا ، خاوەنی نیشانەی واتایی خۆیەتی، بەهاو واتای هەروشەیەك لەشوێنی لەناو ئەوکۆمەڵە وشەیەو پەیوەندی بەوشەکانی دەوروبەرییەوە هاتووە لە ڕستەدەربڕاوەکاندا ، کاتێك بە وشەیەك دەوترێت ، نرخی نییە ، واتە نیشانەی واتایی نییە .[2]

" کێڵگەی واتایی کۆمەڵە وشەیەکە ، کەواتاکانیان پێکەوە پەیوەستن ، هەمیشە وشەیەکی گشتی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە "[3]، وشەکان لەژێر یەك چەتردان ،" ئەرکی کێڵگە واتاییەکان دابەشکردن و پۆلێنکردنی وشەکانە بەپێی ڕووبەرە واتاییەکان ، لەمەوە کێڵگەی واتایی بوارێك دەبێت بۆ نووسینەوەی فەرهەنگی[4] زمانێك و گرنگی بە ئاوێتەکردنی یەکە فەرهەنگییە هاوبەشەکان دەدات لە پێکهاتە واتاییەکانی یەك کێڵگەی واتاییدا ".[5] کێڵگەی واتایی ئیشکردنە بەمێشك بەوجۆرەی کە سوود بەخشبێت ، وەك ( سێو ، هەنار ، نارنج ، پرتەقاڵ ، هەرمێ ، .............هتد ) ، لەکێلگەی میوەدا هاوبەشن ، کاتێك ناوی میوەمان دەوێت ، دەچینەوە بۆ ئەو کێڵگەیەی کەناوەکانی میوەی تێدایە ، نەك کێڵگەیەکی تر ، ( لەکێڵگەی واتاییدا دووشت تۆمار کراون ، ئەوانیش واتای فەرهەنگی وشەکان و بەهای نیشانەکانن ،کە واتای وشە دەردەخات)[6] ،لەکاتێکدا فەرهەنگی ئاوەزی هەردوو داڕشتەی واتایی و فۆڕمی وشە لەخۆدەگرێت .

---

[1] هۆگر محمود فرج ( 1993 : 25 ).

[2] محەمەدی مەحوی (2009 : 34- 39 ) .

[3] احمد مختار عمر (1982 : 79 ).

[4] بۆزانیاری لەسەر فەرهەنگی ئاوەزی بڕوانە :

أ- ئاڤێستا کەمال مەحمود ، 2012 ) .

ب- محەمەد مەحوی ، 2006 ) .

پ- محەمەد مەحوی و کاروان عومەر و شیلان عومەر ، 2010 ) و سەرچاوەکانیان .

[5] محمد محمد یونس علی (2004 : 37 ).

[6] محەمەدی مەحوی (2009 : 41 )ب.

"فەرهەنگی ئاوەزی هەموو وشەکانی زمان لەخۆدەگرێت و جەخت لەسەر ئەو بابەتانە دەکاتەوە ،کەزمانەکە وەك لایەنێکی ئاوازەداری بەکاریدەهێنێت و ڕێککەوتنێکیش لەنێوان فۆڕم و واتادا نیشاندەدات ."[1]لە فەرهەنگی ئاوەزیدا وشەکان لەشێوەی کێڵگەی واتاییدا هەڵگیراون ، تیایدا هەموو لێکسیك و فرێز و ئیدیۆم و لاگر و پێشگر و مۆرفێم و باوەند مۆرفێمەکان بەپێی چەمکەکانیان جیاکراونەتەوە ، هەروەها زانیارییە فەرهەنگییەکانی وەك زانیارییە فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکییەکانی لەخۆگرتووە ، قسەکەر لە کاتی ئاخاوتندا ڕەچاوی زانیارییە زمانییەکانی دەکات .

"گرنگترین بواری لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگی ئاوەزیدا : (ا) ناسینەوەی وشەکان و (ب) ڕێکخراوەی ناوەوەی سیمانتیکییانە و مۆرفۆلۆژییانەی فەرهەنگی ئاوەزی و (پ) هێنان و گونجاندنی زانیارییەکان لە ناوەڕۆکی گفتوگۆدا یان لە ناوەڕۆکی دەقدا "[2]، ناسینەوەی وشە ، پرۆسەی پەیپێبردن و تێگەیشتن و دەسنیشانکردنی ناسنامەی ئەو وشانەیە کە لە زمانەکەدا هەن ، ((کۆمەڵە وشە لەسەر بنەمای فەرهەنگی ئاوەزیی <<mental lexicon>> ی قسەکەری زمانە ، کە دەزانێت کام وشانە بۆیەك دەگەڕێنەوە و هاوڕێیەتی یەکتردەکەن و لەگەڵ یەك بەکاردێن ، ڕەنگدانەوەی دونیابینی و کلتور و فەرهەنگی ئاخێوەرانی زمانە )) ، هەروها هەردوو لایەنی سیمانتیکی و سینتاکسی دەگرێتەوە ، بۆنموونە :

19. ا. مرۆڤ مرد

ب. گیاندار تۆپی

پ. پەلەوەر + گیاندار، مداربوونەوە

بە پێی دونیابینی و کلتوری نەتەوەی کوردە ، کە ( مرد ) لەگەڵ ( مرۆڤ ) و ( تۆپین) لەگەڵ ئەو گیاندارانەی گۆشتیان ناخوات ، هەروەها(مداربوونەوە) لەگەڵ ئەو باڵندە و گیاندارانەی گۆشتیاندەخوات بەکاردەهێنێت . تیۆری کێڵگە واتاییەکان لە سەرەتادا بە چەند تایبەتمەندییەکی دیاریکراو دەستنیشانکراون و خراونەتەڕوو ، بەڵام هەندێکجار کەموکوڕی تێدەکەوێت و نموونەی گونجاوی بۆ دەهێنرێتەوە بۆ سەلماندنی نەگونجاندنی ئەو بیروڕایە ، لەوانەش :

1– هەروشەیەك لەگەڵ یەك کێڵگەدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت ، نابێت وشەیەك بکەوێتە دوو کێڵگەوە . بەڵام ئەم بۆچوونە کەموکوڕی تیایە ، چونکە هەندێجار وشەیەك بە پێی گەیاندنی چەمکەکان لە کێڵگەیەك زیاتردا دەبێتە ئەندام ، بۆ نموونە(مار) ئەندامە لە کێڵگەی واتایی خشۆکەکان ، هەروەها ئەندامە لە کێڵگەی واتایی گیانداری هێلکەکەر .

[1] ئاڤێستا کەمال مەحموود ( 2012 : 135) .
[2] محەمەدی مەحوی ( 2006 : 12) .

2- هەموو وشەیەك سەر بە كێڵگەیەكی دیاركراوە ، ناكرێت وشەیەك سەر بە هیچ كێڵگەیەك نەبێت ، چونكە هیچ وشەیەك لە مێشكدا بەتەنیاو لە زماندا بە هەڕەمەكی هەڵنەگیراوە ، بەڵكو دەبێت ئەندام بێت لە كێڵگەیەكی واتاییدا ، دابەشبوونی وشەكان لە كێڵگە واتاییەكاندا بەبیركردنەوەو لێكدانەوە لە عەقڵ و هۆشدا بەپێی لۆژیك بەڕێوە دەچێت ، وشە ئەگەر كێڵگەكەی خۆی نەبێت نابێت بە ئەندام تیایدا .

وەك لە وشەی ( سێو )دا ، ئەم وشەیە بەپێی لۆژیك لێكدانەوەی بۆكراوەو بووە بە ئەندام لە كێڵگەی واتایی میوەدا ، نابێت بە ئەندام لە كێڵگەیەكی واتای تردا ، چونكە لۆژیك ڕێگەی پێنادات ، ناتوانین بڵێین ( سێو ) ئەندامە لە كێڵگەی واتایی پاككەرەوەدا و نابێت بەئەندام تیایدا .

3- " ناكرێت بەتەنها لێكۆڵینەوە لەوشەكان بكرێت ، بەڵكودەبێت لەچوارچێوەی دروستەی سینتاكسیدا بێت "،[1]چونكە وشە هاوبێژەكان لە چوارچێوەی ڕستەدا دەردەكەون كە سەر بەكام كێڵگەی واتایین .

20. بیر

ا. بیرەكە ئاوی زۆری تێدایە .

ب. لەو كاتەدا بیرێكی باشی بۆ هات .

لە (20.ا ) بیر واتای بیری ئاو دەگەیەنێت ، (20.ب) بیر واتای بیركردنەوەی مێشك دەگەیەنێت ، كە بەهۆی هاوڕێیەتی كەرەستەكان لە ڕستەدا واتاكانیان لێكدانەوەی بۆ دەكرێت و ڕوندەبێتەوە .

4- وشەكان بەپێی پەیوەندییەكانیان لەناو مێشكی مرۆڤدا لەكێڵگەكاندا هەڵگیراون ، سنوورەكانشیان بەپێی زیادبوونی كەرەستەكانی دەرەوەی زمان فراوانتر دەبێت ، بڕوانە كێڵگەی واتایی ( ئامێری كارەبایی ) لە (21) دا ، لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێت كێڵگەی واتایی لەجۆری چەسپاو هەبێت ، ئەوەش پەیوەندی بە سروشتی سنورداری ئەو شتەی زمانەوە هەیە[2] ،بڕوانە كێڵگەی واتایی ( وەرزەكانی ساڵ) لە(22)دا .

21. ئامێری كارەبایی ⟵ سەلاجە ، تەلەفزیۆن ، بەڕاد ، سەتەلایت ..........

22. وەرزەكانی ساڵ ⟵ بەهار ، هاوین ، پایز ، زستان .

5- كێڵگەكان دەشێت چەمك بن ، گۆڕانیان بەسەرابێت و ڕووبەرەكانیان بەپێیتێڕوانینەكان تەسك و فراوان ببێتەوە ، وەك چەمكی ( ڕەوشت ) بەپێی تێڕوانین و بیركردنەوەی كلتورەكان ڕووبەرەكەی دەگۆڕێت.[3]

---

[1] احمد مختار عمر (1982 : 43 ).

[2] بەكر عمر علی و عبدالجبار مستەفا ( 2011 ، 30 ) .

[3] سەرچاوەی پێشوو (30 ) .

6- هەندێکجار  لەسنوری نێوان کێڵگەواتاییەکاندا تێکچڕژان و ئاڵۆزیی هەیە ،[1] هەندێکجار وشەیەك لە زمانێکدا دەکەوێتە ناو کێڵگەیەکەوە و لەزمانێکی تردا هەر خودی ئەو وشەیە بەهەمان واتاوە دەکەوێتە کێڵگەیەکی ترەوە ، تەنانەت لە خودی زمانێکیشدا بەپێی وەچەزارەکان  هەندێکجار ئەو ئاڵۆزییە ڕوودەدات ، بۆ نموونە،

/پەتاتە/ لەزمانی کوردیدا دەکەوێتە کێڵگەی واتایی سەوزە، بەڵام لەزمانی ئەڵمانی دا دەکەوێتە کێڵگەی واتایی میوەوە .

/ خەیار/ لەزمانی کوردیدا لەناوچەی سلێمانی ئەندامە لە ناو کێڵگەی واتایی میوە و سەوزەشدا ، لە ناوچەی گەرمیان ئەندامە لە کێڵگەی واتایی سەوزەدا .

7-  ڕێبازی کێڵگەواتاییەکان نەیتوانیوە لێکدانەوە بۆ هەموو کەرەستە لێکدراو و ئاڵۆزو ئیدیۆمیەکان بکات.

8- کێڵگەی واتایی ناتوانێت پەیوەندی نێوان دوو وشە لێکبداتەوە ، کە لە کێڵگەکەدا هەمان شوێن دەگرن و هاوواتا دەبن .[2]

9- "زۆربەی زمانەوانان برِوایان وایە ئەم کێڵگانە ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی ژیان و تێڕوانینی خەڵکە بەرامبەر بە دەوروبەریان"[3]، بەپێی ئەم تیۆرییە هەرزمانەو بە ئارەزوی خۆی دەوروبەرەکەی پۆلێن دەکات.

---

[1] سلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (2009 : 204 ).

[2] هۆگر محمود فرج (1993 : 39 ).

[3] محمد معروف فتاح (2011 : 178 ).

## 4–1–1/1 ) تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی.[1]

یەکێکی ترە لەتیۆرەکانی واتا [2]، کە لەڕوانگەی وشەو زاراوەکانەوە سەیری واتا ناکات ، بەڵکو بڕوای‌وایە واتاداربوونی فۆڕمەکان لە لەڕێگەی دارِشتنی سینتاکسییەوە دێتە ئاراوە و لێکدەدرێتەوە ،" گریمانەی ڕێساکانلە سیمانتیکی لێکدەرەوەیی‌پشتبەستووەبەوەی کام واتایەی ڕستەکان بۆ واتای وەچەپێکهاتەکان و دروستە سینتاکسییەکان هەڵبژێراوە ،ئامانج لە تیۆری سیمانتیك چۆنیەتی هەڵبژاردن و پێدانی واتای سادەو تەواو و پڕاوپڕە بە دەربڕاوە ئاڵۆزەکان و وەچەپێکهاتەکان"[3] ،لەمەوە هاتنە ئارای تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی بۆ گەیشتنە بە واتای دەربڕاوەکان کە خاوەنی پێکهاتەی سیمانتیکین .

لێکۆڵینەوەی واتایی لێکسیکی سیمانتیکی دروستەیی بەهۆی پەیدابون و گەشەکردنی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە هێنرایە ئاراوە ، پەیوەست بەکێشەو بابەتە سیمانتیکییەکانی ڕستەوە فراوانترکرا ، گەشەکردن و پێشکەوتنە نوێیەکان لەسیمانتیکدا لەڕێی تێپەڕبوون بەسەر بابەت و پرسیارەکانی نێوان زمانییەکاندا دەرکەوتن و کەوتنەڕوو، کە بۆ پەسنکردنە واتاییەکانی لۆژیکی شێوازبەندانە[4] گرنگە.

---

[1] لە بەرهەمی ساڵی (1957 )ی چۆمسکیدا ، کە بەناوی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە<< Syntactic Structures<<وە بڵاوبووەوە ، تیایدا هیچ ئاماژەیەکی دیار بە پێکهاتەی سیمانتیك نەدراوە ، لەبەرئەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەبووەوە ، ئەمەش وایکرد هەردوو زمانەوانی ئەمریکی ( Katz & Fodor ) کە خوێندکاری چۆمسکی بوون ، لە ساڵی (1963) پێشنیازی بابەتی سیمانتیکی بکەن ، لێکۆڵینەوەیەکیان دەربارەی ( پێکهاتەی تیۆری سیمانتیکی<< The structure of a semantic theory<< بڵاوکردەوە ، کە بەتەواوکەری ڕێزمانی بەرهەمهێنانگواستنەوەی چۆمسکی دادەنرێت ، هەوڵیاندا گریمانەی واتایی لە تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا بەرەوپێش ببەن ، چۆمسکی لە کتێبەکەیدا کە ساڵی 1965 بەناوی ( چەند لایەنێکی تیۆری پێکهاتەی سینتاکسی << Aspect of the theory of syntax<<بڵاوی کردەوە ، سودێکی زۆری لەبیرۆکەکەیان وەرگرت و وایلێکرد بەتیۆرەکەیدا بچێتەوە و ئاستی واتا لە ڕستە جیابکاتەوە .

[2] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی و جۆرەکانی لە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا بڕوانە بڕوانە:

ا–میشال زکریا ( 1985 ).

ب–احمد مختار عمر ( 1998 ).

پ– یسری صاوی ( 2006 ) .

ت–محەمەدی مەحوی ( 2006 ).

[3] http://userwww.sfsu.edu/kbach/ECS-Meaning.htm .

[4] محەمەدی مەحوی ( 2009: 223) .

بیروچەمکی لۆژیکی شێوازبەندانە بۆ پەسنکردنی زمانە سروشتییەکان پڕ فەرو سودبەخش خۆی دەنوێنێت ، سیمانتیکی شێوازبەندانە لەوشەوە دەرناچێت ، بەڵکو لە ڕستەوە دەستپێدەکات ، بەتەواوی لەڕستەی هەواڵییەوە ، لۆژیك بۆ ئەو حاڵەتەیە کە ئەگەر ڕستەیەکی هەواڵی ڕاست یان هەڵە بێت ، لۆژیکی شێواز بەندانە هەوڵدەدات واتا لەڕێی مەرجی ڕاستەقینەوە دیاری بکات .

>>لۆژیك<<( زانستێکە دەربارەی ئەرگومێنتی دروست[1] ، هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ئەو ڕێگایانەی دەمانگەیەنێتە ڕاستییەکی متمانەپێکراو ، لە زنجیرەیەك دەستورو ڕێسا پێکهاتووە بۆ دەستنیشانکردن و خۆ دوورگرتن لە کۆمەڵێك هەڵەی لۆژیکی لەبیرکردنەوەدا )[2]، لۆژیك گەڕانە بەدوای ڕاستیدا ، بۆ ئەوەی بیرکردنەوەکانمان ڕاست بن ، کە لە ڕێی دروستیی ئەرگومێنتەکانەوە دەتوانین پێی بگەین ،نەشارەزایی لە لۆژیك کارێك دەکات کە بیرکردنەوە ڕووبەڕووی کێشەی واتایی / سیمانتیکی ببێتەوە ، بۆ ئەمەش " ڕستەکان ئاماژەپێدەری ئاخاوتنەکانن ، ئاخاوتنەکانیش خاوەنی پێشەکی و ئەنجامی شیاون و تێیاندەگەین ، هەر بۆیە ڕاستی و دروستی ئاخاوتنەکان لە گەلێك لایەنەوە پەیوەستن بە ڕاستیی و دروستیی ڕستەکانەوە ، دەتوانین بڵێین دروستەی ڕێزمانیی ڕستەکان بنەمای دروستەی گفتوگۆکانمانن و فۆڕمدروستیشیان لە پەیوەندی واتایی نێوانیان هەڵهێنجراوە ".[3]

23. بەرهەم لە وانەکانی دوادەکەێت ، بۆیە ناتوانێت نمرەی باش بەدەستبهێنێت .

لە ڕستەی (23)دا (بەرهەم لە وانەکانی دوادەکەێت ) پێشەکیی ڕستەکەیە و ( ناتوانێت نمرەی باش بەدەستبهێنێت ) ئەنجامی ڕستەکەیە ، هەریەك لە پێشەکی و ئەنجامی ڕستەکە خاوەنی دروستەی ڕێزمانیی تەواون و فۆڕم دروستن ، لۆژیك دەبێتە پردی پەیوەندی نێوان فۆڕم و واتاکەی و لەڕووی واتاییەوە دروستە ، چونکە بەهۆی دواکەوتنیەوە لەوانەکانی ، لە ئەنجامدا ناتوانێت نمرەی باش بەدەستبهێنێت .

فۆڕمی لۆژیکی >> Logical form<< ئەو ئاستەی زمانە ، کە لەگەڵ ئاستەکانی تری زمان لەکاردایە و پێکەوە کاردەکەن ، دەربڕی پەیوەندییەکانی نێوان فۆڕم و واتایە ، تێکەڵبونی ڕێزمان و سیمانتیك شیدەکاتەوە و دەخاتە ڕوو "پێڕەوی زمان بە پێڕەوە ئاوەزەییەکانی تری مێشکی مرۆڤەوە وەك پێڕەوی درکپێکردن و پراگماتیکەوە دەبەستێتەوە "[4]، هەروەها تایبەتمەندی سینتاکسی بۆ هەڵهێنجانی واتا و ڕاستی فۆڕمەکان دەنوێنێت ، کە بەشێوەی سینتاکسییانە داڕێژراون ، " سیمانتیك و لۆژیك لە ناو هزرو زەینی

---

[1] لەپاری یەکەمی بەشی دووەمدا بەوردی باس لە لۆژیك و کەرەستەکانی لۆژیك دەکەین .

[2] فاروق ڕەفیق (2014 : 24 ).

[3] کاروان عومەر قادر (2012: 30–31).

[4] شیلان عومەر ( 2012 : 244).

مرۆڤدا کاردەکەن و پشت بە ڕاستییە زمانییەکانی هەڵهێنجراوی فۆڕمەکاندەبەستن ، ڕاستی هەریەکێکیان پابەندە بە مامەڵەی عەقڵ و لێکدانەوە عەقڵییەکان ، ئەم هۆکارەشە کە وادەکات پەیوەندی توند هەبێت لە نێوان سیمانتیک و لۆژیك لە سینتاکسدا "[1] ،

(Frege) بەمشێوەیە پەیڕەوی شێوە داڕشتنی فۆڕمی لۆژیکی کردووە [2]:

1- دەرهێنانی چەمك .

2- دانانەوەی ڕستەکە لە شێوەی کەوانەی لەناو یەك شکاوەدا بەبێ چەمکەکە .

24. ا. شنیار کتێبەکەی ونکرد .

ب. ونکردن (شنیار (کتێب )) .

(Wittgenstein) دەڵێت "ئەوە واتای چییە لە ڕستەیەکی هەواڵی بگەین ، تێگەیشتن لەڕستەیەك زانینی ئەو حاڵەتەیە کەڕستەکە ڕاستە ، دەتوانین لەڕستەکە بگەین بەبێ ئەوەی بزانین ڕستەکە ڕاستە یان هەڵەیە "[3]، وایداناوە ، کە بیر نواندنی وێنەی لۆژیکی ڕاستی و ڕاستەقینەکانە ، دروستەی سیمانتیکی ڕستە دەبێت هاوتای دروستەی لۆژیکی ڕستەکەبێت ، لە کاتێکدا (Russell) بڕوای وابووە ، کە مەرج نییە فۆڕمی لۆژیکی خودی فۆڕمی ڕاستی و ڕاستەقینەیی چەمکەکە بێت ، چونکە فۆڕمی لۆژیکی ڕستە هەرچۆنێك دابڕێژرێت هێشتا ڕاستی و ڕاستەقینەیی چەمکەکە ناگەیەنێت ، مەبەستی ئەوەبووە ، کە هەروەك چۆن ڕووکەشی ڕێزمانی زمان هەڵخەڵەتێنەرە ، فۆڕمی لۆژیکی زمانیش هەڵخەڵەتێنەرە ،[4]توانستی سیمانتیکی بریتییە لەسەلیقەی قسەکەر دەربارەی فۆڕم- ڕاستیی و فۆڕم -ناڕاستیی سیمانتیکیی ڕستەو کرداره ئاڵۆزەکان ، هەروەها سەلیقە سیمانتیکییەکەی قسەکەر دروستە سیمانتیکییەکان و پەیوەندییە سیمانتیکییەکان دەگرێتەوە "[5]، زانیاری زمانیی بەپێی گوێگرەکان وشوێنەکان دەگۆڕێت.

>>سیمانتیکی لێکدەرەوەیی << لەسەر سێ گریمانەی کار وەستاوە :

---

[1] بەکر عومەر عەلی و ئاڤێستا کەمال مەحموود (2009: 56 ).

[2] کاروان عومەر قادر ( 2012: 44 ).

[3] محەمەدی مەحوی ( 2006 : 3 ).

[4] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر لۆژیك و فۆڕمی لۆژیکی بڕوانە :

ا-بەکر عومەر عەلی و ئاڤێستا کەمال مەحموود ( 2009).

ب-کاروان عومەر قادر ( 2012) .

پ-فاروق ڕەفیق ( 2014 ).

[5] محەمەدی مەحوی (2004 : 5) .

1− واتای هەموو دەربڕاوە زمانییەکان دەتوانرێت لەڕێی "زانیاری سیمانتیکی" ، کە بەزۆری جیهانین دیارییبکرێن ، بۆنموونە ،

25. سێوەکانم شۆردەوە .

سێو
+ ڕووەك
+ میوە
+ خواردن

شۆردەوە
+ پاککردنەوە
_ میکرۆب

2− دروستەی قووڵی سینتاکسی ، هەموو زانیارییە سیمانتیکی _ سینتاکسییەکان دەدات ، کە بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکی پێویستن ، لە دروستەی قووڵدا لەلایەن کردارەوە ڕۆڵی واتایی بەئارگومێنتەکان دەدرێت ، ڕۆڵەواتاییەکانیش پەیوەندییەواتاییەکانی نێوان ئارگومێنتەکانی کردار دەردەبڕن .

26. د .ق ( ئازاد ، نان ، خوارد ) .

لە دروستەی قوڵدا زانیارییە سیمانتیکی – سینتاکسییەکان هەن ، کە بۆ لێکدانەوەی واتایی ڕستەکان پێویستن ، کاتێك دەڵێین ( خوارد ) دوو ڕۆڵی واتایی دیاریدەکات ، کە یەکەمیان ڕۆڵی کارایە بۆ ئارگومێنتی بکەر و ڕۆڵی کارتێکراوە بۆ بەرکار ، لە کاتێکدا زانیارییە سیمانتیکییەکان بریتین لە :

ئازاد
+ مرۆڤ
+ نێر
±هەراش
±ژنهێنان
±باوکایەتی

نان
+ خواردن
± نەرم
+ جوین

| | |
|---|---|
| خوارد | + جوین<br>+ قوتدان<br>+ هەسکردن<br>+ لەناوچوون |

3- گواستنەوەکان لەنێوان دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەشدا بێلایەنن لەواتادا و کاریگەرییان لەسەر واتا نییە[1]، بەو واتایەی گواستنەوەکان نابنەهۆی گۆڕینی واتا ، بۆ نموونە ،

27. ا. د. ق ( لەنیا . یاری . کردن ) .

. ب. د. ڕ لەنیا یاری دەکات .

هاتنە ئارای هەر تیۆرییەك بێ هۆو ئامانج نییە ، بەڵکو بە مەبەستی ئەنجامدانی چەند ئەرکێك و گەیشتن بە ئامانجە ، ئەم تیۆرییەش بەمەبەستی ئەنجامدانی چەند ئەرکێك و گەیشتن بە ئامانجەکانی هاتۆتەئاراوە:[2]

1- جیاکردنەوەی وشەکانی ناو کێڵگە واتاییەکان وشرۆڤەکردنی پەیوەندییە واتایی و لۆجیکییەکانی ناو فەرهەنگ و نێوان ڕستەکان ، وەك پەیوەندییەکانی هاوواتایی دژواتایی و گرتنەوەو ..........هتد ، ڕیزکردنی دانە فەرهەنگییەکان لە فەرهەنگ دا ، بەڵام ئەوەی ڕەتکردەوە کە واتای فەرهەنگی وشە لەتوانایدا هەبێت واتای ڕستە بەوردی دەستنیشانبکات .

2- شرۆڤەکردنی وشە لەسەر بنەما پێکهێنەرەکانی ، وەك

أ- پێکهێنەری ڕستەسازی >>Syntactic Component<< ، تەنیا لە ئەرکی وشە دەدوێ ، بکەر و بەرکار و کرداری وشە لە ڕستەدا دیاریدەکات . ئەمەش لەبواری واتاسازیدا بە گرنگ وەرناگیرێت ، وەك لە ( 28) دا .

---

[1] Katz/ Fodor (213: 1963) وەرگیراوە لە (محەمەدی مەحوی ( 2006 : 4 ) ، هەروەها بڕوانە :

ا-سەباح ڕەشید ( 2009 ) .

ب- عەبولواحید موشیر دزەیی ( 2010 ).

[2] بڕوانە :

ا- عبدالواحد موشیر دزەیی (2009 ) .

ب- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (2009 ) .

پ- احمد مختار عمر (1982) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا پێشکەشکراون .

28.بەرهەم دەرگاکەی کردەوە .

بکەر بەرکار کردار

لە ڕستەی (28)دا ئەرکی هەریەك لە کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە دەخرێنە ڕوو .

ب–پێکهێنەری واتاسازی >>Semantic Component<< ، نیشانە واتاییەکانی وشە دەردەخات ، وەك لە (28) دا .

29. بەرهەم دەرگاکەی کردەوە .

| | |
|---|---|
| بەرهەم | + مرۆڤ<br>+ نێر<br>± هەراش<br>± ژنهێنان<br>± باوکایەتی |
| دەرگا | – مرۆڤ<br>+مادە<br>+ڕەق<br>– ژیر |
| کردەوە | + کردنەوە<br>– داخستن<br>–خستن |

ت– ڕونکەرەوەی واتایی ، واتای تایبەتی وشە ڕادەگەیەنێت ، تەنیا لە حاڵەتی هاوواتایی دەردەکەوێت.

30. کوردانی کۆبانی ئازاوچاونەترسن .[1]

[1] بڕوانە :

ا– احمد مختار عمر (1982 ) .

ب–عبدالواحد موشیر دزەیی ( 2009 ) . .

لە ڕستەی (30)دا وشەکانی( ئازا ) و ( چاونەترس) هاوواتای یەکترن و بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر لەگەڵ یەکدا بەکارهێنراون ، زیاتر جەخت خستنە سەر ئەوەیە کە واتای تایبەتیی ئازا ڕابگەیەنێت .

3– لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی ئەو ڕستانەی ناوێزەو تەمومژاوین و چەند خوێندنەوەیەکی جیاوازیان هەیە ، تیۆرییەکە وای دادەنێت کە ئەرکی سەرەکی واتاسازی لابردن و نەهێشتنی تەمومژی و هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە واتای ڕاستەقینەی ڕستە ، ئەویش لە ڕێگەی زیادکردنی کەرەسە دەربڕواکانەوە یان لە ڕێگەی خوێندنەوە جیاوازەکانەوە بۆ ڕستەکان ، وەك لە (31) دا .

31. پێموایە ...

ا . ئەوشتەم بەلاوە وایە .

ب. ئەو بەشەی قاچم بەو شێوەیەیە .

وەك دەبینین (31 ) دوو خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت ، لە (31.ا ) ، واتای ئەوە دەگەیەنێت ، کەشتێك بەتێروانینی کەسی قسەکەر بەشێوەیەکە ، لە کاتێکدا ( 31.ب )دا مەبەست قاچیەتی .

### 1/1-1-4-1)قۆناغەکانی تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی :

تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی ئەنجامی پێداچوونەوەی تیۆرییەکەی پێشترو گۆڕانکارییە لەهەندێك بۆچوون ، کەتیایدا چۆمسکی ئاستی واتای لە ڕستە جیاکردەوە ، ئەم تیۆرییە دابەشدەبێت بۆ سێ قۆناغ :

### 1/1-1-4-1-ا)**تیۆری ستانداردی سیمانتیکی لێکدەرەوەیی**

لەم قۆناغەدا بەهێنانە ناوەوەی پێکهاتەی سیمانتیکی وەك یەکێك لە توخمەکانی >>Elements<< شیکردنەوە ، گەشەی بەتیۆرەکەی داو بەرەو پێشەوەی برد[1]، پەیوەندی ڕێزمان و واتاسازی لەتیۆری گواستنەوەدا پتەوکرد ، ئەویش بە کاریگەری ( کاتز و فۆدەر و پۆستال ) ، هەروەها پێکهاتەی بنچینەیی پەرەی پێدراو دابەشکرا بۆ یاسای پێکهێن و لێکسیکۆن / وشە فەرهەنگییەکان ، تیایدا پەرەپێدان بوو بە

---

پ–سەلا ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ( 2009 ) وو سەرچاوەکانیان.

[1] چۆمسکی لەساڵی (1965 ) دا کتێبی لایەنەکانی تیۆری ڕستەسازی >> ASPECTS OF THE THEORY OF SYNTAX<< بڵاوکردەوە ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

ا– میشال زكريا ( 1985 ) .

ب- يسرى صاوى ( 2006 ) .

پ–حاتەم وليا ( 2006).

یاسای پێکهاتەکان بەشێوەیەك ڕستە پێکدێت لە ( ف ن + ف ك ) وە ( ف ك )پێکدێت لە ( ك + ف ك ....تد ) ، دەستکاری لە هەندێك پێکهاتەی گواستنەوەدا کرد و ئەرکێکی نوێی خستەپاڵ ، کە بریتییە لە جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی لە ڕستەی ناڕێزمانی ، دروستەی قووڵ بەتەواوی ڕون بووەوەو پەیوەندییە ئەرکییەکانی وشە وەك بکەر و بەرکار دەسنیشانکرا ، هەروەها سیمانتیك لە دروستەی قووڵدا پێکهاتەیەکی تایبەتی بۆ دیاریکراو ناونرا پێکهاتەی سیمانتیکی ، ئەم تیۆرییە لە سێ پێکهاتە >>Component<< پێکدێت :–[1]

### 1– پێکهاتەی سینتاکسی >> syntactic component<<

ژمارەیەکە لە یاساکانی دروستەی وەچەپێکهاتە ، کە زنجیرە وشەی ڕێزمانیی بەرهەمدەهێنێت ، بۆ هەر زنجیرە وشەیەك دروستەیەکی وەچە پێکهاتە یان چەند دروستەیەکی وەچەپێکهاتە دادەنێت و دەیانخاتە

تەکیەك ،[2] بنچینەی کارکردنی لەسەر دوو پێکهاتەیە :

أ–پێکهاتەی بەرهەمهێنانی ڕستە :

پێکهاتەیڕستەسازی هەر ڕستەیەك لەدوو دروستەدا دەبێت ، ژمارەیەکی بێشومار لە دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەش بەرهەمدەهێنێت ، کە یاساکانی دروستەی فرێز و یاسا فەرهەنگییەکانی تێدایە .

ب– پێکهاتەی گواستنەوە >>Transformational component<<:

پێکهاتەی گواستنەوە لەیاساکانی گواستنەوە پێکهاتووەو هەموو گواستنەوەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان بە گواستنەوە بەراییەکان ڕووندەکرێنەوە ، ئەوانیش یاساکانی هەڵواسین یان زیادکردن و فراوانکردن و جێگۆڕکێ و جێگرتنەوە و کورتکردنەوە و قرتاندن یان لابردنی وەچە پێکهاتەکانە[3]، بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە دروستەی قوڵ و دروستەی ڕووکەش بەیەکەوە دەبەسترێنەوە و ڕوندەکرێنەوە .

---

[1] بڕوانە:

ا– عەبدولواحید موشیر دزەیی ( 2013) .

ب– سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ( 2009 ) .

[2] محەمەدی مەحوی ( 2009 : 409 ) .

[3] بڕوانە :

ا– محەمەدی مەحوی ( 2001 : 322 ) .

ب–محەمەدمەحوی و کاروان عومەر و شیلان عومەر ( 2010 : 17 ) .

پ– عەبدولواحید موشیر دزەیی ( 2013 : 90 ).

## 2 – پێکهاتەی واتایی <<Semantic Components>>:

Chomsky پێکهاتەی سیمانتیکی بە پێکهاتەی کۆتایی لەڕێزماندا دیاریکردووە، کە بنەڕەتی یاسای سیمانتیك – سینتاکس پێکدەهێنێت ، ئەمەش بەستنەوەی سیمانتیکە بە ڕێزمانەوە و مەبەست دیاریکردنی سنوری واتایە بەتوانسی زمانییەوە ، کە لە چالاکی و توانای زمانییەوە وەردەگیرێن ، ئەرکی سیمانتیکی بریتییە لە پەسنکردنی واتا و پەسنکردنی پەیوەندییە واتاییەکان ، بەهۆی یاسا سیمانتیکییەکانەوە ، کە نیشانە سیمانتیکییەکان پێکهێنەری بنەڕەتییانن ،گۆکردنی پێکهاتەی سیمانتیکی ، لێکدانەوەی سیمانتیکی دروستەی قووڵ فەراهەمدەبێت.

نواندنی سیمانتیکی یان لێکدانەوەی سیمانتیکی ، دەرئەنجامی جێبەجێبوونی ئەو یاسایانەیە ، کە دیارخەری لایەنە سیمانتیکییە <<Semantic Aspects>> جۆراو جۆرەکانی ڕستەیەکن و بەرجەستە دەبن ، گۆکردنی یاسا سیمانتیکییەکانیش دیاریکردنی لایەنە سیمانتیکییەکانی وەك : زانین ، نرخی ڕاستی دەربڕاو و ڕستەکان لەخۆدەگرێت .

بۆ دیاریکردنی پێکهاتەی سیمانتیکی وشە و ڕستەکان و تێگەیشتن لە واتاکانیان ، پێویستە شییانبەکەینەوە بۆ یەکە پێکهێنەرەکانیان ، کە دروستەی پێکهاتەی سیمانتیکی بەرهەمدێنن .[1]

لە لێکدانەوەی سیمانتیکیدا کەرەستەکانی ڕستە لە شێوەی نیشانە واتاییەکاندا داڕێژراون ، لەسەر بنەمای وەچەپێکهاتە و فەرهەنگ داڕشتەیەکی سیمانتیکی بۆ ئاستی قوڵ دادەنێت[2]، لەم تیۆرییەدا پێکهاتەی سیمانتیکی تەنها بەدروستەی قوڵەوە بەستراوەتەوە و دروستەی واتایی لەڕستەدا پەسندەکات .

## 1–پێکهاتەی فۆنۆلۆژی << Phonological Components >> .

پێکهاتەی فۆنۆلۆژی پێکهاتەیەکی لێکدەرەوەیی زمانە ، ئاستێکی داڕشتەی ڕستەیەو لە ڕێی نیشانە فۆنەتیکییەکانەوە داڕێژراون ، دروستەی ڕووکەش دەگۆڕێت بۆ داڕشتەیەکی فۆنەتیکی ، بەواتایەکی تر داڕشتەیەکی فۆنەتیکی بۆ دروستەی ڕووکەش دادەنێت ، دروستەی دەنگیی لە ڕستەدا پەسندەکات .بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین لە تیۆری ستانداردا گشت یاساکانی سیمانتیکی لێکدەرەوەییبەسەر دروستەی قوڵدا جێبەجێدەبن ، بەپێی ئەم تیۆرییە تەنیا دروستەی قووڵ بەرپرسی لێکدانەوەی واتاییە ، بەواتایەکی تر لێکدانەوەی واتای ڕستە لە دروستەی قوڵەوە دەردەچێت و بەتەواوی واتای ڕستە لێکدەداتەوە ، هەروەها لەم تیۆرییەدا گواستنەوەکانیش هیچ پشکێکیان لە دیاریکردن و لێکدانەوەی

---

[1] شیلان عومەر (2012 : 102–103 ) .

[2] محەمەدی مەحوی و نەرمین عومەر (2004 :100 ).

واتای ڕستەکاندانییە. .بەپێی ئەم تێڕوانینانەی تیۆری ستاندارد دەبێت ڕستەکانی ( 31 ) هاوواتابن و یەك لێكدانەوەی واتایان بۆ بکرێت ، چونکە هەردوو ڕستەکە لە دروستەی قوڵدا کەرەسەکانیان هاوواتان ، بەڵام ئەم دووڕستەیە لە ڕووی واتاوە جیاوازن ، لە (32.ا)دا ئەو کەسەی کە بانگکراوە بەهێزە و لەلایەن بەرهەمەوە بانگکراوە ، بەڵام لە (32.ب)دا بە بێچەوانەوە ، بەرهەم بانگکراوە لەلایەن بەهێزەوە .

**32**.ا.بەرهەم بەهێزی بانگکرد .

ب. بەهێز بەرهەمی بانگکرد .

**تیۆری ستاندارد بەم شێوەیە خراوەتە ڕوو :**




**هێڵكاری (7)**[1]

لەم نموونەیەدا چۆنیەتی شرۆڤەکردنی واتایی لەم تیۆرەدا بە پێی ئەو هێڵکارییە دەخەینە ڕوو :

---

[1] (Razmjoo, 2004 : 24-25) ، وەرگیراوە لە تارا موحسین (2011: 8).

فەرهەنگ

( بەرهەم  بەهێز  بانگکردن )

↓

دروستەی قووڵ

بەرهەم بەهێز بانگکرد

پێکهاتەی واتایی | پێکهاتەی گواستنەوە

↓

دروستەی ڕووکەش | نواندنی فۆنەتیکی

↓

دەربڕین و نواندنی ڕستەکەیە لەشێوەی دەنگدا

**هێڵکاری (8)**

بەرهەم بەهێزی بانگکرد

بەرهەم
+ مرۆڤ
+ نێر
± هەراش
± ژنهێنان
± باوکایەتی

بەهێز
+ مرۆڤ
+ نێر
± هەراش
± ژنهێنان
± باوکایەتی

بانگکرد ← { + بانگکردن ، _ دەرکردن }

لەنموونەکەدا ئەوە دەردەکەوێت کە لە دروستەی قووڵدا لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی واتایی بۆ ڕستەکە دەکرێت و پێکهاتەی واتای دەخرێتە ڕوو ، گواستنەوەکان لە گۆڕینی واتادا دەوریان نابێت ، چونکە پێش پرۆسەی گواستنەوە لەدروستەی قووڵدا پێکهاتەی واتایی شرۆڤەدەکرێت و لە دروستەی ڕووکەشدا تەنها نواندن و دەربڕینی ڕستەکەیە لە شێوەی شریتی دەنگیدا .

## 1/1-1-4-1-ب) تیۆری ستانداردی فراوانکراویسیمانتیکی لێکدەرەوەیی :

لە ئەنجامی ئەو کێشە واتاییانەی لەتیۆری ستانداردا هەبوون ، وەك دیاریکردنی دروستەیەکی ڕووکەشی دیاریکراو بۆ دروستەی قووڵ و خۆبەدوورگرتن لە چوونە ناو وردەکاری گریمانەکەی ( کاتز و پۆستال ) ، هەروەها ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی تیۆرەکە کران لەلایەن لایەنگرانی تیۆرییە ڕێزمانی و واتاییەکانەوە ، بوونە هۆی ئەوەی چۆمسکی جارێکی تر هەوڵی چاکسازی و گۆڕانکاری و هەموارکردنەوە و زیادکردن بۆ تیۆری ستانداردا بدات ، نەك هەڵوەشاندنەوەو ڕەتکردنەوەی .

لێکدانەوەی سیمانتیکی لە لێکۆڵینەوەکانی( چۆمسکی ) و بیروڕاکانی ( جاکیندۆف ) پەرەی پێدراو بەرەو پێش چوو ، ئەمیش لە چوارچێوەی دانانی گریمانەی زمانەوانی و گرێدانی داڕشتەی سیمانتیکی بەهەردوو دروستەی ڕووکەش و دروستەی قووڵەوە بۆ لێکدانەوەی واتا ، دووجۆر یاسای بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکی خستەڕوو :

1- یاسای لێکدانەوەی سیمانتیکی بۆ دروستەی قووڵ .
2- یاسای لێکدانەوەی سیمانتیکی بۆ دروستەی ڕووکەش .[1]

لەم تیۆرییەدا ئاستی سیمانتیکی لێکدەرەوەیی بەهاوتەریبی بەسەر هەردوو دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەشدا جێبەجێدەبێت ، بەمەش ئەو گریمانەیەی کاتز و پۆستال ڕەتکرایەوە ، پێیان وابوولەکاتێکدا گواستنەوەکان بەسەر دروستەی قووڵدا دێن ، نابنە هۆی گۆڕانی واتا ، ئەم تیۆرییە لە لێکدانەوەی واتاییدا گرنگی دروستەی ڕووکەشی بۆ دەرکەوت و ئەوەی ڕونکردەوە ،کە گواستنەوەکان دەبنەهۆی گۆڕینی

---

[1] بڕوانە :

ا-مازن الوعر ( 1987 : 59 – 64 ).

ب- حاتەم وليا محمد ( 2006 : 59 – 63 ) .

پ- سەباح رشيد (2009 : 101 – 105 ).

واتا.پێکهاتەی سیمانتیکی لەم تیۆرییەدا پەرەی پێدرا و بە هەردوو دروستەی قوولْ و دروستەی ڕووکەشەوە بەسترایەوە ، بۆ ئەوەی بتوانێت بەتەواوی لێکدانەوەی واتایی بۆ گشت دروستە سینتاکسییەکان بکات .

گرنگترین گۆڕان بەستنەوەیدروستەی ڕووکەشە بە یاسایەك لە یاساکانی سیمانتیکی لێکدەرەییەوە، هەروەها ڕۆڵی دروستەی قوولْ لە دیاریکردنی واتادا کەمکرایەوە ، زیاتر گرنگی بە درووستەی ڕووکەش درا ، چونکە دیاریکردنی هەندێك لە واتا لە لایەن دروستەی ڕووکەشەوە دیاریدەکرا ، بۆ نموونە ،

33.ا. بەهێز هات .

.ب. بەهێز هات ؟

هەردوو دەربڕاوی (33.ا ) (33.ب) واتاکانیان جیاوازن ، بەهۆی ئاوازی ڕستەکەوە دەتوانین لە واتاکانیان بگەین ، ئەم دیاریکرنی واتایەش بە دروستەی ڕووکەشەوە بەستراوە نەك درووستەی قوولْ .

لە هێڵکاری (9)داپێکهاتەی سیمانتیکی و شوێنی بەستنەوەی بەپێکهاتەی سیمانتیکییەوە ڕوندەکرێتەوە:




هێڵکاری (9)[1]

---

[1] بروانة : ا- میشال زکریا (1985: 118 ) .
ب- مازن الوعر (1987 : 64 ).

له تیۆری ستانداردی فراوانکراودا یاساکانی سیمانتیکی لێکدەرەوەییبۆهەنێك چەشنی ڕستەی دیاریکراوبەسەر هەردوو دروستەی قولّ و دروستەی ڕووکەشدا جێبەجێدەبن ، بەپێی ئەم تیۆرییە تەنیا دروستەی قوولّ بەرپرسی لێکدانەوەی واتانییە ، هەندێك لە گواستنەوەکان کە بە سینتاکسی پاساویاندراوەتەوە ، لە نێوان دروستەی قوولّ و دروستەی ڕووکەشدا گۆڕانیان بەسەرواتادا هێناوەو دروستەی قوولّ واتایەکی جیاوازی لە دروستەی ڕوکەش هەیە .

لەم تیۆرییەدا لێکدانەوەی سیمانتیکی لەزمانی کوردیدا ، بۆ ئەو ڕستانەی دەربڕاوە ئاوەڵکردارییەکانی وەك ( ئێستا، تەنها/ تەنیا ، هەر ، ....)یان تیادا بەکاردەهێنرێت ، بەگوێرەی جێکەوتە جیاوازەکانی ڕستە واتای جیاواز بە ڕستەکە دەبەخشن و واتاکانیان دەگۆڕن [1]، هەروەك لەنموونەکانی (33.ا،.ب ،.پ) .

34.ا. هەر لانە لە نزیك دایکی مایەوە.

ب. لانە هەر لە نزیك دایکی مایەوە .

پ. لانە لە نزیك دایکی هەر مایەوە .

هەریەك لەم دەربڕاوانە لە دروستەی قوولّدا هاوواتان ، بەڵام لە دروستەی ڕووکەشدا بەهۆی جێکەوتە جیاوازەکانیانەوە ، هەر ڕستەیە واتایەکی جیاواز لەوی تر دەبەخشێت .

### 1/1-1-4-1-پ)تیۆری ستانداردی فراوانکراوی پێداچوەوەیسیمانتیکی لێکدەرەوەیی :

– تیۆری ستانداردی فراوانکراوی پێداچووەوە>> Revised Extended Standar Theory <<(REST)>>

ئەم تیۆرییە لەلایەن چۆمسکی و هاوبیرەکانییەوە لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا هاتە ئاراوە ، ئەم قۆناغە بە گواستنەوەیەکی پێشکەوتوو دادەنرێت لەگرنگیدان بەسیستەمی ڕێزمان و گرنگی بە توانستی لێکدانەوە دەدات بۆ ئەو سیستمەیکە نەخشە بۆ تیۆرێکی زمانی گشتی دەکێشێت ، لەم تیۆرییەدا ئامانج کەمکردنەوەی گواستنەوەکان و کۆکردنەوەیان لە یەك گواستنەوەدا لە ژێر ناوی >>ئەلفا بجوڵێنە << کە هەڵدەستێت بە گواستنەوەی وەچەپێکهاتەکان ، هەروها بەستنەوەی پێکهاتەی سمانتیکی و پێکهاتەی فۆنۆلۆژی بە پێکهاتەی دروستەی ڕووکەشەوە ، پێکهاتەی سیمانتیکی / واتایی ناونرا فۆڕمی لۆژیکی >>Logical Form<< .[2]

---

[1] محەمەدی مەحوی ( 2009 : 202 ) .

[2] عەبدولواحید موشیر دزەیی ( 2013 : 104 – 104 ).

چۆمسکی لە کتێبی (Reflections on language) تەواوی پەیوەندی نێوان پێکهاتەی / دروستەی قووڵ و پێکهێنەری واتای ڕەتدەکاتەوە ، پێکهاتەی سیمانتیکی لەم تیۆرییەدا تەنها لە دروستەی ڕووکەشەوە وەرگیراوە ، لەهێکاری ژمارە (10)دا پێکهاتەی سیمانتیکی لە تیۆرییەدا دەخەینەڕوو :




هێڵکاری ( 10)[1]

ئەم تیۆرەچەمکی ئەو یاسا گواستنەوەییانەی گۆڕی کە لە تیۆرەکەی پێشتردا هەبوون ، بەپشت بەستن بەم تیۆرییە گواستنەوەکانی وەك جوڵاندن و جێگۆڕکێ و لابردن یان قرتاندن شوێنەوار و شوێنپێی خۆیان بەجێدەهێڵن وڕێدەدەن گشت لێکدانەوە سیمانتیکییەکان بەسەر دروستەی ڕووکەشدا جێبەجێ بن[2] ، ڕێسای a بجوڵێنە، کە ڕێسایەکی جیهانییە ، ڕستەی باسمەند ، ڕستەی سەرجێناوی[3] ، ڕستەی پرسیاری باشرین نمونەی ڕونکەرەوەین بۆی ،[4] کەواتە لەم تیۆرییەداگواستنەوەکان لە ناوەوە ڕوودەدەن و لە ڕووکەشدا دەردەکەون ، وەك لە (35)دا.

35. بەهێز نانی خوارد.

---

[1]حاتەم ولیا ( 2006 : 16 ) .

[2] Karim Nazari Bagha (2011 : 229 ) .

[3] بڕوانە :

ا– کاروان عومەر قادر ( 2008) .

ب– ئاڤێستا کمال محمود ( 2012 ) .

[4] محەمەدی مەحوی و کاروان عومەر و شیلان عومەر ( 2010 : 69 ) .

فەرهەنگ

( بەهێز نان خواردن )

↓

دروستەی قووڵ

بەهێز نان خواردی

↓

یاسای ئەلفا a بجولێنە

↓

دروستەی ڕووکەش

بەهێز نانی خوارد

فۆڕمی لۆژیکی ← → فۆڕمی فۆنەتیکی

لێکدانەوەی واتای     نواندن لەشێوەی دەنگدا

**هێڵکاری (11)**

وەك لەڕستەی ( 35) دا دەردەکەوێت ، دروستەی قووڵ کەرەستە فەرهەنگییەکان وەردەگرێت و لە ڕێگەی یاسای ئەلفا بجولێنەوە دەگەیەنرێت بە دروستەی ڕووکەش ، لە درووستەی ڕووکەشدا ڕستەکان لە ئاستی فۆڕمی فۆنەتیکیدا ڕاستەوخۆ لەشێوەی دەنگدا دەنوێنرێن ، لە ئاستی فۆڕمی لۆژیکیدا ڕستەکە شرۆڤەکردنی سیمانتیکی وەردەگرێت و لێکدانەوەی واتایی بۆدەکرێت.

دەرکردەکانی تیۆری سیمانتیکی پێویستە بەشێوەیەك دابرێژێت ، کە لەگەڵ توانای لێکدانەوەکانی قسەکەراندا بگونجێت ، تیۆری سیمانتیکی لێکدانەوە بنەمای پێکهێنانی بە پێی قۆناغە جیاوازەکانی دەگۆڕێت ، بە شێوەیەکی گشتی پێکهاتووە لە :

1- فەرهەنگ : فەرهەنگ یەکەمین پێکهاتەی سیمانتیکی هەرزمانێکە ، پڕکردنەوەی چاڵەکانی قاڵبی ڕستە لە دروستەی قووڵدا بە تێکردەفەرهەنگییەکان <<lexical insertion>> دەسپێردرێت ،( لە سیمانتیکی لێکدەرەوەیدا کەرەستە فەرهەنگییەکان دروستەی ناوەکی خۆیان هەیە ، کە بەهۆی یاسا فەرهەنگییەکانەوە دەنوێنرێن و دەخرێنە ڕوو ، بریتین لە : یاساکانی فۆڕمداڕشتن << formation rules>> و یاسای گواستنەوەکان و یاسای کۆت و بەندکردن و مەرج و سنوردانان <<constraint)

>>[1]، بەو واتایەی کەرەستە فەرهەنگییەکان بەهۆی یاسا فەرهەنگییەکانەوە دروستەکانیان دەخرێتە ڕوو ، دەروازەی فەرهەنگی هەرکەرەستەیەکی فەرهەنگی پێکهاتووە لە زانیاری فۆنۆلۆژی و زانیاری سینتاکسی و زانیاری سیمانتیکی[2]، کە زانیاری تێگەیشتن و تێگەیاندن و ڕوونکردنەوەن .

2- دروستەی قووڵ >>Deep structure<<.

دروستەی قووڵ پێکهاتەیەکی تری سیمانتیکییە ، ئەبستراکتە و لە ئاوەزدا هەڵگیراوە ، لە ڕێگەی پێکهاتەی سیمانتیکییەوە واتاییانە لێکدەدرێتەوە و بەهۆی یاساکانی گوێزانەوەوە ئاڕاستەی دروستەی ڕووکەش دەکرێت و بە شێوەی شریتی دەنگی دەردەبڕدرێت و دەبێتە کۆنکرێت ،"چەمکە ئەرکییەکانی ناڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن بە دروستەی قووڵەوە و لەوێدا دەسنیساندەکرێن وەك ( بکەر ، بەرکار .....)"[3]، دەرکردەی کەرەستە فەرهەنگییەکان هەروەها ( داڕشتە و نواندنی ڕاستەوخۆی گۆکردنە ڕێزمانییەکانە، واتە ڕێزمانەکە چۆن گۆدەکات ، وەهاش لەدروستەی قووڵدا دروستەکەی دادەڕێژرێت )[4] .

3-دروستەی ڕووکەش.

فۆڕمی دەرەوەی ڕستە نیشاندەدات ، ئاستێکە بۆ جێبەجێکردنی پەیوەندییە سینتاکسییەکان ، کە تیایدا کردار چالاکە[5] ، بەرهەم و لێکەوتەی یاسا گشتییەکەی ( ئەلفا بجولێنەیە ، کەبەهۆیەوە لە دروستەی قووڵ هەڵگوێزراوە ، تێکردەیەکە ، کە لێیەوە فۆڕمی لۆژیکی و فۆڕمی فۆنۆلۆژی هەڵدەگوێزرێن و دەخرێنەڕوو ) ، لەم ئاستەدا ئەگەر ڕستەیەك دوو واتای بەخشی ، ئەوا ئەو ڕستەیە خاوەنی دوو دروستەی قووڵ و یەك دروستەی ڕووکەشە ، وەك لە ( 36)دا :

36.پێم دەخورێت .

هەندێکجاریش چەند ڕستەیەك هەمان واتا دەبەخشن ، لەم کاتەدا ڕستەکە خاوەنی چەند دروستەیەکی ڕووکەشە ، بەڵام یەك دروستەی قووڵی هەیە ، وەك لە (37 )دا .

37.ا. شارەکەم شاری هەڵمەت و قووربانییە .

ب. شارەکەم شاری نالی و سالم و کوردییە .

پ. شارەکەم پایتەختی ڕۆشنبیرییە .

---

[1] شیلان عومەر (2012 : 105 ) و سەرچاوەکانی .

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سەرچاوەی پێشو و سەرچاوەکانی .

[3] دیار علی کمال کریم ( 2002 : 27 ) .

[4] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ( 2009 :6 ).

[5] سەرچاوەی پێشوو (7) .

هەریەك لە ڕستەكانی ( 37. ا،ب،پ ) خاوەنی دروستەی ڕووكەشی جیاوازن ، بەڵام لە دروستەی قوڵدا هاوبەشن ، كە مەبەست لێی شاری سلێمانییە .

4–كۆتی هەڵاوێركردن >>Selection restriction<<

مەبەست لێی هەڵبژاردنی كەرەستەكان و گونجاندنیانە ، كاتیك قسەكەر بیەوێت دەربڕاوێك دەرببڕێت ، كەرەستەكان پێكەوە دەگونجێنێت و ڕیزبەندییان بۆ دەكات ، بۆنموونە كاتێك بیەوێت كرداری / نوسین / دەربڕێت ، دەزانێت كە پێویستی بە بكەر و بەركارێكە ، كە دەبێت بكەر / +مرۆڤ / بێت ، بەركار /+ شتێك كە لە سەری بنوسرێت " ،ئەم پرۆسەیە " بوونی دەسەڵات و دەسەڵات شكاندنەوەیە بە سەر هەڵبژاردنی هەموو ئەو زانیارییانەی ، كە ناوەكین ، یان پەیوەندییان بە بابەتەكەوە هەیە "[1] ، قسەكەر لە كاتی بەرهەمهێنانی ئاخاوتنەكاندا هەوڵدەدات هێما گونجاوەكان بە پێی چەمكەكان هەڵبژێرێت ، بەڵام هەندێكجار توشی گرفتی هەڵاوێركردن دەبێتەوە و ، كە پێی دەوترێت " گرفتی شێوە داڕێژ >>Convergence problem<<"[2] ، ئەمەش لە كاتێكدا ڕوودەدات كە بۆ چەمكێك چەند وشەیەكی سینۆنیم و پۆلۆسیمیا هەبێت .[3]

5–یاساكانی پرۆژەسازدان>>Projection principle<<

لە فەرهەنگدا كەرەستەكان ئامادەن و بەپێی كۆت و بەندی هەڵبژاردنەكان كەرەستە فەرهەنگییەكان بەپێی یاسای ڕیزبون و لێكدان دەخرێنە تەكیەك و واتایەك بە ڕستەكان دەبەخشن ،بەواتای ئەوەی لەسەر هەر ئاستێكی ڕستەسازی دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووكەش و فۆرمی لۆژیكی نواندن و داڕشتنی فەرهەنگین ،" بەتەواوی نیشانە تایبەتییەكانی وەچەدیاریكردنی ئایتمە فەرهەنگییەكان دەگرنەوە"[4] ، یاساكانی لێكدان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە دەسنیشانكردنی نواندنە واتاییەكان و جیاكردنەوەی ڕستە واتادار و ناوێزەكان ، كە تیایدا ڕستەی ناووێزە هیچ خوێندنەوەیەكی نییە[5] ، ئەو ئارگومێنتانەی لە دروستەی قووڵدا ڕۆڵی بابەتانەیان

---

[1] ئاڤێستا كەمال مەحموود ( 2012 : 152 ) .

[2] سەرچاوەی پێشوو (270 ) .

[3] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر كۆتی هەڵبژاردن بڕوانە :

ا– ئاڤێستا كەمال مەحمود ( 2012 ) .

ب– شیلان عومەر ( 2012 ) .

پ– عەبدلواحید موشیردزەیی ( 2010 ) .

ت–دیار علی كمال كریم ( 2002) .

[4] محەمەدی مەحوی (2001 : 29 )ب .

[5] عەبدلواحید موشیردزەیی (2010 : 144 – 145 ) .

بابەتانەیان پێبەخشراوە ، گۆکردنی ڕێزمانییان هەیە ، داواکراوەکانی خۆیان داوا دەکەن و ڕۆڵیان پێدەبەخشن ، ئەم ڕێسایەش ئەوە مسۆگەر دەکات کە ڕۆڵی بابەتانەی بەخشراو لەسەر هەر ئاستێك هەبن ،" لە ئێستادا بە یاساکانی پەیوەندی >> interface rule<< و یاساکانی ڕێککەوتن >>correspondence rule<< ناودەبرێن ، کە پەیوەندی نێوان سینتاکس و سیمانتیك دیاریدەکەن "[1] ، هەر ئارگومێنتێك تەنها یەك ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرێت و هەرڕۆڵێکی بابەتانەش تەنیا بەیەك ئارگومێنت دەدرێت [2]، ئەگەر هەر ئارگومێنتێك زیاتر لە یەك ڕۆڵی واتایی وەربگرێت ، ئەوا لادانە لە تیۆری ڕۆڵی بابەتانە و ئەنجامەکەشی ڕستەیەکی نادروست دێتە ئاراوە .

38. ڕۆزی کتێبەکەی هێنا .

هەریەك لە ئارگومێنتەکانی ( ڕۆزی ) و ( کتێب ) یەکی یەك ڕۆڵی واتایی لەلایەن کردارەوە وەردەگرن ، ئارگومێنتی( ڕۆزی ) ، کە بکەری ڕستەکەیە ڕۆڵی کارا و ئارگومێنتی ( کتێب ) ، کە بەرکاری ڕستەکەیە ڕۆڵی کارتێکراو وەردەگرێت.

## 5‒1‒1/1)تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان .

تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان[3]لە ئەنجامی ئەو ڕەخنەو پێشنیازانەوە پەیدابووە کەلە تیۆرە کلاسیکییەکەی چۆمسکی ( تیۆری ستاندارد ) گیران ،ئەم تیۆرییە لادانێکی تەواو بوو لەتیۆرییەکەی چۆمسکی و تیشکخستنە سەر لایەنە باش و کەموکورتییەکانی بوو ،ئامانج پێداچوونەوەیەکی ڕیشەیی بوو بۆ تیۆری ستاندارد ، زۆرزیاتر لەو پێداچوونەوەیەی تیۆری ستانداردی فراوانکراو کردی .

ئەم تیۆرییە سیستمێکی واتاسازییە ، ئامانجی شیکردنەوەی زمان و لێکدانەوەی واتای ڕستەکانە لە سنووری سیمانتیکدا دوور لەدەوروبەر لەژێر ڕۆشنایی سیمانتیکی بەرهەمهێناندا ، کەتیایدا دروستەی لۆژیکی لەشێوەی درەختی لقوپۆپداردا دەنواند ، ئەویش لەڕێگەی بەستنەوەی دروستەی سینتاکسی ڕوکەشی ڕستە بە دروستەی واتایی قوڵەوە ،بەجۆرێك کە دروستەی قووڵی تیۆری ستاندارد فراوانبکرێت ، بۆ ئەوەی ئاستێکی جیاوازتر بەرهەمبهێنن ، بەجۆرێك وردتر و قوڵتر و ئەبستراکتتر بێت لەو ئاستە قوڵەی یاساکانی فرێزپێکهێنان بەرهەمیدەهێنن ، کە بتوانێت پێکهاتەی دەروازە فەرهەنگییەکانیش بگرێتەوە ، کە وەك

---

[1] شیلان عومەر ( 2012 : 114 – 115 ) .

[2] حاتەم ولیا ( 2006 : 42 ) .

[3] سەرەتای سەرهەڵدانی وەك تیۆرییەك دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی (جێمس ماککاولی ) لە ساڵی (1968 )دا ڕایگەیاند، بڕوانە:
حسام البهنساوی ( 2003 : 11 ) .

"لۆژیکی ڕێزبەندی –یەکەم"[1] دەرکەوت بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە پێکهاتەکە پێش ئەوەی فۆڕمە فەرهەنگییەکەی خۆی وەربگرێت ، هەندێك لە پرۆسەکانی گواستنەوە بەسەر پێکهاتە واتاییەکانی بەشێك لە دانە فەرهەنگییەکاندا جێبەجێدەبێت ، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو نەیاندەویست باوەڕ بهێنن بەوەی گواستنەوەکان دەبنە هۆی گۆڕان لە واتادا ،[2] پێیانوابوو " پێکهاتەی بەرهەمهێنان لە تیۆری زمانەوانیدا پێویستە سیمانتیك بێت نەك سینتاکس ، چونکە ڕێزمان لە پەسنکردنی واتای ڕستەوە دەستپێدەکات ، دواتر دروستەی سینتاکس بەرهەمدەهێنێت "[3] سیمانتیکی بەرهەمهێنان پێش لێکۆڵینەوەی واتایی لە ڕوانگەی پراگماتیکییەوە بە گرنگی دەزانێت لە واتای پیتی بکۆڵرێتەوە ، لەم تیۆرییەدا هەردوو واتای پیتی و واتای دەربڕاو پێکەوە نواندنە سیمانتیکییەکانی ڕستە دیاریدەکەن ،[4] بە پێی ئەم تیۆرییە سیمانتیك دەبێتە بناغەیەك بۆ دروستەی سینتاکس و دەتوانرێت لێیەوە دروستەی سینتاکس بەرهەمبهێنرێت[5] ،لە مەوە سیمانتیکی بەرهەمهێنان ڕاستەخۆ بایەخ بە واتا دەدات نەك پێکهاتەی سینتاکسی ، کەلە دروستەی قووڵدان و بە دروستەی لۆژیکی ناودەبرێت ، هاتنە ئارای سیمانتیکی بەرهەمهێنان گرنگ بوو بۆ ڕوونکردنەوەی واتای دانە سینتاکسی و فەرهەنگییەکان ، کە پارافرێز و تەمومژ بوون[6] ، ئەم تیۆرییە پێکهاتووە لەچەند بنەمایەك ، ئەوانیش :

1–دروستەی لۆژیکی .

2–دروستەی لۆژیکی هەوڵدانە بۆ "جیاکردنەوەی چەمك لە بەشەکردار "[7] ، دەرهێنانی چەمکەکەیە لە پێکهاتەکانی تری ڕستە ، بەپێی چەمکە جیاوازەکانی ڕستە ، ڕستەکان فۆڕمی لۆژیکی جیاوازیان دەبێت ، کە لێکدانەوەی واتاییان بۆ دەکرێت و واتاکانیان لێکدەدرێتەوە .[8]

---

[1] شیلان عمر حسین (2012 : 243 ).

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

ا–سەباح رشید قادر ( 2009 : 101 ) .

ب– مازن الوعر (2001: 59) و سەرچاوەکانیان .

[3] تارا موحسین (2008: 11) .

[4] بڕوانە :

ا– بەشدار محمد ابراهیم ( 2014: 88 ) .

ب– محەمەد مەحوی ( 2001 : 226– 227 ) .

[5] محەمەدی مەحوی (2006 : 6 ) .

[6] بڕوانە:

ا- Karim Nazari Bagh (2011: 223-231 ) .

ب - GEORGE LAKOFF (1976: 43-61 ) .

[7] کاروان عومەر (2012:74).

[8] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە

3– دروستەی ڕووکەش >>Surface structure<<

لە تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێناندا واتای پیتی ڕستەکان لە ڕێگەی دروستەی قووڵی لۆجیکی و پەلهاویشتنەکانیەوە>> branching<< لە دروستەی ڕووکەشدا دەخرێتە ڕوو ، یاساکانی گواستنەوەش لە هەردوو دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەشدا ڕوودەدەن و واتای ڕستەکان ڕووندەکەنەوە ، لە لایەکی تریشەوە دروستەی ڕووکەش بەستراوە بە یاسافۆنۆلۆژییەکانەوە کەلێیەوە نواندنی فۆنەتیکی بۆ ڕستەکان دەکرێت و لە شێوەی دەنگدا دەردەبڕدرێن .

4– ناوەڕۆك >>content<< :

ناوەڕۆکبەشێکی واتای پەسنکەرانەیەو بنجییە، ، ناوەڕۆکی لێکسیمێك لەڕێی گشت پەیوەندییەکانی لەبریدانان و دروستە تەکنشینییەکانەوە کراوە ، دەوترێت ناوەڕۆك ، چونکە هەریەکەیەك دروستەی ناوەڕۆکی هەیە و لە کۆمەڵێ نیشانەی واتایی سیمای واتایی پێکهاتوە (ناوەڕۆك :سیماواتاییەکان) گەورەترە لە ( کرۆکە واتا:تاریکە ) ، هیچیان ناچنە خانەی پراگماتیك ، کاتێك دەوترێت ناوەڕۆك واتە چەپکە نیشانە[1] .

واتای دەربڕاو>>Utterance meaning<<لە تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێناندا واتای پیتی و واتای دەربڕاو پێکەوە نواندنە واتاییەکانی ڕستە دیاریدەکەن ، ئەم تیۆرە بەگرنگی دەزانێت پێش لێکۆڵینەوە لە واتا لە ڕوانگەی پراگماتیکییەوە ، لە واتای پیتی بکۆڵرێتەوە .[2]

نەخشەی سیمانتیکی بەرهەمهێنان بەمجۆرە خراوەتەڕوو :

---

ا– ل( 20 –21)ی ئەم پارە .

ب– کاروان عومەر قادر ( 2012) .

پ– فاروق ڕەفیق (2014 ) .

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

ا– محەمەدی مەحوی ( 2001 ) .

ب– محەمەدی مەحوی ( 2009 ) .

[2] مازن الوعر ( 2001 :60 ).

نواندنی سیمانتیکی

|

یاساکانی گواستنەوە

|

دروستەی ڕووکەش

|

یاساکانی فۆنۆلۆژی

|

نواندنی فۆنەتیکی

هێڵکاری (12)[1]

بەپێی ئەم تیۆرییە ڕستە و دەربڕاوەکان پێش دەربرین و نواندنیان لەدروستەی ڕوکەش، خاوەنی واتا و پێکهاتەی واتایی تایبەت بەخۆیانن ، دواتر لە ڕێگەی یاساکانی گواستنەوەوە بە دروستەی ڕووکەشەوە دەبەسترێنەوە و دەردەبڕدرێن ، بۆ نموونە کاتێك بمانەوێت دەربڕاوێکی وەك (38) دەرببڕین ، سەرەتا پێکهاتەی واتای ئەو ڕستەیە لە دروستەی لۆژیکیماندا بوونی هەیە و لەڕێگەی یاساکانی گوێزانەوەوە دەگەیەنرێن بەدروستەی ڕووکەش و لە شێوەی دەنگدا دەریدەبڕین .

39. منداڵەکە دەگری .

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕستەیە بە پێی هێڵکاری تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان ، بەمجۆرە شرۆڤە دەکرێت.

منداڵ
{
+ مرۆڤ
± نێر
- هەراش
_ باوکایەتی
_ دایکایەتی
}

[1] تارا محسن (2011 : 12 ).

+ گریان

دەگری    _ پێکەنین

_ قسەکردن

نواندنی سیمانتیکی

↓

یاساکانی گواستنەوە

↓

دروستەی ڕووکەش

منداڵەکە دەگری

↓

یاساکانی فۆنۆلۆژی

↓

نواندنی فۆنەتیکی

دەربڕین و نواندنی ڕستەکەیە لەشێوەی دەنگدا

**هێڵکاری (13)**



هەروەها تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان تاڕادەیەك دەكرێت سادە یان زۆر ئابوری بێت وەك لە سیمانتیکی لێکدەرەوەیی ، ڕەچاوی ئەوە دەكات كە زۆرجار ڕستە جیاوازەكان خاوەنی هەمان واتان [1]، بۆ نموونە ،

40.ا. شاری كۆبانێ لەلایەن دوژمنانەوە وێرانکرا .

ب. وێرانکردنی شاری كۆبانێ لەلایەن دوژمنانەوە بوو .

41.ا. بەهمەن خانووەكەی بە هیوا فرۆشت .

ب.هیوا خانووەكەی لە بەهمەن كڕی .

هەریەك لە ڕستەكانی ( 40.ا ، 40.ب ) و ( 41.ا ، 41.ب ) خاوەنی پێكهاتەی سینتاكسی جیاوازن و ڕیزكردنی كەرەستە ڕێزمانییەكان جیاوازن ، بەڵام ڕستەكانی ( 40.ا و40.ب ) یەك واتا دەبەخشن و خاوەنی هەمان پێكهاتەی واتایین ، هەروەها ڕستەكانی (41.ا و 41.ب) هەردوو وشەی ( كڕین و فرشتن ) بەكارهاتوون ، كە خاوەنی پێكهاتەی واتایی جیاوازن ، بەڵام بە پێی بەكارهێنانیان لەگەڵ كەرەستە ڕێزمانییەكانی تری ڕستەكاندا ، یەك واتایان بە ڕستەكان بەخشیوە .

[1] George Lakoff ( 1976 : 43-61 ) .

## 2/1 ) جۆرەکانی لێکدانەوەی واتا و مەرجی ڕاستەقینەیی .

### 1-2/1)جۆرەکانی لێکدانەوەی واتا .

واتاوەك زانستێکی سەربەخۆ بووە بە کەرەستەی زۆرێك لەزانستەکانی وەك ( لۆژیك ، دەروونناسی ، فەلسەفە ، کۆمەڵناسی ...تد )، هەریەك لەم زانستانەش تێڕوانینی خۆی بەرامبەر واتا هەیە و هەریەکە لەتەوەرێکەوە لەو زانستەدەکۆڵێتەوە، بۆیەزاناکان لەسەر دیاریکردنی جۆرەکانی واتا کۆك نین، " واتا پەیوەندییەکی ناوکۆیی و هاوبەش و چڕ و ئالۆزی بەزمانەوە هەیە "[1]، جۆرەکانی واتاش ( کۆمەڵێك نیشانەی واتایین و لە ئاوەزی ئاخیوەراندا هەڵگیراون و لە ڕێگەی دەربڕراوە زمانییەکانەوە دەگەیەنرێن )[2]، ناتوانرێت جۆرەکانی واتا بەتەواوەتی لێکجیابکرێنەوە و سنور لەنێوانیاندا دابنرێت ، بەڵکو بەستراون پێکەوە و یەکتری تەواو دەکەن .

بەشێوەیەکی گشتی لە زمانەوانیدا چەند جۆرێك لە واتا باسکراون :[3]

1-واتای سیمانتیکی .

2- واتای لۆژیکی .

3-واتای پراگماتیکی .

4- واتای کۆمەڵایەتی .

5- واتای میتافۆڕی .

6- واتای ئیدیۆمی .

7- واتای سایکۆلۆژی

---

[1] شیلان عومەر (2012 : 144) .

[2] فەرهاد تۆفیق (2010 : 14 ) .

[3] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی جۆرەکانی واتاوە بڕوانە:

ا- محمد معروف فتاح ( 2011 ).

ب- سازان ڕەزا معین ( 2005 ) .

پ- فەرهاد تۆفیق ( 2010 ) .

ت- عەبدلواحید موشیردزەیی ( 2010 ) .

## 1- واتای سیمانتیکی .

زانا و زمانەوانانی لۆژیك وردتر لە زمانەوانانی كلاسیك لە سەر واتای سیمانتیك كاریانكردووە ، هەوڵیانداوە واتای ڕستە<<sentence – meaning>>لە واتای دەربڕاو << utterance – meaning>>جیابكەنەوە ، لە كاتێكدا كە واتای ڕستە سەر بە سیمانتیكە و لە مەودای سیمانتیكدا بەكاریدێنین ، واتای دەربڕاویش سەر بە پراگماتیكە و لە لێكۆڵینەوەی پراگماتیكیدا بەكاریدێنین .[1]

كەواتە واتای سیمانتیكی توانستی ئاوەزی و زمانیی مرۆڤە ، كە وشەكان لە مێشكیدا لەشێوەی سیمای جیاكەرەوەدا كۆكراونەتەوە و لە كاتی دەربڕینی وشە و ڕستەكاندا لە واتاكانیان دەگات و تێگەیشتن دێتە ئاراوە ، بە واتایەكی تر واتای سیمانتیكی لە واتای ڕستە و دەربڕاوەكان دەكۆڵێتەوە و شیياندەكاتەوە ، تادەگاتە وەسفكردنی واتاكانیان ، لە لێكدانەوەی واتای ڕستەكاندا پشت دەبەستێت بە ئەركە ڕێزمانییەكانی دانە زمانییەكان و پەیوەندییە واتاییەكانیان ، هەروەها دەوروبەری دەربڕینی ڕستەو دەربڕاوەكان .[2]

## 2- واتای لۆژیكی .

سەرەكیترین و گرنگترین جۆرەكانی واتایە ، دەچێتە ناو فەرهەنگەوە ، لە واتای ڕاستەقینەی وشەو ڕستەكان دەكۆڵێتەوە ،"لە واتای لۆژیكیدا ڕاستی و مەرجی ڕاستی ڕوون دەكرێتەوە" [3]،ئەم جۆرەی واتا لە شێوەی سیمای جیاكەرەوەدا دەنوێنرێت ، كە هەریەك لەكەرەستە دەربڕاوەكان ناوەڕۆكێكیان هەیە ، هەروەها سنوری داخراوەو ڕێگە بەگۆڕان نادات ، "واتای ڕاستەقینەی مەرجدار/ مەرجی راستەقینەی واتایی یەكێكە لەپرەنسیپەكانی ڕستەكان ، كە ڕستەكان گوزارشتیان لێدەكەن ، ڕستەكان دەپشكنرێن بۆ ئەوەی بزانرێت لە ڕوی لۆژیكییەوە ڕاستەقینەن یان هەڵەن"[4]،"ئەو سیمانتیكەی لەڕێی نرخی ڕاستی و ڕاستەقینەوە دیاریدەكرێت بەجۆرێكە ، كەتەنها پەی بە (واتای پەسنكەرانە)[5] دەبات"[1]، زمانیش خاوەنی گۆكردنی

---

[1] محەمەدی مەحوی (2001 : 226 ) ب .

[2] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر واتای سیمانتیكی بڕوانە :

ا- كاروان عومەر قادر ( 2012) .

ب- شیلان عومەر ( 2012 ) .

پ-بەشدار محمد ( 2014) .

[3] عومەر مەحموود كەریم ( 2009 : 42 ) .

[4] سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ، (2009 : 288) .

[5] واتای پەسنكەرانە ، ئەو واتایەیە ، كە یەكەی زانیارییەكەی نرخێكی ڕاستی و ڕاستەقینەیی دیاریكراوی تێدایە ، ڕاست یان هەڵەیە و بار و حاڵەتێك بۆ پەسنكردنیان پێویستە ، لەبەرئەوە شیكردنەوەی ڕاستی و ڕاستەقینەیی بەسەردا جێبەجێدەبێت

پەسنكەرانەیە بۆ ئەو ڕستانەی كە ڕاستی و ڕاستەقینەن ڕاست یان هەڵەن و بار و حاڵەتێك بۆ پەسنكردنیان پێویستە ، بۆنمونە هەواڵ و پرسیار و فەرمان هەندێ لەجیاوازییەكانی كردەی ئاخاوتنن و دەتوانرێت لەیەكترجیابكرێنەوە، لەئەنجامدا واتای پەسنكەرانەو واتای ناپەسنكەرانە لێكجیادەكرێنەوە، جیاوازی نێوانیان جۆرێكە لەجیاوازی لەنێوان كردە ئاخاوتنییەكاندا.

واتای پەسنكەرانەی دەربڕینێك و ڕستە وەك یەكەی زانیاری دەتوانرێت وەكیەك دابنرێت ، ئەوەی لەڕستە هەواڵییەكەدا ئاماژەی بۆ دەكرێت لەكردەئاخاوتنیەكانی تردا ئاماژەكردنەكان جیاوازن ، واتای پەسنكەرانە وەك یەكە زانیارییەكە دوبارەدەرناكەوێتەوە، بۆ نمونە كاتێك دەڵێین :

42. بەهێز سێوەكەی خوارد .




هێڵكاری (14)

ئەم ڕستەیە لە شێوەی هەواڵدەرە ، لەڕووی لۆژیكییەوە دەبێت كەسێك مرۆڤێك هەبێت و ناوی بەهێز بێت ، سێوێك هەبێ بۆ خواردن ، بخورێت لالەیەن بەهێزەوە ،ڕستەی ( 42 )هەواڵدەرەو باروحاڵەتێكی دیاریكراو وەسفدەكات ، یەكەی زانیاری نرخێكی ڕاستی و ڕاستەقینەی دیاریكراوی تیایە، كە ڕاستە یا چەوتە ، پەیوەندییەكی توند و تۆڵ لە نێوان واتای پەسنكەرانەو ڕاستی و ڕاستەقینەدا هەیە .

43. بەهێز سێوەكەی خوارد ؟

ئەم ڕستەیە لە شێوەی پرسە ، لەڕووی لۆژیكییەوە دەبێت كەسێك مرۆڤێك هەبێت و ناوی بەهێز بێت ، سێوێك هەبێ بۆ خواردن ، بخورێت لالەیەن بەهێزەوە ، مەرجی ڕاستەقینە پشتبەستووە بە خواردنی سێوەكە لەلایەن بەهێزەوە ، گوێگر چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی گوێگر دەكات .

---

، بە پێچەوانەی واتای ناپەسنكەرانەوە ، كە یەكەی زانیاری نییە و شیكردنەوەی ڕاستی و ڕاستەقینەیی بەسەردا جێبەجێنابێت . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( محەمەدی مەحوی ، 2009 : 128–131 ب2 ).

[1] محەمەد مەحوی (2009 :129 )ب2 .

## 3-واتای پراگماتیکی[1] .

واتای پراگماتیکی بەکارهێنانی وشەو ڕستەکانە لەدەوروبەردا ، واتای وشە تێکەڵ بە دەوروبەردەبێت ،" سیما جیاکەرەوەکانی کردەی لێکگەیشتن چەند جۆرێك دەوروبەر دیاریدەکەن: (دەوروبەری فیزیکی ، دەوروبەری زمانەوانی ، دەوروبەری کۆمەڵایەتی ، دەوروبەری ئەبستمی ،دەوروبەریدەرونی )"[2] **هۆکاری** سەرهەڵدانی ئەم جۆرەی واتا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەموکورییانەی لە واتای سیمانتیکیدا هەبوون ،چونکە وشەیەك مەرج نییە لەهەموو ڕستەیەکدا یەك واتای دیاریکراوی هەبێت ، بەڵکو بەپێی دەوروبەری دەربڕینەکان واتایەکی تر دەگەیەنێت ،" پێکهاتە چڕو ئاڵۆزەکانی ڕووداوەکان ، بەهۆی دەوروبەرەوە لێکدەدرێنەوە ، لەبەر ئەوە پراگماتیك بەدوای بەکارهێنانی واتاکان لە دەوروبەردا دەگەڕێت و واتای ئاماژە زمانیی و نازمانییەکانە لەلایەن بەکارهێنەر و بەکاربەرەوە "[3] ، دەوروبەر دەبێتە خاڵێکی گرنگی جیاکەرەوە لەنێوان واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی ، دەتوانیین بڵێین "واتای پراگماتیکی = دەوروبەر + واتای سیمانتیکی"[4] .

ئەمجۆرەی واتا گرنکی خۆی هەیە و ڕۆژانە بەکاریدەهێنین ، کە بەپێی سەردەمە مێژوییەکان و لەنێوان کەسەکان و باری دەرونی کەسەکان و لەکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازە ، واتای پراگماتیکی چەشنێکە لەبەرهەمهێنانی واتا، بۆ نموونە ،

44-ا. ئەو پیاوەکانی کوشت . ( بەگوللە)

ب. ئەو پیاوەکانی کوشت . ( بەقسە )

کوشت : خۆی لە پێکهاتەی بنەڕەتیدا هەڵگری کردەی پراگماتیکییە ، نەك ئێمە بەزۆر خستبێتمانە سەری و بارمانکردبێت .

---

[1]، لەبارەی واتای پراگماتیکی بڕوانە :

ا- ئاڤێستا کەمال مەحمود ( 2008 ) .

ب-تریفە عومەر (2008 ) .

پ- محەمەدی مەحوی ( 2009، بەرگی دووەم ) .

ت-عبدلواحید موشیر دزەیی (2010 ) .

[2] ئاڤێستا کمال محمود (2008 : 13) .

[3] سەرچاوەی پێشوو (2008 : 12 ) .

[4] عەبدلواحید موشیر دزەیی ( 2005 : 25 ).

| | | |
|---|---|---|
| کوشت | + ڕوداو | |
| | +کەس +بکەر | |
| | +بەرکار | |
| | +ئامراز | |
| | ± خوێنڕشتن | |

له سیمای وشەکەدا کە هەڵگری ئەو سیمایەیە دەتوانرێت باربکرێت " سنورێکی دیاریکراو و داخراوی نییە ، بەڵکو جەمسەرەکانی کراوەیە ، وەك چۆن زانیاری و بیر و باوەڕ بەرامبەر دنیا جەمسەرەکانی کراوەتەوە و هەمیشە لە زۆربووندایە "[1] ، کۆمەڵ بڕیار لە سەر واتاکەی دەدات و واتای تری لێ بار دەکات ، لەبەرئەوە" دەچێتە قاڵبی واتای پراگماتیکییەوە"[2]، ئەمە جگە لەوەی هەر مرۆڤەو شێوازی تایبەتی قسەکردنی خۆی هەیە ، شێوازی قسەکردنی تاکەکان بەپێی کەسی بەرامبەر وکاتو ئەوبابەتەی لەبارەیەوە دەدوێت جیاوازن ، لەبەرئەوە " بۆ ڕوونکردنەوەی کردەکانی لیکگەیشتن و گەیاندنی مەبەستی دەربڕاوەکان لە نێوان قسەکەر و گوێگردا پەنا دەبرێتە بەر نیشانە پراگماتیکییەکان "[3]، کە پێکهاتوون لە ( نیشانەی کەسی و نیشانەی کات و نیشانەی شوین و نیشانەی دەق و نیشانەی کۆمەڵایەتی )[4] .

لە واتای پراگماتیکیدا هەندێکجار جگە لە واتا لۆژیکییەکەی واتایەکیتر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت ، بۆنمونە کاتێك دەوترێت (کۆتری سپی ) جگە لەواتا لۆژیکییەکەی واتای بیرەکی (ئاشتی ) مان بەبیردا دێت ، واتە بیرمان بۆ واتایەکی تر جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی دەچێت ،زیاتر لەو وشانەدا بەدیدەکرێت کە پەیوەندییان بە تابۆوە[5] هەیە ، قسەکەر زۆرجار لەکاتی دەربڕینی ئەو جۆرە دەربڕاوانەدا چەند وشەیەك بەکاردەهێنێت ،وەك ( بیلامانێ ، حاشاحازری ، ........تد ) .

45. حاشاحازری ئەو سەگی پێ سوتاوە دانانیشێت .[6]

---

[1] محەمەد معروف فتاح ( 2011 : 162 ) .

[2] عبدالواحید موشیر دزەیی (2009 : 85 ) .

[3] ئاڤێستا کەمال مەحموود (2008 : 21 ) .

[4] بۆزانیاری زیاتر لە سەر نیشانە پراگماتیکییەکان بڕوانە :

ا- ئاڤێستا کەمال ( 2008 : 21 – 39) .

ب- هۆگر محمود فەرەج ( 2000) .

[5] بۆزانیاری زیاتر لەسەر تابۆ بڕوانە ( شاخەوان جەلال فەرەج: 2012 ) .

[6] محمد معروف فتاح ، (2011: 163) .

زۆرجاریش واتای پراگماتیکی وشەکان ، ئەو واتایەیە کەوشە بەهۆی هەڵسوکەوت و هاتنی لەقەوارەی وشەی تردا پەیدای دەکات ، بۆ نمونە دەنگەکانی ( جریوە ، زیڕە ، قیژە ، بۆڵە حیلە ، نەڕە ، زوڕە ، زەڕە ) لەڕووی واتاوە هاوواتان ، هەمویان جۆری دەنگ نیشاندەدەن ، لەگەڵ ئەوەشدا جیان بەهۆی ئەوەی هەریەکەیان لەگەڵ ناوێکی جیاوازدا هەڵسوکەوت دەکات و دێت ، کاتێك دەووترێت :

46. دوکاندارەکە زۆر بۆڵە بۆڵ دەکات .

( بۆڵە ) دەنگی ورچەو بۆ مرۆڤ بەکارهێنراوەو تێکەڵکراوە و بارێکی نێگەتیڤی دروستکردووە .

زۆرجار تێکەڵییەکە لە لۆژیکدایە ، چونکە ئەو شتەڕاست نییەو وشەکان هاوڕێیەتییان لەگەڵ یەکتریدانییەو تێکەڵکراون .

47. کەروێشکەکە سەگەکەی خوارد .[1]

لە ڕووی لۆژیکییەوە ڕستەی ( 47) ڕستەیەکی نالۆژیکییە ، چونکە کەروێشك (− گۆشتخۆر) ەو لەتوانایدانییە گۆشتبخوات .

هەندێجاریش بەهۆی تێکەڵکردنی شێوازەکانەوەیە ، وەك

48. لە دوای کۆتایهێنان بە کۆنفرانسەکە بەڕێزتان بانگهێشتکراون بۆ حەمخواردن .

لەکاتی گفتوگۆکردنماندا ڕەچاوی خستنە پاڵ یەکی کەرەستەکان دەکەین ، واتە خستنە پاڵ یەکی کەرەسەکان بەپێی هەلومەرجێکی تایبەت کە گرنگی دانە بەڕۆنانەکە بەپێی بابەتەکە یەکێك لە ڕۆنانەکان زیاتر گرنگی پێدەدرێت [2]، ڕستەکان لە واتادا جیاوازنین ، بەڵام لە دەرهێناندا جیاوازن و هەریەکەیان بۆ هەلومەرجێکی تایبەت دەگونجێت ، یا وەڵامی پرسیارێکی دیاریکراوە ، لەم بارەدا هێزیسەرەکی دەخرێتە سەروشەیەك لەوشەکانی ڕستە بەمەبەستی دووپاتکردنەوەی وشەکەو نەفی کردنی دژەکانی ئەگەر هەبێت .

49.ا. منداڵەکە پەنجەرەکەی شکاند .

ب . پەنجەرەکە منداڵەکە شکاندی .

ئەم دەربڕاوانەلەواتادا جیاوازنین ، بەڵام لەبەکارهێناندا جیاوازن ، پەیوەندی بەو شێوازەڕێزمانییەوە هەیە ، کە قسەکەر بەلەباری دەزانێت ، لە (49. ا)دا قسەکەر زیاتر مەبەستیەتی بڵێت منداڵەکە ئەو کارەی کردووە ، نەك کەسێکی تر ، لە ( 49.ب)دا مەبەست گەیاندنی واتای شکاندنی پەنجەرەکەیە نەك شتێکی تر .

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ( 164) .

[2] محمد علی الخولی (1991: 167) .

## 3- واتای کۆمەڵایەتی social meaning.

هەرکۆمەڵێك خاوەنی چەند پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە ، کە کۆیاندەکاتەوە و پێکەوە تیایاندا هاوبەشن ، قسەکەرانیش بە پێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ یەکتردا زمان بەکاردەهێنن و ڕستەکان دەردەبڕن ،"واتای کۆمەڵایەتی لەگەڵ بەکارهێنانی زمان لە ئارادایە ، بۆ ڕاگرتن و چەسپاندنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە ، بەشداریکردن لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و ئاینییەکان بەواتای ئاینی و کۆمەڵایەتین ، نەك واتای گفتوگۆو لێکگەیشتن ، کۆمەڵەکان لەبەکارهێنانی واتای کۆمەڵایەتیدا جیاوازن ، کەبەڕستەکان دەریاندەبڕن"[1]، هەموو کۆمەڵگایەککۆمەڵێك یەکەی زمانیی تایبەت بەخۆی هەیە ، کە ڕەنگدانەوەی سروشتی دەوروبەریەتی لەسەر بیرکردنەوەی تاکەکانی ، دەوروبەری کۆمەڵایەتی هەموو ئەوپەیوەندی ویاساو ڕێسا کۆمەڵایەتیانە لەخۆدەگرێت ، کە قسەکەر و گوێگر لەکردەیەکی گەیاندندا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هالیدای پراگماتیك بەلایەنە کۆمەڵایەتیەکەوە دەبەستێتەوەو بەبناغەی گەشەکردنی دەزانێت[2] .

## 5- واتای میتافۆڕی .

هەموو وشەیەك خاوەنی کۆمەڵێك نیشانەی واتایی سەرەکی و لاوەکی خۆیەتی ، هەر کاتێك یەکێك لەنیشانە واتاییەکانی بەدیارخرا یان لابرا ، بەواتای فەرهەنگی خۆی بەکارنایەت ، بەڵکو بۆ گەیاندنی واتایەکی تر بەکاردەهێنرێت ، واتاکانیشی لەو سیمایانەوە هەڵدەهێنجرێت، کە وشە بنەڕەتییەکە هەیەتی ، بەمەش وشەکە واتایەکی میتافۆڕی[3] وەردەگرێت ، واتای میتافۆڕی لەسەر بنەمای نیشانە لاوەکییەکانی وشە بنیاتدەنرێت ، نەك نیشانە واتاییە سەرەکییەکانی ، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە وشەکانی ( گوڵ ، ورچ ، مار ) ، کە خاوەنی کۆمەڵێك نیشانەی واتایی سەرەکی و لاوەکین .

---

[1] محمدمەحوی (2009 :131) .

[2] ئاڤێستا کەمال مەحموود ( 2008 : 14) .

[3] بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی واتای میتافۆڕەوە بڕوانە :

ا–بەکر عومەر عەلی ، 2000 و سەرچاوەکانی .

ب–ڕۆژان نووری عبدالله ( 2007 : 177–187 ) .

| گوڵ | | ورچ | | مار | |
|---|---|---|---|---|---|
| (ن.و) سەرەکی | (ن.و) لاوەکی | (ن.و) سەرەکی | (ن.و) لاوەکی | (ن.و) سەرەکی | (ن.و) لاوەکی |
| + ڕووەك | + جوانی | + قەڵەو | + ئاژەلَ | + خشۆك | +پێوەدان |
| +ڕەنگ | + ناسکی | + بەهێز | + گۆشتخۆر | + ڕەنگ<br>+ جۆر | +خراپ |
| + بەرهەم | + بۆنخۆشی | + شیردەر | +هەنگوینخۆر | <br>+ ژار | + کوشتن |
| | + پاکی | | +قژلوول | هێلکە | |

خشتەی ( 1 )

لەم ڕستانەی خوارەوەدا واتا میتافۆڕییەکانیان دەخەینە ڕوو .

50. گوڵ هات .

51. ورچەکە ڕۆیشت .

52.مارەکەی کاک ئازاد لەماڵ نییە .

ڕستەی(50)قسەکەر باس لە هاتنی کەسێك دەکات ، کە لەناسکی و جوانی و پاکیدا لەگوڵ دەچێت، لەخۆشەویستیدا بەگوڵ وەسفی دەکات ، بەڵام ڕستەی (51 ) قسەکەر باس لە کەسێك دەکات ، کە زۆر قەڵەو بووە و وەك ورچی لێهاتووە ، لە کاتێکدا ڕستەی (52 ) باس لەژنی کاك ئازاد دەکات ، کە زمانێکی خراپ وژەهراوی پێوەیە و شتی باش ناڵێت ، لە خراپیدا وەك مار وایە و بە خەڵکەوە دەدات، وەك دەبینین میتا فۆڕ لە نیشانەی واتایی لاوەکی وشەکانەوە هاتووە .

6–واتای ئیدیۆمی .

" ئیدیۆم پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە ، بەشێوەی ئامادە و ئاڵۆز لە زماندا هەیە ، کە لە یەککگرتنی هەندێك وشە ، واتایەکی تایبەتی پەیدا دەبێت ، کە لە مانادا لە وشە نزیك دەبێتەوە "[1] ، کەواتە ئیدیۆم ئەو پێکهاتەیەیە لە زماندا کە بەهۆی یەککگرتنی چەند وشەیەکەوە دروست دەبێت ، ئەو واتا دیاریکراوەی لەخۆی دەگرێت ، لە

[1] ئەوڕەحمانی حاجی مارف ( 1975 : 57–58 ) .

واتای وشە پێکهێنەرەکانیەوە نایەت ، بەڵکو واتایەکی جیاواز وەردەگرێت ، لە ڕووی پێکهاتەوە پێڕەوی یاسا ڕێزماییەکانی زمان و هەنگاوێکی دواتری میتافۆڕن ، " واتای ئیدیۆم لە کۆی واتای کەرتەکانی گەورەترە "[1]، چونکە بەهۆی کەرتە پێکهێنەرەکانیەوە ناتوانین لەواتای ئیدیۆمی تێبگەین ، بەڵکو واتایەکی جیاواز لە واتای ئەو کەرتانە بەدەستەوە دەدات ، لە ڕووی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەوە لە شێوەی جیاوازی وەك وشەی لێکدراو و فرێز و ڕستەدا دەردەکەون ، نموونەشیان لە زماندا زۆرە ، وەك :

53. چاو چنۆك ( بەرامبەر بە کەسێك بەکاردێت ، کە زۆر بە تەماعە و چاوی پڕنابێت ).

54. دڵپیس ( کەسێکە ناتوانێت هەست بە ئارامی بکات و گومانی خراپ دەکات ).

55. دەست ڕەش ( بۆ کەسێك بەکار دێت دەست بۆ هەر شتێك ببات تێکی ئەدات ).

56. ئاگری بنکا ( کەسێکە بۆ ئەوەی هەستی پێبکرێت فیتنەیی و دووزمانی دەکات ).

57. مانگای مالوان ( بۆ کەسێکی تەمەڵ بەکاردەهێنرێت ، کە لە ڕووی جەستەییەوە گەورەو زل بێت ).

58. گای شێت ( بە کەسێك دەوترێت ، کە بەبێ هۆ بە کەسانی تردا بکێشێت ).

59. ئاگای لە مەحمووی بێ زەوا نییە . ( کەسێکە کە شتێك ڕووی داوە و ئاگای لە هیچ شتێك نییە ).

60. ئاسنی سارد ئەکوتێت ( بەو کەسە دەوترێت ، کە خۆی بە کارێکەوە سەرقاڵ دەکات و هیچ ئەنجامێکیشی نییە ) .

دەتوانین ئیدیۆم و میتافۆڕ لەیەکتر جیابکەینەوە ، چونکە لە میتافۆڕدا دەتوانین وشەی فەرهەنگی بگۆڕین و وشەیەکی تر لە جێی دابنێین ، لەکاتێکدا لە ئیدیۆمدا کەرتەکانی پێکەوە چەسپاون و ناتوانین لە لێکتر جیابکەینەوە [2]، بۆ نموونە .

61. ا.دەسکی مشارەکە شکا .

ب.ددانی مشارەکە شکا .

62. ا. ئارێز لووت خوار دیاربوو .

---

[1] محەمەد مەعروف فەتاح ( 2010 : 175 ) .

[2] بۆ زانیاری لەبارەی جیاوازی نێوان ئیدیۆم و میتافۆڕ بڕوانە ( شیلان عومەر حسەین ( 2009 : 69–74 ).

*ب. ئارێز چاو خوار دیاربوو .

ڕستەکانی ( 61 . ا و ب ) واتای میتافۆرییان هەیە و دەتوانین بەشێکی وشەکە بگۆڕین بە وشەیەکی تر ، بەڵام لە ڕستەی ( 62.ا ) وشەی ( لووت خوار ) واتایەکی ئیدیۆمی هەیە بەگۆڕینی بەشێکی وشەکە واتاکەی تێکدەچێت ، وەك لە ( 62.ب)دا .

7–واتای سایکۆلۆژی / دەرونی .

واتای سایکۆلۆژیهەموو ئەزموون و ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە ،مرۆڤ جیاوازە بۆ لێکدانەوە و درکپێکردنی شتەکان لە دەوروبەردا و ڕێکخستنی زانیارییەکان لە بیردا ، "واتە ئاکار و ڕەفتاری مرۆڤەکان و چۆنیەتی دیدگا و بیرکردنەوەیان بۆ دەوروبەر جیاوازە" [1] ، ئەم بیرکردنەوانەش پشت بە تاقیکردنەوە و ئەزموونەکان دەبەستن ، لەمەوە واتای سایکۆلۆژیدەربڕین و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەیە کە گوێگر و قسەکەر سایکۆلۆژییانە پێشتر شت لە بارەیەوە دەزانن ، بۆ نموونە :

63. چێشتەکە کوڵا .

(چێشت) بکەرێکی سایکۆلۆژییە ، چونکە چ قسەکەر و چ گوێگر دەزانن ، کە چێشت خۆی ناکوڵێت ، بەڵکو دەبێت کەسێك هەبێت ئامادەی بکات بۆ کوڵاندن بەهۆی ئاگرەوە .

64. تۆپەکە تەقی .

( تۆپ ) بکەرێکی سایکۆلۆژییە ، چونکە قسەرکەر و گوێگر دەزانن ، کە تۆپەکە لە خۆیەوە ناتەقێت ، بەڵکو هۆکاریك هەیە بۆ تەقاندنی .

## 1/ 2–2) پەیوەندی نێوان واتا و مەرجی ڕاستەقینەیی .

کاتێك مرۆڤ بە دوای شتێکدا دەگەڕێت و لەبەردەمیدایە ، هەروەها لە پەیوەندیدایە بۆ واتا ، دەبێت گریمانەی ئەوەبکەین کە:

(1)ئەگەر خودی شتەکە بزانیت ، ئەوا واتاکەی دەزانیت .

(2)ئەگەر واتای بابەتەکەت زانی ، ئەوا خودی خۆی دەزانیت .

هەوڵدان بەردەوامە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك ، بۆ شیکردنەوەی واتای ڕستەکان ، گونجاوترین و تازەترین ڕێگاش بۆ ئەو مەبەستە سەرنجدانە لە مەرجی ڕاستەقینەیی ڕستە ، لە مەرجی ڕاستەقینەیی دا تەنها ئەو شتانە دەبینین ، کە بە دوایاندا دەگەڕێین ، دەبێت ڕەچاوی هەریەك لە بارەکانی یەکەم و دووەم بکەین :

---

[1] ئاڤیستا کمال محمود ( 2012 : ).

**باری یەکەم :** ئەگەر مەرجی ڕاستەقینەیی ڕستەکەمان زانی ، پاشان مەرجێك دەزانین کە یارمەتیمان دەدات ، بۆ هەڵبژاردنی نرخی ڕاستەقینەیی ڕستەکە لە هەر بارودۆخێکدا ، کاتێك پێویست دەکات هەڵیبسەنگێنیت ، ئەم مەرجە توانای هەڵبژاردنمان دەداتێ ، کاتێك ڕستەکە ڕاست یان هەڵەیە ، بێ گوێدانە ئەو شوێنەی هەڵسەنگاندنەکەی تیادا ئەنجام دەدەین ، بەڵام ئەگەر ئەوەمان زانی ، بە دڵنیاییەوە پێویستە واتا بزانین ، لە کاتێکدا پێویستە واتا یارمەتیمان بدات ، کە بە دوای چیدا دەگەڕێین و هەڵیدەسەنگێنین ، بەمجۆرە دەتوانین ڕستەکان هەڵبسەنگێنین .

**باری دووەم :** ئەگەر واتای ڕستەکان بزانین ، پاشان هەموو ئەوانە دەزانین ، کە بۆ هەڵبژاردنی بەهای ڕاستەقینەیی پێویستن ، لە ڕاستیدا ، ئەگەر لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا نەتوانین نرخی ڕاستەقینەیی ڕستەکان دیارییبکەین ، بە شێوەیەکی ئاسایی ئەمە نیشانی دەدات ، کە بەتەواوی لێی تێنەگەیشتوین و نازانین واتاکەی چییە [1].

بەمجۆرە زاینی مەرجی ڕاستەقینەیی ڕستە ، زانینی واتای ڕستە دەردەخات ، هەروەها زانینی واتاش زانینی مەرجی ڕاستەقینەیی دەردەخات .

(Austin ) هۆکاری جیاوازی دیاریکرد ، کە بۆچی ڕستەکان واتاکانیان دەدەن لەگەڵ ڕاستەقینەییەکانیاندا کۆیان ناکەنەوە بۆ دیاریکردنی بەهای ڕاستەقینەییان ، هۆکاری دووەم لەسەر بنەمای ڕاستییە ، کە هەر ڕستەیەك دەتوانرێت لە ئەنجامدانی جۆراو جۆری کاری زمانەوانیدا بەکاربهێنرێت[2] ، بۆئەمەش بەمەبەستیدیاریکردنی بەهای واتایی / سیمانتیکی و مەرجی ڕاستەقینەیی ڕستەکان مشتومڕو لێکۆڵینەوە لە پێکهاتە سیمانتیکییەکان دەکەین ، بەبێ تیۆری پێکهاتەی سیمانتیکی بێ توانا دەبین بۆ دەربڕینی توانامان دەربارەی زانینی واتای ڕستە نوێیەکان ، بەڵام کاتێك واتای ڕستەیەك دەقاودەق دەزانین چی دەکەین ؟ شتێکی دیار کە ئێمە بیزانین ئەوەیە ، کە پێویستە ڕستەکە چی وەربگرێت بۆ ئەوەی ڕاست بێت ، بەمشێوەیە بۆمان دەردەکەوێت ، تیۆری پێکهاتەی سیمانتیکیمان پێویستە بۆ دیاریکردنی مەرجی ڕاستەقینەیی بۆ گشت ڕستەیەکی زمان ، بیرۆکەی بنەڕەتی لە پشت تیۆری پێکهاتەی سیمانتیکییەوە دیاریکردنی واتایە بۆ هەر دەربڕینێکی سادەی زمان ، کە پێی دەوترێت بەهای واتایی ، هەروەها یاساکان دەستەبەر دەکات بۆ دیاریکردنی بەهای واتایی دەربڕینە ئاڵۆزەکان .

65. کچەکە دەستی زۆر بە خراپی بڕرا .

زۆر بەخراپی مەرجی ڕاستەقینەی نییە ، مەرجی ڕاستەقینە (دەستی بڕاوە) .

---

[1] RICHARD J. KOSCIEJEW ( 2014 : 591- 598 ) .

[2] http://plato.stanford.edu/entries/austin-jl/#LanTrua

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.

# بەشی دووەم

# شرۆڤەکردنی مەرجی ڕاستەقینە لە واتای زمانیدا

## 1) شیکردنەوەی ڕایەڵەکانی مەرجی ڕاستەقینە لەگەیاندنی واتادا .

لەفەلسەفەیزمانەوانیدافەیلەسوف و زمانەوانەکان بەردەوامن لە بیرکردنەوە بۆ تێگەشتن لە واتای ڕستە و دەربڕاوەکان ، لە ئەنجامی کارەکانیان و بەگەڕخستنی بیرۆکە و بۆچونەکانیان چەندین تیۆرییان بۆ زمان و شرۆڤە کردنی واتای ڕستە و ئاخاوتنەکان هێناوەتە ئاراوە ، کە هەریەك لەو تیۆرییانەش نەیانتوانیوە بەتەنها هەموو کێشە زمانییەکان چارەسەر بکەن و لێکدانەوەی تەواو گونجاو و بێ کەموکوڕی بۆ واتای ڕستەکان فەراهەم بکەن ، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکە لەو تیۆرییانە کەلێنێکیان لەزماندا پڕکردۆتەوە و بونەتە هۆی فراوانکردنی بیرو بۆچونی فەیلەسوف و زمانەوانەکان و هاتنە ئارای تیۆرییەکی تر بەدوای خۆیاندا ، بۆیە لەلایەن زۆربەی فەیلەسوفەکانی زمانەوە تەنانەت لەلایەن هەندێك زمانزانیشەوە  پشتگیری ئەوە کراوە ، کە تیۆرێکی گونجاوی واتا بێتە ئاراوە ، کە چۆن واتای ڕستەکان پشت بە واتای وشەکان دەبەستن ، تیۆرێکی بەو شێوەیە کە بتوانێت ڕوونکردنەوە بۆ زمانێکی دیاریکراو دەستەبەر بکات ، گفتوگۆ کراوە لەوەی کە چۆن دەتوانین زمان فێر ببین بۆ زاڵبوون بەسەر ژمارەیەکی سنورداری بەشەکانی وشە و کۆمەڵە یاسایەکی ئاشکرای سنورداری یاساکان و بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە هەر توانایەکی شاراوەی بێسنوری ڕستە ،  تا گەیشتوون بە تیۆرییەکی بەپێز و گونجاو بۆ لێکدانەوە و شرۆڤە کردنی واتای رستەکان ، کە بە تیۆری مەرجی راستەقینەیی <<truth-conditional>>[1] ناسراوە .

## 1/2) بنەمای تیۆری مەرجی ڕاستەقینەیی بۆ لێکدانەوەی واتایی .

بۆ تیۆرەکانی واتا تیشك خرایە سەر بۆچوونێك ، کە بۆ زمانی سروشتی پێویست دەبێت[2] ،  بە پرسیارێك دەستپێدەکرێت ، کە ئایا تیۆرێکی واتا دەتوانێت ڕوونکردنەوەی واتایی لە ئاماژەی زاراوەکاندا بۆ ڕستەکان بکات ، کە بەشەکانی ڕستەن ، بەمەش بیردۆزێکی واتایی بۆ زمان دەستەبەرکرا ، کە توانامان دەداتێ بۆ تێگەیشتن لە واتای ڕستە ناڕوون و شاراوەکانی زمان[3] ، کە پێویستیان بە سەلماندنە .

بەلای زۆربەی زانایانی زمانەوە تیۆری سەرکەوتوو دەربارەی واتای ڕستە دەوەستێتە سەر ئەوەی ئەو ڕستانە تا چ ڕادەیەك سەبارەت بەو دنیایەی قسەکەری تێدایە ناوەڕۆکێکی ڕاستیان هەڵگرتووە ، واتە وەسفی ڕووداو و شت ، یان کەس دەکەن ، کە لە دنیای واقیعدا ڕویانداوە یان چاوەڕواندەکرێت ڕووبدەن ،

---

[1] بەشێوەیەکی ئاشکرا لەلایەن (frege)ەوە بەکارهاتووەو لە بەشەکانی کۆتای کتێبی (begriffsschriff) درێژەی بەو باسە داوە، کە سەرەتایەکی پتەو بووە بۆ زمانەوانانی سەدەی بیستەم و بووەتە بنەمای کارەکانیان ، بڕوانە : Hale.B &wright.C ( 1988 : 3 ) .

[2] لە کۆتایی ساڵانی (1960 ) سەرەتای ساڵانی (1970 ) لە لایەن ( Donald davidson ).

[3] Substantive( 1996: 6) .

بەواتایەکی تر زمان توانای وەسفکردنی واتای بارودۆخ و ڕووداوەکانی بەشێوەیەکی ڕاست لە جیهانی دەوروبەردا هەیە ، ( Davidson ) پێی وابووە ، کە دارشتەی بنەڕەتی بۆ هەر تیۆرێکی لەباری واتا ئەوەیە ، کە ڕاستەخۆ لە تیۆری ڕاستەقینەوە دەستدەکەوێت ،باشترین تێگەیشتنەکانیش لە ڕێی مەرجی ڕاستەقینەوەیە ، کە " جگە لە پەیوەندی بیر و زمان پەیوەندی جیهانی دەرەوە و زمان وەك بنەڕەتێکی سیمانتیکی دەخاتەڕوو "[1]، تیۆری مەرجی ڕاستەقینەیی ئەوە دیاریدەکات ، کە هەر ڕستەیەك واتای چییە[2]، ، کەواتە دیاریکردنی واتا لەسەر بنەمای مەرجی ڕاستەقینەییە ، بەوەی کە واتا و کرۆکی ئەو بابەتە چییە ، ئەگەر ڕستەکە ڕاست بێت ، یان ڕستەکە هەڵە بێت .

بەهۆی خستنەڕووی واتای ڕستەوە لە پەیوەندی نێوان ڕستە و ئەو جیهانەی تیایدا دەربڕاوە بیری ڕاستی <<The notion of truth>> لە سیمانتیکدا بەکاردەهێنرێت ، بۆیە لەو ڕووەوە هاوکێشەیەك دێتە بەرچاو ، بۆ نموونە ، کاتێك زانیمان پێویستە چ جیهانێك لەسەر هەمان شێوە بوونی هەبێت بۆ ڕستەیەك تا ڕاست بێت ، ئەوا ئێمە واتای ڕستەیەك دەزانین[3] ، بەجۆرێك دەربڕین و ڕەفتارەکان لەگەڵ واقیعدا هاوتا دەبن و بەشێوەیەکی بابەتی دوور لە تێڕوانینی کەسی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت ، بۆ نموونە ،

1. کچەکەی ژیان شیری قوتو ناخوات .

2. لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ناگەنە ڕێککەوتن .

بەهۆی پێوانی بیری ڕاستییەوە ڕستەکانی ( 1 و 2 ) هەمان بەهای ڕاستەقینایيان هەیە ، ئەگەر و تەنها ئەگەر باسی شتێکی دیاریکراو بەوشێوەیە بکەن ، کە لە دنیادا هەیە ، بۆ نموونە ، ( 1 ) ڕاستە ئەگەر و تەنها ئەگەر کەسێك هەبێت بەناوی ژیان و کچێکی هەبێت منداڵ بێت و شیری قوتو نەخوات و بونیان هەبێت ، ئەگەر نا ڕستەکە هەڵەیە ، هەروەها دەربڕاوی ( 2 ) باسی واقیعێك دەکات ، کە شوێنێك هەبێت بەناوی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵێك لایەنی سیاسی جیاوازی تیادا بێت و نەگەنە ڕێککەوتن ، ئەگەر بێتوو لایەنەکان ڕێکبکەون ، ئەوا ڕستەکە هەڵە دەبێت ، دەکرێت بڵێین ڕاستی و هەڵەیی ڕستەکان بەندە لەسەر ئەوەی کە ئایا ناوەرۆکی ڕستە و دەربڕاوەکان لەگەڵ واقیدا هاوتا دەبن یان نا ؟ ئەگەر ناوەڕۆك و کرۆکی

---

[1] Marina ,jan & jef (2011: 280 ) .

[2] لەسەر ئەم بنەما تیۆرییەی واتا تیۆرییەکی بۆزمانی ئەڵمانی هێنایە ئاراوە ، کە بەشێوەیەکی چاوەڕوانکراو بتوانێت ڕوونکردنەوە بۆ ڕستەکانی زمانی ئەڵمانی بکات .

[3] Jaszczolt.M.K (2002 : 53) .

ڕستەکان هاوتابوون لەگەڵ واقیعدا و مەرجی ڕاستەقینەییان تێدا بوو ئەوا ڕاستن ، بە پێچەوانەوە ڕستەکان هەڵە دەبن .

بەمشێوەیە تیۆری مەرجی ڕاستەقینەیی >>truth-conditional<< بیرۆکەیەکە بۆتێگەیشتنی واتای ڕستەکان و دیاریکردنی واتاکانیان ، بۆ ئەمەش ( گرنگییەکی زۆر بە چەمکی ( راستی و ڕاستەقینەکان >>truth<< دراوە ، لەبەرئەوەی ڕاستی و ڕاستەقینە چەمکی سەرەکی [( لۆژیك) و (بیر ) و (ڕستە) ]ەکانە، بۆیە(ڕاستێتی و هەڵەیی >>truth and falsity<< لە یەکتر جیاکراونەتەوە )[1]، ڕێبازی مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکی >>Truth- Conditional Semantics<< لە ڕوانگەی هەردوو پێوانەی [ (ڕاستی >>Truth<< ) و ( هەڵەیی >>Falsity<<) یەوە پەیوەست بە دنیای واقعەوە ڕستەکان و دەربڕاوەکان هەڵدەسەنگێنێت و لێکدەداتەوە[2] ، لۆژیکی زمانیش ، هونەری پراکتیکی و زانستی تیۆرییە ، بەیانکەری پێکهاتە لۆژیکییە بنەڕەتییەکانی ( زاراوە و گوزارە و ئەرگومێنتەکان )ە ، هەروەها چاککردن و حوکمکردنیان لەڕێی یاسا لۆژیکییەکانەوە ، لایەنی پراکتیکی لۆژیك هەوڵدانە بۆ :

1. جیاکردنەوەی زاراوە ئاشکراکان لە زاراوە ناڕوون و شاراوەکان ، بەواتای بەکارهێنانی زاراوەکان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەکاتی دەربڕینی ڕستەکاندا بۆ ئەوەی هیچ شاراوەیی و تەمومژییەك ڕونەدات ، زاراوە کرۆکیی شتەکان لە دونیادا دەخاتە ڕوو .[3]
2. جیاکردنەوەی گوزارەی ڕاست لە گوزارەی هەڵە ، ئەو لایەنە دەخاتە ڕوو ، کە بوونی شتەکان لە دونیای ڕاستەقینەدا چۆنن .[4]
3. هەروەها جیاکردنەوەی ئەرگومێنتی دروست لە ئەرگومێنتی نا دروست ، فۆڕمی ئەرگومێنتەکان لە شێوەی وشە و ڕستە ڕاگەیاندنەکان و پەڕەگرافدا دەنوێنرێت ، لایەنێکیونیا دەخاتە ڕوو ، کە بۆچی شتەکان وان ، بە واتایەکی تر هۆکارەکان دیاریدەکات ، دروستی و نادروستی ئەرگومێنتەکان لەچەند بارێکدایە ، وەك :

أ– ئەرگومێنت دروست دەبێت ، ئەگەر پێشەکییە لۆژیکییەکان دروست بن و ئەنجامەکانیش لە پێشەکییەکانەوە هاتبن . بۆ نموونە ،

---

[1] کاروان عومەر قادر (2012: 40) .

[2] کاروان عمر قادر ( 2012 : 85 )ب.

[3] فاروق ڕەفیق ( 2014 : 85 ).

[4] سەرچاوەی پێشوو ( 87 ) .

3. هەموو دایکێك ئافرەتە .

نەسرین دایکە .

∴ نەسرین ئافرەتە .

ب- ئەرگومێنت نا-دروست دەبێت ، ئەگەر پێشەکییەکان دروست بن ، بەڵام ئەنجام لە پێشەکییەکانەوە نەهاتبێت ، بۆ نموونە ،

4. هەموو مریشکێك باڵندەیە .

هەموو کۆترێك باڵندەیە .

∴هەموو کۆترێك مریشکە .

ت-ئەرگومێنت نادروست دەبێت ، کاتێك پێشەکی هەڵەبێت ، ئەنجام لە پێشەکی هەڵەوە هاتبێت ، بۆ نموونە ،

5. هەموو خوێندکارێك کچە .

بەهێز خوێندکارە .

∴ بەهێز کچە .

پ-ئەرگومێنت دروستە ، هەندێکجار هەرچەندە پێشەکیش هەڵەبێت ، بەڵام وا ڕێدەکەوێت ئەنجام ڕاست بێت ، بۆ نموونە ،

6. هەموو درەختێك هەمیشە سەوزە .

دار سنەوبەر درەختە .

∴ دار سنەوبەر هەمیشە سەوزە .

ج- ئەرگومێنت نا-دروستە ، ئەگەر هاتوو پەیوەندی لە نێوان پێشەکییەکاندا دروست نەبوو ، ئەنجامێکی هەڵە و ئەرگومێنتێکی نا-دروست دێتە ئاراوە ، بۆ نموونە ،[1]

7.ا. هەنار میوەیە .

[1] فاروق ڕەفیق ( 2014 : 98 – 106).

برنج دانەوێڵەیە .

∴ زستان ساردە

بەمشێوەیە لۆژیك بنەمایە بۆ زمانی دروست و ڕاست، ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بەزانینی هەقیقەتە نەزانراوەکان ، تا لە هەڵە بمانپارێزێت ، بەهۆی لۆژیکەوە دەتوانین بیری دروست لە بیری هەڵەو نادروست جودا بکەینەوە ، بەمەش لۆژیك ئەو یاسایانەی تیادایە کە ڕاست و هەڵە لەیەکتر جیابکاتەوە ، بیری دروستیش بەبێ لۆژیك نابێت ،کەواتە ڕستە و دەربڕاوەکان لە لۆژیکدا ئەو ڕستە و دەربڕاوانەن ، کە دروستی و نادروستی هەڵدەگرن، هەڵەش کاتێك دێتە ئاراوە کە ڕاستی هەبێت ، چونکە تا نەزانین ڕاست چییە ، نازانین هەڵە چییە ، هەروەها قسەکەرەکان پێویستیان بە چی زانیارییەکە بۆ ئەوەی بتوانن ڕاست لە هەڵە جیابکەنەوە ، لەبەرئەوە دوو جۆر لە ڕاستی جیاکراونەتەوە ، تا قسەکەران بتوانن لە واتای پێکهاتەکان تێبگەن و بزانن ڕاستن یان درۆ : ئەو دوو جۆرەی ڕاستیش بریتین لە :

1–ڕاستی پێویست / بەناچاری>>necessary truth<<

ئەو ڕاستییانەن کە ناتوانرێت نکۆڵییان لێبکرێت و بەدرۆ بخرێتەوە ، چونکە لە ڕوانگەی لۆجیك و ڕاستییەوە بنیاتنراون ، بۆ نموونە ،

8. شێر گیاندارێکی گۆشتخۆرە .

9. دوو ژمارەیەکی جووتە .

2– ڕاستی مەرجدار >>contingent truth<<[1]

ئەو ڕاستییانەن کە دەکرێت ڕاست یان هەڵە بن ، واتە ئەگەری ئەوەیان هەیە بەیارمەتی ڕاستییەکان لە پەیوەندی پێکهێنەرەکانی ڕستەدا بەدرۆ بخرێنەوە ، بۆ نموونە ،

10. کێشەی دواکەوتنی مووچە چارەسەردەکرێت .

ئەگەر بێت و دیاردەی دواکەوتنی مووچە ڕووبداتەوە ، ئەوا ئەم ڕاستییە بەدرۆ دەخرێتەوە واتای ئەوە دەدات کە کێشەکە هەر ماوە و زانیارییەکە بەتاڵ دەبێتەوە .

[1] محموود فتح الله (2008 : 124).

له تیۆری مەرجی ڕاستەقینەییدا ( واتای هەردەربڕاوێك لەوەدا جێبەجێدەبێت ، کە مەرجە دروستەکانی ڕستە لەخۆ بگرێت )[1]، بەواتای ئەوەی هەردەربڕاوێك و بەشێك لە بەشەکانی ئاخاوتن مەرجی ڕاستەقینەییان هەبێت و لەکاتی دەربڕینی ڕستەکاندا پەیوەست بە دنیای واقعەوە واتایەکی ڕوون بدەن . ئەگەر ڕستەیەکی وەك ( 11 ) دەربڕین ، ئەوا ئەو مەرجانەی وا دەکات کە ڕستەکە وەك هەقیقەت / ڕاستییەك لەلایەن گوێگرەوە وەربگیرێت .

11. کەروێشکەکە لە باخەکەدا گیا دەخوات .

ئەو مەرجانەی دەبێت بونیان هەبێت ، بریتین لە :

1– بوونی گیاندارێك بەناوی کەروێشك .

2– بوونی باخێك کە تیایدا بێت .

3– بوونی گیا لە باخەکەدا کە بیخوات .

کەواتە بۆ ئەوەی لە واتای ڕستەی ( 11 ) تێبگەین ، دەبێت بزانین کە ڕستەی ( 11 ) پێویستە لە ژێر چ مەرجگەلێکدا ڕاست بێت ، واتە ئەو مەرجانە کامانەن کە دەبێت بونیان هەبێت تا واتای ڕستەکە وەك ڕاستییەك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ، لەم دەربڕاوەوە دەتوانین بڵێین تیۆری واتا دەوەستێتە سەر ئەو پەیوەندییەی کە دەبێت لەنێوان ڕستە و مەرجەکاندا هەبێت ، لە بواری سیمانتیکدا دەتوانین ڕستەکە بەشێوەیەکی تر لێکبدەینەوە :

p ڕاستە ئەگەر و تەنها ئەگەر q .

p مەبەست لەو ڕستەیەیە کە لەلایەن قسەکەرەوە دەردەبڕدرێت ، q ئەو مەرجانەیە کە دەشێت بۆ هەموو ڕستەکان بەکاربهێنرێت .

لەم ڕونکردنەوانەوە دەتوانین ئەوە بخەینە ڕوو کە دەربڕاوەکان دوو جۆر مەرج لەخۆدەگرن[2] ، بریتین لە :

---

[1] لاینز جان (1385: 68-69).

[2] محمود فتح الله ، دابەشی کردوون بۆ : 1– مەرجی پێویست >>Necessary condition<<

2– مەرجی لاوەکی >>Sufficient condition<<

1– مەرجی بوون لە واقیعدا .

ئەو مەرجانەن ، کە بوونیان لە ڕستەکاندا پێویستە ، مەرجە ئەو شتانەی باسدەکرێن لە واقیعدا بوونیان هەبێت ، ئەو ڕووداوانەش کە باسیان لێوە دەکرێت توانای ڕوودانیان هەبێت لەدنیای واقیعدا وەك پێویست ڕووبدەن ، بۆ نموونە ، کاتێك ناوی شتێك یان ڕووداوێك دەهێنین ، دەبێت ئەو شتە یان ڕووداوە لە واقیعدا بوونی هەبێت و توانای ڕوودانی هەبێت ، هەر بە ناوهێنانی شت و ڕووداوەکان بیرمان بۆ پێکهاتەی سیمانتیکییان دەچێت ، کە بە چ شێوەیەك لە واقیعدا هەن ، بۆ نموونە کاتێك دەڵێین :

12 . مار بە جوتیارەکەوەی دا .

لەم ڕستەیەدا مەرجە

1– مار لەواقیعدا بوونی هەبێت .

2– جوتیار لە واقیعدا بوونی هەبێت .

3– ڕووداوی پێوەدان بونی هەبێت و توانای ڕوودانی هەبێت .

2–مەرجی بوونی تایبەتمەندی

بوونی مەرجی تایبەتمەندی بەپێی "تیۆری تایبەتمەندی "[1]ئەوە دەسەلمێنێت ، کە گریمانە و سەرئەنجامەکان بەشێوەیەکی لۆجیکی بەدەست هاتوون و مەرجی ڕاستەقینەیی لەخۆدەگرن ، هەر ڕستە و دەربڕاوێك کاتێك دەریاندەبڕین ، چەند تایبەتمەندییەك لە خۆدەگرن ، بەواتایەکی تر هەریەك لە پێکهاتەکانی ڕستە تایبەتمەندی خۆیان هەیە ، بۆ نموونە ،

. مار

X ماره ئەگەر و تەنها ئەگەر Z

کاتێك Z نوێنەرایەتی تایبەتمەدی X دەکات ، وەك

$$Z \begin{pmatrix} + \text{خشۆك} \\ +\text{کاژ} \\ +\text{کەڵبە} \end{pmatrix}$$

[1] غازی عەلی خورشید (2010: 36 ).

+هێلکە

+ژەهراوی

ئەمانە ئەو تایبەتمەندییانەی مارن کە بە بیستنی فۆڕمەکەی بیرمان بۆی دەچێت ، X بۆ ئەوەی مار بێت دەبێت هەڵگری Z بێت .

13. دییە باڵای بەرزە .

S ڕاستە ئەگەرو تەنها ئەگەر P ( باڵای بەرز بێت ) .

لەدوای هاتنە ئارای تیۆری مەرجی ڕاستەقینەیی و گەشەکردنی تیۆری تر هاتنە ئاراوە بە ئامانجی دیاریکردنی واتای ڕستەکان ، یەکێك لەو تیۆرییانە ( تیۆری بنچینەیی –ڕاستەقینەیی << Truth-based theories<< ە ، لەسەر ئەو بیرۆکەیە دامەزراوە ، کە مەرجی ڕاستەقینەیی بانگەشەی دیاریکردنی واتایە ، بەمجۆرە بۆئەوەی بزانین واتای ڕستە چییە، پێویستە بزانیت ئەوە چییە ، کە وا دەکات ڕستەکە ڕاست بێت ) [1].

لەزانستی زمان و فەلسەفەدا بۆچوونی ئاسایی بۆ واتای زمانیی بەکارهێنانی بیرۆکەی مەرجی ڕاستەقینەییە بۆ بەدەستخستنی واتا[2]، بەشێوەیەکی گشتی واتای ڕستەکان لەڕێی مەرجی ڕاستەقینەیانەوە بەدەستخراون ، هەروەها واتای تاکە وشەکانیش بەهۆی بەشداریکردنیان لە مەرجی ڕاستەقینەیی ڕستەدا بەدەست دەخرێن ، کە تیایدا ڕوودەدەن .

( Davidson ) لەزەمینەیەکدا لەکاری ژیربێژیدا هەندێك شت وەك ( frege ) و ( Tarski ) دادەنێت ، لە ژیربێژی پێوانەیی <<standard logic<< لەگەڵ واتای وشەکان ، بچوکترین پێکهاتەی بنەڕەتی زمانەکەت هەبێت ، پاشان واتاکانیان دیاریدەکەیت یان ئاماژەکانیان پێکەوە کۆیاندەکەینەوە تا بە واتایەکی پڕ هاوکێشەکە پێکبهێنن ، ئەم یاسایانە بۆ کۆکردنەوەی پێکهاتەکان دووبارە دەبنەوە و دەتوانین شێوەی زیاترو زۆرتری ڕستە و ڕستەی گەورەتر دروستبکەین ، بیردۆزێکمان هەیە ، کە چۆن بەشی بنەڕەتیی بچوکترین بەشەکان لە دروستکردنی ڕستەکاندا یەکدەگرن ، کاتێك یەکگرتنی پێکهاتەکان لە لێکدانەوەی

---

[1] بروانە :

ا- Kirk Ludwing ( 2003 ).

ب- Kirk Ludwing and Ernest Lepore (2005) .

[2] Corinne Iten (2005 : 243– 244 ) .

واتایدا ڕاست یان هەڵەن ، بە تیۆری دووبارەکردنەوەی لێکدانی پێکهاتەکان >>recursive theory<< ناسراوە ، بۆیە دەتوانین بۆ هەر ڕستەیەکی زمانەکە مەرجی ڕاستەقینە دیارییکەین ، کاتێك ئەو ڕستەیە ڕاستە نرخی ڕاستەقینەیی >>truth values<< بچوکترین بەشی دەدات .

نموونەیەکی سادە دەخەینە بەرچاو ، ڕێگە بدە بە ( p ) و ( q ) هەر ڕستەیەك بن ، پاشان ئێمە دووارەکردنەوەی دروستکردنی ڕستەمان هەیە ، کە دەڵێن ( p و q ) ڕستەیەکە و دووبارەکردنەوەی سیمانتیکی ، کە دەڵێت ، ئەگەر ( p ) ڕاست بێت و ( q ) ڕاست بێت ، ئەوا ( p ، q ) ڕاستە ، سەرنجبدە کە دەتوانیت ژمارەیەکی بێسنوور ڕستە دروست بکەین و بڵێین چی پێویستە بۆیان تا ڕاست بن ، بۆ نموونە ( p و q ) و ( p و q ) تا یاسای سینتاکتیکی >>syntactic<< دووجار جێبەجێ بکات وەهەروەها ئەمە ئەرکێکی زۆر گەورەیە ، ( Davidson ) بانگەشەی ئەوە دەکات ، کە ئەوە شیاوە و دەکرێت ڕێگایەك بێت بۆ تێگەیشتن لە تیۆری واتا .

دەتوانین مامەڵە لەگەڵ وشە و ڕستە تەمومژاوی و نادیارەکاندا بکەین ، بەهۆی ڕۆیشتن بەناو هەموو ڕێگاکاندا ، بۆگەیشتن بە واتاکانیان [1]، ئەگەر بڵێین :

( p ) ڕاستە ئەگەر و تەنها ئەگەر ( q ) .

بەشێك لە ( p ) تەمومژاوی و نادیارە ، هاوشێوەی بەشی ( q ) تەمومژاوییە ، کاتێك مەرجی ڕاستەقینەیی ڕستە پشت دەبەستێت بە کات و شوێن و قسەکەر ، پێشنیار کرا لەوانەیە کەس و کات و شوێن دانێین بۆ تایبەتمەندی ڕاستەقینەیی ، ( P ) ڕاستە چۆن قسەدەکات لەلایەن ( A ) لە شوێنی ( X،Y، Z ) لە کاتی ( T ) ئەگەر و تەنها ئەگەر ( q ) ڕاست بێت لە ( A ) شوێنی ( X،Y،Z ) لەکاتی ( T ).

دەتوانین بەگوێرەی مەرجی ڕاستەقینەیی لە هەموو زمانێك تێبگەین، بەمجۆرە، ئەگەر بەرهەم لە ئاهەنگەکەیدا بڵێت (ئەوە دەکەم ) پێویستە شیبکرێتەوە بەشێوەیەك لە شێوەکان ، ڕاست یان هەڵە بن ، بۆ نموونە ، لەوانەیە ئەوە شیبکرێتەوە بۆ واتای ( بەرهەم بەدڵ بەتەما دەبێت ڕەفتار بکات ، هەروەك ئەم سوێندە پێویست دەبێت ) یان هەندێك شیکردنەوەی لەو جۆرە ، پێویستە پرسیار بکەین ، بیربکەینەوە ئەوە گونجاوە ، کە ڕستە وەك ئەمانە دەتوانێت بەشێوەیەکی گونجاو تێبگات ، هەروەك ڕستە لەگەڵ مەرجی ڕاستەقینەیی .

[1] ( Davidson) وا دادەنێت

له تیۆری مەرجی ڕاستەقینەدا بۆ دوو ڕستە ، کە هاو واتا / سینۆنیمی یەکتر بن ، مەرجە هەردوو کیان تەنها لە ژێر یەك مەرجدا ڕاست بن [1] ، واتە ئەگەر دوو ڕستە هاو واتای یەکتربن ، ناکرێت ڕستەیەکیان ڕاست و ڕستەکەی تریان هەڵەبێت ، بۆنموونە ڕستەکانی ( 14.ا و ب ) ناکرێت ڕستەیەکیان ڕاست بێت و ڕستەکەی تر هەڵەبێت .

14. ا . کچێکی شاری هەڵەبجە بۆ قۆناغی دوانزەی ساڵی (2015 ) لەسەر ئاستی هەرێم پلەی یەکەمی بەدەستهێنا .

.ب . پلەی یەکەم بۆقۆناغی دوانزەی ساڵی ( 2015 ) لەسەر ئاستی هەرێم لەلایەن کچێکی شاری هەڵەبجەوە بەدەستهێنرا .

بیر و بۆچوونەکان دەربارەی تیۆری مەرجی ڕاستەقینەیی تا دێت زیاتر دەبن و بەشێوەی جیاواز لێکدانەوەی بۆ دەکەن ، " کە واتای ئاخاوتن بریتییە لە مەرجی ڕاستی"[2]، لەکاتێکدا، کە واتای دەربڕین پێکدەهێنرێت یان دیاریدەکرێت لەلایەن ئامانج و مەبەستی دەربڕینی قسەکەرەوە[3] ، ( Jed و Red ) لەسەر ئەوە ڕێککەوتون ، کە ئاماژە یان نیشانەی ڕستە هەردوو مەرجی ڕاستی و هێزی ئاڵوگۆڕی هەیە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نین ، کە زیاتر لەدوو پێکهاتەی جیاکەرەوەی واتای ڕستە هەبێت ، ( Jed ) پێی وابووە واتا ڕاسترین مەرجە وهێز گرنگە ، بەڵام تەنیا کردارییە ، لەکاتێکدا ( Red ) دەڵێت : لە واتادا هێز و مەرجی ڕاستی گرنگن ، بەڵام تەنیا جیاکەرەوەیە بڕیاردەدات لەسەر ناوەڕۆکی دەربڕینی ڕۆڵی قسە ، ئەوەی ( Ted ) بە ( Jed )ەوە دەبەستێتەوە ئەوەیە ، کە هەردوکیان بەردەوامن لە نەمری واتای ڕستەدا ، بەڵام ( Ted ) لە گفتوگۆدا زیاتر دوای ( Grice –1968) دەکەوێت ، کە واتای ڕستە تەنها مەرجی ڕاستی نییە ، بەڵام ڕۆڵە ئاڵۆزەکەی مەبەستە گونجاوەکەی قسەکەرە ، لەکاتێکدا ( Jed ) وادادەنێت ، کە هێزی ئاڵوگۆڕ بەتەواوی کردارییە ، مەرجی ڕاستەقینەیی بریتییە لە لایەنێکی سایکۆلۆژی واتای ڕستە ، ( Red ) سورە لەسەر ئەوەی مەرجی ڕاستەقینە گونجاوترین تایبەتمەندییە ، نەك ڕستە ، بەڵام تەنها ناوەڕۆکی ئامرازە گونجاو و شیاوە خەت بەژێردا هاتووەکەیە ، کە بەشێکی پێکهێنانی هێزە و دووبارە ڕازی نەبوونی ڕاستەقینەییە ، ( Red و Jed ) لەسەر ئەو تێڕوانینە ململانێ دەکەن ، کە چی جیاکەرەوەیەك بیرۆکەییە

---

[1] William G. Lycan (2008: 110) .

[2] ( Ned ) بڕوای وایە.

[3] ( Ted ) سورە لەسەر ئەوەی .

یان لێکدانەوەی پێشوویيە[1] ، لەم ڕونکرنەوانەوە دەتوانین بڵێین ئەوەی باسی دەکەن ئەوەیە کە لێکدانەوەی واتای رستەکان تەنها پشت بەمەرجی ڕاستەقینەیی نابەستێت ، بۆیە لەو ڕونکردنەوانەوە دەتوانین دوو تیۆری ( تیۆری مەرجی ڕاستەقینەیی و تیۆری مەرجی نا ڕاستەقینە[2] دەستنیشانبکەین .

## 1–1/2) مەرجی ڕاستەقینەیی واتای ڕستەکان .

بەکارهێنانی ڕستەکان لە بارودۆخی تایبەتیدا دەکرێت ڕاست یان هەڵە بن ، هەرچەندە لەوانەیە نەزانین ڕاستییەکە چییە ، بەڵام دەزانین ، کە پێویستە چۆن بن بۆ ئەوەی حوکمدانی ڕستەکە تەواو بێت ، بە پێچەوانەوە تەنانەت ئەگەر زانیشمانڕاستییەکە چییە ، ئەگەر نەزانین واتای ڕستەکە چییەو چ واتایەك دەگەیەنێت ، ناتوانین ڕاستییەکان بۆ نرخاندن و هەڵسەنگاندن بەکاربێنین ، سەرەتا دەبێت لە واتای ڕستەکان تێبگەین دواتر شرۆڤەیان بۆ بکەین بۆ ڕاستەقینەیی و ناڕاستەقینەیی ڕستەکان .

چۆن دەگەینە مەرجی ڕاستەقینەیی ڕستەکان ، ئایا دەکرێت گشت ڕستە گونجاوەکان نەخشەیان بۆ بکەین لەگەڵ گونجاندنی مەرجی ڕاستەقینەییاندا ، ناتوانین ئەوە بکەین ، چونکە زمان ژمارەیەکی بێسنوور ڕستەی لەخۆگرتووە و بەردەوام لەزماندا ڕستەی نوێ دێتە ئاراوە ، لەکاتێکدا ژمارەی ڕستە ناڕوون و شاراوەکان لە هەرزمانێکی سروشتیدا بێسنوربێت ، پێویستمان بە تیۆرێکی واتایی دروستکراو دەبێت ، پیویستە تیۆرییەك بێت ، کە بتوانێت ناکۆتا لەسەربنەمای دیاریکراوی کۆمەڵە بەڵگە نەویستەکان سەلماندن بکات ، ئایا ئەو تیۆرییە واتاییە تیۆری مەرجی ڕاستەقینەییە ، کە ڕێگەمان دەدات بۆ دەستکەوتنی ژمارەیەکی بێسنووری هاوشێوەی مەرجی ڕاستەقینەیی[3] ، تیۆری سەلماندن تەنها گونجاو نییە لەگەڵ تیۆری مەرجی ڕاستەقینەیی ، بەڵام بۆ سەلمێنەرێك وا پیویست دەکات مەرجی سەلماندنی ڕستە لەگەڵ بوونی واتاکەی ، ئەوا مەرجی ڕاستەقینەییە ، بۆ نموونە وایدادەنێین ڕستەیەك کە سەلمێنەرەکە واتاکەی دیاریدەکات ، زیاتر لە بەها دەرەکییەکەی یان ڕواڵەتی واتایی ، بۆ نموونە ،

15. هەموو چوارگۆشەیەك هەر چوار لاکەی یەکسانن .

ئەگەر ئەو ڕستەیە بە واتای ( P ) بێت ، ئەو ڕستەیە ڕاستە ، کە ( P ) یە ، هەروەها لە شیکردنەوەی سەلماندنەکەی (هەموو چوارگۆشەیەك هەر چوار لاکەی یەکسانن) ، ئەوە ڕاست دەبێت ، ئەگەر هەمیشە

---

[1] William G. lycan ( 2010 : 99- 103 ) .

[2] لە پاری دووەمی ئەم بەشەدا باسی لێوە دەکەین .

[3] G. chierchia & S Mcconnell Ginet ( 2000 : 69 – 87 ) .

هەرچوار لاکەی یەکسان بن ، بەمشێوەیە تیۆری سەلمێنەرەکە ئەوە دەردەخات ، کە ئەم ڕستەیە بۆ هەموو ڕستەکانی تر ، داوا دەکات و مەرجی ڕاستەقینە و باری مەرجی ڕاستەقینەی تایبەت بەگوێرەی تیۆری سەلماندن بریتییە لە واتای ڕستە .

بەمشێوەیە ( تیۆری سەلماندن = تیۆری مەرجی ڕاستەقینەیی + هەندێك زانیاری ئاشكرا )[1] ، دەربارەی ئەوەی چۆن بڕیار بدەین لەسەرئەوەی ڕستەی مەرجی ڕاستەقینە چی دەدات ، بە پێی ڕێسای سەلماندن " هیچ دەربڕینێك وەك دانەیەکی پڕ واتا سەیر ناکرێت ، تا ئەوکاتەی بەهۆی سەرنج و تێبینی ، یان ڕێبازێکی زانستی ستانداردەوە سەلماندنی لەسەر نەکرێت ".[2]

ڕێڕەوی گشتی بیرو بۆچونەکان لە فەلسەفەی زماندا ئەوەیە ، کە مەرجی ڕاستەقینەیی واتای ڕستە دیاریدەکات ، ئەنجامیش ئەوەیە کە ڕاستەقینەیی و ناڕاستەقینەیی دەربڕینەکان تەنها پشت دەبەستن بەوەی وشەکان چ واتایەك دەگەیەنن و وشەکان / کەرەستەکان چۆن ڕێکخراون،لەم ڕوونکردنەوەیەوە دەتوانین بلێین ، واتا لەژێر دیاریکردنەکانی مەرجی ڕاستەقینەدایە ، واتە سەرەتا دەبێت مەرجی ڕاستەقینەیی هەبێت تا بەهۆیانەوە واتاکان دیاریبکرێن و بەدەستبخرێن .

لەئەنجامی ئەو ڕونکردنەوانەوە مەرجی ڕاستەقینەیی لە ڕستەکاندا ئەو مەرجانەن کە وادەکەن ڕستەکان ڕاست بن ، لە ڕێگەی زانینی مەرجی ڕاستەقینەی ڕستەکانەوە ، دەتوانین بە واتای ڕستەکان بگەین ، چونکە ئەگەر لە مەرجی ڕاستەقینەیی نەگەین ناتوانین لە ڕێگەی شرۆڤەکردن و لێکدانەوەوە درك بە واتای ڕستە و دەربڕاوەکان بکەین .

ئەو کەرەستانەی مەرجی ڕاستەقینەیان بەسەردا جێبەجێدەبێت ناو و ئاوەڵناو و ئادڤێربڵ و کردارەکانن ، هەروەها جێناوەکان وەبەتایبەت جێناوە لکاوەکان تەنها لە بارانەدا دەبن بە کەرەستەی مەرجی ڕاستەقینە ، کە بە ناوەکانیانەوە دەبەسترێنەوە و دەبن بە ئاماژە بۆیان ، ئادڤێبڵەکانیش بەتایبەت (یش) لە زمانی کوردیدا مەرجی ڕاستەقینە دەگۆڕن و واتا زیاتر ڕووندەکەنەوە ، مەرجی بەستنەوەکە ڕووندەکاتەوە .

تەنانەت بڕیاریش لەگەشتە .

بڕیاریش تەنانەت لەگەشتە .

---

[1] ( 101: 2010) William G.Lycan.

[2] محمود فتح الله احمد (2008: 140).

بڕیاریش لەگەشتە تەنانەت .

(یش ) مەرجی بەستنەوەی ( بڕیار ) بە (تەنانەت)ەوە ڕوندەکاتەوە و واتاکەی زیاتر دەخاتەڕوو .

بەڵام ئارتیکڵەکانی ( بەڵام ) و ( بەڵکو ) وەك مەرجی ناڕاستەقینەیی مامەڵیان لەگەڵدەکرێت و بە نیشانەی پراگماتیکی ئەژماردەکرێن .[1]

## 2-1/2) بنەماکانی مەرجی ڕاستەقینەیی .

بەهۆی چەند خاڵێکەوە دەتوانین ئەوە دیاریبکەین ، کە چۆن مەرجی ڕاستەقینە بدۆزینەوە و بزانین لەسەر چی بنەمایەك وەستاوە ، ئەوانیش بریتین لە :

1- کۆمەڵ ڕاستی دیاریدەکات ، مەبەست ئەوەیە کە کۆمەڵ بڕیار دەدات کام ڕستە و دەربڕاوانە ڕاستن و کام ڕستە و دەربڕاوانەش ناڕستن ، چونکە دەربڕینی ڕستەکان لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر مەرجی ڕاستەقینەییان جیاوازە ، تەنانەت لە ناو یەك کۆمەڵیشدا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بە گۆڕانی دابو نەریت و کلتور ڕاستی ڕستەکان گۆڕانی بەسەردا دێت ، بۆ نموونە ،

16. دیاردەی هاوسەرگیری هاوڕەگەزبازان بەفەرمی پەسەند کرا .

دەربڕینی ئەم ڕستەیە بۆ ناو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بە ڕستەیەکی هەڵە دادەنرێت ، چونکە لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا ناگونجێت ، لەکاتێکدا لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە ڕستەیەکی ڕاست دادەنرێت .

17. دیاردەی ژن بەژن .

بۆ چەند ساڵانێکی پێشوو لە ناو کۆمەڵگەی کوردی دا دیاردەیەکی ئاسایی بووە ، زۆر بە ئاسایی وەرگیراوە و دەربڕاوە هیچ ناڕاستییەکیان تێدا بەدینەکردووە ، بەڵام لە ئێستادا ئەو داب و نەریتە بەرەو لە ناوچوون ڕۆیشتووە و لە ئیستادا ئەو ڕستەیە بە ناڕاست دادەنێن .
هەندێك بابەتیش بەڵگە نەویستە و بەهەموو کۆدێکەوە پەیوەستە ، بۆ نمونە لە ڕاستی زانستیدا (ئاو لە 100پلەی سلیلیزیدا دەکوڵێت .

2- زیادکرنی وشەیەك یان لابردنی هەر وشەیەکی ناڕوونلە ڕستەدا ، یاخود دانانی وشەیەك لەجێی وشەیەکی تر و دیاریکردنی بەهای واتایی /سیمانتیکی بۆ هەر دەربڕاوێکی فەرهەنگی لە ڕستەدا دەتوانێت مەرجی ڕاستەقینەی ڕستە بگۆڕێت ، بۆ نموونە ،

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بروانە:

أ- Donald Davidson ( 1967).

ب- محەمەدی مەحوی (2009 )ب.

18. ا . لەنیا جانتایەکی کڕی .

. ب. لەنیا جانتایەکی شینی کڕی .

بەزیادکردنی وشەی ( شین ) دەکرێت مەرجی ڕاستەقینەیی بگۆڕێت ، واتە ئەگەر ڕستەی (لەنیا جانتایەکی کڕی ) ڕاست بێت ، دەکرێت ڕستەی (لەنیا جانتایەکی شینی کڕی ) هەڵە بێت ، چونکە مەرج نییە شین بێت ، لەوانەیە ڕەنگێکی تر بێت .

3–دیاریکردنی مەرجی ڕاستەقینەیش" لە ڕێگەی تایبەتمەندی وشەکانەوەیە "[1]، بۆ نموونە ،

19.(گیا سەوزە) .

ئەم ڕستەیە ڕاستە ( ئەگەر و تەنها ئەگەر ) تایبەتمەندی گیا ( سەوز بوون ) بێت . ( Davidson ) پێشنیار دەکات ، بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندی واتایی بۆ هەریەك لەوشەکانی ڕستە ، یان تایبەتمەندی دیکەی گرنگی پێکهاتەی ڕستە ، پاشان گرفتەکە سەرهەڵدەدات ، کە چۆن واتای ڕستەکان لەم واتایانەوە پێکهێنراون .

4– خستنەڕووی زنجیرەیی وەك پارچەیەکی گرنگی پێکهاتەی ڕستە ، لەوانەیە ئەو پەیوەندییە دیارییبکەین ، کە بەشداری دەکات لە نوسینەکان / ڕستەکاندا ، ئەوە ئاشکرایە کە سەرەتایەکی بێ سنوری گەڕانەوەمان هەیە ، بۆ نموونە ،

20.ا. بەهێز لەگەڵ هامنۆ هات .

ب. هامنۆ لەگەڵ بەهێز هات .

5– واتای پێکهاتەکانی ڕستەکان لە ڕۆڵەکانیانەوە لە ڕستەکاندا سەرهەڵدەدەن، لێرەدا کێشەیەك هەیە و پێشنیارکراوە[2]، کە نیشانەی ڕاستەقینەیی ڕستە ڕاستەقینەیی بووە ، هەموو ڕستەیەکی ڕاست هەمان ئاماژەیان هەیە ، ئەگەر واتا بەشێوەیەك لە شێوەکان لەدەرەوەی ئاماژەکان دروست بوو وە ئەم تیۆرییەمان پەیڕەو کرد نوشست دێنێت ( 3+3=6) و ( 6+6=12 ) بەئاشکرا هەمان واتایان نییە ، ئەگەر بمانەوێت بیرۆکەکە بهێڵینەوە ، کە واتا لەگەڵ ڕستەکاندا دەستپێدەکات ، بیرۆکەیەك دانێین کە واتا لەلایەن ئاماژە << reference >> پێکهێنراوە ، دیاریکردنی (frege) لەنێوان بیر >>sense<<و ئاماژە

---

[1] DONALD DAVODSON (1967: 312) .

[2] (Frege ) بانگەشەی کردووە

<<reference>>[1]بەکاربهێنین لەگەڵ بەکارهێنانی هەندێك واتای بنەڕەتی لەجیاتی ئاماژە بنەڕەتییەکان بۆ وەسفکردنی واتا ، لەگەڵ ئەوەشدا کێشەکە بە پێی ( Davidson ) ئەوەیە کە هەژمارێکی باشمان نییە ، یان تەنانەت سەرەتایەك بۆ هەژمارکردن بۆ ئەوەی ، کە چۆن واتای ڕستەکان لە واتای وشەکانەوە پێکهێنراون ، هیچ شتێك نییە لەسەر ڕوونکردنەوەی واتا و ئاماژەی ( دوو ژمارەیەکی جووتە ) لە زاراوەکانی ( دوو ) و ( ژمارەیەکی جووتە ) ، هەندێك شتمان دەوێت وەك ( دوو ) واتای ( X )ەو ( جووت ) واتای ( Y ) ، بۆیە دەتوانین شیبکەینەوە و ڕوونی بکەینەوە ، کە چۆن ( دوو ژمارەیەکی جووتە ) ئەو واتایەی هەیە و واتاکەی چییە ، پێشنیاری ڕوانین و بۆچونێك کرا[2] ، کە کام واتایەی ( دوو ژمارەیەکی جووتە ) دەتوانرێت پێکبهێنرێت ، بەهۆی هەردوو ئاماژە / پێکهاتەی (دوو ) و ئاماژەی ( جووت ) بەیەکەوە دەستپێدەکەن ، دەبوو وادابنرێت ، کە ئاماژە بۆ ( دوو )و(جووت ) جێگیرە ، بەڵام بەلانی کەمەوە دەتوانین لە تیۆرییەکەدا ژمارەیەکی سنوردار توخمەکان بۆ زمانەکەت بدۆزیتەوە ، کە ڕونیدەکەیتەوە لەگەڵ تیۆرییە ئاماژەییەکەدا ، یان تەنها وادادەنێت ئاماژەیان هەیەو پاشان دەتوانیت نیشانیدەیت چۆن دەتوانیت بێسنور ژمارەیەکی زۆر ڕستە دروستبکەیت لە دەرەوەی ئەو شتانە[3] ، هەندێك پێیان وابوو پاشەکشەیەکی خراپ هەیە ، بیری بەرژەوەندی پاشەکشەکە ئەوەبوو ، کە بڵێی واتای ( دوو ژمارەیەکی جووتە دەدرێت ، بەهۆی دانانی هەردوو پێکهاتەی ( دوو ) و ( ژمارەی جووت ) پشتدەبەستێت بە دانانیان پێکەوە و واتایان هەیە ، ناتوانین بەتەنها خخەههڕونی بکەینەوە ، پێویستە تیۆری واتا بەکاربێنین بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی واتا چییە ، دانانیان پێکەوە و پاشان جارێکی تر ڕوونکردنەوەی ڕوونکردنەوەکان .

6- ناوەڕۆکی مەرجە ڕاستەقینەییەکان پشت بە ژمارەیەکی بێسنور لە زەمینەی گریمانەکاری دەبەستن ، ناکرێت هەموویان ئاشکرابن ، گۆڕان لە زەمینەی گریمانەکاندا دەتوانن مەرجی ڕاستەقینەیی بگۆڕن سیمانتیکی و پراگماتیکییەکان پەیوەندییان بە مەرجی << presupposition>>[4] گریمانەی پێشینە.

---

[1] "Distinction between Senses and reference" بڕوانە :

ا- Scott soames (2010: 8).

ب- Morris( 20 : 27) .

[2] لە لایەنFrege

[3] بڕوانە :

ا- wing (2003 ).

ب- Kirk LudGerhar Preyer (2012 )

[4] بیرۆکەی گریمانەی پێشەکی بۆیەکەمجار لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی (frege )ەوە لە بابەتی ( on sense andreference ) ئاماژەی پێدراوە ، بڕوانە:

ا- wolfgang carl(1994).

ڕاستەقینە و ناڕاستەقینەوە ، "گریمانەی پێشینە لە پەیوەندیدا بە کردەی لێککەیشتنی پراگماتیکەوە زیاتر پەیوەستە بە واتای پیتییەوە لە بابەتە پراگماتیکییەکانی تر ( جگە لە کردە قسەییەکان ) و واتای وشە و فرێزەکان کاریگەری خۆیان هەیە لە دیاریکردنی گریمانە پێشینەکەدا و بەهۆی کەرەستەکانی ناو ڕستە و دیاریکردنی گریمانەوە دەتوانرێت ئەرکی ڕستەکە لە بەکارهێناندا دیاریبکرێت و مەبەستی نیشانکراوی ناو ڕستەکەش لەلایەن قسەکەرەوە بۆ گوێگر بخرێتە ڕوو "[1] ، قسەکەر پێش دەربرینی ڕستەکان لەلای خۆیەوە گریمانە پێشینەییەکان گریمانە دەکات ، بوونی زەمینەی هاوبەش >>common ground<< لە نێوان قسەکەراندا لە پرۆسەی لێککەیشتن و پەیوەندیکردندا هۆکارە بۆ پێشنیازکردنی گریمانەی پێشینە ، قسەکەر لە کاتی دەربڕینی مەبەستەکانیدا ، بەپێی زانیاری خۆی لەسەر بابەتەکان گریمانەی ئاخاوتنێك دەکات ، کە گریمانەکە لە سەر ئاستی پراگماتیك نە ڕاست نە هەڵەیە .[2]

گریمانە پێشینەییەکان کۆمەڵێك زانیارین ، قسەکەر گریمانەی پێشینەی ئەوە دەکات ، کە گوێگر دەیانزانێت و پێویستی پێیان نییە ، بۆیە بە شێوەکی ڕاستەوخۆ باسیان ناکات ، بەڵام گوێگر لە پەنای هەندێك زانیاری تری ناو ڕستەکەوە ، گریمانە پێشینەییەکان دیاریدەکات[3] .

گریمانەی پێشینە پەیوەندییەکی لۆجیکییە ، کە لە دەربڕینی ڕستەکانی زمانەوە دێتەئاراوە ، لەکاتی دەربڕینی ڕستەکاندا دەتوانین پێشنیازی گریمانەی پێشینە بکەین و ڕاست و هەڵەی ڕستەکان دەردەکەوێت ، بۆ نموونە دەربڕینی دوو ڕستەی وەك ( 21.ا) و (21.ب) ، کە ڕستەی (21.ا) پێشنیازی گریمانەی پێشینەی ڕستەی (21.ب) دەکات ، ئەگەر (21.ا) ڕاست بوو ، (21.ب) ڕاستە :

21.ا . بڕوا وازی لە جگەرە کێشان هێناوە .

ب . بڕوا جگەرە کێش بووە .

بە واتایەکی تر ، گریمانەی پێشینە پەیوەندی نێوان دوو دەربڕاوە ، بەکارهێنانی هێماکانە لەلایەن قسەکەرەوە تا گریمانەی پێشینەی بگەیەنێت ، بۆ نموونە

---

ب–ئاڤێستا کمال ( 2006 ) .

پ–عمر محمود ( 2009 ) .

ت– محمد مەحوی ( 2009 ) .

[1] ئاڤێستا کمال محمود ( 2008 : 99 ) .

[2] Levinson ( 1983 : 170) .

[3] بەکر عومەرعەلی ( 2000 : 80 ) .

22. ا کچەکەی بەهار زیرەکە ( p )

ب. بەهار کچی هەیە ( q )

پ. p >> q بەواتای ئەوەی p واتای q دەگەیەنێت .

لە دەربڕینی ڕستە و دەربڕاوەکان و پرۆسەی لێکترگەیشتن لە نێوان قسەکەر و گوێگر دا ، سێ جۆر گریمانەی پێشینەمان هەیە [1]:

1– گریمانەی پیشینەی سیمانتیکی >>**semantics presupposition**<<

2– گریمانەی پێشینەی دەروونی >>Psycho presupposition<<

3– گریمانەی پێشینەی پراگماتیکی >> Pragmatic presupposition<<

## 1– گریمانەی پێشینەی سیمانتیکی >>semantics presupposition<<

ئەم جۆرە گریمانەیەلێکۆڵینەوەیە لە واتای ڕستەکان ، ئەگەری ڕاستەقینەیی و ناڕاستەقینەیی تێدایە ، کە دەکەوێتە بەر گریمانەکردن و پشت بە بەهای ڕاستەقینەیی و مەرجی ڕاستەقینەیی دەبەستێت ، بە یەکێك لە پەیوەندییە سیمانتیکییەکان دادەنرێت ، " کە پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگی لەگەڵ فرێزەکانی ناو ڕستەدا هەیە ( فرێزی ناوی و فرێزی کاری ) لە هەمانکاتدا هاوبەشی و جیاوازیشی لەگەڵ پەیوندییە سیمانتیکییەکانی تری وەك ( ئینتەیلمێنت* و پێشنیازکردن) دا هەیە"[2] ، بۆ ئیشکردن لەگەڵ گریمانەی پێشینە بە شێوەیەکی گونجاو ، پێویستە دووجۆر پەیوندی دیارییکرێن لەگەڵ لێکچوون و ناوکۆییەکانیاندا ، کە دەتوانرێت لە ڕێی فۆڕمی لۆجیکییانەوە بخرێنە ڕوو : وەك یاسا ، کە لە شێوەی ( 1) و ( 2) داڕێژراوە:

( 1) "X دریژکراوەی( entailment )Y ئەوە دەگەیەنێت کە :

(a) ئەگەر X ڕاست بێت ، ئەوا Y ڕاست دەبێت .

(b) ئەگەر X ڕاست نەبێت ، ئەوا Y دەتوانێت ڕاست یان ناڕاست بێت .

---

[1] زمانەوانان و توێژەران هەروەك چۆن لە بەکارهێنانی زاراوەکەداکۆك نین ، لە دیاریکردنی جۆرەکانیشیدا کۆك نین و هەریەکەیان بەپێی تێڕوانینی خۆی چەند جۆرێکی لێدیاریکردووە :

( ئاڤێستا کمال ، 2006 ) سێ جۆری دیاریکردووە ، کە گریمانەی پێشینەی ( سیمانتیکی و دەروونی و پراگماتیکین ) ، لە کاتێکدا ( عمر محمود ، 2009 ) جگە لەو چوار جۆرە " گریمانەی پێشینەی لۆجیکی _ Logical presupposition " دیاریکردووە .

* " entailment " درێژکراوە .

[2] ئاڤێستا کمال ( 2008 : 99) .

(2) X گریمانەی پێشینەی Y ئەوە دەگەیەنێت کە :

(a) ئەگەر X ڕاست بێت ، ئەوا y ڕاست دەبێت .

(b) ئەگەر X ڕاست نەبێت ، ئەوا Y ڕاست دەبێت ".[1]

بۆ نموونە ،

23.ا. X: بەهێز دوو تۆپی تەقاند .

ب. Y: بەهێز تۆپێکی تەقاند .

بۆ X درێژکراوەی Y ئەوە دەگەیەنێت کە :

( ا ) ئەگەر X ڕاست بێت ( بەهێز دوو تۆپی تەقاندبێت ) ، ئەوا y ڕاستە ، چونکە لە ڕووی لۆجیکییەوە ئەگەر دوو تۆپی تەقاندبێت ، ئەوا تۆپێکیشی تەقاندووە .

(ب) ئەگەر X ڕاست نەبێت ( بەهێز دوو تۆپی تەقاند ) ، ئەوا y دەکرێت ڕاست بێت ، ئەگەر (بەهێز تۆپێکی تەقاند بێت ) ، دەکرێت y ناڕاست بێت ئەگەر بەهێز هیچ تۆپێکی نەتەقاندبێت .

24.ا. X: ئەو کچەی ، کە بەرهەم خواستی ، مامۆستایە .

ب. Y: بەرهەم کچێکی خواستووە .

بۆ X گریمانەی پێشینەی Y ئەوە دەگەیەنێت کە :

(a) ئەگەر X ڕاست بێت (ئەو کچەی خواستویەتی مامۆستا بێت ) ، ئەوا y ڕاستە و ( بەرهەم کچێکی خواستووە ) .

(b) ئەگەر X ڕاست نەبێت (ئەو کچەی بەرهەم خواستویەتی مامۆستا نەبێت ) ، ئەوا گریمانەی y ڕاستە ، چونکە ( بەرهەم کچێکی خواستووە) ئەگەر کچەکە مامۆستاش نەبێت .

بەم شێوەیە دەتوانین لە خشتەیەکدا ئەو یاسایە بخەینە ڕوو :

---

[1] Geoffrey Leech ( 1985 : 278) .

| X گریمانەی Y | | X درێژکراوەی Y | |
|---|---|---|---|
| X | Y | X | Y |
| ڕ ← | ڕ | ڕ ← | ڕ |
| هـ ← | ڕ | هـ ← | ڕ یان هـ |
| ڕ یان هـ | → ڕ | ڕ یان هـ | ڕ → |
| ؟ | → هـ | هـ | هـ → |

خشتەی ( 1 )[1]

لە خشتەکەدا ئەوەی کە گرانە ئەوەیە ، کە دەکەوێتە کۆتا ئاستی ئاسۆیی پێناسەکردنی گریمانەی پێشینەوە ، ئەگەر گریمانەی Y ناڕاست بێت ، دەتوانین چی بڵێین دەربارەی گریمانەی دەربڕاوی Y .

بۆ نموونە ئەگەر روویدا ناڕاست بێت ( سعودیا مەلیکی هەیە) و بڵێین (مەلیکی سعودیا نەخۆشە ) ، ئەوا ( a ) ناڕاستەیان ( b ) نە ڕاست نە ناڕاستە ؟ یەکەم وەڵام بڵێین کە جیاوازی نییە لە نێوان گریمانەی پێشینە و درێژکراوەدا ، ئەگەر چوارەم هێڵی گریمانەی پێشینە بگۆڕین بۆ ( هـ ← هـ ) ، پاشان پێویستە دووەم هێڵ بگۆڕین بۆ ( ناڕاست ← ڕاست یان هەڵە ) و دوو خشتەکە جیاناکرێنەوە ، دووەم وەڵامیش نە ڕاست نە ناڕاستە ، لەڕاستیدا تەنها وەڵامێکی هاوڕا کە دەتوانین بیدەین و لەبری ئەوەی بڵێین کە ( مەلیکی عێراق نەخۆشە ) نرخی ڕاستەقینەیی نییە ، بەڵام ئەمە دەرەنجامێکی ناپەسەندە لەخۆیدا ئەگەر X گریمانەی پێشینەیی بێت ، بە پشت بەستن بە دوو بەهای لۆجیکی پێوانەیی ڕاست یان ناڕاست بێت .

تیۆری گریمانەی پێشینەیی بە سێ خاڵ دەستنیشانکراوە :

1– فرێزی ناوی و فرێزی کاری هەڵگری سیمای گریمانەی پێشینەن .
2– ڕستەیەك لەگەڵ نەرێکردنەکەیدا و مانەوەی وەك خۆی وەك گریمانەی پێشینە ئەژمار دەکرێت .
3– گریمانەی پێشینە ، پێویستە ڕاست یان ڕازیکەرانە بێت .[1]

[1] وەرگیراوە لە Leech (1985 : 281 ) .

چی بۆ گریمانەی پێشینەی سیمانتیکی دەربڕاوەکان پێویستە ، تا بەهای ڕاستەقینەیان هەبێت [2]، بۆیە باسی لە مەرجی ڕاستەقینەیی کردووە و پێیوابووە ، کە گریمانەی پێشینەیی دەبێت بەهای ڕاستەقینەیی هەبێت ، هەرچەندە زۆر ڕستە هەن ، ئەو گریمانەپێشنەیەی لە خۆیانی دەگرن ڕاست نییە ، چونکە زۆر جار قسەکەر کاتێك دەربڕاوێك دەردەبڕێت ، مەبەستی گەیاندنی زانیاری نییە و بە مەبەستی هەڵخەڵەتاندن و بەلاڕێدا بردنی گوێگرە و دەربڕاوەکەش هیچ بەهایەکی ڕاستەقینەیی تێدا نابێت .[3]

لەم گریمانەیەدا گریمانەی پێشینەیی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی مەرجی ڕاستەقینەوە و پێویستە بەهای ڕاستەقینەیان هەبێت و ڕاست بن .

## 2– گریمانەی پێشینەی دەروونی >>Psycho presupposition<<

قسەکەر و گوێگر لە کاتی دەربڕینی ئاخاوتنەکان و کردەی لێکگەیشتندا لەڕێی گریمانەی پێشینەی دەرونییەوە زەمینەیەکی دەرونی دەڕەخسێنن ، دەربڕدرا و ئاخاوتنەکان بە پێی دەوروبەری ئاخاوتن و باری دەرونی کەسەکان واتای جیاواز لە خۆ دەگرن ، بۆیە لە لێکدانەوەی گریمانەی پێشینەی دەروونیدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تێدا دەربڕدراوە ، " گریمانەی پێشینەی دەرونی قسەکردنە لەسەر هەندێك زانیاری دڵنیای و زانیاری گریمانەدا لە نێوان قسەکر و گوێگردا ، کە لە ڕێی ئاستی ڕووکەشی ڕستەکانەوە بیرەکان و چەمکەکان پەیوەست دەبن بە باری دەرونییەوە و قسەکەر زانیاری نوێ بە گوێگر دەبەخشێت " [4].

25.ا. گوتی کتێبەکان بۆ کتێبخانە دەگێڕێتەوە ؟

25.ب. پێت گوت کتێبەکان بۆ کتێبخانە بگێڕێتەوە ؟

لە هەردوو دەربڕاوی ( 25.ا ) و ( 25.ب ) دا گریمانەی پێشینەی دەرونی ئەوەیە ، کە کەسی سێیەم ( کتێبەکان بۆ کتێبخانە بگێڕێتەوە ) ، قسەکەر و گوێگرلە نێوان خۆیاندا گریمانەی پێشینەی دەرونی ئەوە دەکەن ، کەسی سێیەم ( کتێبەکان بۆ کتێبخانە بگێڕێتەوە ) ، لە ڕێی ڕستەکانەوە تێدەگەین ، کەسی سێیەم ( کتێبەکانی کتێبخانەی لەلایە و تا کاتی ئاخاوتن نەیگێڕاونەتەوە بۆ کتێبخانە ، تێگەیشتن لەم

---

[1] Levinson ( 1997 : 170) وەرگیراوە لە ( تریفە عمر ، 2008: 89 ) .

[2] ( strawson – 1950 )لە گفتوگۆ فەلسەفەییەکانیدا باس لەوە دەکات .

[3] Krause ( 2001 : 48 ) .

[4] Bates , E ( 1976: 25 ) .

دەربڕاوانە لە ڕێی فۆڕمە زمانییەکان و زیاترش پەیوەستن بە باری دەروونی و ئەو دەوروبەرەی تیایدا دەردەبڕدرێن و کردەی لێکگەیشتن ئەنجامدەدرێت .

زۆر جاریش قسەکەر دەوروبەر دەگونجێنێت ، تا ئەو مەبەستەی هەیەتی دەریبڕێت ، بەتایبەتی لە ڕستە پرساری و فەرمانی دا بە جۆرێك وشە و فرێزەکان ڕێکدەخات ، کە لە ڕووی دەرونییەوە هەلومەرجێك دەڕەخسێنیت بەشێوەیەك ، کە گوێگر ئەگەر نەیەوێت وەڵام بداتەوە و کارەکە جێبەجێ بکات ، بە جۆرێك هەڵسوکەوت دەکات کە قسەکەر بریندار نەکات ، بۆ نموونە ،

26.ا. پێت وایە خوێندکارەکان لەسەر مانگرتن بەردەوام بن .

ب. خوێندکارەکان مانیان گرتووە .

قسەکەر بەجۆرێك دەوروبەرە دەرونییەکەی گونجاندووە ، کە ئەوەی مەبەستێتی لەگوێگری وەربگرێت ، تەنانەت ئەگەر گوێگر ویستی نەبێت وەڵامبداتەوە ، هەستی قسەکەر بریندار ناکات .

ئەم گریمانەی پێشینەی دەرونییە " تەنها لەلای گەورە وەك دیاردەیەك دەرناکەوێت ، بەڵکو لە زمان پڕاندنی منداڵیشدا هەیە ، منداڵ لە تەمەنێکی زوودا دەتوانێت دەیبڕێت ، بەڵام مەرج نییە بیناسێتەوە ." [1]

منداڵێك داوای پارە دەکات و دەڵێت

27. " نە "[2]

کاتێك کەسی بەرامبەر هەرچییەکی پێ دەدات ، دەڵێت " نە " و کەسی بەرامبەر تێناگات منداڵەکە مەبەستی چییە ، لە کاتێکدا گریمانەی پێشینەی منداڵەکە ئەوەیە ، کە ئەو زانیارییەی پێگەیشتووە ، دەبێت پارەی پێبدات .

3– گریمانەی پێشینەی پراگماتیکی >>Pragmatic presupposition<<

لێکدانەوەی سیمانتیکی بۆ واتای ڕستەکان واتایەکی تەمومژاویە و دەکەوێتە بەر گریمانە ، کە ئەگەری ڕاستەقینەیی و ناڕاستەقینەیی تێدایە ، بۆ سەلماندنی ڕاستی بابەتەکەش دەبێت سنوری سیمانتیك تێپەڕێنین و بچینە سنوری پراگماتیکەوە ، چونکە بۆ گەیشتن بە واتای ڕاستەقینەیی پەنا دەبەینە بەر دەوروبەر ، کە سەر بە ئاستی پراگماتیکە و بە پێی دەوروبەری دەربڕاوەکە دەردەکەوێت ، دەربڕاوەکە ڕاست یان ناڕاستە ، یان نەڕاست و نە ناڕاستە.

---

[1] ئاڤێستا کمال ( 2006 : 99 ).

[2] لە منداڵی (2) ساڵان وەرگیراوە ، کە بە پارە دەڵێت " نە ".

لەمەوە ئەم جۆری گریمانەیە پشت بە دەوروبەر دەبەستێت ، کە دەربڕاوەکان بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ دەکرێت ، کە دوورن لە بەهای ڕاستەقینەیی و ڕاستەقینەییەوە و پشت بە مەرجی ڕاستەقینەیی نابەستن ، ئەمانەش دەبنە هۆی ئەوەی گریمانەی پێشینەی نوێ بدەن ، کە ئەوجۆرە گریمانەیە نە ڕاستە نە ناڕاستە ، لەمەوە ( مەرجی ڕاستەقینەی پراگماتیکی زانیاری زمانیی / زانیاری سیمانتیکی یان توانای زمانیی تاکە ، کە توانا بە زمان بەکارهێنەر دەدات ، بۆ دیاریکردنی مەرجی ڕاستەقینەیی لە ڕستەکانی زماندا ، کە پەیوەستە بە ناوەڕۆکەوە ، بۆ ئەوەی دڵنیا بین ، کاتێك ناوەڕۆکی ڕستەکان هەستیارن ، بۆیە کۆزانیاری پێویستییەکی کۆکراوەیە بۆ زانیاری زمانیی)[1] ، مرۆڤ هەمیشە دەیەوێت لە قسەکردندا کورتبڕبێت و بە کەمترین ماوە و کەمترین وزە زۆرترین مەبەست بگەیەنێت ، کە بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زمانی مرۆڤ دادەنرێت و بە ئیکۆنۆمیکردن[2] ناسراوە ، ( بوونی گریمانەی پیشینەش لە زماندا پەیوەندی بە ئیکۆنۆمیکردنەوە هەیە ، چونکە بە کەرەستەی کەم واتاو چەمکی زۆر دەردەبڕێت )[3] .

## 4- جۆرەکانی گریمانەی پێشینە لە ڕستە و دەربڕاوەکاندا .

لە کاتی لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی دەربڕینی گریمانە پێشینەییەکان دا ، کە قسەکەر لە کاتی ئاخاوتندا گریمانە پێشینەییەکانی پەیوەست دەکات بە دانە فەرهەنگییەکان و وشە و فرێز و پێکهاتە جیاوازەکانەوە ، زمانەوانان و فەیلەسوفەکان لە دەستنیشانکردنی جۆرەکانی گریمانەی پێشینە لە ڕستە و دەربڕاوەکاندا جیاوازن ، زمانەوان (کارتۆنێن ) سی و یەك جۆری دیاریکردووە ، ( yule ) شەش جۆری دەستنیشانکردووە ، (ئاڤێستا کمال) حەوت جۆر ، بەڵام ( تریفە عمر ) ئەو حەوت جۆرەی دابەشکردووە بەسەر گریمانەی پێشینەی سیمانتیکی و گریمانەی پێشینەی سیمانتیکیدا ، ( SudhaBhingardive و RamkrishnaBairi )[4] ، ( عومەر مەحموود ) وەك ( Yule ) شەش جۆریان دیاریکردووە ، بەجۆێك گریمانەپێشینەییەکانی لە ژێر گریمانەی پێشینەی شاراوەدا >>Potential Presupposition<< دابەشکردووە بۆ گریمانە پێشینەیییەکانی :

1- گریمانەی پێشینەی بوون >>existential presupposition<<

---

[1] François Recanati ( 2010 : 1 ) .

[2] بۆ زانیاری لەسەر ئیکۆنۆمی بڕوانە ( دەرون عبدالرحمن ، 2010 ) .

[3] هۆگر محمود ( 2000 : 7 ) .

[4] www.cse.iitb.ac.in/~cs626-460-2012/seminar-ppts/pragmatics.pdf

2– گریمانەی پێشینەی ڕاستەقینە >>factive presupposition <<

3– گریمانەی پێشینەی نا–ڕاستەقینە >>non-factive presupposition<<

4– گریمانەی پێشینەی فەرهەنگی >>Lexical presupposition <<

5– گریمانەی پێشینەی پێکهاتەیی >>structural presupposition<<

6– گریمانەی پێشینەی درۆینە [1]>>counterfactual presupposition<<

شیکردنەوەی گریمانە پێشینەییەکان بە هۆی پرۆسەکانی دابەشبوون و دانانی گریمانەکانە لە ڕووی ئەرك و واتاکانیانەوە ، کە بەهۆیانەوە چەند جۆرێك گریمانەی پێشینە دیاریکراون و جیاکراونەتەوە ، " ئەو گریمانەی پێشینەیەی لە ڕستەیەکدا بەهۆی وشەیەکی تایبەتییەوە دەستنیشاندەکرێت ، پێی دەترێت گریمانەی پێشینەی دەستپێکردن >>Trigger Presupposition<<"[2]، کە لە شێوەی کەرەستەکانی ناو ڕستەدا وەك سەرەتایەکە بۆ بۆ ناسینەوە و دیاریکردنی گریمانە .

1– گریمانەی پێشینەی بوون >>existential presupposition<<

لەمجۆرە گریمانەیەدا قسەکەر لە کاتی دەربڕینی ڕستەدا جەخت دەخاتە سەر دەوروبەر و بوونی ڕوودا و کەرەستەکان لە دەوروبەردا ، بەشێوەیەکی گشتی ئەمجۆرە گریمانەیە لە زۆربەی فرێزە ناوییەکان و فرێزە دەرخەرییەکاندا هەیە و بەهۆیانەوە دەردەبڕدرێت ، کە قسەکەر بوونی شتەکان و خاوەنێتی شتەکان دەخاتە ڕوو ، بەڵام زۆر مەرج نییە هەموو ئەو ناو و فرێزانەی دەریاندەبڕین لە دەرەوەی زماندا هەبن ، وەك ناوەکانی ( دێو ، خۆشەویستی و .....هتد ) :

28. (ا) سەگەکە لە باخەکەدایە .( p )

. (ب) سەگ . ( q )

29.(ا) سەیارەکەت .( p)

(ب) تۆ سەیارەت هەیە .( q )

لە دەربڕاوی ( 28.ا) لە کاتی دەربڕینی فرێزی ناوی ( سەگەکە ) دا قسەکەر جەخت لە بوونی ( سەگ ) دەکاتەوە لە واقیعدا و بوونی هەیە .

---

[1] George Yule( 1996 : 30 ).

[2] Levinson (1983: 179 ) وەرگیراوە لە ئاڤێستا کمال ( 2006 : 102 ) .

مەرجی ڕاستەقینەیی (+بوونی سەگ) (+ بوونی لە باخەکەدا).

لە کاتێکدا لە دەربڕوای ( (29.ا) دا فرێزی خاوەنێتی ئەم جۆرە گریمانەیە دروستدەکات ، گریمانەی ئەوە دەکات ، کە تۆ سەیارەت هەیە .

مەرجی ڕاستەقینەیی ( + بوونی کەسی گوێگر ) (+ بوونی سەیارە ).

" زۆر فرێزی ناوی هەن ، هەرچەندە گریمانەی پێشینەی دەبەخشن ، بەڵام لە بەرئەوەی گریمانە پێشینەییەکەیان ڕاست نییە ، یان نەگونجاوە ، لەڕێگەی گرتنەوەوە ، گریمانە پێشینەییەکەیان هەڵدەوەشێتەوە "[1]، وەك :

30. خوێندکاران لە ڕێگەی وێستگەی شەمەندەفەری سلێمانییەوە گەشتەکانیان ئەنجامدەدەن .

فرێزی ناوی ( وێستگەی شەمەندەفەری سلێمانی ) گریمانەی پێشینەی ئەوە دەکات ، کە سلێمانی هێڵی شەمەندەفەری هەیە و خوێندکارانیش لە ڕێگەی وێستگەی شەمەندەفەرەوە گەشت دەکەن ، بەڵام بەهۆی گرتنەوەی ئەوەی ( سلێمانی شەمەندەفەری نییە) گریمانەی پێشینەی وێستگەی شەمەندەفەری سلێمانی هەڵدەوەشێتەوە ، "چونکە گرتنەوە لە گریمانەی پێشەکی بەهێزترە "[2].

2– گریمانەی پێشینەی ڕاستەقینە >> factive presupposition<<

لە مجۆری گریمانەیەدا ، گریمانەی پێشینەیی پەیوەندی بەو باسەوە هەیە ، کە ڕستەکە لە خۆی گرتووە ، ئەگەر دەربڕراو و ڕستەکان ڕاست بوون ، گریمانەی پێشینەش ڕاست دەبێت ، بە نەرێ کردنی ڕستەکانیش ، گریمانەی پێشینە ناگۆڕێت و ڕاست دەبێت ، لەم جۆرەی گریمانەی پێشینەدا ، پشت بە هەندێك کردار دەبەسترێت ، کە ڕاستەقینەییان لە خۆیاندا هەڵگرتووە ، وەك ئەو کردارانەی زانین و پەشیمانبوونەوە و داوای لێبوردن کردن و خۆشحاڵبوون و سەرسوڕمان و ڕازیبوون دەگەیەنن ، وەك لە ڕستەکانی

31. (ا) هەموو دەزانین ، کە بۆچی موچە دوادەکەوێت . ( p )

(ب) هەموو نازانین ، کە بۆچی مووچە دوادەکەوێت . ( p )

(پ) مووچە دوادەکەوێت . ( q )

---

[1] عومەر مەحمود ( 2009 : 80 ) .

[2] George Yule ( 2000 : 32 ) .

وەك دەبینین دەربڕاوی ( . (31.ا) و (31.ب) بە ئەرێنی و نەرێنی ، یەك گریمانەی پێشینەی ڕاستەقینەیان هەیە ، کە دواکەوتنی مووچەیە .

مەرجی ڕاستەقینەیی لە (31.ا) (+ زانین ) ، (+ مووچەدواکەوتن) ، لە ( (31.ب) (–زانین )، (+ مووچە دواکەوتن)

32. (ا) بەهێز پەشیمانە لەوەی تۆپەکەی تەقاند . ( p )

(ب) بەهێز پەشیمان نییە لەوەی تۆپەکەی تەقاند . ( p )

(پ) بەهێز تۆپی تەقاندووە . ( q )

ڕستەکانی ( 32.ا و .ب ) گریمانەی پێشینەی ڕاستەقینەی ئەوە دەکەن ، کە بەهێز تۆپەکەی تەقاندووە .

مەرجی ڕاستەقینەیی لە (32.ا) دا (+پەشیمانییە) ، لە (32.ب) دا (– پەشیمانییە ) .

33. (ا) بەهێز ڕازیبوو ، کاتێك ئارش یاری بە تۆپەکەی دەکرد . ( p )

(ب) بەهێز ڕازی نەبوو ، کاتێك ئارش یاری بە تۆپەکەی دەکرد . ( p )

(پ) ئارش یاری بە تۆپەکەی بەهێز کردووە . ( q )

3– گریمانەی پێشینەی نا–ڕاستەقینە >>non-factive presupposition<<

ئەم جۆری گریمانەیە لەو ڕستانەدا دەردەکەوێت ، کە قسەکەر ئەوەی دەریدەبڕێت وەك خەون بینینە و گریمانەی ڕستەکان ناڕاستەقینە دەبن ، " ئەو گریمانەیەی لەلایەن قسەکەروە دەربڕاوە لەگەڵ لۆژیکدا یەکناگرێتەوە بەپێی پێوانەکانی ڕاستی ناگونجێت "[1] ، بەڵام زۆر جار ڕێی تێدەچێت ئەو گریمانەیە ببێتە ڕاستی و لەگەڵ لۆژیکدا بگونجێت ، کردارەکانی وەك ( خەونبینین >>dream<< ، وازانین >>imagine<< ، وا دەرخستن >>pretend<< ) گریمانەی پێشینەی ناڕاستەقینە دەبەخشن )[2]. بە نەرێ کردنیش ، هەر هەمان گریمانەی پێشینەی ناڕاستەقینە دەبەخشن .

34. (ا) لە خەونمدا مردبوویت .

(ب) لە خەونمدا نەمردبوویت .

[1] ئاڤێستا کمال (2006: 108) .

[2] George Yule (1996 : 29) .

(پ)   نەمردوویت .

35 . (ا) وامزانی بەیەکەم دەرچوویت .(p )

(ب)  وامنەزانی بەیەکەم دەرچوویت . ( p )

(پ) بەیەکەم دەرنەچووە .( q )

–4     گریمانەی پێشینەی فەرهەنگی            >>Lexical presupposition<<

ئەم جۆری گریمانەیە  پشت بەستووە بە سیما واتاییەکانی وشە ، کە تیایدا " فۆرمێکی دیاریکراو  بەو واتا جەخت لێکراوەی هەیەتی ، گریمانەی پێشینەی ئەوەی لێ هەڵدەهێنجرێت ، کە واتایەکی تری جەخت لێنەکراو >>non- asserted<< بەدەستەوە دەدات "[1] ، هەندێك کردار جیادەبنەوە کە دەکرێت مامەڵەی لێکسیکییان لە گەڵدا بکرێت و گریمانەی پێشینەی فەرهەنگی بەرهەمبهێنن ، ئەویش لە ڕێی ڕستەی هەواڵیی کردارەکانی وەك ( وازهێنان ، دەستپێکردن ، سەر لە نوێ بوونەوە )[2] و کردارەکانی بڕییەوە ، کۆتایی –پێهێنان ، گەڕانەوە ، هەروەها لە ڕستەکانی پرسیار و فەرمانیشدا ، وەك لە :

36. ئاشنا وازی لە خوێندن هێناوە . ( p )

. ئاشنا وازی لە خوێندن نە هێناوە  ( p )

. ئاشنا لە پرۆسەی خوێندندایە .   ( q )

37. خوێندکاران بە وتنی سرودی ئەیڕەقیب کۆتاییان بە چالاکییەکان هێنا .

. خوێندکاران بە وتنی سرودی ئەیڕەقیب کۆتاییان بە چالاکییەکان نەهێنا . ( p )

. خوێندکاران چالاکییان ئەنجامداوە .( q )

مەرجی ڕاستەقینەیی لەم ڕستەیەدا ئەوەیە ،کە (+ خوێندکاران چالاکییان ئەنجامدابێت ) ، (+ بە سروودی ئەیڕقیب کۆتاییان پێهێنابێت ).

–5     گریمانەی پێشینەی پێکهاتەیی   >>structural presupposition<<

بەکارهێنانی وشە و فرێزەکانە بەشێوەیەکی زنجیرەی ، لەم گریمانە پێشینەییەدا گریمانەی پێشینەی پێکهاتەکە بە ڕاست وەردەگیرێت ، بە شێوەیەك کە قسەکەر پێکهاتەکان بە کاردەهێنێت بۆ دیاریکردنی

---

[1] عومەر مەحموود ( 2009: 92) .

[2] George Yule (1996 : 27 ) .

هەندێك زانیاری و  بە ڕاست گریمانەیان دەكات ، هەروەها گوێگر گریمانە پێشینەییەكە بە ڕاست وەردەگرێت ، وەك لە ڕستەی پرسیاریدا ،زانیارییەكانی دوای وشە پرسەكان بە گریمانەی پێشینەی ڕاست وەردەگیرێن .[1]

38. (ا) لە كوێ ئاهەنگی لە دایكبوونت گێڕا .( p )

(ب) گوێگر ئاهەنگی لە دایكبونی گێڕاوە ( q )

ڕستەی ( 38. ا ) گریمانەی پێشینەی پێكهاتەیی (  83. ب ) دەكات  ، ئەو زانیارییەی كەوتۆتە دوای وشەی پرسی ( كوێ ) بە ڕاست گریمانە دەكرێت .

مەرجی ڕاستەقینە بەهۆی پێكهاتەی زنجیرەیی كەرەستەكانەوە دەتوانرێت دیارییكرێت ، ( دەبێت گوێگر ئاهەنگی لەدایكبوونی گێڕابێت ).

## 6–    گریمانەی پێشینەی درۆینە>>counterfactual presupposition<<

گریمانەی پێشینەی درۆینە بەهۆی دەربڕاوە ئەگەرییەكانەوە دەردەبڕدرێت ، كە نەك هەر ڕاست نییە ، بەڵكو پێچەوانەی بوونە  ، لە بەرئەوە پێچەوانەی گریمانەی پێشینەی ڕاستەقینەییە ، ئەم پێكهاتە و دەربڕاوە ئەگەرییانە لە ڕستەكاندا گریمانەی پێشینەی ئەوە دەبەخشن ، كە لەكاتی قسەكردندا زانیاری ناو ڕستەكان ڕاست نین و درۆینەن :

39.ئەگەر ببم بە سەرۆك وەزیران كارێكت بۆ دەكەم .

بەشی یەكەمی ڕستەكە ، كە ئەگەری بوون بە سەرۆك وەزیرانە گریمانەی پێشینەی ئەوە دەكات ، كە قسەكەر تا كاتی قسەكردن نەبووە بە سەرۆك وەزیران ، بەشی دووەمی ڕستەكەش گریمانەی پێشینەی ئەوە دەكات ، كە گوێگر كاتی قسەكردن لەلایەن قسەكەرەوە هیچ كارێكی بۆ نەكراوە  .

مە رجی ڕاستەقینە كاتێكە كە ببێت بە سەرۆك وەزیران .

40. دەبووایە هەمووئاستەكانی زمانی ئینگلیزیم بخوێندایە.

بەشی یەكەمی ڕستەكە گریمانەی پێشینەی ئەوە دەكات ، كە قسەكەر هەموو ئاستەكانی زمانی ئینگیزی نەخوێندووە و پەشیمانە لەوەی هەموویانی نەخوێندووە .

---

[1] سەرچاوەی پێشو(28 ) .

مەرجی ڕاستەقینەیی لەم ڕستەیەدا (+ پێویستی خوێندنیگشت ئاستەکانی زمانی ئینگلیزییە ) .

41. خۆزگە هەر لە سەرەتاوە لە ناخی بەرامبەرەکانمان تێدەگەیشتین و متمانەی تەواومان پێ نە دەبەخشین .

لە بەشی یەکەمی ڕستەکەدا ، قسەکەر گریمانەی پێشینەی ئەوە دەکات ، کە لە ناخی بەرامبەرەکانی تێنەگەیشتووە و پەشیمانە لەوەی متمانەی پێیان بەخشیوە .

مەرجی ڕاستەقینەیی ڕستەکەش ( + تێنەگەیشتن لە ناخی بەرامبەرەکان ) ، (+ پەشیمانیی لە متمانە بەخشین).

لێرەدابە پێویستی دەزانین بە ئاماژەیەکی کورت بە پەیوەندی و جیاوازی نێوان گریمانەی پێشینە و مەرجی ڕاستەقینە بخەینەڕوو :

1- پەیوەندی گرنگ لە نێوان گریمانەی پێشینەو مەرجی ڕاستەقینەیی ، بریتییە لە گەیشتن بەواتای دەربڕاو ڕستەکان .

2- جیاوازی نێوانشیان بریتیە لەوەی لە گریمانەی پێشینەدا ، بەهۆی ڕستەی (p)یەوە گریمانەی پێشینەی (q) دەکەین ، بەڵام لە مەرجی ڕاستەقینەییدا لە یەك ڕستەدا هەردوو (p) و (q)مان هەیە ، (p) ڕستەی سەرەکییە و (q) مەرجی ڕستەکەیە .

3- لە ڕستەکاندا کاتێك گریمانە پێشینەییەکان دیاریدەکرێن ، دەتوانین مەرجی ڕاستەقینەیی دیارییبکەین .

4- گریمانەی پێشینەیی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی مەرجی ڕاستەقینەوە ، ئەگەر گریمانەکان ڕاست بوون و خاوەن نرخی ڕاستەقینەیی بوون ، مەرجی ڕاستەقینەیان بەسەردا جێبەجێدەبێت ، بەڵام ئەگەر گریمانەکان ڕاست نەبوون ، نرخی ڕاستەقینەشیان نییە .

5- لە ڕستەی پرسیار و فەرماندا گریمانەی پێشینە پێویست نییە و هەڵگری نییە ، بەڵام مەرجی ڕاستەقینەیی بەجۆرێك لە جۆرەکان دەبێت هەبێت .

6- هەموو گریمانەیەکی پێشینەیی مەرجی ڕاستەقینەیی هەیە ، لەبەرئەوە مەرجی ڕاستەقینە لە گریمانەی پێشینەیی گەورەترە .

(Grice) بۆ قسەکەر و گوێگر پێشنیاری ڕێبازێك دەکات بەمەبەستی هەڵهێنجانی سەرەنجام ، زنجیرەیەك لە ماگزیم پێشکەشدەکات کە خۆیان لەوانەی لای خوارەوەدا دەبیننەوە :

ا–ماگزیمی چۆنیەتی ( the Maxim of Quality )

هەولّبدە قسەکانت یەکێك یان دانەیەك بن لەوانەی کە ڕاستن ، بۆ نموونە ،

1– شتێك مەڵێ ، کە باوەڕت وایە هەڵەیە .

2– شتێك مەڵێ دەربارەی کەس یان ڕوداوێك ، کە بەڵگە و سەلماندنی تەواوت بەدەستەوە نەبێت .

ب– ماگزیمی چەندێتی ( the Maxim of Quantity)

ئەم ماگزیمە داوا لە قسەکەر دەکات و دەڵێت :

1– زانیارییەکانت باش بگەیەنە ، هەروەك چۆن پێویست دەکات .

2– لەقسەکانتدا زانیاری زیاد لە پێویست مەگەیەنە .

پ– ماگزیمی پەیوەندیدار ( the Maxim of Relevance)

قسەکانت وا پێکبهێنە کە بە بابەتی سەرەکی دەربڕینەکانەوە پەیوەندیداربن .

ت– ماگزیمی شێوازی ( the Maxim of Manner)

لەئەم ماگزیمە داوا لە قسەکەر دەکات و دەڵێت :

1– لەتەمومژی و لێڵی و تاریکی دورکەوە .

2– کورتبڕ و بەتەرتیب بە .[1]

## 3–1/2) بەهای ڕاستەقینەیی لە ڕستەدا<<**Truth value in sentence**>> .

واتا مەرجەکان بۆ ڕستە دیاریدەکات لەژێر ئەوەی کام لە ڕستەکە ڕاستە یان هەڵەیە وە نرخی ڕاستەقینەیی ڕستە لەهەندێك بارودۆخی جۆراو جۆری گونجاو دیاریدەکات ، لە هەندێك کات و شوێنی جیاوازدا بۆ قسەکەرانی جیاواز ، دەربڕینە گونجاوەکانی ڕووداو بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی پێوە هەبوو لە هەموو

---

[1] بڕوانە :

أ– John I,Saeed ( 2003 : 205 ).

ب- تریفە عومەر (2008).

جیهاندا گونجاون ، ڕستە مەرجییەکان پشت بە نرخە ڕاستەقینەییەکانیان دەبەستن ، لەسەر ڕاستییەکان دەربارەی جیهان وە هەروەها ئەمانە هەندێکیان لە هەندێك شوێنی جیهاندا ڕاست و گونجاون و لەهەندێك شوێنی تردا هەڵەن ، کەلەگەڵ ڕاستییە شیاوەکاندادەگونجێت، بەتەواوەتی بڕیار لەسەر هەموو دەربڕینەکاندەدات ، لە لای ( frege ) " دانە پاڵی بەهای واتایی ، چالاکییە "[1] ، هەروەها ئاماژەکان<<Reference>>ی ڕستە بەهای ڕاستەقینەیی واتای ڕستەکانن و <<Sense>> ، کە دەرخەری ئاماژەکانە مەرجی ڕاستەقینەیی ڕستەکانە و بە بیر <<Thought>> ناوبراوە[2] ، بەلای فریگەوە ئاماژەیەکی گونجاو بۆ ناوێك بریتییە لە بابەتێك ( Object ) ئەرکەکەشی بەخشینی بەهای ڕاستەقینەییە ، بۆ نموونە ،

42. جانتایەکی شینم کڕی .

لەم نموونیەدا وشەی (شین ) بۆ وەسفکردنی هەقیقەت / ڕاستی جانتایە .

واتە وشەی (شین) کاتێك بەهای ڕاستەقینەیی دەبێت کە وەسفی جانتاکە بکات .

کاتێك دەوترێت واتای ڕستەکان لەلایەن مەرجی ڕاستەقینەی ڕستەکانیانەوە دەدرێن ، بەو واتایە دێت کە تیۆرییەکە لە کۆمەڵێك <<T.sentences>> پێکدێت ، لە زمان خودی <<Meta Language>> دا بۆ هەریەکێك لە ڕستەکان لە زمانەکەدا لە ژێر شیکردنەوەدایە بە پێی بابەتی زمانەکە <<Object Language>> ، نەخشە کێشانی گشتی بۆ <<T.sentences>> لە ( ) دا دەدرێت :

کاتێك (S ) = ناوی ڕستە لەزمانەکەدا .

( P ) = ئەو مەرجەیە کە گرەنتی ڕستەکە دەکات ڕاست بێت ، کە ڕستەکە لە زمان خودی <<Meta Language>> دا دەیدات ، هەروەها نەخشەکێشانی تایبەتی دەدرێت لە

1 . ( S ) ڕاستە ، ئەگەر تەنها ئەگەر ( P )

43 . (ا) بەفر سپییە ، ڕاستە ، ئەگەر بەفر سپی بێت .

(ب) بەفر سەوزە، ڕاستە ، ئەگەر بەفر سەوز بێت .[3]

---

[1] Alexander Miller ( 19: 16) .

[2] C. Iten ( 2005 : 30 ) .

[3] Mrina sbisa , ostman & jef ( 2011 : 280 ) .

(پ) , Ex (Fx) ڕاستە ئەگەر (f) شتێك هەیە ، كە تایبەتمەندی خۆی هەیە .

نموونەكانی (2ب) و (2پ) زمانی بابەتی و زمان خودی زمانەكەن ، كە تیۆری ڕاستەقینە<< T–theory >> ی تیادا دەربڕاوە ، لە یەكتری جیاوازن ، هیچ شتێكی گرنگ دەربارەی ئەمە نییە ، بەڵام پیێ لێنان لێی لەوانەیە یارمەتیدەر بێت بۆ ڕێگەگرتن لە خراپ لێكترتێگەیشتنێكی گرنگ ، كە دەتوانێت سەرهەڵبدات لە نیشاندانی حاڵەتی (ا2) كاتێك لەو شوێنەی زمانی بابەت و زمانی خود هەمان شتن ، << T- sentences >> باری پەیوەندییەكان بە بیێ بایەخ دادەنێت ، ڕستەیەك كە دەڵێت ( بەفر سپییە ) تایبەتمەندی خۆی هەیە كە ڕاستە تەنها كاتێك كە ڕاست بێت ، باری پەیوەندی ڕستە لە زمانی بابەتی بەهۆی گوتنی ئەوەی ( مەرج چییە ئەوە ڕاستە ) .

( Ludwig ) و ( Lepore ) پرسیاری ئەوە دەكەن ، كە ئایا ( Davidson ) بیردۆزی ڕاستەقینەیی دانا بۆئەوەی بۆ شرۆڤەكردن بێت ، بە شێوەیەك ، كە بیردۆزی نا لێكدەرەوەیی هەوڵدەدات تەنها یاسا دووبارەكان دەستەبەر بكات ، كە چۆن ڕاستەقینەیی دەربڕینە ئاڵۆزەكان پشت بە بەهای واتایی بەشەكانیان دەبەستن ، لە كاتێكدا بیردۆزی لێكدەرەوەیی بەهای واتایی بۆ دەربڕینە سەرەتاییەكان ( وادانراو <<presumably>> و زاراوەكان <<terms>> و دراوە پاڵەكان <<predicates>> دەربارەی زمانەكە دیاریدەكات ، بۆ ئەوەی نرخی ڕاستەقینەی گشت ڕستەكان بەو جۆرە دیاریبكرێت ، بەكارهێنانی تایبەتیی بیردۆزی لێكدەرەوەیی دراوەتە پاڵ مەرجی ڕاستەقینەیی ( ڕاستە) بۆ زمانێك ، ، بەڵام ئەگەر ئەم تیۆرییە لێكدەرەوەیی نەبێت ، تیۆرییەكە ناتوانێت بەهاكان جێگیر بكات لە هەر ڕستەیەكدا ، هۆكار هەیە بۆ ئەوەی ڕێكەوتنەكەی (Tarski ) پەسەند بكرێت ، واتە تیۆرییەكە توانای سەلماندنی شێوەی (T) هەبێت بۆ گشت ڕستەكان[1].

(S) هەر ڕستەیەكە لە زمانەكەدا .

(P) لەجیاتی دادەنرێت لە ڕستەكەدا ، كە ( S ) وەردەگێڕێت ، بەدیلی (P) لە (T) دا نرخی واتایی (S) بۆ هەر ڕستەیەكی زمانەكە دەدات .

## 4–1/2) پەیوەندییە لۆژیكییەكان لە نواندنی مەرجی ڕاستەقینەدا .

لە لۆژیكدا بەرامبەر هەندێك دەربڕدراو هێمای تایبەتی بەكار هێنراون ، كە بە بینینیان دەتوانین خوێندنەوەیان بۆبكەین ، بەبیێ ئەوەی هیچ گرفتێك لە تێگەیشتندا ڕوو بدات ، ئەم هێمایانە كاریگەرییان لە سەر ڕستەی سادە و لێكدراو و ئاوێتەدا هەیە ، وەك هێماكانی :

[1] LeporeandLudwig ( 2005: 93 ) .

## 1–نەرێ ( بەرامبەری ) ~ . >>Negation<<

ئەم جۆری هێمایە پێچەوانەیی نیشاندەدات ، بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەو وشانە بەکاردەهێنرێت ، کە نەرێ دەکرێن ، هێمای ( ~ ) بۆ دانراوە .

44. p . منداڵەکان ئەمڕۆ چوون بۆ پارك . ~ q . منداڵەکان ئەمڕۆ بۆ پارك نەچوون.

کاتێك p ڕاست بێت ، ~ q هەڵەیە ، بەپێچەوانەشەوە .

| p~ | P |
|---|---|
| هـ | ڕ |
| ڕ | هـ |

خشتەی ( 2 )

## 2–ئامرازی یەکگرتن ( و ) ^ >>conjunctions<<

لە لۆژیکدا ئامرازی یەکگرتن بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازی ( و ) دوو ڕستەی سادە دەچنە پاڵ یەك و ڕستەی ناسادە پێکدەهێنن ، هێمای ^ بۆ بەکارهێنراوە .

45 .ا. : pلەنیا نان دەخوات .

ب. :q بەهێز یاری دەکات .

پ . لەنیا نان دەخوات و بەهێز یاریدەکات . دەربڕینی بەشێوەی هیما ( p ^ q ) .

کاتێك دوو ڕستەی سادەی ( p ) و ( q ) لە دەربڕاوێکی یەکگرتندا یەکدەگرن ، ڕستە لێکدراوەکەی پێکیدەهێنن بە هێمای ( p ^ q )دەردەبڕدرێن ، هێمای ( ^) بە ( و ) دەیخوێنینەوە ، لەکاتی دەربڕینی ڕستەکانی پەیوەستی ( p و q ) ، ئەگەر هەردوو دەربڕاوی ( p و q ) هەڵە بوون یان( p ) و ( q ) ، یەکێکیان هەڵە بوو ئەوی تریان ڕاست بوو ، ئەوا دەربڕاوەکە هەڵە دەبێت ، ئەگەر هەردوو دەربڕاوی ( p و q ) ڕاست بوون ، ئەوا دەربڕاوەکە ڕاست دەبێت ، کەواتە تەنها ڕێگە بۆ جیاکردنەوەی ڕاست و هەڵەیی دەربڕاوەکان ئەوەیە ، کە ئەگەر هەردوو بەشی دەربڕاوەکە ڕاست بن ، دەربڕاوەکە ڕاست دەبێت ، ئەگەر هەردوو بەشی دەربڕاوەکە یان یەکێکیان هەڵە بن ، دەربڕاوەکە هەڵە دەبێت .

| ^ p q | q | p |
|---|---|---|
| ڕ | ڕ(+خواردن)(+یاریکردن) | ڕ(+لەنیا)(+بەهێز) |
| هـ | هـ(+خواردن)(–یاریکردن) | ڕ(+لەنیا)(+بەهێز) |
| هـ | ڕ(+خواردن)(+یاریکردن) | هـ(+لەنیا)(–بەهێز) |
| هـ | هـ(–خواردن)(–یاریکردن) | هـ(–لەنیا)(بەهێز) |

خشتەی ( 3 )

ئەم خشتەیە بۆ ڕستەی سادەش هەر وایە ، بەڵام مەرجی ڕاستەقینەیی هەریەك لە ڕستەکان ئەژماردەکرێت.

46– لەنیا نان ناخوات و بەهێز یاریدەکات .

| ^ p q | q | p |
|---|---|---|
| ڕ | ڕ(–خواردن)(+یاریکردن) | ڕ(+لەنیا)(+بەهێز) |
| هـ | هـ(+خواردن)(+یاریکردن) | ڕ(+لەنیا)(+بەهێز) |
| هـ | ڕ(–خواردن)(+یاریکردن) | هـ(+لەنیا)(–بەهێز) |
| هـ | هـ(–خواردن)(–یاریکردن) | هـ(–لەنیا)(بەهێز) |

خشتەی(4 )

3– بەرانبەری . v>>disjunctions<<

ئامرازی جیاکەرەوەیی/ بەرانبەری لە لۆژیکدا لە دوو ڕستەی سادە بەهۆی ( یان ) ی جیاکەرەوەوە ڕستەیەکی ئاوێتە دروستدەکەن ، هێمای (v) بۆ دانراوە ، کاتێك دوو ڕستەی سادەی ( p ) و ( q ) لە دەربڕدراوێکی جیاکەرەوەیدا دەخرێنە پاڵ یەکتر ، دەربڕدراوە جیاکەرەوەییەکە بەشێوەی ( q vp ) ئاماژەی بۆ دەکرێت و هێمای (v) بە ( یان ) دەخوێنینەوە .

| ڕستەی سادە | ڕستەی ئاوێتە |
|---|---|
| 47. p : سەعاتەکە هێواشە . | q vp : سەعاتەکە هێواشە ، یان کاتەکەڕاستە . |
| q : کاتەکە ڕاستە . | |

دەربڕینی ڕستەکانی جیاکەرەوەیی ، ئەگەر هەردوو دەربڕاوی ( p و q ) هەڵە بوون ، ئەوا دەربڕاوەکە هەڵە دەبێت ، ئەگەر هەردوو دەربڕاوی ( p و q ) یان یەکێکیان ڕاست بوون ، ئەوا دەربڕاوەکە ڕاست دەبێت ، کەواتە تەنها ڕێگە بۆ جیاکردنەوەی ڕاست و هەڵەیی دەربڕاوەکان ئەوەیە ، کە ئەگەر هەردوو بەشی دەربڕاوەکە هەڵەبن ، دەربڕاوەکە هەڵە دەبێت ، ئەگەر هەردوو بەشی دەربڕاوەکە یان یەکێکیان ڕاست بن ،

دەربڕاوەکە ڕاست دەبێت ،وەك لە دەربڕاوی ( بەهێز فیزیا دەخوێنێت ، یان بەهێز زانست دەخوێنێت .) ڕاستە ئەگەر بەهێز زانست فێربووبێت ، هەروەها فیزیا ، دەربڕاوی ( سەعاتەکە هێواشە یان کاتەکە ڕاستە ) دەربڕاوێکی هەڵە دەبێت تەنها ئەگەر هەردوو بەشی ڕستە ئاوێتەکە هەڵەبن[1] : وەك لەم خشتەیەدا دەیخەینە ڕوو :

| p vq | q | p |
|---|---|---|
| ڕ | ڕ(+ڕاست) | ڕ(+هێواش) |
| ڕ | ه(− ڕاست) | ڕ(+هێواش) |
| ڕ | ڕ(+ڕاست) | ه(−هێواش) |
| ه | ه(−ڕاست) | ه(−هێواش) |

خشتەی ( 5 )

4− ئەگەر ....، پاشان ..... ⟶

ئەم جۆرە بەکاردەهێنرێت بۆ پەیوەستکردنی ڕستەکان پێکەوە ، کە ڕستەی یەکەمیان ڕستەیەکی مەرجی / حاڵەتیی مەرجییە ، ڕستەکەی تریان ئەنجامەکەیەتی ، بەشێوەی ($p \rightarrow q$) ئاماژەی بۆ دەکرێت ، پێیان دەوترێت دەربڕاوە مەرجدارەکان ، کاتی دەربڕینی ڕستەکانی مەرجداری ، ئەگەر هەردوو دەربڕاوی ( p و q ) هەڵە بوون ، ئەوا دەربڕاوەکە ڕاست دەبێت ، ئەگەر هەردوو دەربڕاوی ( p و q ) ڕاست بوون ، ئەوا دەربڕاوەکە ڕاست دەبێت ، ئەگەر p ڕاست بێت و q هەڵەبێت ، دەربڕاوەکە هەڵە دەبێت ، بە پێچەوانەوە ئەگەر p هەڵە بێت و q ڕاست بێت دەربڕاوەکە ڕاست دەبێت ، کەواتە تەنها کاتێك دەربڕاوەکە هەڵە دەبێت ، کە p ڕاست و q هەڵەبێت ، لە بارەکانی تردا دەربڕاوەکە ڕاست دەبێت ، دەربڕاو " ڕاستە تەنها ئەگەر p ڕاست بێت "[2]بۆ نموونە ،

48 . ئەگەر کاتم بەفیڕۆ نەدایە ، لە کاتی خۆمدا ماستەرەکەم بەدەست دەهێنا .

مەرجی بەدەستهێنانی ماستەرەکەم ئەوەیە کە کاتم بەفیڕۆ نەدایە ، بەڵام لەبەر ئەوەی کاتم بەفیڕۆ داوە نەمتوانیوە لەکاتی خۆمدا بەدەستی بهێنم .

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

ا- H. Enderton , Herbert B. Enderton (2001 .

ب- M. Gezareli )2007(.

[2] F . Bocchin , M.Dellutri , S. Caputo ( 2015 : 39 ) .

| q ← p | q | p |
|---|---|---|
| ڕ | ڕ(+ بەدەستهێنان) | ڕ(–کات بەفیڕۆدان) |
| ھ | ھ(– بەدەستهێنان) | ڕ(–کات بەفیڕۆدان) |
| ڕ | ڕ(+ بەدەستهێنان) | ە(+ کات بەفیڕۆدان) |
| ڕ | ھ(– بەدەستهێنان) | ھ(+ کات بەفیڕۆدان) |

خشتەی ( 6 )

5– ئەگەر و تەنها ئەگەر ↔

زانینی مەرجی ڕاستەقینەیی بەواتای زانینی واتای ڕستە دێت ، ئەگەر بڵێین :

49 . فەردەیەك شەكر لە كۆگای زەخیرەكەماندایە .

ڕستەی ( 49 ) ڕاستە ، ئەگەر و تەنها ئەگەر فەردەیەك شەكر لە كۆگای زەخیرەكەماندا بێت .

نەخشەكەی بەمجۆرەیە :

ڕ "_____" ڕاستە ، ئەگەر و تەنها ئەگەر _____.[1]

لەكاتی دەربڕینی ڕستەی لەم جۆرەدا ، ئەگەر هەردوو دەربڕاوی ( p و q ) ڕاست یان هەڵە بوون ، ئەوا دەربڕاوەكە ڕاست دەبێت ، ئەگەر p ڕاست بێت و q هەڵەبێت ، بە پێچەوانەوە ، دەربڕاوەكە هەڵە دەبێت ، كەواتە كاتێك p و q وەك یەك بوون دەربڕاوەكە ڕاست دەبێت ،

| q ↔ P | q | P |
|---|---|---|
| ڕ | ڕ(+فەردەیەك شەكر) | ڕ(+كۆگا) |
| ھ | ھ(–فەردەیەك شەكر) | ڕ(+كۆگا) |
| ھ | ڕ(+فەردەیەك شەكر) | ھ (–كۆگا) |
| ڕ | ھ(–فەردەیەك شەكر) | ھ(–كۆگا) |

خشتەی ( 7 )

P و q لەجیاتی ڕستەی هەواڵی لە تێكستە لۆژیكییەكاندا بەكاردەهێنین ، وەك لە خشتەی ( 8 ) دا ، هەریەك لە دوو ڕستەی هەواڵی P و q دەتوانن ڕاست یان هەڵە بن ، واتە p دوو نرخی ڕاستەقینەیی ڕاست و هەڵەی هەیە .

[1] Irene Iteim &Angelika kratzer(2000: 1) .

| ڕستە | مەرج | نەرێ ~ | یەکگرتن و | جیاکردنەوە یان | ئەگەر p پاشان q | P ئەگەر و تەنها ئەگەر q |
|---|---|---|---|---|---|---|
| P | q | ~ p | P^ q | Pv q | P→ q | P↔ q |

خشتەی ( 8 )[1]

## (5–1/2 خشتەی ڕاستەقینەیی >>truth table<<ولێکدانەوەی پەیوەندییەکان .

ڕێگایەکی گونجاو بۆ ڕێکخستنی نرخی/بەهای ڕاستەقینەیی دەربڕاوە جیاوازەکان ، ڕێگای بەکارهێنانی خشتەی ڕاستەقینەییە ، کە بەشە ستوونییەکانی ڕوونکردنەوەکانن و بەشە ئاسۆییەکانیشی دەمەتەقێ و سیناریۆی شیاون ، خشتەکە هەموو سیناریۆ شیاو و نرخی ڕاستەقینەییەکان لەخۆ دەگرێت و بەشێوەیەکی گشگیر وەسفی بارەکانی جیهان دەکات ، کە تیایدا ڕوو دەدەن ، ( دەتوانین خشتەی ڕاستەقینەیی بەکاربێنین ، چونکە مەرجی ڕاستەقینەیی ڕستەکان پشت بەستوون بە مەرجی ڕاستەقینەیی بەشەکانیان )[2] ، بۆیە یەکێك لە سادەترین تۆمارەکانی خشتەی ڕاستەقینەیی بەهای ڕاستەقینەییە بۆ دەربڕاوکان ، کە نەرێییە ، هەمیشە بەرامبەر دەربڕینەکان و نەرێنییەکان بەهۆی پێناسەکانەوە نرخی ڕاستەقینەیی هەیە و لە خشتەی ڕاستەقینەدا نیشاندەدرێت .

1– خشتەی ڕاستەقینەیی لە نەرێ دا

| ~ P | p |
|---|---|
| ھ | ڕ |
| ڕ | ھ |

خشتەی ( 9 )

2– خشتەی ڕاستەقینەییەکان کەمێك ئالۆزتر دەستدەکەون ، کاتێك پەیوەندی یەکیەتی و جیابوونەوەی دەربڕاوەکان دەگرنەوە ، ئەم خشتەیەی خوارەوە خشتەی ڕاستەقینەیی بۆ ( p ، q ، p ^ q ، p v q ) ڕووندەکاتەوە ، کە هەموو بەهاکان ڕاستن و هەموو ئەگەرەکان بۆی ڕوونکراونەتەوە .

[1] ( 37 : 2013) Adrián Slavkovský .

[2] ( 9 : 2008 ) William G. lycan

| p | q | ^ p q | q v p |
| --- | --- | --- | --- |
| ڕ | ڕ | ڕ | ڕ |
| ڕ | ه | ه | ڕ |
| ه | ڕ | ه | ڕ |
| ه | ه | ه | ه |

خشتەی ( 10 )

3–خشتەی ڕاستەقینەیی بۆ >>implication<< ، یان دەربڕاوە مەرجدارەکان بەم شێوەیە دەبێت :

| P | q | q ← P |
| --- | --- | --- |
| ڕ | ڕ | ڕ |
| ڕ | ه | ه |
| ه | ڕ | ڕ |
| ه | ه | ڕ |

خشتەی ( 11 )[1]

یەکەمی دوو ئەگەرەکان ڕاست دەبن ، ئەگەر ( p ) ڕاست و ( q ) ڕاست بن ، پاشان (q ← P ) ڕاستە ، هەروەها ئەگەر ( p ) ڕاست و ( q ) هەڵە بێت ، پێویستە ( q ← p ) هەڵە بێت ، دواین دوو ئەگەرەکان کاتێك ( p ) هەڵەبێت ، قورسترە تا بڕیار بدەین ، ئەگەر ( p ) هەڵە بێت ، پاشان دەرکەوتنی >>implication<< لەگەڵ ( p ) هەر وەك گریمانەیەکە ناتوانیت ڕووبەڕووی ببیتەوە ، مەرجە کە ( p ) ڕاست بێت هەروەها ( q ) ناتوانێت ڕاست یان هەڵە بێت ، یەکێك لە ڕێگاکان وەك دەردەکەوێت پەسەندکراو نییە ، لەبەرئەوەی مەرجەکە ڕەچاو کراو نییە ، بۆیە >>implication<< وەك ڕاستەقینەیی دەوەستێت ، خشتەی ڕاستەقینەیی تێگەیشتنە لە دەربڕاوی مەرجداری پێوانەیی ، ئێستا دەڕوانینە خشتەی ڕاستەقینەیی هەڵوگێڕاو >>inverse<< ، پێچەوانە >>converse<< ، دژ >> contra positive<<.[2]

---

[1] Adrián Slavkovský ( 2013 : 39 ) .

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

ا- Herbert B. Enderton (2001 : 25).

بەسەرجدان لێی دەردەکەوێت ، کە دژ >>contra positive<< وەك >>implication<<ی گشتی هەمان نرخی ڕاستەقینەیی هەیە ، هەروەها هەڵەوگێراو >>inverse<< و پێچەوانە >>converse<< هەریەکێکیان دژ >>contra positive<< ن ، لەبەرئەوە نرخی ڕاستەقینەیان هاوتا و یەکسانە >>equivalent<< .

| q~ ← p~ | q←p | q~← p~ | p←q | q ~ | P ~ | q | p |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕ | ڕ | ڕ | ڕ | ه | ه | ڕ | ڕ |
| ه | ڕ | ڕ | ه | ڕ | ه | ه | ڕ |
| ڕ | ه | ه | ڕ | ه | ڕ | ڕ | ه |
| ڕ | ڕ | ڕ | ڕ | ڕ | ڕ | ه | ه |

خشتەی ( 12 )

>>Converses<< ئەو پەیوەندییە واتاییە کە هەرچەندە وشەکان واتاکانیان دژیەکە ، بەڵام واتای یەکێکیان لەوی تریاندا هەیە ، بۆ نموونە " کڕین و فرۆشتن ".

ا.50 . شنۆ خانووەکەی بەرزانی کڕی . شنۆ = x

ب. بەرزان خانووەکەی بە شنۆ فرۆشت . بەرزان = y

واتە ئەگەر x خانوو لە y بکڕێت ، واتای ئەوەیە بەدڵنیاییەوە y خانوو بە x دەفرۆشێت .

لە خشتەی ڕاستەقینەدا دەتوانرێت دوو دەربڕاوی جیاواز یان زیاتر هەبێت ، وەك دەربڕاوە جیاوازەکانی ( p ، q ، r ، s ) ، لە یەك خشتەی ڕاستەقینەیدا .

---

ب- Mark Gezareli (2007 : 164 ) .

| s | r | q | p |
|---|---|---|---|
| ڕ | ڕ | ڕ | ڕ |
| ڕ | ڕ | ڕ | ه |
| ڕ | ڕ | ه | ڕ |
| ڕ | ه | ڕ | ڕ |
| ه | ڕ | ڕ | ڕ |
| ڕ | ڕ | ه | ه |
| ڕ | ه | ڕ | ه |
| ه | ڕ | ڕ | ه |
| ڕ | ه | ه | ڕ |
| ه | ڕ | ه | ڕ |
| ه | ه | ڕ | ڕ |
| ه | ه | ه | ه |

خشتەی ( 13 )

ئەگەر سێ دەربڕراوی (p ، q ، r ) مان هەبێت ، بمانەوێت نرخەکانی (~ (qv P ) و (~ p ^r ) بدۆزینەوە ، بەهۆی بیرە لۆژیکییەکانی خشتەی ڕاستەقینەوە دەتوانین بیاندۆزینەوە .

| ( r^ p ~) | ( qv P) ~ | R | q | p |
|---|---|---|---|---|
| ه | ڕ | ڕ | ڕ | ڕ |
| ه | ڕ | ه | ڕ | ڕ |
| ه | ه | ڕ | ه | ڕ |
| ڕ | ڕ | ڕ | ڕ | ه |
| ڕ | ڕ | ڕ | ه | ه |
| ه | ڕ | ه | ڕ | ه |
| ه | ڕ | ه | ه | ه |

خشتەی (14 )[1]

[1] Emest Lepore , Sam Cumming ( 100 : 2009 ) .

هەروەها لە ڕستەکانی p و q و r داوادەکرێت نرخەکانی (q^p ) v ~r و P (~ r^q) بدۆزرێنەوە ، بەمشێوەیەی خوارەوە هەنگاو بەهەنگاو نرخەکانیان دیاریدەکەین :

| (r^q ~) ←P | r~ v ( q^p) | r^q ~ | q^P | r~ | q ~ | r | q | p |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ھ | ڕ | ھ | ڕ | ھ | ھ | ڕ | ڕ | ڕ |
| ھ | ڕ | ھ | ڕ | ڕ | ھ | ھ | ڕ | ڕ |
| ڕ | ھ | ڕ | ھ | ھ | ڕ | ڕ | ھ | ڕ |
| ھ | ڕ | ھ | ھ | ڕ | ڕ | ھ | ھ | ڕ |
| ڕ | ھ | ھ | ھ | ھ | ھ | ڕ | ڕ | ھ |
| ڕ | ھ | ڕ | ھ | ھ | ڕ | ڕ | ھ | ھ |
| ڕ | ڕ | ھ | ھ | ڕ | ھ | ھ | ڕ | ھ |
| ڕ | ڕ | ھ | ھ | ڕ | ڕ | ھ | ھ | ھ |

خشتەی ( 15 )

شێوازێکی تری بەکارهێننی خشتەکانمان هەیە بۆ گەیشتن بە نرخی ڕاستی و هەڵەی داواکراوەکان ، بەڵام ئاڵۆزترە ، وەك لە خشتەی ( 16 ) خراوەتە ڕوو :

| Rv ( Q~vP~ ) R←Q^P | R | Q | P |
|---|---|---|---|
| ڕ ھ ڕ ڕ | ڕ | ڕ | ڕ |
| ھ ھ ھ ڕ | ھ | ڕ | ڕ |
| ڕ ڕ ڕ ھ | ڕ | ھ | ڕ |
| ڕ ڕ ڕ ھ | ھ | ھ | ڕ |
| ڕ ڕ ڕ ھ | ڕ | ڕ | ھ |
| ڕ ڕ ڕ ھ | ھ | ڕ | ھ |
| ڕ ڕ ڕ ھ | ڕ | ھ | ھ |
| ڕ ڕ ڕ ھ | ھ | ھ | ھ |

خشتەی ( 16)[1]

[1] Robert Lover ( 2008 :162) .

کاتێك لێکۆڵینەوە لە دەربڕاوێکی وەك ( ئەگەر خۆر بدرەوشێتەوە ، پاشان گیا گەشە دەکات ) دەکەین ، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە دەربڕاوە لۆژیکییەکان و ئاشنا بوونە پێیان ، هەروەها گونجاندنی دەربڕاوە لۆژیکییەکانیش لەگەڵ ئەندازەدا ، تێگەیشتنە لە پێناسەی شێوە ئەندازەییەکان و مەرجەکان ، کە دەکرێت بە شێوەیەکی گونجاو لە بەڵگە ئەندازەییەکاندا بەکار بێن و سەلماندنی بەڵگە ئەندازەییەکان لە دەربڕاوەکاندا ، ئەگەر پێناسەیەك بە نەگونجاوی بەکارهات ، یان ئەگەر ڕاست نەبن یان زۆر بەکار هاتن ، بەکارهێنانێکی تایبەت دەگرنە خۆ و بەڵگەکان سودیان نابێت ، لەوانەیە لە بارێکدا ( چوار لا )یەك بدرێت و بوترێت ( گۆشە دژەکانی جووت دەبن ) ، بیردەکەینەوە و وا دادەنێین ، کە چوار لاکە لاتەریبە ، بەڵام ئایا دەتوانین لەوە دڵنیا ببین ؟

دەپرسین ، کە ئایا ( گۆشە بەرامبەرەکانی لاتەریبێك هەمیشە جووتن )؟ ، ئایا ژمارەیەکی تر هەیە ، کە گۆشە بەرامبەرەکانی جووتن ؟

لە ڕاستیدا کاتێك بمانەوێت ڕاستی دەربڕاوێك بپشکنین و بگەڕێین بە دوایدا ، یەکەم هەنگاو کە دەینێین ئەوەیە کە دەربڕاوەکە وەردەگێڕین ، بەوەی ( ئەگەر چوار لا لاتەریبە ، پاشان گۆشە دژەکانی جووتن.) ، هەنگاوی دووەم ئەوەیە ، ( ئەگەر گۆشە دژەکانی چوارلایەك جووت بوون ئەوا ئەو چوار لایە لا تەریبە). لەم بار و دۆخەدا هەستدەکەین ، کە هەردوو دەربڕاوەکە ڕاستن ، واتە هەریەك لە دەربڕاوەکان پێناسەی ڕاستن بۆ لاتەریبەکە [1] .

پەیوەندی لەمجۆرە بە درێژایی هەموو ئەندازە هەیە و دەستدەکەوێت ، ئەمەش ئامانجی کۆتایی نییە ، بۆئەوەی بتوانین خشتەی ڕاستەقینەیی تەواو بکێشین لەگەڵ ژمارەیەکی لە ڕادەبەدەر دەربڕاوی جیاواز و پێکهێنانی ڕیزە ئاسۆیی و ستونییەکان لە خشتەی ڕاستەقینەیدا ، پێویستە بزانین ، چۆن بە شێوەیەکی گونجاو پێناسەکان بەکاردێنین و تاقییاندەکەینەوە ، بۆیە لە سەلماندنەکاندا هەڵە ناکەین ، هەموو ئەوەی کە دەبێت بدرێت نەخشە کێشانێکە و پێویستە لێی بزانین ، هەروەها قۆناغی داشکاندنی بیرکردنەوەکان باشن ، ئەگەر هاتوو هەموو هەنگاوەکان بەشێوەکی ڕاست بوون ، دەرئەنجام گومان لێنەکراو دەبێت .

---

[1] Alfred Jules (2012 : 27) .

## 6–1/2) بەربەستەکانی هاتنە ناوەوەی مەرجی ڕاستەقینە .

1– لە زماندا دەبێت بە ناچاری وەك ڕێسا کۆمەڵێك یاسا هەبن ، کە بەهۆیانەوە ڕستەکان لەگەڵ دەستەیەك لە مەرج جووت دەکات ، چونکە بەبێ ئەو یاسایانە زەحمەتە ژمارەیەکی بێسنوور ڕستە لە بەرچاو بگیرێت و لە زماندا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت ، پێویستە ئەوەش ڕەچاو بکرێت ، کە دەشێ واتا وەك سەرچاوە و گەڕانەوە بۆ بابەتێکی بنجی وەك هاوتا لەگەڵ هەقیقەت لە دنیای دەوروبەردا سەیر بکرێت ، دەکرێت وەك نموونەیەك لە زماندا وەربگیرێت ، لەبەرئەوەی لە زماندا زۆر ڕستە دەبینین کە پەیڕەوی ڕێبازی نیشانەکردن >>Denotation approach<< ناکەن ، بۆیە لەو بارانەدا دەبێت پەنا ببەینە بەر لێکدانەوە و شیکردنەوەی بیری ، کەواتە هەر کاتێك ڕێبازی نیشانەکردن لە ئارادا نەبوو ، پەنا دەبرێتە بەر لێکدانەوەی بیری .[1]

2– تیۆری مەرجی ڕاستەقینەیی بەگشتیکردن >>generalization<< ێکە ، لەبەرئەوەی مەرجی ڕاستەقینەیی ڕستەکان دەکرێت ئەوە بسەلمێنن ، کە تاڕادەیەك بێسوودن ، کاتێك واتای قسەکەر لە واتای ڕستەکە جیاواز بێت ، ئامانجی تیۆری سیمانتیکیش دیاریکردنی واتای ڕستەیە بە مەبەستی فراوانکردنی ئەو دەقەی ڕستەکەی تێدا دەربڕاوە تا بزانرێت لەلایەن قسەکەرەوە چی وتراوە ؟

3–هەندێك ڕستە بەتەواوی پڕ واتا نین ، تا ڕێگە بەدیاریکردنی مەرجی ڕاستییان بدرێت ، بۆیە دەبێت پەنا ببرێتە بەر هەڵهێنجانی واتای دەقی ، کە مەبەست و نیازی قسەکەریش دەگرێتەوە ، سیمانتیك ڕێگە بە زانیاری پرگماتیکی دەدات ، لەناویاندا گریمانەی دەربارەی نیازو مەبەستەکانی قسەکەریش ، تا بچنە ناو لێکدانەوەی واتای ڕستە ، دیارە ئەوەی لەلایەن قسەکەرەوە دەردەبڕدرێت ڕاست یان هەڵەیە .[2]

4– یەکێك لەو ڕەخنانەی لە مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکی دەگیرێت ئەوەیە کە تەنها بۆ پەسنکردنی واتای ڕستەی خاوەن مەرجی ڕاستەقینەیی دەگونجێت ، کە ڕستەی هەواڵییە ، بۆ پەسنکردنی ڕستەی ( فەرمانی و پرسیار و سەرسوڕمان ...هتد ) گونجاو نییە[3]، چونکە ئەم ڕستانە نە ڕاست نەهەڵەن ، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بارەش ژیربێژی زمان هەوڵێکی گەورەی نا و پێشنیازێکی بۆ جیاکردنەوەی سنووری سیمانتیك و پراگماتیك خستەڕوو .

---

[1] K. M . Jaszczolt ( 2002 : 172 ) .

[2] سەرچاوەی پێشوو .

[3] محمد مەحوی ( 2009 : 233 ) ب .

## 2/2) مەرجی ناڕاستەقینەیی >>Non Truth – Conditional<<

فەیلەسووف و زمانەوانان تەنها بەوەوە ناوەستن کە پێکهاتەکانی زمان پڕ واتا بن ، لەو دەربڕینانەی تیایاندا ڕوودەدەن هاوبەشی لەمەرجی ڕاستیدا نەکەن ، " لە بواری پەیوەندی نێوان زمان و واقیعدا ئەو دەربڕاوانەی هاوبەشی لەمەرجی ڕاستەقینەییدا ناکەن لەژێر ناونیشانی مەرجی ناڕاستەقینەیدا جێیان دەبێتەوە "[1] ، واتە ئەو دەربڕاوانەی بەهۆی سیمانتیك و لێکدانەوەیان لە مێشکدا ناتوانین بگەین بەمەرجی ڕاستەقینەییان ، ئەو دەربڕاوانەن کە دەکەونە باری مەرجی ناڕاستەقینەوە و لە بەکارهێناندا دەردەکەون ، هەریەك لە تیۆرییەکانی مەرجی ڕاستەقینەو مەرجی ناڕاستەقینە و گشت تیۆرییە واتاییەکان بەدوای واتای ڕستەکاندا دەگەڕێن .

" ڕەنگە واتاکان جیاواز بن ، چونکە واتاکان لەسەرچاوەی جیاواز جیاوازەوە دێن ، بەڵام ئەمە لەوە کەمناکاتەوە کە سەرجەمی ئەو واتایانە لەڕێگەی مەرجی ڕاستەقینەیانەوە شیدەکرێنەوە و ڕووندەکرێنەوە "[2] ، ئەو شرۆڤەکردنە بەرەو ئەو بیرەمان دەبات کە بڵێین ، دۆزینەوەی مەرجی ڕاستەقینە لە ڕێگەیەکی تەواوکاریانەی پێکهاتەی درککردنەکانەوە لە واتا جیاجیاکاندا دەدۆزرێتەوە ، ئەم بارەش بەرەو پەیوەندی نێوان ( ڕاستی و زمان ) ڕاماندەکێشێت ، کە هەندێکجار خۆی لە مەرجی ناڕاستەقینە>>Non truth – conditional<< دا دەبینێتەوە .

مەرجی ناڕاستەقینە >>Non truth –conditional<< دیاردەی پراگماتیکییە و لە بەکارهێنانی زمانیدا دەردەکەوێت ، تیۆری بەکارهێنان لەسەر ئەو بیرۆکەیە دامەزراوە ، کە واتا تەنها لە بەکارهێنانی زماندا هەڵبژێردراوە و دەربڕاوە " بەتایبەتی پەیوەندی نێوان ڕستەکان و دەوروبەر و ئەو بارانەی زمانی تیادا بەکاردێت "[3] ، دەوروبەر>>Context<<[4] تاکە ڕێگایە کە واتای فەرهەنگی و واتای مەبەست

---

[1] C. Iten. (2005 : 2) .

[2] Strawson ( 1971: 177) .

[3] هۆشەنگ فاروق (2008 : 148) .

[4] دوو چەشنی سەرەکی دەوروبەر جیاکراونەتەوە :

1– دەوروبەری زمانی : ناوەوەی زمان دەگرێتەوە و قسەکەر بۆ لێکدانەوەی مەبەستی ڕستە دەربڕاوەکان بەکاریدەهێنێت، لە بەدوایەکدا هاتنی فۆنیم و وشەو دەستەواژە و ڕستەکاندا لە دەرورووبەرێکی دیاریکراودا ڕۆڵی بەدیدەکرێت ، دەوروبەری زمانی تەنیا باسی ناوەوەی زماندەکات ، پەیوەندی بە دەوروبەری گوتنەکەوە نییە .

لەکاتی بەکارهێناندا جیادەکاتەوە ، بەواتایەکی تر پراگماتیك باسی بەکارهێنان دەکات [1]، لێکۆڵینەوەیە لەواتای دەربڕاوەکان بەپێی دەوروبەر ، شوێن و کات و زانیاری دونیای و زانیاری هاوبەش ، ڕەچاوکردنی بارودۆخی دەربڕینەکان و ئەومەبەستەی قسەکەر دەیەوێت بیگەیەنێت ، هەروەها لێکۆڵینەوە لە گریمانە پێشینەییەکان[2] بۆ نموونە کاتێك دەڵێین :

51. لەنیا کچێکی زیرەکە .

لەسیمانتیکدا دەبێت کەسێك هەبێت ناوی لەنیا بێت و زیرەك بێت ، بەڵام لە پراگماتیکدا کە لێکدانەوەی واتا بەپێی بەکارهێنانەکەیەتی دەبێت بزانین ( لەنیا ) کێیە و کچی کێیە و خەڵکی کوێیە و قسەکەر بۆ گەیاندنی چی مەبەستێك دەڵێت زیرەکە ، ئایا لەخوێندندا زیرەکە یان لە کارێکدا ، ئەمەش بە پێی بەکارهێنان لە دەوروبەردا و بەهۆی بارودۆخی ئاخاوتنەوە شرۆڤەی واتایی بۆ دەکرێت و دەگەین بەمەرجی ڕاستەقینەیی .

52. باوەگەورەم بەتەمەنە .

هەروەها کاتێك بیر لە واتای دەربڕدراوێکی وەك ( 52 ) دەکرێتەوە ، بیر لەوە دەکەینەوە کە دەبێت بە چی مەبەستێك وترابێت ، بۆنموونە کەسەکان چەندین بیر بە مێشکی خۆیاندا دەهێنن و گریمانەی دەکەن بەمەبەستی هاوتاکردنی بیرکردنەوە و گریمانەکان لەگەڵ تایبەتمەندێتی واتای " پیری " لەژیانی واقیعدا ، تا واتای ڕستەکە و واقیع بەرامبەر بەیەك بوەستنەوە ، ئەوکاتە دەتوانین دوو تێڕوانینمان بەرامبەر ڕستەکان هەبێت ، بۆ نموونە ڕستەکان لە وشە پێکدەهێنرێن و وشەکانیش واتای فەرهەنگی خۆیان هەیە ، زۆرجاریش وا ڕێکدەکەوێت لە پاڵ واتای فەرهەنگی مەبەستی قسەکەر و دەقیش سەرهەڵدەدەن ، ئەو کاتە دەبێت گریمانە یان پێشبینی بکەین[3] ، کەواتە هەروەك چۆن ڕستە لە وشە پێکدێت ، پێشنیار و واتا >>proposition<< لەبیر پێکدێت .

بانە و لانە لەبارەی کەسی سێیەمەوە کە بەهارە قسەدەکەن :

---

2– دەوروبەری نازمانی : دەرەوەی زمان دەگرێتەوە و بەشێکە لە دەوروبەری گشتی ، دابەشدەبێت بۆ چەند جۆرێکی وەك ( دەوروبەری سۆزەکی ، دەوروبەری فیزیکی و دەوروبەری کۆمەڵایەتی و دەوروبەری کەلتوری و دەوروبەری چوارچێوەی بار ) ( ئارام عبدالواحید ، 2013: 216–217 ).

[1] S.C.Levinson ( 1983: 5 ).

[2] لە پاری یەکەمی ئەم بەشەدا بەتەواوی ڕوونکراوەتەوە .

[3] K. M . Jaszczolt(2002 :38) .

53.ا  لانه : بەهار بۆ پیرۆزبای خانووەکەتان چی بۆ هێنایت ؟

ب.  بانه : فرێنێکی بۆ هێنام ، هەرچەندە دانەیەکی تریشم بۆ هاتبوو .

مەرجی ڕاستەقینە لەم ڕستەیەدا تەنها ئەو کاتەیە ، کە بەهار فرێنێکی بۆ بردبێت و دوای ئەویش دانەیەکی تری بۆ چووبێت .

هەندێ ڕستە بەبێ دەوروبەر ناتوانن مەرجی ڕاستەقینە بەدەستەوە بدەن ، بۆ نموونە ،

54. بەهێز دەڕوات ( بۆ کوێ )

55. ڕەشەبایە ( لە کوێ )

56. نمە زۆر منالە ( بۆ ئەوەی چی )

57. کارەسات بوو ( چی )

هەریەك لەم دەربڕاوانە ناتوانین لێکدانەوەی واتایان بۆ بکەین ، تا ئەو کاتەی دەیانبەستینەوە بە دەوروبەرەوە ، چونکە بەبێ بوونی دەوروبەر ناتوانین لە مەبەستی قسەکەر بگەین . وەك:

58 . لە سلێمانی ڕەشابەیە .

59. نمە زۆر منالە بۆ ئەوەی کە باسی سیاسەت بکات .

هەندێك ڕستە و دەربڕاو هەن " یەکەی زانیارییان تێدا نییە و شیکردنەوەی ڕاستی و ڕاستەقینەییان بەسەردا جێبەجێناکرێت "[1] ئەو دەربڕاوانە دەگرێتەوە ، کە قسەکەر مەبەستی زانیاری گەیاندن نییە ، بەڵکو بۆ سەرسوڕمان و دەربڕینی هەستونەستە ، واتای هەستونەست و واتای کارتێکەرانە دەگەیەنێت ، وەك لە ( 60 ) دا :

60 . ا . ئای خوایە ، چەند بەتوانایە !

ب . ئای چەند ئاسودەم !

---

[1] محمد مەحوی (2009: 130) ب

له ( 60.ا وب ) دا قسەکەر مەبەستی گەیاندنی زانیاری نییە ، بەڵکو بۆ سەرسورمان دەربڕیوە و واتای کارتێکەرانەیە ، قسەکەر بۆ دەربڕینی هەستونەست دەربڕیوە و واتای هەستونەستی هەیە .

ئاماژە و نیشاندەر[*]ەکانی ( کەس و کات و شوێن )ی وەك ( من /ئەو ، ئێستا / دوێنێ ، ئێرە / ئەوێ ، .... هتد ) بەبێ ئاماژەدان بە مەبەستی قسەکەر ئاماژەکانیان بڵاونین و واتای ئاشکرا لەخۆ ناگرن ، ئەمەش بەواتای ئەوە دێت ، مەرجی ڕاستەقینە کاتێك دەردەکەوێت کە ڕستەکان لە دەوروبەردا بەکار بێن و واتا ببەخشن .[1]

61 . من ئێستا کتێبەکانی ئێرە ڕێکدەخەمەوە .

بەهۆی دەوروبەرەوە ئاماژە و نیشادەرەکانی ( من ، ئێستا ، ئێرە ) دەستنیشاندەکرێن و دەزانین من بۆ کێ دەگەڕێتەوە و ئێستا مەبەست چ کاتێکە ، هەروەها ئێرە بۆ کوێ بەکار هاتووە ، ئەوکاتە دەتوانین ڕاستەقینەیشی دیاریبکەین .

بەشێوەیەکی گشتی پراگماتێك لێکۆڵینەوە لە شرۆڤەکردن و بەکارهێنانی دەربڕاوەکان دەکات ، کەچۆن پشت بە زانیاری دونیایی و زانیاری هاوبەشی ڕاستەقینە دەبەستن ، هەروەها قسەکەران کردەقسەییەکان چۆن بەکاردەهێن و تێیاندەگەن ، کردەی قسەیی<< speech act>> بەبناغەی سیمانتیکی دادەنرێت پێچەوانەی تێگەیشتنەکان بەپێی زاراوەو دەربڕاوەکان ، وادادەنرێت کە ئەوە ڕستە نییە ، بەڵام ڕاست یان درۆن ، قسەکەرەکان دەڵێن لەبەکارهێنانی ڕستەکاندا ڕاست یا هەڵە چین ، جۆرێکی تایبەتی کردە قسەییەکان تایبەتە بە بیرکردنەوە و پێکهێنانی ڕاستییەکان ، بەڵام لە بارەی واتای زاراوە/دەربڕاوە تایبەتییەکانەوە ڕاست نین[2] ، کردە قسەییەکان بەهۆی فۆڕمەکانی زمانەوە یان لەپشت فۆڕمە زمانییەکانەوە مەبەست و کردەکان جێبەجێدەکەن ، کە لە شێوەی ڕستەی ( هەواڵی و پرسیاری و فەرماندان و ئەنجامدان )دا دەردەبڕدرێن ، " ئەگەر لە ڕوانگەی واتاوە سەیربکەین هەموو ئاخاوتن و دەربڕینێك دوو دیوی هەیە ، کە دیوی ئاشکرا و دیوی شاراوەی واتای دەربڕینەکانن ، بەڕای زۆربەی

---

* indexical

[1] C. Iten) 2000 : 20 – 23 ) .

[2] بڕوانە :

ا– S.L.Tsohatzidis ( 2002 :328 ) .

ب- D.Vanderveken & S. cubo (2002 ) .

زمانەوانان قسەکەر مەبەستی دیوە شاراوەکەیە "[1]، قسەکەریش بۆ گەیاندنی مەبەستە شاراوەکەی واتا کردەی قسەیی بەکاردەهێنێت ، ( لە ڕوانگەی پراگماتیکییەوە قسەکەر بۆ دەربڕینی مەبەستەکەی ڕستەکە بە جۆرە ڕستەیەکی تر دەردەبڕێت ، کە پەیوەندی بە مەبەستە شاراوەکەوە هەیە ، بۆئەوەی بتوانێت لەهەر کاتێکدا پەشیمان ببێتەوە )[2] بۆ نموونە ،

62 . تکایە نان دەخۆم .

ئەم ڕستەیە وەك کردەیەکی هەواڵی دەرکەوتووە ، بەڵام بنەمای هەواڵگەیاندن زۆر لاوازە ، چونکە تکایە فۆڕمێکی داواکردنە و بۆ داواکردن لەگەڵ کردارەکەدا بەکار هاتووە ، کەواتە قسەکەر مەبەستی زانیاری و هەواڵگەیاندن نییە ، بەڵکو مەبەستی ئەنجامدانی کردارێکە لەلایەن بەرامبەرەوە ، مەبەستی بێدەنگ بوون یان چۆڵکردنی شوێنەکەیە .

هەندێجار ڕستەکان پشت بەدەوروبەر نابەستن زیاتر پشت بە نیەت و مەبەستی قسەکەر دەبەستن کە دەبنە مەرجی ڕاستەقینە ، بە پێی دەوروبەرە جیاوازەکان هیچ ئەژمێرێك بۆ کرۆك و کرۆکە ڕاستی ناکرێت ، تەنانەت ئەو ڕستانەش کە کرۆکە واتاکانیان مەرجی ڕاستەقینەی تێدایە و توشی گۆڕانکاری دەبن بەپێی دەروبەرە جیاوازەکان[3] ،چونکە وشەکان مەرج نییە لە هەموو ڕستەکاندا یەك واتایان هەبێت ، بەڵکو هەندێجار تێکەڵ بەدەوروبەر دەبێت ، بۆ نموونە لەم ڕستانەدا ( باش ) بۆ دوو واتای جیاواز بەکار هاتووە و بە هۆی دەروبەرەوە جیایان دەگەینەوە .

63. ا ئاری باش لە ئارشی دا .

ب. ئاری کوڕێکی باشە .

لە ڕستەی ( 63.ا ) باش بەواتای خراپ هاتووە و واتایەکی نێگەتیڤی هەیە ، لە کاتێکدا ( 63.ب ) بەواتای کەسێکی باشە و واتایەکی پۆزەتیڤی هەیە .

64. دوو مریشکم کڕی .

مەرجی ناڕاستەقینە >>non – truth conditional<< لەم ڕستەیەدا ئەوەیە ئەو مریشکانە مەرج نییە مریشك بن ، بەڵکو دەشێت کەڵەشێر بن .

---

[1] بەکر عومەر عەلی ، شێرکۆ حەمە ئەمین (2006: 47) .

[2] بەکر عومەر عەلی ، محەمەد عومەر عەول (2010: 14) .

[3] C . Iten ( 2005 :15) .

65. خانوەکەتان خانووەکەمانی کوشت .

ڕستەی ( 71 ) لەڕووی واتاییەوە هەڵەیە ، چونکە کرداری (کوشت) دەبێت لەگەڵ ( +زیندو ، + گیان ) ، بەڵام خانوو ( – زیندوو ) ، بۆ لێکدانەوەی واتایی پێویستمان بە دەوروبەرە و دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پراگماتیك و شیکردنەوەی پراگماتیکی بۆ بکەین ، بەپێی ئەو دەوروبەرەی تێیدا دەربڕاوە .

66. بەیان زۆر خراپ دەستی بڕا .

کاتێك دەڵێین دەستی ئایا مەبەست بەشێکی یان هەموو دەستێتی یان پەنجەکانی دەستێتی .

ئەگەر ناوەڕۆك و کرۆکی ڕستەکە هاوتابوو لەگەڵ واقیعدا و مەرجی ڕاستەقینەی تێدا بوو ئەوا ڕاستە ، بە پێچەوانەوە ڕستەکە هەڵە دەبێت .

## 3/2)ناسینەوە و دیاریکردنی مەرجی ڕاستەقینە لە پێکهاتەی ڕستەدا.

دەوترێت ڕاستی و ڕاستەقینەیی چەمکی سەرەکی لۆژیك و بیرکردنەوەی ڕستەکانن ، کەتیایدا مەرجی ڕاستەقینەیی لەڕوانگەی ڕاستی و هەڵەییەوە ڕستە و دەربڕاوەکان لە واقعدا هەڵدەسەنگێنێت و دەخاتە ڕوو ، لۆژیکیش ئەو زانستە تیۆرییەیە کە بیری دروست دێنێتە ئاراوە و هەموو دەربڕاوێکی ڕاست و هەڵە لەیەکتر جیادەکاتەوە ، مەرجی ڕاستەقینەیی مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕستە و دەربڕاوانەدا دەکات کە لۆژیك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات ، چونکە مەرجی ڕاستەقینەیی چەمکێکی سەرەکی لۆژیکە و ئامانج گەیشتنە بەواتای ئەو ڕستانەی کە ڕاستی و ڕاستەقینەییان لەخۆیاندا هەڵگرتووە .

### 3/2 –1) مەرجی ڕاستەقینە لە ئەرکەکانی ڕستەدا .

ڕستە بەپێی ئەو ئەرکەی کە دەیبینێت ، دەشێت هەواڵدەر ، پرسیار یان فەرماندان بێت ، کە بە پێی توانای هەڵگری ڕاستی و ناڕاستییەوە ، بەجۆرێك لە جۆرەکان مەرجی ڕاستەقینەیان تێدایە .

### 3/2–1–1)مەرجی ڕاستەقینە لەڕستەی ڕاگەیاندن /هەواڵدەر.

بەشێوەیەکی گشتی ڕستە هەواڵییەکان لەلایەن کەسەکانەوە بەکاردەهێنرێن و وەسفی بارودۆخەکانی جیهانی قسەکەر بەشێوەیەکی تەواو یان ناتەواو دەکەن ، کە دەشێت ڕاست یان هەڵە بن ، واتای ڕاستەقینەیی دەکرێت لە زماندا وەك ناوەڕۆکی ڕستە هەواڵییەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و هاوتای هەقیقەتی شتێك یان ڕوداوێك بێت کە بوونێکی ئاشکرای لە دونیای ڕاستەقینەدا هەیە[1] ، بوونی مەرجی ڕاستەقینەیی لە کرۆکی واتای ڕستە هەواڵییەکاندا هۆکارە بۆ گەیاندنی واتای وەسفکردنی بار و دۆخ و ڕووداوەکان لە جیهانی واقیعدا بەشێوەیەکی ڕاست .

زانیاری و ڕاگەیاندن بە ئەرکی سەرەکی زمان دادەنرێت ، مرۆڤ دەتوانێت بەهۆیەوە لە دەوروبەری خۆی و دیاردەکانی دەوروبەری بدوێ و تێبگات ، یەکەی زانیاری لە ڕستەی هەواڵیدا نرخێکی ڕاستی و ڕاستەقینەی دیاریکراوی تیایە، کە ڕاست یان چەوتە ، ئەم جۆری ڕستانە توانای سەلماندن و پەرپەرچدانەوەیان تێدایە ، چونکە دەشێت ڕاست یان هەڵە بن ، ڕستەی هەواڵی دەتوانرێت پرسیاری ناڕاستەوخۆی پێبکرێت ، فەرمان و پەیمانی پێبدرێت هەروەها هەست و نەستی قسەکەرشی پێدەربڕدرێت ،

. ( 53 : 2002 ) K.M.Jaszczolt [1]

ا.67 پێم گووت نە وەسفم بکات و نە لە پشتەوە زەمم بکات . $\sim q \wedge \sim p$

لە ڕستەی ( ا.67 ) زانیاریی دەربارەی فۆڕمی هەواڵی و ڕاستی و هەڵە هەن ، کە بۆلێکدانەوەی سیمانتیکی مەرجی ڕاستەقینەیی پێویستن .

ب. پێم گووت وەسفم بکات و لە پشتەوە زەمم نەکات . $\sim q \wedge p$

پ. پێم گووت وەسفم نەکات و لە پشتەوە زەمم بکات . $q \wedge \sim p$

ت. پێم گووت وەسفم بکات و لە پشتەوەش زەمم کات . $q \wedge p$

| q~^p~ | q^p~ | q~^p | q^p | q~ | p~ | q | p |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ه | ه | ه | ڕ | ه | ه | ڕ(–وەسف)(–زەم) | ڕ(+گوتم) |
| ه | ه | ڕ | ه | ڕ | ه | ه(+وەسف)(+زەم) | ڕ(+گوتم) |
| ه | ڕ | ه | ه | ه | ڕ | ڕ(–وەسف)(–زەم) | ه(–گوتم) |
| ڕ | ه | ه | ه | ڕ | ڕ | ه(+وەسف)(+زەم) | ه(–گوتم) |

خشتەی ( 17 )

ڕستەی هەواڵی لەبەرئەوەی سیمای ڕاستبوون یان هەڵەبوونی تێدایە ، پەشیمانبوونەوە لێی تا ڕادەیەك گرانە[1] نموونە ،

ا.68 . ئەگەر کاتم بەفیڕۆ نەدایە ، لە کاتی دیاریکراودا ماستەرەکەم بەدەست دەهێنا

ڕستەی ( ا.68 ) ڕستەیەکی هەواڵی مەرجییە ، سیمای ڕاستبوون و هەڵەبوونی تێدایە ، لەبەرئەوە پەشیمان بووونەوە لێی تا ڕادەیەك گرانە ، بەمشێوەیەی خوارەوە لە خشتەی ڕاستەقینەیدا دەیخەینە ڕوو :

ب. ئەگەر کاتم بەفیڕۆ نەدایە ، لە کاتی دیاریکراودا ماستەرەکەم بەدەست دەهێنا . $\sim p \longrightarrow q$

پ. ئەگەر کاتم بەفیڕۆ نەدایە ، لە کاتی دیاریکراودا ماستەرەکەم بەدەست نەدەهێنا . $\sim p \longrightarrow \sim q$

ت. ئەگەر کاتم بەفیڕۆ بدایە ، لە کاتی دیاریکراودا ماستەرەکەم بەدەست دەهێنا . $p \longrightarrow q$

ئەگەر کاتم بەفیڕۆ بدایە ، لە کاتی دیاریکراودا ماستەرەکەم بەدەست نەدەهێنا . $p \longrightarrow \sim q$

P (+ لە کاتی دیاریکراودا ماستەرەکەم بەدەست دەهێنا ).

q (– کاتم بەفیڕۆ دان ).

[1] ئاڤێستا کەمال( 2009: 98) .

| q~ ← p | q ← p | q ~← p~ | q ← p~ | q~ | p~ | q | p |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ه | ڕ | ڕ | ڕ | ه | ه | ڕ | ڕ |
| ڕ | ه | ڕ | ڕ | ڕ | ه | ه | ڕ |
| ڕ | ڕ | ه | ڕ | ه | ڕ | ڕ | ه |
| ڕ | ڕ | ڕ | ه | ڕ | ڕ | ه | ه |

خشتەی ( 18 )

## 2-1-3/2) مەرجی ڕاستەقینە لەڕستەی فەرماندان .

لە ڕستەی فەرمانیدا ڕستە پابەندی تاقیکردنەوەی ڕاست و هەڵە نییە و ناتوانێت هەڵگری ڕاستی یان هەڵەیی بێت ، چونکە قسەکەر ڕاستی و هەڵەیی زانیارییەکان نازانێت و چاوەڕوانی گوێگر دەکات بۆ دەستکەوتنی زانیاری و ڕاستییەکان ، هەروەها لەم جۆرەی ڕستەدا " پەنامەکیی ڕستیلەیی زیاتر ڕووبەڕووی هەڵوەشاندنەوە دەبێت ، لەبەرئەوەی خودی ڕستەکە لەسەر زانیارییەکی چەسپاو دانەمەزراوە و ڕاستێتی و هەڵەبوونێکی تێدا دەرناکەوێت "[1] ، بەجۆرێك دەتوانرێت پەنامەکییەکە بەهۆی ئاوازی ڕستە یان لە ڕێی کۆمەڵێك ڕستەی ڕوونکەرەوە هەڵبوەشێنرێتەوە ، لە ڕستەی پرسیار و فەرماندا کە هەڵگری ڕاستی نین ، گریمانەی پێشینەیان پێویست نییە و هەڵگری نین ، بەڵام دەبێت بەجۆرێك لە جۆرەکان مەرجی ڕاستەقینەیان هەبێت ، بۆ نموونە ،

69.ا. ئەو گڵۆپە بکوژێنەرەوە .

ب. ڕەحمەتی خوات لێبێت ، ئەو گڵۆپە ناکوژێنیتەوە ؟

ڕستەکانی ( 69.ا و ب ) لە ڕووی دەربڕینەوە جیاوازن ، هەرچەندە هەردوو ڕستەکە بۆ فەرماندان بەکارهاتوون ، بەڵام ڕستەی ( 69.ب ) بەشێوەی پرسیاردەربڕاوە ، یەکەی زانیاریش تیایاندا کوژاندنەوەی گڵۆپەکەیە ، مەرجی ڕاستەقینەش پشت بەستووە بە کوژاندەوەی گڵۆپەکەوە لەلایەن گوێگرەوە ، کەواتە پێویستە دوو مەرجی ڕاستەقینە بونیان هەبێت :

1- بوونی گڵۆپ .

---

[1] ئاڤێستا کەمال ( 2009: 98).

2– توانای کەسی بەرامبەر بۆ گوژاندنەوەی .

کەواتە ڕستەکە جۆرێك لە مەرجی تیایە ، ئەگەرچی ڕستەکە مەرجی تیا نییە .

70. قوماشەکەت بۆ ئەو ژنەی لای ماڵی خۆتان ببە، ڕەنگە ئەو جوانتر بیدورێت .

ئەم ڕستەیە لەسەر زانیاری چەسپاو دانەمەزراوە ، چونکە قسەکەر دڵنیا نییە لەوەی کە کامیان قوماشەکە جوانتر دەدورن ، لەبەرئەوە ڕاستی و هەڵەبوونی تێدا دەرناکەوێت و دەتوانرێت بەهۆی ڕستەی ترەوە هەڵبوەشێنرێتەوە .وەك :

. قوماشەکەت ببە بۆ ئەو ژنەی لای ماڵ خۆتان ، ڕەنگە ئەو جوانتر بیدورێت ، یان لەوانەیە قوماشەکەشت لەبەرچاو ببات .

## (3–1–3/2 مەرجی ڕاستەقینە لە ڕستەی پرسیاری .

ڕستەی پرسیاری لە ڕووی واتای گشتییەوە ئەو ڕستانەن ، کە لەسەر بناغەی زانین دانەمەزراون ، بەڵکو لە نەزانینەوە هاتوون ، واتە قسەکەر زانیاری لەسەر بابەتەکە نییە و چاوەڕوانی وەرگرتنی زانیاری لە گوێگر دەکات ، لە ڕووی ژیربێژییەوە نەڕاست نەهەڵەیە ، چونکە ڕاستی و هەڵەیی پەیوەندی پێوەی نییە ، کەواتە توانای ڕاست بوون یان هەڵەبوون هەڵناگرێت ، بەڵام لە ڕستەی فەرماندا کە هەڵگری ڕاستی نین ، گریمانەی پێشینەیان پێویست نییە و هەڵگری نین ، بەڵام دەبێت بەجۆرێك لە جۆرەکان مەرجی ڕاستەقینەیان هەبێت بۆ نموونە ،

71. ئایا تۆ حەزت لە بازرگانیکردنە ؟

ئەم ڕستەیە هیچ بەهایەکی ڕاستی تێدا نییە ، بەمەش هیچ ئاماژەیەکی نییە ، لەبەرئەوەی بەهای ڕاستی نییە شیکردنەوەی ڕاستی و ڕاستەقینەیی بەسەردا جێبەجێنابێت و مەرجی ڕاستەقینەشی نابێت ، قسەکەر چاوەڕوانی وەرگرتنی زانیارییە ، هەرچەندە گریمانەی پێشینەیی پێویست نییە ، بەڵام دەبێت بەجۆرێك مەرجی ڕاستەقینەیی هەبێت ، کەواتە پێویستە دوو مەرجی ڕاستەقینە بونیان هەبێت :

1–گوێگر حەزی هەبێت .

2–بوارەکە ڕێگە پێدراو بێت .

## 2 –3/2) مەرجی ڕاستەقینە لەڕستەی سادە و لێکدراو و ئاوێتە.

ڕستەکانی زمان لەڕوی پێکهاتەوە دابەشدەبن بۆ ڕستەی ( سادە و لێکدراو و ئاوێتە ) ، هەریەك لە ڕستەکان خاوەنی مەرجی ڕاستەقینەن ، بەڵام بە پێی پێکهاتەی ڕستەکان مەرجەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت .

### 1–2–3/2 مەرجی ڕاستەقینە لەڕستەی سادە .

هەموو ڕستەیەکی سادە تەنها یەك کرداری تێدایە و واتایەکی تەواو دەبەخشێت[1] ، نموونە ،

72. فەرمانبەران لە چاوەڕوانی مووچەدان .

ڕستەی ( 72) ڕستەیەکی سادەیە ، تەنها یەك کرداری تێدایە کە ( چاوەڕوانییە ) ، ئەم ڕستەیە ڕاستە ئەگەر و تەنها ئەگەر :

1–کەسانێك هەبن فەرمانبەر بن .

2– شتێك هەبێت بەناوی مووچە .

3– لە چاوەڕوانیدا بن بۆ وەرگرتنی مووچەکانیان .

73. ئەلەند زۆر حەز بە خواردنەوەی چا دەکات .

کرداری ڕستەکە کرداری لێکدراوی ( حەز کردن) ە ،

ڕاستە ئەگەر و تەنها ئەگەر :

1– کەسێك بوونی هەبێت بە ناوی ئەلەند .

2– شتێك هەبێت بە ناوی چا و بخورێتەوە .

3– زۆر حەز بە خواردنەوەی بکات .

### 2–2–3/2) مەرجی ڕاستەقینە لەڕستەی لێکدراو .

ئەو ڕستانەن ، کە لە دوو ڕستەی سادە یان زیاتر پێکهاتوون و بەهۆی ئامرازەکانی لێکدەرەوە پێکەوە دەبەسترێن ، نموونە ،

74 .ا. منداڵەکە لە دەرگای دا و ڕایکرد . q^p

.ب. منداڵەکە لە دەرگای دا و ڕاینەکرد . q~^p

. پ. منداڵەکە لەدەرگای نەدا و ڕایکرد . q^p~

. ت. منداڵەکە لەدەرگای نەداو ڕاینەکرد . q~ ^p~

---

[1] نوری عەلی ئەمین ( 1960 : 45 ).

P ( + منداڵ )

q ( + لەدەرگادان ) (+ ڕاکردن)

| q~^p~ | q^p~ | q~^p | q^p | q~ | p~ | q | p |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ه | ه | ه | ڕ | ه | ه | ڕ(+ لەدەرگادان )(+ ڕاکردن) | ڕ( + منداڵ) |
| ه | ه | ڕ | ه | ڕ | ه | ه(+لەدەرگادان )(–ڕاکردن) | ڕ( + منداڵ) |
| ه | ڕ | ه | ه | ه | ڕ | ڕ(– لەدەرگادان )(+ ڕاکردن) | ه( –منداڵ) |
| ڕ | ه | ه | ه | ڕ | ڕ | ه(– لەدەرگادان )(– ڕاکردن) | ه(–منداڵ) |
| ه | ه | ه | ڕ | ه | ه | ڕ(– لەدەرگادان )(– ڕاکردن) | ڕ( + منداڵ) |

خشتەی ( 19 )

75.ا. خوێندکاران ئامادەن بوون بۆ تاقیکردنەوە ، بەڵام تاقیکردنەوەکەیان دواخرا . qvp

ب. خوێندکاران ئامادە بوون بۆ تاقیکردنەوە ،بەڵام تاقیکردنەوەیان دواخرا . q~vp

پ. خوێندکاران ئامادە نەبوون بۆ تاقیکردنەوە ، بەڵام تاقیکردنەوەیان دوانەخرا . qvp~

ت. خوێندکاران ئامادە نەبوون بۆ تاقیکردنەوە ،بەڵام تاقیکردنەوەیان دوانەخرا . q~vp~

P(+ خوێندکاران بۆ تاقیکردنەوە ).

q ( +ئامادەبوون ) (+ دواخرا)

| q~vp~ | qvp~ | q~vp | qvp | q~ | p~ | q | p |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ه | ڕ | ڕ | ڕ | ه | ه | ڕ | ڕ |
| ڕ | ه | ڕ | ڕ | ڕ | ه | ه | ڕ |
| ڕ | ڕ | ه | ڕ | ه | ڕ | ڕ | ه |
| ڕ | ڕ | ڕ | ه | ڕ | ڕ | ه | ه |

خشتەی ( 20 )

## 3–2–3/2) مەرجی ڕاستەقینە لەڕستەی ئاوێتەدا .

" سیمانتیکلەواتای وشە و فرێز و رستەو کرداری ئاڵۆز دەکۆڵێتەوە پرسیار لەوە دەکات ، ئایا ئەم یان ئەو ڕستەیە یان کردارە ئاڵۆزە پڕ واتایە و ئەگەر پڕواتایە واتاکانی چین "[1] ، بەواتایەکی تر بەهۆی سیمانتیکەوە دەتوانین واتای ڕستەو کردارە ئاڵۆزەکان لێکبدەینەوە و بزانین واتادارن یان نا ، "توانستی سیمانتیکی سەلیقەی قسەکەرە کە دروستە سیمانتیکییەکان و پەیوەندییە سیمانتیکییەکان دەگرێتەوە بۆ دیاریکردنی فۆرم ڕاستی و فۆرم نا ڕاستی ڕستە و کردارە ئاڵۆزەکان "[2].

ڕستە ئاوێتەکان ئەو ڕستانەن کە لە ئەنجامی لێکدانی دوو ڕستە یان زیاتر دروست بوون ، بەو مەرجەی کەرەستە/ ڕستەکان لە پلە و پایەدا وەك یەك نەبن ، لەبەرئەوەی پەیوەندی نێوانیان شوێنکەوتووییە ، بەجۆرێك ڕستەیەکیان سەرەکییە و ڕستەکانی تر شوێنکەوتووی ڕستە سەرەکییەکەن ، بەهۆی ئامرازەکانی بەستنەوە ڕستەکان پێکەوە گرێدەدرێن ، دەربڕاوی ئاڵۆز بەهۆی پارچە پێکهێنەرەکانیەوە دەناسرێتەوە.

بەشەکانی ڕستەی ئاوێتە :

1–ڕستەی سەرەکی : ئەو بەشەی ڕستەی ئاوێتەیە کە سەربەخۆیە و لە ڕستەیەکی تردا نابێتە ئەرك.

2– ڕستەی شوێنکەوتوو : بە لاڕستەش ناودەبرێن ، ئەو ڕستەیەیە ، کە هەر چەندە هەموو پێویستییەکانی ڕستە ( فرێزی ناوی و فرێزی کاری ) تێدایە ، بەڵام هەموو ڕستەکە پێکەوە دەبێتە ئەرکێکی سینتاکسی بۆ ڕستە سەرەکییەکە ، بەپێی ئەو ئەرکەی لە ڕستەدا دەیبینێت چەند جۆرێکی لێدەکەوێتەوە [3].

3–ئامرازەکانی بەستن [4]: ڕستەی شوێنکەوتوو بەهۆی چەند ئامرازێکەوە دەناسرێتەوە ، وەك ئامرازەکانی ( کە ، تا ، چونکە ، بەڵکو ، تومەز ، ئەگەر ، بۆیە ، لەبەرئەوە ، نەك ، هێندە ...............) .

دوو ڕێگا بۆ لێکدانەوەی ڕستەی ئاڵۆز هەیە [5]: کەبریتین لە :

1– لێکدانەوە و ناسینەوەی هەقیقەتی ڕستە سادەکان بۆ گەیشتن بە بیر >>Sense<<ی ڕستە ئاڵۆزەکە .

---

[1] محەمەدی مەحوی و نەرمین عومەر (2004 : 5 ).

[2] محەمەدی مەحوی و نەرمین عومەر ( 2004 :5) .

[3] بۆ زانیاری لەسەر جۆری ڕستەشوێنکەوتووەکان بڕوانە :

ا– د . ابراهیم عزیز ابراهیم ، 1980 .

ب– ابوبکر عومەر قادر، 1993 .

[4] بەکر عومەر عەلی ( 2003 :9 ) .

[5] C.Iten ( 2000: 43 ) .

2– لێکدانەوەی سەرجەمی ڕستە ئاڵۆزەکە بەیەکەوە و بەستنەوەی بە واتای ڕستە سادەکانەوە .
نموونە ،

76 . تاوانبارەکە ، کە دایك و باوکی خۆی کوشت ، دەستگیرکرا .
بەهۆی لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و بەهای ڕاستەقینەی ڕستەکە لە ئاماژەکانی ڕستە سادەکانەوە دێت ، دەگەین بە مەرجی ڕاستەقینە/ بیری ڕستەکە .

ئەم ڕستەیە پێکهاتووە لە دوو ڕستەی سادەی

. ا. تاوانبارەکە دایك و باوکی خۆی کوشت . ڕ1

.ب. تاوانبارەکە دەستگیرکرا . ڕ2

77. پێموایە ، دوای ئەوەی ڕووبەڕووی بوومەوە ، بەخۆیدا بچێتەوە و سنورێك بۆ خۆی دابنێت .

پێموانییە ، دوای ئەوەی ڕووبەڕووی بوومەوە ، بەخۆیدا بچێتەوە و سنورێك بۆ خۆی دابنێت .

پێموایە ، دوای ئەوەی ڕووبەڕووی نەبوومەوە ، بەخۆیدا بچێتەوە و سنورێك بۆ خۆی دابنێت .

پێموایە ، دوای ئەوەی ڕووبەڕووی بوومەوە ، بەخۆیدا ناچێتەوە و سنورێك بۆ خۆی دانانێت .

پێموانییە ، دوای ئەوەی ڕووبەڕووی نەبوومەوە ، بەخۆیدا بچێتەوە و سنورێك بۆ خۆی دابنێت .

پێموانییە ، دوای ئەوەی ڕووبەڕووی بوومەوە ، بە خۆیدا نەچێتەوە و سنورێك بۆ خۆی دانەنێت .

P ( +پێموایە دوای ڕووبەڕووبوونەوە )

q (+ بەخۆیدا بچێتەوە) (+ سنورێك دانێت )

| r~← p~ | q ←p~ | q~ ←p ~ | q←p | r~ | q~ | p~ | r | q | p |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕ | ھ | ڕ | ڕ | ھ | ھ | ھ | ڕ | ڕ | ڕ |
| ڕ | ھ | ڕ | ڕ | ڕ | ھ | ھ | ھ | ڕ | ڕ |
| ڕ | ھ | ڕ | ھ | ھ | ڕ | ھ | ڕ | ھ | ڕ |
| ڕ | ھ | ڕ | ھ | ڕ | ڕ | ھ | ھ | ھ | ڕ |
| ڕ | ڕ | ھ | ڕ | ھ | ھ | ڕ | ڕ | ڕ | ھ |
| ڕ | ڕ | ھ | ڕ | ڕ | ھ | ڕ | ھ | ڕ | ھ |
| ھ | ڕ | ڕ | ڕ | ھ | ڕ | ڕ | ڕ | ھ | ھ |
| ھ | ڕ | ڕ | ڕ | ڕ | ڕ | ڕ | ھ | ھ | ھ |

خشتەی ( 21 )

78. تا نەخوێنیت دەرناچیت . ~ p ← ~q

ئەگەر p پاشان q

ئەگەر بخوێنیت دەردەچیت . p ← q

ئەگەر بخوێنیت دەرناچیت . p ← ~q

ئەگەر نەخوێنیت دەردەچیت . ~p ← q

P ( – خوێندن )

q (– دەرچوون )

| q← p~ | ~q←p | q~← p ~ | q←p | q~ | p~ | q | p |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕ | ڕ | ڕ | ڕ | ڕ | ڕ | ھ | ھ |
| ھ | ھ | ڕ | ڕ | ھ | ھ | ڕ | ڕ |
| ڕ | ڕ | ڕ | ھ | ڕ | ھ | ھ | ڕ |
| ڕ | ھ | ھ | ڕ | ھ | ڕ | ڕ | ھ |

خشتەی ( 22 )

مەرجی ڕاستەقینەی ڕستە ئاڵۆزەکە (خوێندنە ) بۆ ئەوەی دەربچێت ، بە واتایەکی تر مەرجی دەرچوون خوێندنە .

79. ا .ئەگەر کاتم بەفیڕۆ نەدایە ، لە کاتی دیاریکراودا ماستەرەکەم بەدەست دەهێنا     $p \longrightarrow q$

ب.ئەگەر کاتم بەفیڕۆ نەدایە ، لە کاتی دیاریکراودا ماستەرەکەم بەدەست نەدەهێنا .$\sim p \longrightarrow q$

ب ئەگەر کاتم بەفیڕۆ بدایە ، لە کاتی دیاریکراودا ماستەرەکەم بەدەست دەهێنا . $p \longrightarrow \sim q$

پ. ئەگەر کاتم بەفیڕۆ بدایە ، لە کاتی دیاریکراودا ماستەرەکەم بەدەست نەدەهێنا . $\sim p \longrightarrow \sim q$

P ( + ماستەر بەدەستهێنان )

q (– کات بەفیڕۆدان )

| $\sim p \longrightarrow \sim q$ | $\sim p \longrightarrow q$ | $p \longrightarrow \sim q$ | $p \longrightarrow q$ | $\sim q$ | $\sim p$ | q | p |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕ | ڕ | ه | ڕ | ه | ه | ڕ | ڕ |
| ڕ | ڕ | ڕ | ه | ڕ | ه | ه | ڕ |
| ه | ڕ | ڕ | ڕ | ه | ڕ | ڕ | ه |
| ڕ | ه | ڕ | ڕ | ڕ | ڕ | ه | ه |

خشتەی ( 23 )

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.

# بەشی سێیەم

# ئاوەڵناو

# وەك نموونەی پراکتیکی

# واتای زمانیی و مەرجی

# ڕاستەقینەیی

( بەشی کارەکی و بوارەکانی کارکردن و سود وەرگرتن لە مەرجی ڕاستەقینە ( کەیسی ئاوەڵناو )

## 3) پراكتیكەكردنی ئاوەڵناو لە زمانی كوردیدا .

واتاسازی گرنگی بەشیكردنەوەی واتای ڕستەكان دەدات ، لەكاتێكدا زانستی زمان بایەخ بەئەركی وشە دەدات و بەپێی بەشەئاخاوتنەكان جیایاندەكاتەوە ، بەشەئاخاوتنەكان دەتوانن بەپێی جێكەوتە و شوێنیان لەڕستەدا ڕۆڵ ببینن و ئەركێك بەجێبهێنن ، وەك ئەركی ( بكەر، بەركار، ... هتد ) ، ئاوەڵناویش یەكێكە لەبەشەئاخاوتنەكان و ئەركێك لەڕستەدا دەبینن كەرەستەكان جێكەوتەكانیان لەڕستەدا دیاریدەكەن كەسەر بەچ بەشێكی ئاخاوتنن ، چونكە هەندێك كەرەستە هەن سەر بە دووبەشی ئاخاوتن یان زیاترن ، بۆنموونە ،

1 .ا. جوان كچێكی زیرەكە .

ب. لەنیا خوێندكارێكی جوانە .

پ. جوان جوان دەڕوات .

وەك دەبینین وشەی >> جوان << لە سێ ڕستەدا بەكار هاتووە ، بەڵام لە هەر ڕستەیەكیاندا سەر بە بەشێكی ئاخاوتنە ، لە ڕستەی ( 1. ا ) سەر بە پۆلی ناوە ، لە ڕستەی ( 1.ب ) سەر بە پۆلی ئاوەڵناوە و لە ڕستەی ( 1.پ )دا سەر بە پۆلی ئاوەڵكارە .

2.ا . ئەو گوڵ دەفرۆشێت .

ب. ئەو گوڵانە پێویستیان بە خزمەتكردنە .

لە ڕستەی (2.ا )دا وشەی >>ئەو << جێناوی سەربەخۆیە و بۆ كەسی سێیەمی تاك بەكار هاتووە و سەر بە پۆلی جێناوەكانە ، بەڵام لە ڕستەی (2.ب )دا ئاوەڵناوی نیشانەیە ، واتای نیشانەكردن دەگەیەنێت و سەر بە پۆلی ئاوەڵناوەكانە .

### 1/3)پۆلێنی ئاوەڵناوەكان لە ڕووی پێكهاتەو واتا و تایبەتێتیانەوە لە زمانی كوردیدا .

ئوەڵناوەكان ، كە ڕۆژانە لە ئاخاوتنەكانماندا دەریاندەبڕین ، وەك هەریەك لەبەشەئاخاوتنەكانی تری زمان لەڕووی پێكهاتە و پۆلێنی واتاییەوە چەند جۆرێكیان لێ دیاریدەكرێت ، هەروەها هەریەكە لە ئاوەڵناوەكان خاوەنی تایبەتمەنێتی خۆیانن ، لەبەرئەوە لەڕووی پێكهاتە و پۆلێنی واتایی و تایبەتمەنێتییانەوە دەیانخەینەڕوو .

## (1–1/3 پۆلێنی پێکهاتەی ئاوەڵناو :

وەك دەوترێت ، ئاوەڵناو وشەیەکە بۆ وەسفکردن و پەسنکردنی کەسێك یان شتێك بەکاردەهێنرێت و دەبێت بە پەسنکەر بۆ کەس یان شتێکی پەسنکراو / وەسفکراو ، لە ڕووی فۆڕم و پێکهاتەوە دابەش دەبن بۆ سێ جۆری سەرەکی :

یەکەم / ئاوەڵناوی سادە (بنجی) . :

ئاوەڵناوە بنجییەکان بە ئاوەڵناوی ڕەسەنیش ناودەبرێن ، لە وشەیەکی سادە پێکهاتوون ، بۆ نموونە ،

( جوان ، پاك ، نزیك ، بەرز ، نزم ، سارد ، سوور ، دوو ، ..... هتد ).

دووەم / ئاوەڵناو ئاسا.

لەزمانی کوردیدا بەهۆی چەند یاسایەکی مۆرفۆلۆژییەوە دێنە ئاراوە و پێیان دەوترێت ئاوەڵناو ئاسا[1] ،

لەڕستەدا ئەرکێك دەبینن ، وەك ( دوو ڕوو ، چوار شانە ، گەردن بلور ، ڕەش و سپی ، نەزان ، بوێر ،

هەڵقرچاو ، بەدناو ، ئاشتی خواز ، ڕەشبین ، زۆرزان ، ناڕەوا ، ناحەز .، شیری دایك ، چڵکی دەست ، ....هتد ) .

سێیەم / ئاوەڵناوی کراو .

ئەو ئاوەڵناوانەن ، کە لە کردارەکانەوە هەڵدەگوێزرێن ، وەك ئاوەڵناوەکانی ( مردوو ، تۆپیو ، تەپیو ، دزراو ، شکاو ، چەقیو ، ......)

هەروەها لەڕووی پلەوە دابەشدەبن بۆ ئاوەڵناوی پلەی ( چەسپاو و بەراورد و باڵا ) ، بەجۆرێك :

ا– ئاوەڵناوی پلەی چەسپاو ، گشت ئەو ئاوەڵناوانەیە کە بۆ پەسنکردنی کەس و شتەکان بەکاردێن و بەراورد لەنێوانیاندا ناکرێت و پلەیەکی چەسپاویان نیشاندەدەن ، بۆ نموونە ،

---

[1] بۆ زانیاری لەسەر ئاوەڵناو ئاسا بڕوانە :

1– ئەوڕحمانی حاجی مارف ، 1988 .

2– محمد مەعروف فەتاح ، 1990 .

3- هیدایەت عبداللە ، 2002 .

3. ڕۆزی خوێندکارێکی زیرەکە .

ب– ئاوەڵناوی پلەی بەراورد کردنی ئاسایی[1] ، بەکارهێنانی بەراوردە لە نێوان تایبەتێتی هاوبەشی دوو کەس یان دوو شتدا ، بەجۆرێك یەکێکیان لە ئەوی تریان پلەیەك زیاتری هەیە لەباشی یان خراپیدا ، بەهۆی پاشگری ( –تر ) ەوە دەنوێنرێت ، بۆ نموونە ،

4. دیار لە ژیار زیرەکترە .

5. ژیار لە دیار تەمەڵترە .

لە ڕستەی ( 4 )دا دیار و ژیار زیرەکن ، بەڵام دیار پلەیەك زیاتر لە ژیار زیرەکترە و پلەیەك زیاتری هەیە لە باشیدا ، لە کاتێکدا ڕستەی ( 5) دیار و ژیار هەردووکیان تەمەڵن ، بەڵام ژیار پلەیەك زیاتر لە دیار تەمەڵترە و پلەیەك زیاتری هەیە لە خراپیدا .

پ– ئاوەڵناوی پلەی باڵا ، ئەم ئاوەڵناوانە بەراوردی کەسێك یان شتێك لەگەڵ کۆمەڵێك کەس یان کۆمەڵێك شتدا دەکەن ، ئەو کەسە یان ئەو شتە بەبەراورد بەکۆمەڵەکەی بەرامبەری پلەیەکی باڵای هەیە ، بەهۆی پاشگرەکانی ( –ترین ، ین ) و وشەکانی ( هەموو ، گشت ، هەرە ) دەردەبڕدرێت .

جوان + ترین = جوانترین

جوانتر + ین = جوانترین

6. ڕۆزی لە هەموو خوێندکارەکان زیرەکترە .

7. ڕۆنیا خوێندکاری هەرە باڵا بەرزی پۆلەکەیەتی .

– یاسای ڕیزبوونی فرێزی ئاوەڵناوی لە زمانی کوردیدا بریتییە لە :

[ناو + ی + ئاوەڵناو

8. شاخ + ی + بەرز ( شاخی بەرز

9. کوڕ+ ی + ئازا ( کوڕی ئازا )

---

[1] عبدالواحید موشیر دزەیی (2013: 76 ).

10 . هەورامان + ی + تەخت    ( هەورامانی تەخت )

## 2-1/3) پۆلێنی واتایی ئاوەڵناو :

ئاوەڵناو وەك بەشە ئاخاوتنێکی گرنك و دیار " بە شێوەیەکی فراوان لەزماندا بەکاردەهێنرێن و هەڵگری واتایەکی ڕوون و ئاشکران "[1] ، بەشێوەیەکی گشتی ئاوەڵناوەکان لە ڕووی واتای زمانییەوە لەزمانی کوردیدا دابەشدەکرێن بۆ چەند جۆرێك[2] :

### 1-2-1/3)    ئاوەڵناوی چۆنیەتی .

لەزمانی کوردیدا بەشێوەیەکی سەرەکی دابەشدەبن بۆ چەند پۆلێك ، هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە ، لەوانی تری جیادەکاتەوە ، بریتین لە:

1-    ئاوەڵناوی ڕواڵەت .

ئاوەڵناوە ڕوواڵەتییەکان بەشێوەیەکی نسبین و وەك خۆیان نامێننەوە ، بەڵکو گۆڕانیان بەسەردا دێت ، وەك ( جوان ، چاك ، سارد ، گەرم ، پاك ، پیس ، باش ، خراپ ، نەرم ، ڕەق ، کۆن ، تازە ، دەوڵەمەند ، هەژار ، ....هتد ).

11. ا. دییە کچێکی جوانە .

ب. دییە لە کچەکانی تر جوانترە .

پ. دییە جوانترین کچی هاوتەمەنەکانیەتی .

12 . وەڵامێکی نەرم توڕەیی لادەبات .

---

[1] شێروان حوسێن خۆشناو ( 2011 : 138 ).

[2] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئاوەڵناو بڕوانە :

ا- ئەوڕحمانی حاجی مارف (1992) .

ب- نوری عەلی ئەمین (1960) .

پ- نەریمان خۆشناو ( 2009 ) .

ت-محەمەدی مەحوی ( 2014 ) .

د- ڕۆژان نوری عبدالله (2007 : 80-84 ).

13 . کۆنترین خانوو لە کۆڵانەکەمان ڕوخێنرا .

2- ئاوەڵناوی قەبارە و بارستایی و کێشانە .

ئەو ئاوەڵناوانەن کە بە ( مەتر و سانتیم کیلۆمتر ئەپێورێن و ئەکێشرێن و بارستاییەکیان هەیە ، وەك ( درێژ ، کورت ، قوڵ ، فراوان ، نزیك ، دوور ، بەرز ، نزم ......هتد ) .

14. هۆڵی کۆڕ و سیمینارەکان فراوانن .

15. ژوورەکەی بەهێز پێنج مەتر درێژە و چوار مەتر پانە .

16. لەنیا کراسێکی قۆڵ درێژی کڕی .

17. هۆڵی کۆڕ و سیمینارەکان لە هۆڵەکانی خوێندن فراوانترن .

3- ئاوەڵناوی تام و چەشتن .

ئەو ئاوەڵناوانەن کە بەهۆی هەستەکانی تام و چەشتنەوە هەستیان پێدەکەین ، وەك ( خۆش ، ترش ، تاڵ ، تفت ، سوێر ، شیرین ، مێخۆش ، بۆکروز ..... هتد ) .

18.ا. دایکم کێکێکی خۆشی دروستکرد .

ب. دایکم کێکێکی خۆشتری دروستکرد .

پ. دایکم خۆشترین کێکی دروستکرد .

4- ئاوەڵناوی ڕەنگەکان .

هەموو ڕەنگەکان لەزماندا دەچنە پۆلی بەشەئاخاوتنی ئاوەڵناوو بۆ وەسفکردن بەکاردێن ، وەك ( سوور ، زەرد ، شین ، سەوز ، مۆر ، ...... ، هتد ) .

19. بەهێز سێوێکی زەردی خوارد .

5- ئاوەڵناوی تەمەن .

بەکارهێنانی قۆناغەکانی تەمەن لەڕستەکاندا بۆ دیاریکردن و وەسفکردنی قۆناغی تەمەنی کەس و شتەکانە لە واقیعدا ، وەك ( ساوا ، منداڵ ، مێرد منداڵ ، لاو ، گەنج ، پیر ، بەتەمەن ، بەساڵا چوو ) .

20. بەفرینم بینی منداڵێکی ساوای پێبوو .

21 . بڕیار لە هیوا گەنجترە .

22. ڕۆنیا منداڵترین کچی خوێندنگاکەیەتی .

6- ئاوەڵناوی ئاوەزیی کەسیی .

بۆ گەیاندنی بیر و واتای ئاوەزیی کەسی لە مرۆڤ و گیانداردا ( زیرەك ، ژیر ، وریا ، ئاقڵ ، هێمن ، هەڵچوو ، تەمەڵ ، بێهۆشە ، نەزان ، زۆرزان ، .....هتد ) .

7- ئاوەڵناوی نرخ و بەها .

( هەرزان ، گران ، بەبەها ، بێبەها ، گونجاو ، نەگونجاو ، .....) .

8- ئاوەڵناوی جووڵە و خێرایی .

ئەم جۆری ئاوەڵناوە پەسنی چۆنیەتی جووڵە و خێرای کەس و شتەکان دەکات ، بۆ گەیاندنی "بیر و واتای جووڵە/خێرایی"[1] کەس و شتەکان ، وەك ئاوەڵناوەکانی ( خێرا ، هێواش ، لەسەرخۆ ، تیژڕەو ، پەلە ، توند ، ..... هتد ) .

## 2-2-1/3) ئاوەڵناوی چەندێتی[2] .

ئەو ئاوەڵناوانەن ، کە چەندێتی کەس و شتەکان دەخەنە ڕوو ، پەسنکراو بەهۆی چەندێتی ئاوەڵناوەکانەوە نیشاندەدرێن ، دابەشدەبێت بۆ دوو جۆر :

یەکەم : ئاوەڵناوی چەندێتی دیارینەکراو ( دەربڕاوە ڕادەییەکان ).

ئەو ئاوەڵناوانە دەگرێتەوە کە لە کاتی دەربڕینی ڕستەکاندا وەسفی کەس و شتەکان دەکەین و ڕادەی شت و کەسەکان دەخەنە ڕوو ، دەتوانین دوو چەشن ڕادە دیارییبکەین :

أ-ڕادەی گشتی[3] ، ئەم چەشنە لە ڕادە ، واتا و چەمکی گشتێتی دەنوێنێت ، بە هۆی دوو فۆڕمی جیاوازەوە دابەش دەبێت بۆ سێ جۆری سەرەکی :

---

[1] محەمەد مەحوی ( 128: 2014 ).

[2] نوری عەلی ئەمین ( 1960 :

[3] لە پاری دووەمی ئەم بەشەدا ڕوونکردنەوەی زیاتری بۆ کراوە .

یەکەم : ڕادەی گشتی ، کە فۆڕمەکانی ( هەموو ، گشت ، سەرجەم ) دەگرێتەوە و لە شێوەی هێمای ( $\forall$ ) ئاماژەی بۆ دەکرێت ، واتا و نرخی ڕاستی تێیدا بریتییە لە قەبارەی گشتی شت و کەسەکان .

23. سەرجەم منداڵەکان بە یارییەکان دڵخۆش بوون .

دووەم : ڕادەی هەبوونیی ، ڕادەی (هەندێك ، کەمێك ، نەختێك ) ە ، بەهێمای ( $\exists$ ) ئاماژەی بۆ دەکرێت ، واتا و نرخی ڕاستی لەم جۆرە ڕادەیەدا بریتییە لە نیوەی قەبارەی شت و کەسەکان .

24. هەندێك مارکێت ، لە چاو مارکێتەکانی تردا نرخی کاڵاکانیان گرانترە .

[x ، بەرامبەر بە مارکێت بەکاردێت ، x[ کە من شتی لێدەکڕم ، [x نرخی کاڵاکانی هەرزانە ]]]

[xE]، x[ کە من شتی لێدەکڕم ، [x نرخی کاڵاکانی هەرزانە ]]] .

[x،xEئەندامی پۆلی مارکێتە ، x[ کە من شتی لێدەکڕم ، [x نرخی کاڵاکانی هەرزانە ]]] .

سێیەم : ڕادەی گشتی بۆ دەربڕینی نەرێنی ، فۆڕمی ( هیچ ) دەگرێتەوە و لەشێوەی ($\phi$) ئاماژەی بۆ دەکرێت ، نرخی ڕاستی لەم جۆرە ڕادەیەدا بریتییە لە بەتاڵبوونی قەبارەی شت و کەسەکان .

25. هیچ کەسێك ناڕەنجێنم .

ب– ڕادەی تایبەتی / لۆکاڵی بەهۆی وشەکانی وەك ( هەر ، زۆر ، کەم ، ...) .[1]

26 . کەم کەس هەیە بتوانێت ئەوکارە بکات .

27. زۆر کەسم بینی ، کە دڵ و دەمیان زۆر جیاوازبوو .

دووەم : ئاوەڵناوی چەندێتی دیاریکراو .

هەموو ئەو وشانەن کە ژمارە نیشاندەدەن ، جا ژمارەکان لە شێوەی سادە ، لێکدراو ، ئاوێتە یان کەرت

یان تەریبی یان دووبارە کراوەدا بێت ، وەك ( هەشت ، هەژدە ، هەشتاو یەك ، هەشتەمین ، هەشتاو هەشتەمین ، هەشت هەشت ،سێیەك .........هتد ) .

28 . دوو کۆترم بینی .

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

ا– قەیس کاکل ( 2003 ) .

ب– چیا عەلی ( 2008 ).

29 . سێ یەکی کارەکانم تەواوکردووە .

30. خوێندکارەکان سێ سێ دەچنە ژوورەوە .

هەریەك لە نموونەکانی ( 28 ، 29 ،30 ) ئاوەڵناوی چەندێتی دیاریکراویان تێدا بەکارهاتووە ، لە ( 28)دا ئاوەڵناوی چەندێتی دیاریکراوی سادەی ( دوو ) ، لە (29)دا ئاوەڵناوی چەندێتی دیاریکراوی کەرتی (سێ یەك) ، لە (30)دا ئاوەڵناوی چەندێتی دیاریکراوی لێکدراوی (سێ سێ ) بەکارهێنراون .

## 3-2-1/3) ئاوەڵناوی ڕێژەیی.

ئاوەڵناوە ڕێژەییەکانڕاستەوخۆ مەبەست دیارینا‌کەن ، بەڵکو واتایان بە وشەیەکی ترەوە بەستراوەتەوە بەهۆی وشەیەکی ترەوە واتاکانیان دیاریدەکرێت ، بەهۆی چەند پاشگرێکی وەك ( ی ، ین ، ە ، انە ، ەکی ) داڕێژراون .

32. بەهێز تا ئێستا ڕەگەزنامەی عێراقیی نییە .

33. ئەو دوو کچەی پێکەوە ڕۆیشتن هەولێری بوون .

34. بەنیازم جلی بەهارە بکڕم .

## 4-2-1/3) ئاوەڵناوی نادیاری[1] .

ئەمجۆرە ئاوەڵناوانە ڕاستەوخۆ ئاماژە بە کەس و شتی دیاریکراو ناکەن ، واتاکانیان بە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە بەستراوەتەوە ، وەك ئاوەڵناوەکانی ( دی ، دیکە ، تر ، وا ، ئاوا ، وەها ئاوها ،.....هتد ).

35 . لەگەڵ کەسانی دیکە پەیوەندی مەکە.

36 . بەشێوەیەکی وا بیری دەکردەوە ، کە هەرخۆی دەسەڵاتی هەیە .

37 . نیان وەها خۆی دەرخست ، کە ئاگاداری هیچ شتێك نییە .

[1] ئەوڕەحمانی حاجی مارف ( 1992 : 129) .

## 3–1/3 ) تایبەتێتی ئاوەڵناو .

1– هەریەك لە ئاوەڵناوەکان خاوەنی تایبەتمەندێتی و نیشانەی سیمانتیکی دیاریکراون ، بۆ نموونە ،

سوێر
+تام
–ترش
–شیرین/–تاڵ
–تفت

سور
+ڕەنگ
– گشت ڕەنگەکان
جگە لە سور

زیرەك
– تەمەڵ
+لێهاتووی /+شارەزا

نەرم
–شکاندن
– درزبردن
بچڕاندن
+ بگۆڕ

2– ئاوەڵناوەکان کە هەڵگری واتای ڕوون و ئاشکران ، بە ئاشکرا پەیوەندییە واتاییەکانی وەك سینۆنیم و دژواتای و فرەواتایی لە نێوانیادا دەبینرێت[1] ، بۆ نموونە ،

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی پەیوەندییە واتاییەکان لە نێوان ئاوەڵناوەکاندا بڕوانە:

1- شێروان حوسێن خۆشناو ( 2011 : 138 ).

38. تیژ = تون = کەسکون ( سینۆنیمن )

39. باش ~ خراپ ( دژواتان )

40. گران
- ئەو بارە گرانە ( گران لە کیشدا ) . ( فرەواتایی )
- کەسێکی گرانە ( بەرز لە کەسایەتیدا ).
- پرسیارێکی گرانە ( گران لە وەڵامدانەوەدا ).
- جانتاکە ناکڕم گرانە ( گران لە نرخدا ).

3–پۆلی ئاوەڵناوەکانیش وەك بەشەئاخاوتنەکانی تر لەو ڕشستانەدا بەکاردەهێنرێن ، کە بۆ نزاکردن و پاڕانەوە بەکاردەهێنرێن و ئەرکی خۆیان بەجێدەهێنن .

41 . پەنادەگرم بەخودا لەکەسانی خراپ و دووڕوو .

42 . خودایە نەفسێکی بەرزم پێببەخشە ، کەسەر بۆ هیچ نامەردێك دانەنەوێنم .

---

2- ڕۆژان نوری عبدالله ( 2007 : 201–204 ).

## 2/3) مەرجی ڕاستەقینەی ئاوەڵناوەکان لە زمانی کوردیدا .

وەك ئاماژەی پێدرا زانینی مەرجی ڕاستەقینەی ڕستەکان بە واتای زانینی واتاکانیان دێت ، هەروەها مەرجی ڕاستەقینەیی ڕستەکانیش پشت بە مەرجی ڕاستەقینەیی بەشەکانیان دەبەستن ، کە خاوەن بەهای ڕاستەقینەیی خۆیانن ، ئایا بەکارهێنان و زیادکردنی ئاوەڵناوەکان بۆ ڕستەکان ، مەرجی ڕاستەقینەیی دەگۆڕێت ، ئایا بۆ وەسفکردن و پەسنکردنی هەقیقەت /ڕاستی بەکاردێن و بەهای ڕاستەقینەییان دەبێت ، کە بۆ پەسنکردنی کەس و شتەکان بەکار بێن ، ئایا ئاوەڵناوەکان خودی ڕاستەقینەن یان وردەکاری مەرجە ڕاستەقینەکان دەردەخەن ، ئایا دەتوانن هەموو لایەنەکانی واقع وەك خۆی پەسنبکەن .

43. سێ ژمارەیەکی تاکە .

لە ڕوانگەی لۆجیك و ڕاستییەوە بنیاتنراوە ، مەرجی ڕاستەقینەیی تێیدا ئەوەیە کە لە هەقیقەتی ژمارە (سێ) نزیکبێتەوە ، کە ژمارەیەکی تاك بێت ، ئاوەڵناوی ( تاك ) وەسفی ژمارە ( سێ ) دەکات و ڕاستەقینەیی سێ دەخاتە ڕوو ، خاوەن نرخی ڕاستەقینەییە ، چونکە توانیوێتی وەسفی ڕاستی و ڕاستەقینەیی ژمارە ( سێ ) بکات ، کەواتە ڕاستییەکی ناچارییە ، کە ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت و بەدرۆ بخرێتەوە ، چونکە لە ڕوانگەی ڕاستییەوە بنیاتنراوە .

44 .ا . لەنیا کراسێکی کڕی . p

.ب. لەنیا کراسێکی سوری کڕی . q

.پ .لەنیا کراسێکی سوری نەکڕی .~q

لە ڕستەی ( 44.ا)دا مەرجی ڕاستەقینە کڕینی کراسێکە لەلایەن لەنیاوە ، ڕستەی ( 44.ب)بەزیادکردنی وشەی ( سور ) دەکرێت مەرجی ڕاستەقینەیی بگۆڕێت ، واتە ئەگەر ڕستەی (لەنیا کراسێکی کڕی ) ڕاست بێت ، دەکرێت ڕستەی (لەنیا کراسێکی سوری کڕی ) هەڵە بێت ، چونکە مەرج نییە سور بێت ، لەوانەیە ڕەنگێکی تر بێت ، مەرجی ڕاستەقینەی لەم ڕستەیەدا تەنها کاتێکە ئەگەر و تەنها ئەگەر کراسەکەی کڕی بێت و ڕەنگەکەشی سور بێت .

لەم نموونەدا وشەی (سور) بۆ وەسفکردنی ڕاستی کراسەکەیە ، ئاوەڵناوی (سور) کاتێك بەهای ڕاستەقینەیی دەبێت کە وەسفی کراسەکە بکات ، کراسەکە سورە نەك هەر ڕەنگێکی تر .

لە نیا کراسێکی کڕی (p)

سور (q)

| P | q | q~ | q↔ p | q~ ↔ p |
|---|---|---|---|---|
| ڕ ( لە نیا کراسێکی کڕی ) | ڕ(+سور) | ه(–سور) | ڕ | ه |
| ڕ ( لە نیا کراسێکی کڕی ) | ه(–سور) | ڕ(+سور) | ه | ڕ |
| ه (لە نیا کراسێکی نەکڕی ) | ڕ(+سور) | ه(–سور) | ه | ڕ |
| ه ( لە نیا کراسێکی نەکڕی ) | ه(–سور) | ڕ(+سور) | ڕ | ه |

خشتەی ( 1 )

" ئەو ئاوەڵناوانەی لە ئاوەڵناوە سادەکانەوە هەڵگوێزراون و لە ڕستەیەکدا وەك یەك کەرەستەی لکێنراوی یەکگرتوو دەردەکەون و بەکاردەهێنرێن ، ناتوانرێت ڕاستییەکانیان بسەلمێنرێت ، هیچ سودێکی بۆ گوێگر بەمەبەستی هەڵهێنجانی واتایەکی دیاریکراو نابێت ."[1] بەو واتایەی بەکارهێنانی ئاوەڵناوە تاکەکان/سادە بۆ سەلماندنی دروستییان ئاسانترە وەك لەو ئاوەڵناوانەی لەوانەوە هەڵگوێزراون و لێکدراون ، بۆ نموونە :

45 .ا. لەنیا کراسێکی سور و سپی کڕی .

*.ب. لەنیا کراسێکی سوری کڕی .

*.پ. لەنیا کراسێکی سپی کڕی .

ڕستەی (45) ڕستەیەکی تەمومژاوییە و لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت ، ڕستەکانی ( 45 .ب و 45 .پ ) ناتوانرێن لە ڕستەی ( 45.ا ) وەوە گریمانە بکرێن ، چونکە نازانین ئایا کراسەکە تەنها ڕەنگی (سور) ، تەنها ڕەنگی ( سپی)یە ، یان ئایا کراسەکە تەنها سور یان سپی نییە ، بەڵکو هەردوو ڕەنگەکەی تێدایە ، ڕستەی (45.ا) ڕاستە ئەگەر و تەنها ئەگەر کراسەکە ( سور و سپی ) بێت ، ( سور و سپی )ئاوەڵناوی لێکدراوە و وەسفی کراسەکە دەکات و ڕاستەقینەیی کراسەکە دەخاتە ڕوو ، خاوەن نرخی ڕاستەقینەییە ، چونکە توانیوێتی وەسفی ڕاستی و ڕاستەقینەیی کراسەکە بکات ، لەبەرئەوەڕستەکانی ( 45.ب و 45.پ ) هەڵە دەبن .

[1]کاروان عمر قادر ( 2012 : 297 ).

له کاتێکدا تایبەنمەندییەکان بەسەر دەربڕاوە زمانییە تاکەکاندا جێبەجێدەبن ، بەڵام بەسەر دەربڕاوە ڕادەییەکان (دەربڕاوە گشتییەکاندا) جێبەجێنابن ، بۆگەیشتن بە نرخی سیمانتیکی دەربڕاوە ڕادەییەکان کە سەر بە پۆلی ئاوەڵناوەکانن ، هەوڵدرا تا لە ڕوانگەی تیۆری ( بەرهەمهێنانی ڕادەکان)ەوە تایبەتمەدییەکانیان بەهۆی پۆلەوە بخرێنە ڕوو ، لەو ڕێیەوە دەتوانین بڵێین ، کە نرخی سیمانتیکی گشت دەربڕاوە ڕادەییەکان بریتییە لە تایبەتمەندی تایبەتمەندییەکان[1] ، کەواتە چۆنیەتی هەڵهێنجانی نرخی سیمانتیکی و نرخی ڕاستەقینەی دەربڕاوە ڕادەییەکان و بەشداریکردنیان لە واتا و لێکدانەوەی لۆژیکی بەوە دەکرێت ، کە وەك تایبەتمەندی تایبەتمەندییەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت ، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ڕستەکانی (46 . ا و ب و پ ) دەخەینە ڕوو .

46 . ا. لەم سەرەتای بەهارەدا گوڵی نێرگز لە هەمووگوڵێك جوانترە .

. ب. لەم وەرزەدا هەموو شتێك جوانە .

. پ. بەلای منەوە لە ئێستادا هیچ شتێك جوان نییە .

لە ڕستەی ( 46.ا)دا تایبەتمەندییەکان بەسەر دەربڕاوە زمانییە تاکەکاندا جێبەجێدەبن و دەربڕاوی ( گوڵی نێرگز ) دەربڕین و هەڵبژاردنی تاکێکی دیاریکراوە و بەشەکرداری ( جوان ) هەندێك لە تایبەتمەندییە دیارەکانی تاکە دیاریکراوەکەیە ، بۆیە واتای تەواوی ڕستەکە بەدەست دێت ، بەڵام لە ڕستەکانی ( 46. ب و پ ) دا تایبەتمەندییەکان بەسەر دەربڕاوە ڕادەییەگشتییەکاندا جێبەجێ نابن ، چونکە لە ڕستەی ( 46.ب )دەربڕاوی ڕادەیی ( هەموو شتێك ) تەنها گشتێتییەکی دیارینەکراو دەبەخشێت و بەشەکرداری ( جوان ) ناتوانێت تایبەتمەندی هەموو ئەو شتانە هەڵبگرێت کە لە ئاوەزی قسەکەردایە لەبەرئەوە گوێگریش ناتوانێت واتایەکی تەواو و پڕاوپڕ هەڵبهێنجێت ، هەروەها ڕستەی ( 46.پ ) دەربڕاوی ڕادەیی ( هیچ شتێك ) بریتییە لە بوونی تایبەتمەندی بەتاڵ لە ناو هیچ شتێك دا بەشەکرداری ( جوان ) تایبەتمەدی بەتاڵە بۆ هیچ شتێك ،" ئاماژە بە نەبوونی دەکات "[2] ، هەر لەبەرئەوەیە کە پەنا دەبرێتە بەر خستنەڕووی دەربڕاوە ڕادەییەگشتییەکان بەهۆی پۆلەکانەوە بۆ ئەوەی بتوانین نرخی سیمانتیکیی و نرخی ڕاستەقینەییان هەڵبهێنجین ، واتا و نرخی ڕاستەقینەیی بۆ ڕستەی ( 46.ب) بریتییە لە ڕادەی گشتی قەبارەی ڕستەکە[3] .

---

[1]کاروان عمر قادر (2012 : 173 ).

[2] ئەبوبەکرعومەر قادر (2003 : 71).

[3] کاروان عومەر قادر (2012 : 174 ) .

### 1–2/3) مەرجی ڕاستەقینەی ئاوەڵناوەکان لە ڕستەی هەواڵدەر و پرسیاری و فەرماندا.

1–ڕستەی هەواڵی .

لە ڕستەی هەواڵدەردا قسەکەر ئاماژە بۆ ڕاستییەك دەكات ، " واتایەکی واقعی لە مێشك و هەستی قسەکەردا (ڕاست یان درۆ ) ، دوور لە خۆزگە و ئاوات شیاوی ڕوودان و ڕوونەدان"[1] ە ، واتە قسەکەر هەواڵ لە ڕاستییەك دەدات یاخود هەواڵ لە شتێك دەدات کە لە ڕاستیدا ڕوی داوە یان ڕوی نەداوە ، بۆ نموونە :

47. گیا سەوزە .

کاتێك دەوترێت ( گیا سەوزە ) ڕاستە ، ئەگەر و تەنها ئەگەر تایبەتمەندی گیا (سەوزبوون )بێت .

| P | q | q↔P |
|---|---|---|
| ڕ (+ گیا) | ڕ (+سەوزە) | ڕ |
| ڕ (+ گیا) | هـ (–سەوزە) | هـ |
| هـ (– گیا) | ڕ (+سەوزە) | هـ |
| هـ (– گیا) | هـ (–سەوزە) | ڕ |

خشتەی ( 2 )

48 .ا . بەهێز لە ژیار سپیترە .

ب . <u>بەهێز سپییە و ژیاریش سپییە</u> ، <u>بەڵام بەهێز سپیترە</u> .

q^P                    r

ڕستەی (48) ئەو واتایە دەگەیەنێت کە هەردووکیان سپین ، بەڵام پلە و ڕادەی سپێتی لە بەهێزدا زیاترە وەك لە ڕادەی سپێتی لە ژیاردا ، نەك پلەی زەردی لە بەهێز لە پلەی سپێتی ژیار زیاتر بێت ، ڕستەکە کاتێك ڕاست دەبێت ، کە بەهێز و ژیار سپی بن ، مەرجە بەهێز لە ژیار سپیتر بێت .

[1] ئەبوبوکر عومەر قادر ( 2003: 67).

| r↔q^P | q^P | r | q | p |
|---|---|---|---|---|
| ڕ | ڕ | ڕ(+بەهێز سپیترە | ڕ(+سپی | ڕ(+بەهێز )(+ ژیار |
| ڕ | هـ | هـ(−بەهێز سپیترە | هـ(−سپی | ڕ(+بەهێز )(+ ژیار |
| هـ | هـ | ڕ(+بەهێز سپیترە | هـ(−سپی | ڕ(+بەهێز )(+ ژیار |
| هـ | هـ | ڕ(+بەهێز سپیترە | ڕ(+سپی | هـ(−بەهێز )(− ژیار |
| هـ | هـ | ڕ(+بەهێز سپیترە | هـ(−سپی | هـ(−بەهێز )(− ژیار |
| ڕ | هـ | هـ(−بەهێز سپیترە | ڕ(+سپی | هـ(−بەهێز )(− ژیار |
| هـ | ڕ | هـ(−بەهێز سپیترە | ڕ(+سپی | ڕ(+بەهێز )(+ ژیار |
| ڕ | هـ | هـ(−بەهێز سپیترە | هـ(−سپی | هـ(−بەهێز )(− ژیار |

خشتەی (3)

49. ئەستێرە چاو ڕەش وێنەکەی کێشا .

لە ڕستەی (49) مەرجی ڕاستەقینەیی کاتێك دێتە ئاراوە ،کە ئەستێرە وێنەکەی کێشابێت ، مەرجە ئەو کەسە کە ناوی ئەستێرەیە چاوی ڕەش بێت ، ئەگەر ئاوەڵناوی ( ڕەش ) توانیبێتی وەسفی ڕاستی و هەقیقەتی چاوی ئەستێرە بکات ، بەهای سیمانتیکی ڕاستەقینەیی هەیە و ڕستەکە ڕاست دەبێت .

| P ↔q | q | p |
|---|---|---|
| ڕ | ڕ(+چاو ڕەش) | ڕ(+ئەستێرە وێنەکەی کێشا ) |
| هـ | ڕ(+چاو ڕەش) | هـ(−ئەستێرە وێنەکەی کێشا ) |
| هـ | هـ(−چاو ڕەش) | ڕ(+ئەستێرە وێنەکەی کێشا ) |
| ڕ | هـ(−چاو ڕەش) | هـ(−ئەستێرە وێنەکەی کێشا ) |

خشتەی (4)

50 . دوێنێ دیار سەدوپەنجا هەزار دیناری لە گیرفادا بوو . p

ئەگەر و تەنها ئەگەر سەدوپەنجا هەزار لە گیرفانیدا بووبێت . q

بۆ زانینی واتای سیمانتیکی ڕستەی ( 50) پێویستە باروحاڵەتی ڕستەکە دیاریبکەین و بزانین لە کوێدا ڕاستە و لە کوێشدا هەڵەیە ، دەتوانین بڵێین ڕستەکە ڕاستە یان هەڵەیە ، ئەویش لە ڕێی سەیرکردنی گیرفانی

دیار و ژماردنی پارەکانی کە لە گیرفانیدایە ، ڕستەکە ڕاستە ئەگەرو تەنها ئەگەر دیار سەد و پەنجا هەزاری لە گیرفاندا بێت ، ڕستەکە ڕاستە ئەگەر و تەنها ئەگەر :

1–کەسێك بوونی هەبێت بەناوی دیار .

2– بوونی گیرفان بۆ پارە هەڵگرتن .

3– سەدوپەنجا هەزاری لە گیرفادا بووبێت .

4– سەدوپەنجا هەزار ڕاستی و هەقیقەتی ئەو برە پارەیە وەسف بکات ، کە لە گیرفانی دایە ، نرخی سیمانتیکی دەبێت ، ئەگەر بەڕاستی وەسفی گیرفانی دیار و ژمارەی پارەکە بکات.

| P | q | q↔P |
|---|---|---|
| ڕ(+ دیار گیرفانی هەیە | ڕ(+سەدوپەنجا هەزاری لە گیرفادا بووبێت | ڕ |
| ڕ(+ دیار گیرفانی هەیە | ه(–سەدوپەنجا هەزاری لە گیرفادا بووبێت | ه |
| ه(– دیار گیرفانی هەیە | ڕ(+سەدوپەنجا هەزاری لە گیرفادا بووبێت | ه |
| ه(– دیار گیرفانی هەیە | ه(–سەدوپەنجا هەزاری لە گیرفادا بووبێت | ڕ |

خشتەی ( 5)

51. ئەگەر دیار سەدو پەنجا هەزاری لە گیرفاندا بێت ، پاسکیلێك دەکرێت .

مەرجی ڕاستەقینەی ڕستە ئاڵۆزەکە (بوونی سەدوپەنجا هەزارە) بۆ ئەوەی پاسکیلێك بکرێت ، واتە بۆ ئەوەی پاسکیلێك بکرێت ، مەرجە سەدوپەنجا هەزاری پێبێت .

| q←P | Q | P |
| --- | --- | --- |
| ڕ | ڕ(+سەد و پەنجا هەزاری لە گیرفاندا بێت | ڕ(+دیار پاسکیل دەکڕێت |
| ھ | ھ(−سەد و پەنجا هەزاری لە گیرفاندا بێت | ڕ(+دیار پاسکیل دەکڕێت |
| ڕ | ڕ(+سەد و پەنجا هەزاری لە گیرفاندا بێت | ھ(−دیار پاسکیل دەکڕێت |
| ڕ | ھ(−سەد و پەنجا هەزاری لە گیرفاندا بێت | ھ−دیار پاسکیل دەکڕێت |

خشتەی (6 )

1− ڕستەی پرسیاری .

بەگشتی ڕستەی پرسیاری مەبەست لێی بەدەستهێنانی زانیارییە ، گوێگر بە سەرچاوەی زانیاری دادەنرێت ، قسەکەر چاوەڕوانی وەرگرتنی زانیارییە لە گوێگر (کەسی پرسیالێکراو ) ، هەروەها ڕستەی پرسیای بۆ سووککردن و گاڵتەپێکردن و ناڕەزایی و گلەیی و ڕێزگرتن و پۆزشهێنانەوە و هتد بەکاردێت[1] ، بۆ نموونە :

52.ا. کەی چوونە خانووە نوێیەکەتان؟

ب. ئێوە خانووی نوێتان هەیە ؟

ڕستەی ( 52) گریمانەی پێشینەی ئەوە دەکات ، کە کەسی گوێگر لەخانووە کۆنەکەیانەوە گواستویانەتەوە خانووە نوێیەکەیان و زانیاری دوای وشەی پرسی (کەی ) بە ڕاست گریمانە دەکرێت ، مەرجی ڕاستەقینە تیایدا ئەوەیە کە کەسی گوێگر چووبێتە خانووە نوێیەکەی و ئاوەڵناوی ( نوێ ) وەسفی ڕاستیی و هەقیقەتی خانووەکە بکات ، نرخی ڕاستەقینەی ڕستەکە نوێ و تازەیی خانووەکەیە .

53. ئایا ڕادەیسپێتی بەهێز چەندە ؟

لەڕستەی ( 53 ) قسەکەر ئەو واتایەی بەدەستەوە داوە ، کە منداڵکە سپییە و ڕەش یان سور نییە ، بەڵام ئەو وەڵامەی لە گوێگر چاوەڕێی دەکات ، ڕادەی چەندێتی سپێتی منداڵەکەیە ، مەرجی ڕاستەقینەیی پشت بەستووە بە وەڵامدانەوەی گوێگرەوە ، قسەکەر و گوێگر زانیارییەهاوبەشەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن ، بەڵام کاتێك دەبێت بە گاڵتەجاڕی و توانج لێدان نرخی زانیارییەکان دەگۆڕێن .

---

[1] بۆزانیاری زیاتر بڕوانە :

ا− ئەبوبەکر عومەر قادر ( 1993 ) .

ب− محەمەد مەعروف فەتاح ( 1990 ) .

2- ڕستەی فەرمانی .

لە ڕستەی فەرماندا قسەکەر داوایەك ئاڕاستەی گوێگر دەکات ، بەڵام دەبێت قسەکەر دەسەڵات و تەمەن و پایەی کۆمەڵایەتی لە گوێگر بەرزتربێت و گوێگریش توانای جێبەجێکردنی هەبێت ، بۆ نموونە :

54. هەوڵبدە هەمیشە ڕەوشت بەرز بیت و لەلای خەڵکی خۆشەویست بیت .

لە ڕستەی ( 54 ) قسەکەر ئەو داوایە ئاڕاستەی گوێگر دەکات ، کە ڕەوشتی بەرز بێت ، بۆ ئەوەی بەهۆی ڕەوشت بەرزییەکەیەوە لەلای کەسانی تر خۆشەویست بێت ، مەرجی ڕاستەقینەیی پشت بەستووە بە وەڵامدانەوەی گوێگرەوە بۆ جێبەجێکردنی داواکەی .

" ئاوەڵناوەکانی (ڕەوشت بەرزی ، خۆشەویست ) دوو تایبەتێتی ڕێژەین ، کەواتە مەرجی ڕاستەقینەکەیان لە کۆمەڵێك بۆ کۆمەڵێکی تر و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت ، لێرەوە مەرجی ڕاستەقینەکەشیان جێگیرنییە ، ئەوەش وادەکات مەرجی ڕاستەقینەیی ڕستەکەش لەق بێت ."[1]

55. قاپە کۆنەکان لاببە و قاپە تازەکان لەجێیاندابنێ .

لە ڕستەی (55) قسەکەر ئەو داوایە ئاڕاستەی گوێگر دەکات ، ئەو قاپە کۆنانەی هەن لایان ببات و لە جێگەیان ئەو قاپە تازانەی هەن دایان بنێت ، لە ڕستەکەدا بەو واتایە دەگەین کە قاپە تازەکانیش بوونیان هەیە ، بەڵام مەرجی ڕاستەقینەیی پشت بەستووە بە کاردانەوەی گوێگرەوە بۆ جێبەجێکردنی داواکەی ، کە ئایا قاپە کۆنەکان لادەبات و نوێیەکانیش لە جێیان دادەنێت ، یان ئەو کارە جێبەجێ ناکات .

## 3-2/3) مەرجی ڕاستەقینەیی ئاوەڵناوەکان لە ڕستە سادە و لێکدراو و ئاڵۆزەکاندا.

1- ڕستەی سادە .

56 . ا. بەهێز کەروێشکێکی سپی کڕی . p

ب. بەهێز کەروێشکێکی سپی نەکڕی .~ p

پ. بەهێز کەروێشکی کڕیوە .q

---

[1] ئاڤێستا کەمال مەحموود ، چاوپێکەوتن ، 23/ 11/ 2015.

ڕستەی ( 56.پ ) گریمانەی هەردوو ڕستەی ( 56.ا ) و ( 56.ب ) دەکات ، بە نەرێکردنی ڕستەکە گریمانەی پێشینەی ڕستەکە ناگۆڕێت و گریمانەی ئەوە دەکات ، کە بەهێز کەروێشکێکی کڕیوە ، بەڵام ئەوەی جیاوازە ئەوەیە کە لە ڕستەی ( 56.ا )دا مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکی بریتییە لەوەی :

1- کەسێك بە ناوی بەهێز و کەروێشکێك لە واقیعدا بوونیان هەبێت .

2- کەروێشکێك لەلایەن بەهێزەوە کڕدرابێت .

3- مەرجە ئەو کەروێشکەی کڕیوێتی ڕەنگی سپی بێت ، نەك ڕەنگێکی تر ، واتە سپی بوون مەرجە .

P ) ڕاستە ، ئەگەر و تەنها ئەگەر کەروێشکەکە سپی بێت .

لە کاتێکدا مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکی لە ڕستەی ( 56.ب )دا بریتییە لە :

1- بوونی کەسێك بەناوی بەهێز و بوونی کەروێشکێك لە واقیعدا .

2- کڕینی کەروێشکێك لەلایەن بەهێزەوە ،

3- مەرج نییە ئەو کەروێشکەی کڕیوێتی سپی بێت ، دەشێت هەر ڕەنگێکی تر بێت .

بۆ دەرخستنی بەهای ڕاستەقینەی ڕستەکان لە خشتەی ڕاستەقینەییدا دەیانخەینە ڕوو :

| P | q | p~ | ↔ p q |
|---|---|---|---|
| ڕ(+کڕی) | ڕ(+سپی ) | ڕ | ڕ |
| ڕ(+کڕی) | ھ(−سپی) | ھ | ھ |
| ھ(−کڕی) | ڕ(+سپی) | ڕ | ھ |
| ھ(−کڕی) | ھ(−سپی) | ھ | ڕ |

خشتەی ( 7)

57. هاوسەرەکەی دڵخواز پیاوێکی کەچەڵی قەڵەوە .

بۆ گەیشتن بە واتای ڕستەی ( 57 ) ، پێویستە مەرجی ڕاستەقینەیی ڕستەکە بزانین و خاوەنی نرخ و بەهای سیمانتیکی بێت ، مەرجی ڕاستەقینەش لەم ڕستەیەدا

1- بوونی کەسەکانە بەناوی دڵخواز و هاوسەری دڵخواز لە واقیعدا .

2- ئاوەڵناوەکانی (کەچەڵ و قەڵەو ) وەسفی ڕاستی و هەقیقی هاوسەرەکەی دڵخواز لە واقیعدا بکەن ، ئەگەر بەڕاستی وەسفی هاوسەری دڵخواز بکەن ، خاوەنی نرخی سیمانتیکین و بەهایەکی ڕاستەقینەیان هەیە .

3- ڕستەکە ڕاستە ئەگەر و تەنها ئەگەر (هاوسەرەکەی دڵخواز پیاوێکی کەچەڵی قەڵەوبێت ).

مەرجە هاوسەری دڵخواز { + کەچەڵ ، + قەڵەو }

| p | q | q ↔ p |
|---|---|---|
| ڕ (+ هاوسەری دڵخواز) | ڕ (+ کەچەڵ) (+فەڵەو) | ڕ |
| ڕ (+ هاوسەری دڵخواز) | هـ (+ کەچەڵ) (+فەڵەو) | هـ |
| هـ (– هاوسەری دڵخواز) | ڕ (+ کەچەڵ) (+فەڵەو) | هـ |
| هـ (– هاوسەری دڵخواز) | هـ (+ کەچەڵ) (+فەڵەو) | ڕ |

خشتەی ( 8)

2- ڕستەی لێکدراو

جۆری کەرەستەکانی پێکەوە بەستن لە ڕستەی لێکدراو و ئاوێتەدا دەبنە هۆی گۆڕینی مەرجەکە و هەژموونی ئاوەڵناوەکەش لە یەکێکیان بۆ ئەوی تریان دەگۆڕێت .[1]

58. پێشمەرگە بوێر و چاونەترسەکان بەرگری لە خاکی کوردستان دەکەن و ناهێڵن ناحەزانی کورد بێنە خاکیانەوە .

ڕستەی ( 58 ) ڕستەیەکی لێکدراوە ، دوو کرداری تێدایە کە ( بەرگریکردن ) و ( نەهێشتن )ن ، مەرجی ڕاستەقینەیی لەم ڕستەیەدا بریتییە لە :

1- پێشمەرگە لە واقیعدا بوونی هەبێت .

[1] ئاڤێستا کەمال مەحموود ، چاوپێکەوتن ، 2015/11/23 .

2- ئاوەڵناوەکانی (بوێر و چاونەترس ) وەسفی ڕاستی و هەقیقی پێشمەرگە لە واقیعدا بکەن ، ئەگەر بەڕاستی وەسفی پێشمەرگە بکەن ، خاوەنی نرخی سیمانتیکین و بەهایەکی ڕاستەقینەیان هەیە .

3- خاکێك لە واقعدا بەناوی کوردستان بوونی هەبێت .

4- نەتەوەیەك بەناوی کورد بوونی هەبێت .

5- نەتەوەی کورد ناحەزی هەبێت و هێرشی بکاتە سەر .

6- لە توانایاندا هەبێت بەرگری لەو خاکە بکەن و ڕێگە نەدەن ناحەز و دوژمنان بێنە ناوو خاکەکەیانەوە.

7-بوونی دوو ئاوەڵناو لەم ڕستە لێکدراوەدا ئەوەیە ، کە ئاوەڵناووەکان دەست بەسەر هەردوولای ڕستەکەدا دەگرن .

نرخی سیمانتیکیی ڕستەکە لە خشتەی ڕاستەقینەیدا دەخەینە ڕوو:

| P | q | q^ P | ( q^p ) ~ |
|---|---|---|---|
| ڕ(+پێشمەرگە)(+بەرگری ) | ڕ(+بوێر و چاونەترس ) | ڕ | هـ |
| ڕ(+پێشمەرگە)(+بەرگری ) | هـ(-بوێر و چاونەترس ) | هـ | هـ |
| هـ(—پێشمەرگە)(—بەرگری ) | ڕ(+بوێر و چاونەترس ) | هـ | هـ |
| هـ(—پێشمەرگە)(—بەرگری ) | هـ(-بوێر و چاونەترس ) | هـ | ڕ |

خشتەی (9 )

59. لەنیا حەز بە خواردنی هەناری ترش دەکات و بەهێزیش حەز بە خواردنی هەناری شیرین دەکات .

ڕستەی ( 59 ) ڕستەیەکی لێکدراوە ، لە دوو ڕستەی سادە پێکهاتووە ، کرداری ڕستەکە کرداری لێکدراوی ( حەز لێبوون) ە ، دەتوانین ڕستەکە بەمشێوەیەی خوارەوە دەرببڕینەوە .

لەنیا حەز بەهەناری ترش و بەهێزیش حەز بەخواردنی هەناری شیرین دەکات .

مەرجی ڕاستەقینەیی لەم ڕستەیەدا بریتییە لە :

1- بوونی دوو کەس بەناوەکانی لەنیا و بەهێز لە واقیعدا .

2- بوونی هەناری شیرین و هەناری ترش لە واقیدا .

3- ئاوەڵناوەکانی (ترش و شیرین ) وەسفی ڕاستی و هەقیقی هەنار لە واقیعدا بکەن ، ئەگەر بەڕاستی وەسفی هەنار بکەن ، خاوەنی نرخی سیمانتیکین و بەهایەکی ڕاستەقینەیان هەیە .

4- ڕستەکە ڕاست دەبێت ئەگەر و تەنها ئەگەر لەنیا حەز بەهەناری ترش و بەهێزیش حەز بەهەناری شیرین بکات .

5- بوونی دوو ئاوەڵناوی (ترش)و(شیرین) لە ڕستەکەدا ئەوەیە ، کە هەریەکەیان بۆ ڕستەکەی خۆی دەگەڕێتەوە .

نرخی سیمانتیکیی ڕستەکە لە خشتەی ڕاستەقینەیدا دەخەینە ڕوو .

| P | Q | q^p |
|---|---|---|
| ڕ(+لەنیا+بەهێز +هەنار) | ڕ(+ترش )(−ترش) | ڕ |
| ڕ(+لەنیا+بەهێز +هەنار) | هـ(−ترش )(+ترش) | هـ |
| هـ(−لەنیا+بەهێز +هەنار) | ڕ(+ترش )(−ترش) | هـ |
| هـ(−لەنیا+بەهێز +هەنار) | هـ(−ترش )(+ترش) | هـ |

خشتەی ( 10)

60. شنیارە زیرەك نمرەی بەرزی هێنا ، بەڵام لەنیا لە شنیار زیرەکترە و نمرەی بەرزتری هێنا .

ڕستەی (60) ڕستەیەکی لێکدراوە ، لە دوو ڕستەی سادە پێکهاتووە ، کرداری ڕستەکە کرداری ( هێنا)یە.

مەرجی ڕاستەقینەیی لەم ڕستەیەدا بریتییە لە :

1- بوونی دوو کەس بەناوەکانی شنیار و لەنیا لە واقیعدا .

2- بوونی تاقیکردنەوە و بەدەستهێنانی نمرە لە واقیدا .

3- ئاوەڵناوەکانی (بەرز ) و (زیرەك ) وەسفی ڕاستی و هەقیقی نمرە و کەسەکان لە واقیعدا بکەن ، ئەگەر بەڕاستی وەسفی نمرە و کەسەکان بکەن ، خاوەنی نرخی سیمانتیکین و بەهایەکی ڕاستەقینەیان هەیە .

4- ڕستەکە ڕاست دەبێت ئەگەر و تەنها ئەگەر (زیرەك نمرەی بەرزی هێنا ، بەڵام لەنیا لە شنیار زیرەکترە و نمرەی بەرزتری هێنابێت.)

5- بوونی دوو ئاوەڵناو لە ڕستە لێکدراوەکەدا ئەوەیە ، کە لەکاتی بەراورددا ئاوەڵناو دەست بەسەر هەردوولای ڕستەکەدا دەگرێت .

| P | q | q^p |
|---|---|---|
| ڕ(+شنیار+لەنیا +نمرە) | ڕ(+زیرەك )(+ بەرز) | ڕ |
| ڕ(+شنیار+لەنیا +نمرە) | هـ(−زیرەك )(+بەرز) | هـ |
| هـ(−شنیار+لەنیا +نمرە) | ڕ(+زیرەك )(−بەرز) | هـ |
| هـ(− شنیار+لەنیا +نمرە) | هـ(−زیرەك )(−بەرز) | هـ |

خشتەی ( 11 )

3- ڕستەی ئاوێتە :

1- ئەو ڕستانەی خاوەن گریمانەی پێشینەی ڕاستەقینەن ، بەهۆی بەکارهێنانی ئاوەڵناوەکانەوە ڕاستەقینەیی خۆیان لەدەست نادەن ، بەڵکو زیاتر دەخرێنە ڕوو ، بەڵام مەرجی ڕاستەقینەیی ڕستەکە دەگۆڕن ، لەڕستەی ئاوێتەدا ئاوەڵناو هەمیشە دەست بەسەر هەردوولای ڕستەدا دەگرێت و مەرجەکە ئەگوێزرێتەوە .

وەک :

61 . ا. پەشیمانم ، کە تاقمە قەنەفە هەشت نەفەرییەکەم نەکڕی .

ب. پەشیمان نیم ، کە تاقمە قەنەفە هەشت نەفەرییەکەم نەکڕی .

پ. تاقم قەنەفەی هەشت نەفەریم نەکڕیوە .

ڕستەی ( 61.ا ) خاوەنی گریمانەی پێشینەی ڕاستەقینەیە و بەنەرێکردنیشی وەک لە ( 61.ب )دا گریمانە پێشینەییەکەی گۆڕانی بەسەردا نایەت ، ، مەرجی ڕاستەقینەیی تیایدا قەنەفەی هەشت نەفەرییە ، واتە مەرجە ئەو تاقمەی باسی لێوە دەکرێت ، هەشت نەفەری بووبێت ، نەک دە نەفەری ، نرخی ڕاستەقینەی هەشت نەفەری کاتێکە کە هەقیقەتی قەنەفەکە وەسفبکات .

| P | P~ | P~← P |
|---|---|---|
| ڕ(+پەشیمان)(+نەکڕی) | ڕ(+8 نەفەری) | ڕ |
| ڕ(+پەشیمان)(+نەکڕی) | هـ(-8 نەفەری) | هـ |
| هـ(-پەشیمان)(-نەکڕی) | ڕ(+8 نەفەری) | ڕ |
| هـ(-پەشیمان)(-نەکڕی) | هـ(-8 نەفەری) | ڕ |

خشتەی ( 12)

62. کاتێک ، کە خۆپیشاندانی توندوتیژ ئەنجام دەدرێت ، هۆکارەکەی خراپی بارودۆخی هەرێمە .

مەرجی ڕاستەقینەی ڕستە ئاڵۆزەکە (کەوتنەوەی توند و تیژییە) بۆ ئەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەرەو خراپتر بڕوات ، بە واتایەکی تر مەرجی خراپتربوونی بارودۆخەکە نانەوەی توند و تیژییە ، بەهۆی

ئاوەڵناوی پلەی باڵای ( خراپتر)ەوە لەوە دەگەین ، کە بارودرخی هەرێمی کوردستان خراپە ، بەڵام بەهۆی توندوتیژی لە خۆپیشاندنەکاندا بارودۆخەکە خراپتر دەبێت .

ئەم ڕستەیە ڕاستە ئەگەر و تەنها ئەگەر :

2– شوێنێك بەناوی هەرێمی کوردستان بوونی هەبێت .

3– بارودۆخی هەرێمەکە خراپ بێت .

4– خۆپیشاندان دەست پێکردبێت .

5– ئەگەری ڕوودانی توندو تیژی لێبکەوێتەوە .

6–ئان ( توندو تیژی ) وەسفی خۆپیشاندانەکان بکات ، هەروەها ئان ( خراپ ) وەسفی ڕاستەقینەیی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بکات ، نرخی ڕاستەقینەی ( توندوتیژی ) کاتێکە کە هەقیقەتی خۆپیشاندانەکە وەسفبکات ، نرخی ڕاستەقینەی ( خراپ ) کاتێکە کە هەقیقەتی بارودۆخەکە وەسفبکات .

| P | Q | p q ← |
|---|---|---|
| ڕ(+بەهۆی بارودۆخی هەرێمەوە خۆپیشاندان ئەنجامدەدرێت | ڕ(+ توندوتیژی)(+خراپ) | ڕ |
| ھ(–بەهۆی بارودۆخی هەرێمەوە خۆپیشاندان ئەنجامدەدرێت | ڕ(+ توندوتیژی)(+خراپ) | ڕ |
| ڕ(+بەهۆی بارودۆخی هەرێمەوە خۆپیشاندان ئەنجامدەدرێت | ھ(+ توندوتیژی)(–خراپ) | ھ |
| ھ(–بەهۆی بارودۆخی هەرێمەوە خۆپیشاندان ئەنجامدەدرێت | ھ(– توندوتیژی)(–خراپ) | ڕ |

خشتەی ( 13)

63. دڵپاك ، بەهۆی ڕاستگۆییەکەیەوە تووشی گریان بوو .

بەهۆی لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و بەهای ڕاستەقینەی ڕستەکە ، کە لە ئاماژەکانی ڕستە سادەکانەوە دێت ، دەگەین بە مەرجی ڕاستەقینە/ بیری ڕستەکە .

ئەم ڕستەیە پێکهاتووە لە دوو ڕستەی سادەی :

1–دڵپاك تووشی گریان بووە. p

2–دڵپاك ڕاستگۆیە. q

ڕستەکە ڕاستە ئەگەر و تەنها ئەگەر :

1–دڵپاك بوونی هەبێت .

2– دڵپاك ڕاستگۆبێت .

3–دڵپاك گریا بێت .

ئاوەڵناوی ( ڕاستگۆ ) ئەگەر وەسفی ڕاستەقینەیی دڵپاك بکات ، ، نرخی ڕاستەقینەی ( ڕاستگۆ ) کاتێکە کە هەقیقەتی دڵپاك وەسفبکات ، لەڕستەی ئاوێتەدا ئاوەڵناوەکە دەست بەسەر هەردوولای ڕستەدا دەگرێت و مەرجەکە ئەگوازێتەوە .

| P | q | q↔P |
|---|---|---|
| ڕ(+دڵپاك تووشی گریان بووە) | ڕ(+ڕاستگۆ) | ڕ |
| ڕ(+دڵپاك تووشی گریان بووە) | ه(–ڕاستگۆ) | ه |
| ه(–دڵپاك تووشی گریان بووە) | ڕ(+ڕاستگۆ) | ه |
| ه(–دڵپاك تووشی گریان بووە) | ه(–ڕاستگۆ) | ڕ |

خشتەی ( 14 )

64. کەسێك ، کە زۆر بڵێت ، باش و خراپ تێکەڵ ئەکات و دڵی زۆر کەسیش دەڕەنجێنێت .

بەئامانجی دیاریکردنی بەهای سیمانتیکی و گەیشتن بە مەرجی ڕاستەقینەیی ڕستەکە ، سەرجەمی ڕستە ئاڵۆزەکە بەیەکەوە لێکدانەوەی بۆ دەکەین و دەیبەستینەوە بە واتای ڕستە سادەکانەوە .

ڕستەی ( 64 ) ئەو واتایە دەگەیەنێت ، کاتێك کەسێك قسەی زۆر بکات ، بەهۆی ئەوەی زۆر دەڵێت شتە باش و خراپەکان تێکەڵدەکات و خۆشی نازانێت چی دەڵێت ، ئەم ڕەفتارەشی دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر کەس بەهۆی قسەکانییەوە دڵیان لێی بڕەنجێت و لێی بێزاربن .

ئەگەر ئان ( زۆر ) وەسفی ڕاستی و ڕاستەقینەیی قسە زۆری کەسەکە بکات ، خاوەنی نرخی سیمانتیکییە و بەهای ڕاستەقینەیی هەیە .

ئەگەر ئاوەڵناوەکانی ( باش و خراپ ) پەسنی ڕاستی و هەقیقەتی قسەی باش و خراپ بکەن ، خاوەنی بەهای سیمانتیکی و نرخی ڕاستەقینەین ، مەرجی ڕاستەقینەش بریتییە لە :

1–قسە زۆر بکات .

2– باش و خراپ تێکەڵ بکات .

کەواتە ڕستەکە ڕاستە ئەگەر و تەنها ئەگەر قسە زۆر بکات و باش و خراپ تێکەڵبکات.

| p | Q | r | q^P | q←P | r↔ q^P | r^q←P |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕ(+قسەکردن) | ڕ(+زۆر)(+باش وخراپ) | ڕ(+دڵ دەڕەنجێنێت) | ڕ | ڕ | ڕ | ڕ |
| ڕ(+قسەکردن) | ڕ(+زۆر)(+باش وخراپ) | ه(–قسەکردن) | ڕ | ه | ه | ه |
| ڕ(+قسەکردن) | ه(–زۆر)(–باش وخراپ) | ه(–قسەکردن) | ه | ه | ڕ | ه |
| ه(–قسەکردن) | ڕ(+زۆر)(+باش وخراپ) | ڕ(+قسەکردن) | ه | ڕ | ه | ڕ |
| ه(–قسەکردن) | ڕ(+زۆر)(+باش وخراپ) | ه(–قسەکردن) | ه | ه | ڕ | ڕ |
| ه(–قسەکردن) | ه(–زۆر)(–باش وخراپ) | ڕ(+قسەکردن) | ه | ه | ه | ڕ |
| ڕ(+قسەکردن) | ه(–زۆر)(–باش وخراپ) | ڕ(+قسەکردن) | ه | ه | ه | ه |
| ه–قسەکردن) | ه(–زۆر)(–باش وخراپ) | ه(-قسەکردن) | ه | ه | ڕ | ڕ |

خشتەی ( 15)

65. باش بیربکەرەوە ، تا نەکەویتە هەڵەوە .

باش بیربکەرەوە . ڕ : مەرج q

تا نەکەویتە هەڵەوە . وەڵامی مەرج p

| q ⟵ P | q | P |
|---|---|---|
| ڕ | ڕ(+باش بیر کردنەوە) | ڕ(–کەوتنە هەڵە ) |
| ه | ه(–باش بیرکردنەوە) | ڕ(–کەوتنە هەڵە) |
| ڕ | ڕ(–باش بیرکردنەوە) | ه(+ کەوتنە هەڵە) |
| ڕ | ه(–باش بیرکردنەوە) | ه(+ کەوتنە هەڵە) |

خشتەی ( 16)

66 . ئەو پیاوە شەلەی ، کە ... دزی لە ئێمە کرد گیرا .

رستەکە ڕستەیەکی ئاوێتەیە ، کە تیایدا ئاوەڵناوی ( شەل ) دەست بەسەر هەردوو لای رستەکەدا دەگرێت ، چونکە بکەری ڕستەکە لە هەردوولای ڕستەکەدا دووبارە دەبێتەوە .

ئەم ڕستەیە پێکهاتووە لە سێ ڕستەی سادەی :

1–ئەو پیاوە دەشەلێت .

2– پیاوە شەلەکە دزی لە ئێمە کرد .

3– پیاوە شەلەکە گیرا .

ڕستەکە ڕاستە ئەگەر و تەنها ئەگەر :

1–پیاوەکە و ئێمە بوونمان هەبێت .

2– پیاوەکە شەل بێت .

3–پیاوەکە دزی کردبێت .

4–پیاوەکە گیرابێت .

ئاوەڵناوی ( شەل ) ئەگەر وەسفی ڕاستەقینەیی (پیاو)ەکە بکات ، ، نرخی ڕاستەقینەی ( شەل ) کاتێکە کە هەقیقەتی پاوەکە وەسفبکات .

| q⟷P | q | P |
|---|---|---|
| ڕ | ڕ(+شەل) (+گیرا) | ڕ(+ پیاوەکەی دزی کرد ) |
| ه | ه(–شەل) (+گیرا) | ڕ(+پیاوەکەی دزی کرد) |
| ه | ڕ(+شەل) (+گیرا) | ه(–پیاوەکەی دزی کرد) |
| ڕ | ه(–شەل) (–گیرا) | ه(–پیاوەکەی دزی کرد) |

خشتەی (17 )

## 3/3) مەرجی ناڕاستەقینەی ئاوەڵناوەکان لە زمانی کوردیدا .

ئاوەڵناوەکان وەك بەشە ئاخاوتنێکی زمان دەورێکی گرنك لە ڕستەو دەربڕاوەکاندا دەبینن ، بەهۆیانەوە دەتوانرێت ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ وەسفکردنی کەس و ڕووداو شتەکان بکرێت ، چونکە خاوەن واتایەکی ڕوون و ئاشکران ، هەرکاتێك ئاوەڵناوەکان بە واتای ڕاستەقینەی خۆیان بەکار نەهاتن واتایەکی جیاواز بەدەستەوە دەدەن ، دەچنە ئاستی پراگماتیکەوە و بە پێی دەوروبەر و بارودۆخی ئاخاوتنەکان و ئەو چوار چێوەیەی تیایدا دەردەبڕێن لێکدەدرێنەوە ، بەهۆی تیۆری کردە قسەییەکانەوە واتای نا ئاشکرای دەربڕاوەکان دەخرێتە ڕوو و ئەرکێکی کۆمەڵایتی بەجێدەهێنرێت ، کە دەربڕینی ڕستەی هەواڵی و پرسیای و فەرمانی و ئەنجامدان و ڕاپەڕاندنە .

67. بۆ خوانی ئێوارە مریشکی زیندوومان هەیە .

ئەم دەربڕاوە واتایەکی پراگماتیکی هەیە ، کاتێك دەوترێت ( مریشك ) دەشێت کەڵەشێر بێت ، هەروەها ئاوەڵناوی (زیندوو )مەبەست لێی ئەوە نییە ، مریشکەکە زیندوو بێت ، بەڵکو مەبەست گەیاندنی ئەو واتایەیە کە مریشکی ( بەستوو) نین و تازە سەربڕاون ،, واتاکەی لە ڕۆڵەکەیەوە لەڕستەدا دێت ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنی کۆمەڵ لەسەر بەکارهێنانی ، بەواتای ئەوەی بەهۆی دەوروبەری ئاخاوتن و ڕێککەوتنی کۆمەڵەوە لەمەبەستی قسەکەر دەگەین ، هەروەها خستنەڕووی زنجیرەیی پێکهاتەکە وەك پارچەیەکی گرنگی ڕستەکە دەتوانێت ئەو پەیوەندییە دیاریبکات ، کە لە ڕستەکاندا بەشداری دەکات .

دەربڕینە ئاوەڵناوییەکان بە ڕادەیەکی زۆر میتافۆڕ و ئیدیۆمیان تێدا بەرچاو دەکەوێت ، کە ئاوەڵناوەکان بە واتای ڕاستەقینەی خۆیان بەکار نایەن ، بەڵکو بۆ مەبەستێکی تر بەکاردێن ، بۆ نموونە:

1– دەربڕینی ئاوەڵناوی بە واتای میتافۆڕی .

68. کچێکی وشکە .

ئا ن ( وشك ) واتای ڕاستەقینەی پێچەوانەی تەڕە ، بەڵام لە ڕستەی ( 68) ( وشك ) بە واتای فەرهەنگی خۆی بەکار نەهاتووە ، بە پێی بەکارهێنانی لە ڕستەکەدا و ئەو ڕۆڵەی لە خستنەڕووی زنجیرەیی ڕستەکەدا

دەبینێت ، هەروەها ڕێککەوتنی کۆمەڵ و زانیاری هاوبەش و دنیا بینی نێوان قسەکەر و گوێگرەکان ئەو مەبەستە دەگەیەنێت ، کە کچێکی ( دوورە پەرێز ) و ( بێسودە ) .

69. وەك فیشەکە شێتە بۆی دەرچوو .

ئان ( فیشەکەشێتە ) واتای ڕاستەقینەی باروتی لە کاغەز پێچراوە ، بەڵام لە دەربڕاوی ( 69 ) واتایەکی میتافۆڕی هەیە ، مەبەستی بەکارهێنانی ئەوەیە کە بەرامبەر کەسێك بەکارهاتووە و ئەو کەسە زوو هەڵدەچێت و ئارامی نامێنێت ، بەهۆی دونیابینیمانەوە دەتوانیین درك بە واتاکانیان بکەین ، چونکە لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر واتاکان جیاوازن .

70. ئەوەندە ڕۆشتووەتە بەر خۆر بووە بە قەقنەس .

قەقنەس ، واتای ڕاستەقینەی باڵندەیەکە ، قسەکەر مەبەستی ئەوە نییە کە کەسەکە بووە بە باڵندەی قەقنەس ، بەڵکو بۆ ئەو مەبەستە دەریبڕیوە کە تایبەتمەندێتی ڕەشێتی لە قەقنەس وەر بگرێت و بۆ وەسفکردنی کەسێك بەکاری بێنێت ، مەرج نییە ئەو کەسە بەو ڕادەیەش ڕەش بووبێت .

" هەندێجار میتافۆڕەکان لەو جۆرەن ، کە دوورکەوتنەوەکان زیاترن و سیما واتاییەکان زیاتر بەزێنراون ، بۆیە لێکدانەوەیان زیاتر دەچێتە ناو پراگماتیکەوە یان لە چوارچێوە و دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکان لێکدەدرێنەوە "[1]، کەواتە هەرکاتێك میتافۆڕەکان هەرکاتێك لە میتافۆردا سیما واتاییەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو بەزێنران ، دەبێت بۆ لێکدانەوەیان پەنا ببەینە بەر پراگماتیك و دەوروبەر ، بۆ نموونە :

دەربڕینی ئاوەڵناوی بە واتای ئیدیۆمی .

" ئیدیۆم واتای نافەرهەنگی یان واتای شاراوەی دەربڕینەکانە ، ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەبینێت "[2] ، مەبەست ئەوەیە کەواتای ئیدیۆم لە واتای کەرتە پێکهێنەرەکانیەوە نایەت ، مەبەست لە بەکارهێنانی دەربڕینی واتای نائاشکرای دەربڕاوەکانە ، بۆ نموونە

71. خەڵات ئەوەندە خوێن شیرینە ، کەللە شەکرە .

خوێن شیرین : کەسێکی خۆشەویستە ، نەك تامی خوێنی شیرین بێت .

---

[1] ڕۆژان نوری ( 2007: 183).

[2] شیلان عومەر حسەین (2009 : 83 ).

کەللە شەکر : کەسێکە کە ڕووخۆش و زمان شیرین بێت ، نەك بوونی کەللە شەکر .

مەرجی ڕاستەقینەیی ڕستەی ( 71 ) ئەوەیە کە خەڵات کەسێکی ڕووخۆش و زمان شیرین و خۆشەویست بێت .

## 1-3/3) مەرجی نا- ڕاستەقینەیئاوەڵناوەکان لە ڕستەی هەواڵی و پرسیاری و فەرماندا.

لە مەرجی ناڕاستەقینەیدا ڕستەکانی ( هەواڵدان و پرسیارکردن و فەرماندان و ئەنجامدان ) کە دەردەبڕدرێن ، ئەو فۆڕمە زمانیانەن کە لە پشت فۆڕمە زمانییەکانەوە مەبەست و کردەکان جێبەجێدەکەن ، قسەکەر و گوێگر پشت بەستوون بە زانیاری دونیایی هاوبەش و بارودۆخ و دەوروبەری بەکارهێنانەکان .

1-ڕستەی هەواڵی .

72.ئاری قوڕبەسەر ، بەهۆی کێشەی قورسەوە سەری لێشێواوە .

لە ڕستەی (72 )دا ، ئاوەڵناوی ( قوڕبەسەر ) بە واتای ئەوە نایەت ، کە ئاری قوڕی بەسەرەوە بێت ، هەروەها ئاوەڵناوی ( قورس ) مەبەست لێی ئەوە نییە ، کە کێشێکی هەبێت هەڵنەگیرێت ، بەڵکو واتایەکی پراگماتیکی هەیە و بەهۆی ڕێککەوتنی کۆمەڵ و پێکەوە هاتنی کەرەستەکان لە جێکەوتەکانی ڕستە و پەیوەندی ئاسۆیی کەرەستەکانە لە واتا و مەبەستی دەربڕاوەکە دەگەین ، بەو واتایە دەگەین کە ئاری تووشی کێشەی گەورە بووە و ماڵ وێران بووە .

73. دار تووە چەماوەکە گەڵا زەردبووەکانی وەرین .

لە دەربڕاوی (73) مەبەست ئەوە نییە کە هەموو دارتووەکە چەمابێتەوە ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ، کە تەنها بەشێکی چەماوەتەوە ، کاتێکیش دەوترێت گەڵا زەردبووەکانی ، مەبەست ئەوەیە تا گەڵاکانی سەوزبوون نەوەریون ، بەڵام کاتێك زەردبوون وەریون ، ئەگەر ئاوەڵناوەکانی ( چەماوە و زەرد ) وەسفی ڕلستی و هەقیقەتی دارتووەکە بکەن ، بەهای سیمانتیکی و نرخی ڕاستەقینەیان هەیە ،کەواتە مەرجی ڕاستەقینە لەم دەربڕاوەدا ئەوەیە :

1- دارتووەکە لە واقیعدا بوونی هەبێت و چەماوەبێت .

2- گەڵای پێوە بێت .

3- گەڵاکان زەرد بووبن .

4- گەڵاکانی وەریبن .

| q^P | q | P |
|---|---|---|
| ڕ | ڕ(+چەماوە)<br>(+ زەردبوون) | ڕ(+دارتووەکە گەڵاکانی وەرین |
| ھ | ھ(-چەماوە)<br>(+ زەردبوون)(-زەردبوون) | ڕ(+دارتووەکە گەڵاکانی وەرین |
| ھ | ڕ(+چەماوە)<br>(+ زەردبوون) | ھ(-دارتووەکە گەڵاکانی وەرین |
| ھ | ھ(+چەماوە)/ (-چەماوە)<br>(- زەردبوون) | ھ(-دارتووەکە گەڵاکانی وەرین |

خشتەی ( 18 )

74.ا. خوشکە بچووکەکەی خەڵات بەختێکی جوانی هەیە .

ب. خوشکە بچووکەکەی خەڵات بەختێکی جوانی نییە .

بەهۆی دەوروبەر و بارودۆخی ئاخاوتنەوە دەتوانین لە مەبەستی قسەکەر تێبگەین و بزانین بۆ چی مەبەستێك دەربڕاوە ، کاتێك دەوترێت خوشکە بچوکەکەی مەبەست ئەوە نییە کە بە باڵا بچووك بێت ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە لە تەمەندا لە خەڵات بچووکترە ، هەروەها کاتێك دەڵێین (بەختێکی جوان) بە پێی دەوروبەر و باروحاڵی دەربڕینەکە دەزانین لە چی شتێکدا بەبەختە . ئەگەر دەربڕاوی (74.ا) ڕاست بێت ، بە نەرێکردنی پاشان دەربڕاوی (74.ب) بەهۆی بەکارهێنانی واتای زاراوەی نەرێکردنەوە هەڵەیە ، بە پێچەوانەشەوە .

| q~ | p~ | q | p |
| --- | --- | --- | --- |
| ه | ه | ڕ(+بچووك)(+جوان) | ڕ(+خوشكەكەی خەڵاتبەختی هەیە) |
| ڕ | ه | ه(−بچووك)(−جوان) | ڕ(+خوشكەكەی خەڵات بەختی هەیە) |
| ه | ڕ | ڕ(+بچووك)(+جوان) | ه(−خوشكەكەی خەڵات بەختی هەیە) |
| ڕ | ڕ | ه(−بچووك)(−جوان) | ه(−خوشكەكەی خەڵات بەختی هەیە) |

خشتەی ( 19 )

75. ئازادە چوارچاو پاسكیلێكی گەورەتری بۆ كچە بچووكەكەی كڕی .

ئان ( چوارچاو ) واتای ڕاستەقینەی ئەوەیە كە چوار چاوی هەبێت ، بەڵام لە دەربڕاوی ( 75 ) واتایەكی ئیدیۆمی هەیە ، بەرامبەر كەسێك بەكارهاتووە ، كە چاو لەدوایە ، هەروەها كاتێك دەوترێت ( پاسكیلێكی گەورەتر ) مەرج نییە پاسكیلەكە گەورە بێت ، ئەو گریمانە پێشینەیە دروست دەبێت كە پێشتر پاسكیلی هەبووە و لە چاو پاسكیلەكەی پێشتری گەورەتر ە .

| q↔P | q | p |
| --- | --- | --- |
| ڕ | ڕ(+چوارچاو)(+گەورەتر)(+بچووك) | ڕ(+ئازاد پاسكیلیكی بۆ كچەكەی كڕی) |
| ه | ڕ(+چوارچاو)(+گەورەتر)(+بچووك) | ه(−ئازاد پاسكیلیكی بۆ كچەكەی كڕی) |
| ه | ه(−چوارچاو)(−گەورەتر)(−بچووك) | ڕ(+ئازاد پاسكیلیكی بۆ كچەكەی كڕی) |
| ڕ | ه(−چوارچاو)(−گەورەتر)(−بچووك) | ه(−ئازاد پاسكیلیكی بۆ كچەكەی كڕی) |

خشتەی ( 20 )

76. ئارامە دەستڕەش ، قاچی ئەسپە جوانەكەی شكاند .

ئان ( دەستڕەش ) واتای ڕاستەقینەی ئەوەیە كە دەستی ڕەش بێت ، بەڵام لە دەربڕاوی ( 76 ) واتایەكی میتافۆڕی هەیە ، بەرامبەر كەسێك بەكارهاتووە كە دەست بۆ هەر شتێك ببات تێكی بدات ،

کاتێك دەوترێت ( ئەسپی ڕەش ) دەشێت (مایین ) بێت ، لەلای من ئەسپەکە جوان بێت ، ڕەنگە بەلای کەسێکی ترەوە وا نەبێت ، هەروەها ئەو ئەسپەی لەو کاتەدا بە جوان دادەنرێت لەوانەیە بە تێپەڕبوونی کات وا نەمێنێتەوە ، کەواتە مەرجی ناڕاستەقینەی هەیە و مەرجی ڕاستەقینەی بەپێی کات و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت .

| p | q | q↔P |
|---|---|---|
| ڕ(+ ئارام قاچی ئەسپەکەی شکاند) | ڕ(+دەستڕەش)(+جوان) | ڕ |
| ڕ(+ ئارام قاچی ئەسپەکەی شکاند) | ه(−دەستڕەش)(−جوان) | ه |
| ه(− ئارام قاچی ئەسپەکەی شکاند) | ڕ(+دەستڕەش)(+جوان) | ه |
| ه(− ئارام قاچی ئەسپەکەی شکاند) | ه(−دەستڕەش)(−جوان) | ڕ |

خشتەی (21)

2−ڕستەی پرسیاری .

77. ا. تووڵەکە چەند درێژە ؟

ب. تووڵەکە شەست سانتیمەترە .

لە دەربڕاوی ( 77 ) قسەکەر ئەو واتایەی داوە بەدەستەوە کە تووڵەکە درێژییەکی هەیە ، بەڵام ئەو وەڵامەی لە گوێگر چاوەڕێی دەکات ، ڕادەی چەندێتی درێژی تووڵەکەیە ، مەرجی ڕاستەقینەیی پشت بەستووە بە وەڵامدانەوەی گوێگرەوە ، مەرجە تووڵەکە شەست سانتیمەتر بێت ، نەك کەمتر یان زیاتر .

3−ڕستەی فەرمانی .

78. دایکم هەمیشە پێم دەڵێت قووڵبە .

مەبەست لە دەربڕاوی (78) ئەوەنییە کە گوێگر قووڵییەکی هەبێت ، بەڵکو واتایەکی تری لە خۆیدا هەڵگرتووە ، قسەکەر داوا لە گوێگر دەکات ، دڵی فراوان بێت ، مەبەستیش لە دڵ فراوانبوون هەقیقەتی فراوانبوون نییە ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ، لە بەرامبەر کێشە و ناخۆشییەکاندا کەسێکی ئارام و خۆڕاگر بێت

، گەیشتن بە مەرجی نا–ڕاستەقینەیی ، کە دیاردەی پراگماتیکییە ، واتا لە بەکارهێنانی زمانیدا هەڵبژێردرێت و دەردەبڕدرێت و دەردەکەوێت .

79 . برا گیان بەرزبە/ قورس بە.

لە دەربڕاوی (79) قسەکەر مەبەستی ئەوە نییە ، کە گوێگر بە واتای بەرزبوون بەرزبێت ، بەڵکو واتایەکی تری لە خۆیدا هەڵگرتووە ، قسەکەر داوا لە گوێگر دەکات ، ڕەوشتی بەرزبێت ، لە هەر بوارێکی ژیاندا گەیشتن بە مەرجی نا–ڕاستەقینەیی ، دیاردەی پراگماتیکییە ، واتا لە بەکارهێنانی زمانیدا هەڵبژێردراوە و دەربڕاوە و دەردەکەوێت .

## 2–3/3) مەرجی نا–ڕاستەقینەی ئاوەڵناوەکان لە ڕستەسادە و لێکدراو و ئاوێتەکاندا.

1– ڕستەی سادە

80. جوانترین گوڵی ناو باخەکەمان براوە .

لەلای من جوانترین گوڵ بێت ، ڕەنگە بەلای کەسێکی ترەوە وا نەبێت ، هەروەها ئەو گوڵەی لەو کاتەدا بە جوانترین گوڵ دادەنرێت لەوانەیە بە تێپەڕبوونی کات وا نەمێنێتەوە ، کەواتە مەرجی ناڕاستەقینەی هەیە و مەرجی ڕاستەقینەی بەپێی کات و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت .

81. لێرە باشترین جۆر بە هەرزانترین نرخ بەدەست بهێنە .

دەربڕاوی ( 81) ڕستەیەکی فەرمانییە و تیایدا قسەکەر ئاماژە بە باشی و نرخی کاڵاکان دەکات ، دەورەبەرو بارودۆخی ئاخاوتن یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشت لە مەبەستی قسەکەر ، کە ئایا ئەو کاڵایانە چین و لە چی ڕوویەکەوە باشترینن ، هەروەها کاتێك دەڵێت ( بە هەرزانترین نرخ ) لە ڕاستیدا وایە یان مەبەستی ڕاکێشانی خەڵکە بۆ بینینی کاڵاکانی .

. ئەگەر دوو کەسی وەك ( م و ه ) دەربارەی شتێك قسەبکەن ، بەڵام ڕای جیاوزییان هەبێت ، ئەوا لە هەمان بارودۆخ دەکرێت هەردووکیان ڕاست بن :

82 .ا. ف : زەنجەفیل تامی خۆشە .

.ب. ه : زەنجەفیل تامی خۆش نییە .

هەردوو دەربڕاوەکە لەهەمان بارودۆخ و چوارچێوەدا ڕاستن [1]، چونکە دەکرێت تامی زەنجەفیل بەلای (م)ەوە خۆشبێت و بەلای (ه)ەوە خۆشنەبێت ، پەیوەندییان بەهەڵسەنگاندنی بارودۆخەوە هەیە .

ڕستەکە ڕاستە ، ئەگەر (p ) ڕاست بێت ، پاشان (q )ڕاستە .

| p | q | q↔P |
|---|---|---|
| ڕ(+زەنجەفیل) | ڕ(+خۆش) | ڕ |
| ڕ(+زەنجەفیل) | ه(−خۆش) | ه |
| ڕ(+زەنجەفیل) | ڕ(−خۆش) | ه |
| ڕ(+زەنجەفیل) | ه(+خۆش) | ڕ |

خشتەی (22)

83 . مامۆستا چرا کەسێکی بە ئەزموونە .

لە پراگماتیکدا کە لێکدانەوەی واتا بەپێی بەکارهێنانەکەیەتی دەبێت بزانین ( چرا ) کێیە و مامۆستای چ خوێندنگایەکە و خەڵکی کوێیە و قسەکەر بۆ گەیاندنی چی مەبەستێك دەڵێت بەئەزموونە ، ئایا لە وانە وتنەوەدا بەئەزموونە یان لە کارێکدا ، ئەمەش بە پێی بەکارهێنان لە دەوروبەردا و بەهۆی بارودۆخی ئاخاوتنەوە شرۆڤەی واتایی بۆ دەکرێت و دەگەین بەمەرجی ڕاستەقینەیی .

| p | q | q↔P |
|---|---|---|
| ڕ(+مۆستا چرا) | ڕ(+ئەزموون | ڕ |
| ڕ(+مامۆستا چرا | ه(−ئەزموون) | ه |
| ه(−مامۆستا چرا | ڕ(+ئەزموون) | ه |
| ه (−مامۆستا چرا | ه(−ئەزموون) | ڕ |

خشتەی ( 23 )

خاڵێکی گرنك کە پێویستە ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە ، کە یاسای مەرجی ڕاستەقینەیی (q↔P ) لە ڕستەکانی زمانی کوردیدا پەیوەست بە ئاوەڵناوەوە لە یاساکانی تری مەرجی ڕاستەقینەیی بەبڕشتترە .

84. ا. ڕزگارە دڵڕەق هات .

---

[1] F .Bocchin , M.Dellutri , S. Caputo ( 50 : 2015 ) .

ب. ڕزگاره دڵ نەرم نەهات .

کاتێك دەڵێین ( دڵڕەق / دڵنەرم ) مەبەست ئەوەنییە ، کە ڕەقی یان نەرمییەکی هەبێت ، بەڵکو واتایەکی ئیدیۆمی هەیە و مەبەست ئەوەیە ، کە ئازاد بەبەزەییە/ بێ بەزەییە، ئەگەر ڕستەی[ڕزگاره دڵڕەق هات ] ڕاست بێت ، ئەوا ڕستەی [ڕزگاره دڵ نەرم هات ] بەهۆی بەکارهێنانی واتای زاراوەی نەرێکردنەوە هەڵەیە ، بە پێچەوانەشەوە .

| p | Q | p~ | q~ |
|---|---|---|---|
| ڕ(+ڕزگار هات | ڕ(+دڵڕەق | ﻫ(– ڕزگار هات | ڕ( – دڵڕەق |
| ڕ(+ڕزگار نەهات | ﻫ(+دڵ نەرم | ﻫ(–ڕزگار نەهات | ڕ(–دڵ نەرم |
| ﻫ(+ڕزگار نەهات | ڕ(+دڵڕەق | ڕ(–ڕزگار نەهات | ﻫ( – دڵڕەق |
| ﻫ(+ڕزگار هات | ﻫ(+دڵ نەرم | ڕ(– ڕزگار هات | ڕ(–دڵ نەرم |

خشتەی ( 24 )

85. ئەوەندە دەخوات و دەخواتەوە وەك ورچی لێهاتووە .

لە دەربڕاوی (85)دا ورچ واتا و چەمکێکی جیاوازی هەیە ، مەبەست لە ورچی ڕاستەقینە نییە ، بەڵکو مەبەست لێی (قەڵەو)ە ، بەهۆی بەکارهێنانی کەرەستەکان پێکەوە و ڕێکەوتنی کۆمەڵەوە دەتوانین لە مەبەستەکەی بگەین .

2– ڕستەی لێکدراو

86. بەرهەم ڕەفتارەکانی پیاوانەیە و ئاشتیخوازە .

بۆ تێگەیشتن لە مەبەست و واتای ڕاستەقینەی دەربڕاوەکان ، پێویستە بۆنە و بارودۆخ و ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە لەبەرچاو بگیرێن کە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەن ، هەروەها باری دەروونی قسەکەر

لەبەرچاو بگیرێ ، چونکە ئەگەر لە بارێکی دەرونی ئاڵۆزدا بێت ، مەبەستی توانجلێدانە ، ئەگەر بە خراپە باس لە بەرهەم کرابێت و قسەکەر لە باری دەرونی ئاسایدا بێت مەبەستی پیاهەڵدان و وەسفکردنە .

| q^P | q | p |
|---|---|---|
| ڕ | ڕ(+پیاوانە) (+ئاشتی خواز) | ڕ(+بەرهەم ڕەفتاری ) |
| ھ | ھ(−پیاوانە) (−ئاشتی خواز) | ڕ(+بەرهەم ڕەفتاری ) |
| ھ | ڕ(+پیاوانە) (+ئاشتی خواز) | ھ(−بەرهەم ڕەفتاری ) |
| ھ | ھ(−پیاوانە) (−ئاشتی خواز) | ھ(−بەرهەم ڕەفتاری ) |

خشتەی ( 25 )

87. دایکی جەرگ سووتاوی شەهیدان بۆ ڕۆڵەکانیان هەمیشە خەمبار و ڕەشپۆشن .

ڕستەی ( 87) لە دوو ڕستەی سادە پێکهاتووە :

1− دایکی جەرگ سووتاوی شەهیدان بۆ ڕۆڵەکانیان هەمیشە خەمبارن p.

2− دایکی جەرگ سووتاوی شەهیدان بۆ ڕۆڵەکانیان هەمیشە ڕەشپۆشن q.

لە دەربڕاوێکی وەك (87)دا مەبەست لە جەرگ سووتاو ئەوە نییە ( جگەر ) کە بەشێکی جەستەیە سووتا بێت ، بەڵکو مەبەست مردنی ڕۆڵەکانیانە ، قسەکەر و گوێگر بەهۆی زانیاری هاوبەش و زانیاری دونیاییانەوە دەتوانن لە واتای دەربڕاوەکە بگەن ، هەروەها ئاوەڵناوەکانی ( خەمبار و ڕەشپۆش ) ئەگەر بە بەردەوامی وەسفی ڕاستی و هەقیقەتی دایکی شەهیدان بکەن ، خاوەن مەرجی ڕاستەقینەن و بەهای سیمانتیکییان هەیە ، بەڵام بارودۆخەکە لە کەسێکەوە بۆکەسێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت ، مەرج نییە هەموو دایکێکی جەرگ سووتاو بەو شێوەیە بێت ، کەواتە مەرجی ناڕاستەقینەی هەیە و مەرجی ڕاستەقینەی بەپێی کات و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت .

| q^P | q | P |
|---|---|---|
| ڕ | ڕ(+جەرگ سووتاو)(+خەمبار)(+ڕەشپۆش) | ڕ(+دایکانی شەهیدان) |
| ه | ه(−جەرگ سووتاو)(−خەمبار)(−ڕەشپۆش) | ڕ(+دایکانی شەهیدان) |
| ه | ڕ(+جەرگ سووتاو)(+خەمبار)(+ڕەشپۆش) | ه(−دایکانی شەهیدان) |
| ه | ه(−جەرگ سووتاو)(−خەمبار)(−ڕەشپۆش) | ه(−دایکانی شەهیدان) |

خشتەی ( 26)

3− ڕستەی ئاوێتە .

88.ا. بەفرین وا خۆی دەرخست ، کە دەوڵەمەندە .P

ب. دەوڵەمەند نییە . q

پ. بەفرین وا خۆی دەرنەخست ، کە دەوڵەمەندە .p ~

ت. دەوڵەمەندە . q~

ڕستەکانی (90 ا و ب ) خاوەن گریمانەی پێشینەی پێکهاتەین ، بەکارهێنانی پێکهاتەکان لە لایەن قسەکەروە بۆ دیاریکردنی زانیارین و بەڕاست گریمانە دەکرێن ، هەروەها گوێگریش گریمانە پێشەکییەکە بە ڕاست وەردەگرێت ،لە ڕستەی ( 90.ا) دا قسەرکەر مەبەستی ئەوەیە ، کە بەفرین هەرچەندە خۆی بەدەوڵەمەند دەرخستووە ، بەڵام لە ڕاستیدا دەوڵەمەد نییە ، بە نەرێکردنی ڕستەی (90 .ا) گریمانەی پێشینەیی دەگۆڕێت ، بەفرین خۆی دەرنەخستووە دەوڵەمەند بێت ، بەڵام لە ڕاستیدا دەوڵەمەندە، لە خشتەی ڕاستەقینەییدا دەیخەینە ڕوو .

| q~<->~ P | q<->P | ~q | ~ P | q | P |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕ | ڕ | ه | ه | ڕ(+دەوڵەمەند) | ڕ(+خۆی دەرخست) |
| ه | ه | ڕ | ه | ه(−دەوڵەمەند) | ڕ(+خۆی دەرخست) |
| ه | ه | ه | ڕ | ڕ(+دەوڵەمەند) | ه(−خۆی دەرخست) |
| ڕ | ڕ | ڕ | ڕ | ه(−دەوڵەمەند) | ه(−خۆی دەرخست) |

خشتەی ( 27 )

89 . ئەگەر چاوان شارەزا بێت ، سەرکەوتوو دەبێت .

ا. شارەزا لە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوە .

ب. شارەزا لە هەنگاونان لە پلانێکدا .

ڕستەی ( 89 ) ڕستەیەکی هەواڵی مەرجییە ، سیمای ڕاستبوون و هەڵەبوونی تێدایە ، لەبەرئەوە پەشیمان بووونەوە لێی تا ڕادەیەك گرانە ، مەرجی سەرکەوتنی چاوان ئەوەیە کە شارەزا بێت ، بەڵام ئایا لە چی شتێکدا شارەزا بێت ؟ بۆ گەیشتن بە واتای ڕاستەقینەیی شارەزابوون ، پێویستە دەوروبەری ئاخاوتن و لەبەرچاو بگیرێت ، تا بتوانین لە مەبەستی قسەکەر تێبگەین و بەواتای ڕاستەقینەی ڕستەکە بگەین . بەمشێوەیەی خوارەوە لە خشتەی ڕاستەقینەیدا دەیخەینە ڕوو :

| p q ← | q | P |
|---|---|---|
| ڕ | ڕ(+شارەزا بێت ) | ڕ(+چاوان سەرکەوتوو دەبێت) |
| ڕ | ڕ(+شارەزا بێت ) | ه(−چاوان سەرکەوتوو دەبێت) |
| ه | ه(−شارەزا بێت ) | ڕ(+چاوان سەرکەوتوو دەبێت) |
| ڕ | ه(−شارەزا بێت ) | ه(−چاوان سەرکەوتوو دەبێت) |

خشتەی ( 28)

90. پێموایە ، کچەکەی هاوڕێت زۆر دەم هەراشە .

لە دەربڕاوی ( 90) دا ، دەم هەراش وشەیەکی لێکدراوە و ( هەراش ) بەواتای فەرهەنگی بەکار نەهاتووە ، بەڵکو پێکهاتەیەکی ئیدیۆمییە و بۆ وەسفکردنی کچی هاوڕێکەی گوێگر بەکارهاتووە ، کە زۆر دەڵێت و گوێ بەکەس نادات ، ڕەنگە بەلای قسەکەرەوە کچە هاوڕێکەی گوێگر دەم هەراش بێت ، بەڵام لەلای کەسێکی تر بەتایبەتی گوێگر بەو شێوەیە نەبێت ، هەروەها ڕەنگە تەنانەت لەلای قسەکەریش لە کات و شوێنێکی تردا بەو شێوەیە دەرنەکەوێت ، کەواتە دەربڕاوەکە مەرجی ناڕاستەقینەیی هەیە و لە کسێکەوە بۆ کەسێکی ترو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە کاتێکەوە بۆکاتێکی تر و لە بۆنەیەکەوە بۆ بۆنەیەکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت .

| q←P | q | p |
|---|---|---|
| ڕ | ڕ(+دەم هەراش) | ڕ(+پێموایە کچە هاوڕێت هەیە) |
| ه | ه(−دەم هەراش) | ڕ(+پێموایە کچە هاوڕێت هەیە) |
| ڕ | ڕ(+دەم هەراش) | ه(−پێموایە کچە هاوڕێت هەیە) |
| ڕ | ه(−دەم هەراش) | ه پێموایە کچە هاوڕێت هەیە) |

خشتەی ( 29 )

خستنە ڕووی چەند نموونەیەك بەمەبەستی دیاریکردنی داتایەك ، کە تیایدا نموونەکان دەخرێنە ڕوو ، بۆ پلە بەندی مەرجی ڕاستەقینەیی لە ڕستەیەك ئاوەڵناوی تیا نەبێت ، ڕستەیەکیش ئاوەڵناوێك یان زیاتری تیا بێت ، هەروەها ڕستەیەك سادە بێت یان ڕستەیەك لێکدرا و یان ئاڵۆز بێت .

| ژمارە | ڕستە | (+ ئاوەڵناو / − ئاوەڵناو | جۆری ڕستە | مەرجی ڕاستەقینەیی |
|---|---|---|---|---|
| 91 | دیار دەستبەندێکی دۆزییەوە . | −ئاوەڵناو | سادە | (+دۆزینەوە) |
| 92 | دیار دەستبەندێکی زێڕی دۆزییەوە . | +1 ئاوەڵناو | سادە | (+زێڕ) ،(+ دۆزینەوە) |
| 93 | پیاوە دووکاندارەکە مرد | −ئاوەڵناو | سادە | (+مرد) |
| 94 | پیاوە شەلە دووکاندارەکە مرد | +1 ئاوەڵناو | سادە | (+مرد) ، (+شەل) |
| 95 | دییە شووتی خوارد | −ئاوەڵناو | سادە | (+خواردن) |
| 96 | دییە شوتییەکی سوری خوارد | +1 ئاوەڵناو | سادە | (+خوردن )،( سور) |
| 97 | دییە شوتییەکی سوری شیرینی خوارد | +2 ئاوەڵناو | سادە | (+خواردن)،(+سور) (+شیرین) |
| 98 | دییە شوتییەکی سوری شیرینی جوانی خوارد | +3 ئاوەڵناو | سادە | (+خواردن)،(+سور) (+شیرین)، (جوان) |
| 99 | ڕۆنیا کراسێکی کڕی | −ئاوەڵناو | سادە | (+کڕی) |
| 100 | ڕۆنیا قەد باریك کراسێکی کڕی | +1 ئاوەڵناو | سادە | (+قەد باریك ) ،(+کڕی) |
| 101 | ڕۆنیا قەد باریك کراسێکی پەمەیی کڕی | +2 ئاوەڵناو | سادە | (+قەد باریك) ،(+پەمەیی) ، (+کڕی) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 102 | ڕۆنیا قەد باریك کراسێکی پەمەیی زستانەی کڕی . | +3 ئاوەڵناو | سادە | (+قەدباریك)، (+پەمەیی)، (+زستانە)،(+کڕی) |
| 103 | شانیا هات و لەنیا ڕۆیشت | –ئاوەڵناو | لێکدراو | (+هات )،( +ڕۆیشت) |
| 104 | شانیا تەمەڵ هات و لەنیا زیرەك ڕۆیشت | +2 ئاوەڵناو | لێکدراو | (+هات)(+تەمەڵ، (+ڕۆیشت)(زیرەك) |
| 105 | شانیا هاری تەمەڵ هات و لەنیا ئاقڵی زیرەك ڕۆیشت | +4 ئاوەڵناو | لێکدراو | (+هات)(+هار)(+تەمەڵ) (+ڕۆیشت)(ئاقڵ)(زیرەك) |
| 106 | ڕۆزی دیارییەکەی وەرگرت و دانیشت . | –ئاوەڵناو | لێکدراو | (+وەرگرت )، (+دانیشت) |
| 107 | ڕۆزی دیاری خاوێنییەکەی وەرگرت و دانیشت . | +ئاوەڵناو | لێکدراو | (+وەرگرت)،(زیرەك (+دانیشت) |
| 108 | ئەگەر ئازاد بێت ، نەسرین نایەت . | –ئاوەڵناو | ئاڵۆز | (+هاتن) ،(–هاتن) |
| 109 | ئەگەر ئازادە چاو پیس بێت ، نەسرینە دڵخۆش نایەت . | +2 ئاوەڵناو | ئاڵۆز | (+ چاوپیس)(+هاتن) ، (دڵخۆش) (–هاتن) |
| 110 | هەرچەندە خوێندکارەکان ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە ، بەڵام دواخرا . | –ئاوەڵناو | ئاڵۆز | (+ئامادەبوون)، (+دواخستن ) |
| 111 | هەرچەندە خوێندکارە زیرەکەکان ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە ، بەڵام دواخرا . | + ئاوەڵناو | ئاڵۆز | (+ئامادەبوون)،(+زیرەك) (+دواخستن ) |
| 112 | شنیار پەشیمانە، کە ژنە جەرگ سووتاوەکەی دەرکرد. | –ئاوەڵناو | ئاڵۆز | (پەشیمان)، (دەرکرد) |
| 113 | شنیار پەشیمانە، کە ژنە جەرگ سووتاوەکەی دەرکرد. | +1ئاوڵناو | ئاڵۆز | (پەشیمان)،(دەرکرد) (جەرگ سووتاو) |
| 114 | شنیار پەشیمانە، کە ژنە هەژارە جەرگ سووتاوەکەی دەرکرد. | +2 ئاوەڵناو | ئاڵۆز | (پەشیمان)،(دەرکرد) (هەژار)،(جەرگ سووتاو) |
| 115 | باخچەی ئاژەڵان ورچی لێیە. | –ئاوەڵناو | سادە | (+ بوونی ئاژەڵ) |
| 116 | باخچەی ئاژەڵان ورچی جوانی | +ئاوەڵناو | سادە | (+ بوونی ئاژەڵ) ،( جوان) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | هەیە | | | |
| 117 | ئەوەندە دەخوات و دەخواتەوە وەك ورچی لێهاتووە | –ئاوەڵناو | سادە | (+خواردن و خواردنەوە) ، (+قەڵەو) |

خشتەی (30)

لە ئەنجامی خستنەڕووی نموونەکان بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین :

1– تا ژمارەی ئاوەڵناوەکان لە ڕستەدا زیاتر بێت ، مەرجەکان زیاتر دەبن ، بوونی زیاتر لە مەرجێکیش لادانە لە ماگزیمەکانی گرایس ، بەهای مەرجی ڕاستەقینەیی کەدەبێتەوە .

2– ئەو ڕستانەی (–ئاوەڵناو)ن بەهای مەرجی ڕاستەقینەیان زیاترە وەك لەو ڕستانەی (+ئاوەڵناو)ە ، هەروەها لەناو ڕستەکانیشدا کە (+ئاوەڵناو)ن ، لە ڕستەیەکدا کە (+1 ئاوەڵناو)ە ، بەهای مەرجی ڕاستەقینەیی زیاترە وەك لەو ڕستانەی لە یەك ئاوەڵناو زیاتریان تێدایە .

3– بە زیادکردنی ئاوەڵناو مەرجی ڕاستەقینەیی لە ڕستە سادەکاندا ڕوونتر و ئاشکراترە مەرجەکە گۆڕانی بەسەردا دێت ، هەروەها لە ڕستە لێکدراو و ئاڵۆزەکاندا پێکەوە بەستنی کەرەستەکان دەبنە هۆی گۆڕینی مەرجەکە و ئاوەڵناوەکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت .

4- به هێلكارییەك ڕادەی بەرزی مەرجی ڕاستەقینەیی و بەهای مەرجی ڕاستەقینە لە ڕستەكاندا دەخەینە ڕوو :




| ئاوەڵناو | مەرجی ڕاستەقینە | بەهای مەرجی ڕاستەقینە |
|---|---|---|
| 0 | 1 | 4 |
| 1 | 2 | 3 |
| 2 | 3 | 2 |
| 3 | 4 | 1 |

خشتەی ( 31 )

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.

# ئەنجام

**ئەنجام**

دوای شرۆڤەکرد ن و لێکۆڵینەوە گەیشتین بە چەند ئەنجامێکی گرنگ :

1- لە واتای زمانیدا دەبێت ملکەچی واتای فەرهەنگی دەربڕینەکان ببین و بەشوێن پەیوەندییە لۆژیکییانەدا بگەڕێین ، کە واتای وشە و واقیع بەشێوەیەکی توند و تۆڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوە .

2- مەرجی ڕاستەقینەیی لە ڕستەکاندا ئەو مەرجانەن کە وادەکەن ڕستەکان ڕاست بن ، لە ڕێگەی زانینی مەرجی ڕاستەقینەی ڕستەکانەوە ، دەتوانین بە واتای ڕستەکان بگەین ، چونکە ئەگەر لە مەرجی ڕاستەقینەیی نەگەین ناتوانین لە ڕێگەی شرۆڤەکردن و لێکدانەوەوە درك بە واتای ڕستە و دەربڕاوەکان بکەین .

3- سەرەکیترین ڕێگا بۆ چۆنیەتی دیاریکردن و ناسینەوەی مەرجی ڕاستەقینە ، کۆمەڵە ، چونکە کۆمەڵ بڕیار دەدات کام ڕستە و دەربڕاوانە ڕاستن و کام ڕستە و دەربڕاوانەش هەڵەن ، هەروەها دەربڕینی ڕستەکان لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر مەرجی ڕاستەقینەییان جیاوازە ، تەنانەت لە ناو یەك کۆمەڵشدا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بە گۆڕانی داب و نەریت و کلتور ڕاستی ڕستەکان گۆڕانی بەسەردا دێت .

4- ناوەڕۆکی مەرجی ڕاستەقینەیی پشت بەستووە بە ژمارەیەکی بێسنور زەمینەی گریمانەکاری ، ناکرێت هەموویان ئاشکرابن ، گۆڕان لە زەمینەی گریمانەکاندا دەتوانن مەرجی ڕاستەقینەیی بگۆڕن.

5- ڕێگایەکی گونجاو بۆ ڕێکخستنی نرخی/بەهای ڕاستەقینەیی دەربڕاوە جیاوازەکان ، ڕێگای بەکارهێنانی خشتەی ڕاستەقینەییە .

6- ئەو ڕستە و دەربڕاوانەی قسەکەر مەبەستی زانیاری گەیاندن نییە ، بەڵکو بۆ سەرسوڕمان و دەربڕینی هەستونەستە ، واتای هەستونەست و واتای کارتێکەرانە دەگەیەنێت و شیکردنەوەی ڕاستی و ڕاستەقینەیان بەسەردا جێبەجێنابێت .

7- لە ڕستەی هەواڵیدا یەکەی زانیاریءنرخێکی ڕاستی و ڕاستەقینەی دیاریکراوی تیایە، کە ڕاست یان چەوتە،ئەم جۆری ڕستانە توانای سەلماندن و بەرپەرچدانەوەیان تێدایە ،چونکە دەشێت ڕاست یان هەڵەبن .

8- لە ڕستەی فەرمانیدا ڕستە پابەندی تاقیکردنەوەی ڕاست و هەڵە نییە ناتوانێت هەڵگری ڕاستی یان هەڵەیی بێت ، چونکە قسەکەر ڕاستی و هەڵەیی زانیارییەکان نازانێت و چاوەڕوانی گوێگر ، دەکات بۆ دەستکەوتنی زانیاری و ڕاستییەکان .

9- لەڕووی واتای گشتی ڕستەکانەوە ئاوەڵناوەکانیش وەك یەکێك لە بەشە ئاخاوتنەکان و بەشە پێکهێنەری ڕستەکان پەیوەست بە دنیای ڕاستەقینەوە واتایەکی ڕوون دەبەخشن و مەرجی ڕاستەقینەی ڕستەکان دەگۆڕن ، ئاوەڵناو خاوەن نرخی ڕاستەقینەییە ، ئەگەر توانیبێتی وەسفی ڕاستی و ڕاستەقینەیی کەس و شت و ڕووداوەکان بکات .

10- بەزیادکردنی ژمارەی ئاوەڵناوەکان لە ڕستەکاندا مەرجی ڕاستەقینەش زیاد دەکات ، بەڵام بەهای مەرجەکە کەمدەبێتەوە، بوونی زیاتر لەمەرجێك لادانە لە ماگزیمەکانی گرایس .

11- بوونی دوو ئاوەڵناو لە ڕستەی لێکدراودا ئەوەیە ، کە هەریەکەیان بۆ ڕستەکەی خۆی دەگەڕێتەوە ، بەڵام لەکاتی بەراورددا ئاوەڵناو دەست بەسەر هەردوولای ڕستەکەدا دەگرێت ، لەکاتێکدا لەڕستەی ئاوێتەدا ئاوەڵناو هەمیشە دەست بەسەر هەردوولای ڕستەداو مەرج ئەگوێزرێتەوە .

12- یاسای مەرجی ڕاستەقینەیی ($q \leftrightarrow P$) لە ڕستەکانی زمانی کوردیدا پەیوەست بە ئاوەڵناوەوە لە یاساکانی تری مەرجی ڕاستەقینەیی بەبڕشتترە .

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.

# سەرچاوەکان

لیستی سەرچاوەکان

بەزمانی کوردی :

کتێب :


1- ئاڤێستا کەمال مەحموود ، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا ، کوردۆلۆجی ، سلێمانی ، 2009 .

2- ئاڤێستا کەمال مەحموود ، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا ، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ، سلێمانی ، 2012 .

3- ئارام قادر ، شرۆڤەی لۆژیکی بۆ زمان (ڤیتنگشتاین)، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، 2010.

4- ئارام عەبدولواحید ، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا ، چاپخانەی لەریا ، سلێمانی ، 2013 .

5- ابراهیم عزیز ابراهیم ، ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتوو خواز لەگەڵ ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری لە دیالێکتە ناوەندییەکانی کوردیدا ، زنجیرە زماننسی 2 ، بەغدا ، 1980 .

6- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، 1975 .

7- ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ( وشەسازی ) ، بەشی سێیەم ( ئاوەڵناو ) ، کۆڕی زانیاری عێراق / دەستەی کورد ، بەغداد ، 1992 .

8- بەکر عومەر عەلی–شێرکۆ حەمە ئەمین ،زار و شێوەزار ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی چوارچرا ،2006.

9- تالیب حسین عەلی ، واتاسازی ، چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کوردستان ، هەولێر ، 2011 .

10- هـ.د. ویدۆوسن ، سەرەتایەك بۆ زمانەوانی ، و/ لە ئینگلیزییەوە ، هۆشەنگ فاروق ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، 2008 .

11- ڕۆژان نوری عبدالله ، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی ، چاپی یەکەم ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوار چرا ، سلێمانی ، 2007 .

12- سەباح ڕەشید قادر ، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB ) لە زمانی کوردیدا ، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر ، 2009 .

13– سەلام ناو خۆش و نەریمان خۆشناو ، زمانەوانی ، بەرگی (یەکەم و دووەم و سێیەم )، چاپی یەکەم ، چاپخانەی منارە ، هەولێر ، 2009 .
14– شیلان عسمان عبدالرحمن ، کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هاوسەر ، هەولێر ، 2009 .
15– شیلان عومەر حسێن ، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا ، کوردۆلۆجی ، سلێمانی ، 2009 .
16– شیلان عومەر حسێن ، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا ، چاپ و بڵاوکردنەوەی کارۆ ، سلێمانی ، 2012 .
17– شێروان حوسێن خۆشناو ، تێڕوانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لە زمانی کوردیدا ، چاپخانەی دیلان ، سلێمانی ، 2011 .
18– فاروق عومەر سدیق ، لەدایکبونی وشە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، 2011 .
19– فاروق ڕەفیق ، لۆژیك و هونەری ئەرگومێنتسازی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان ، 2014 .
20– غازی عەلی خورشید ، سایکۆلۆژیای زمان ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ، چاپخانەی سپیرێز – دهۆك ، 2010 .
21– عبدالواحید موشیر دزەیی ، واتاسازی وشەو ڕستە، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2010 .
22– عبدالواحید موشیر دزەیی ، واتاسازی، چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە ، چاپخانەی خانی ، هەولێر ، 2009 .
23– عەبدولواحید موشیر دزەیی ، ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە ، چاپی یەکەم ، 2013 .
24– عبدالواحید موشیر دزەیی ، وشەسازی زمانی کوردی ، چاپی دووەم ، 2013 .
25– کاروان عومەر قادر ، فۆڕمی لۆژیکی لەزمانی کوردیدا ، چاپخانەی بینایی ، سلێمانی ، 2012 .
26– محەمەد کەمال ، ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی یاد –سلێمانی ، 2011.
27– محەمەد مەعروف فتاح ، زمانەوانی ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی هاشم ، هەولێر ، 2011 .
28– محەمەد مەعروف فتاح ، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ، کۆکردنەوەی ( شێروان حسێن خۆشناو ، شێروان میرزا قادر ) ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2010 .

29– محمدی مەحوی ، زمان و زانستی زمان ، بەرگی یەکەم ، چاپ و پەخشی سەردەم ، 2001 .

30– محەمەدی مەحوی ، ڕستەسازی کوردی ، زانکۆی سلێمانی ، 2001 .

31– محەمەدی مەحوی و نەرمین عومەر ئەحمەد ، مۆدێلی ڕێزمانی کوردی ، چاپخانەی ژێر ، 2004 .

32– محمدمەحوی ، ئاوازەداری و ڕێزمانی ناوەڕۆك وابەستە ، زانکۆی سلێمانی ، 2006 .

33– محمدی مەحوی ، زانستی هێما ، هێما ، واتاو واتالێکدانەوە ، بەرگی دووەم ، سلێمانی ، 2009.

34– محەمەدی مەحوی ، کاروان عومەر ، شیلان عومەر ، دروستەی کردار بنەماو دیاردە ، سلێمانی ، 2010 .

35– محەمەدی مەحوی ، بنەماکانی سینتاکسی کوردی ، بەرگی یەکەم ، سلێمانی ، 2011 .

36– نەریمان عبدالله، محمدمحمد یونس علی ، وەگێراوە لەعەرەبییەوە ، سەرەتایێك بۆ زانستەکانی واتاسازی و پراگماتیك ، 2010 .

37– نەریمان خۆشناو ، ڕێزمانی کوردی - بەشەکانی ئاخاوتن ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی منارە ، هەولێر ، 2009 .

38– نوری عەلی ئەمین ، ڕێزمانی کوردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی ، 1960

<u>نامە ئەکادیمییەکان</u> :

1– ابوبکر عومەر قادر، پرسیار لە زمانی کوردیدا ، ماستەر / زمان ، زنکۆی سەلاحەدین ، 1993 .

2–ابوبکر عومەر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا ، دکتۆرا/ زمان ، زانکۆی سلێمانی ، 2003 .

3–بەکر عومەر عەلی ، میتافۆڕ لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە ، دکتۆرا / زمان ، زانکۆی سلێمانی ، 2000

4–بەشدار محمد ابراهیم ، سیمانتیکی لێکدانەوە و سیمانتیکی بەرهەمهێنان لە زمانی کوردیدا ، ماستەر / زمان ، 2014 .

5–دیار علی کمال کریم، ڕێزمانی کوردی : ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە ، ماستەر /زمان ، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین ، 2002 .

6– تریفە عومەر ، مەبەستی پراگماتیکی لە وتاردا ، ماستەر / زمان ، زانکۆی سلێمانی ، 2008 .

7– تارا موحسین ، مینیماڵ پرۆگرام لەزمانی کوردیدا ، دکتۆرا ، زمان ، زانکۆی سلێمانی ، 2008 .

8– سازان ڕەزا معین ، واتاو دەوروبەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، 2005 .

9–فەرهاد تۆفیق ، پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێك دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا ، ماستەر / زمان ، زانکۆی سلێمانی ، 2010 .

10– عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا ، دکتۆرا / زمان ، زانکۆی سلێمانی ، 2009 .

11– عومەر مەحموود کریم ، سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکیی گریمانە پێشەکییەکان ، دکتۆرای فەلسەفە / زمان ، زانکۆی کۆیە ، 2009 .

12– قەیس کاکل ، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، 1995 .

13– مستەفا ڕەزا مستەفا ، ناوی ئەبستراکت و پێزی مۆرفیێمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت لە زمانی کوردیدا ، ماستەر ی زمان ، زانکۆی سلێمانی ، 2013 .

14– هۆگر محمود فرج ، بوارە واتاییەکان ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، 1993 .

15– هۆگر محمود فرج ، پراگماتیك و واتای نیشانەکان ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی ، 2000 .

16– هیدایەت عەبدوڵلا موحەمەد ، ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێجی زمان ، زانکۆی سلێمانی ، 2002 .

17– حاتەم ولیا محمد ، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان ، نامەی دکتۆرا/ زمان ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، 2006 .

گۆڤار و بڵاوکراوەکان :

1– ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، پلەکانی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا ، بەشی کوردی کۆلێجی پەروەردە زانکۆی بەغدا ، لە بەرگی هەژدە و نۆزدەی گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد دەرهێنراوە ، بەغدا ، 1988 .

2– بەکر عومەر عەلی ، ڕستەی شوێنکەوتووی ئەنجام و ڕستەی شوێنکەوتووی ئاگادارکردنەوە ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B ، ژمارە (12) ، کانوونی یەکەمی 2003 .

3– بکر عمر علی ، ئاڤێستا کەمال ، پەیوەندی سیمانتیك و لۆژیك لە ڕستەی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، بەشی B ، ژمارە (26) ، تەمموزی 2009 .

4- بکر  عمر علی ، عەبدالجبار مستەفا مەعروف ، سنوری کێڵگەی واتایی لەوشەی بێگانەو ڕەنگدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، بەشی B ، ژمارە (31 ) ، ئاداری 2011.

5- بەکر عومەر عەلی_ محەمەد عومەر عەول ، ئاواز و پراگماتیك لە ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا ، گۆڤاری زانکۆ ، ژمارە (28) ، 2010 .

6- بەهزاد موحسین ، کۆزمانەوانی ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە (129) ، 2008 .

7- کاروان عومەر قادر ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، درکپێکردن ، 2012.

8- محمود فتح الله احمد ، واگەیاندن لەزماندا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، بەشی B ، ژمارە (24) ، تشرینی یەکەمی 2008.

9- پ.ی .محمد مەعروف فتاح ، هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا ، ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە 125 وەرزی بەهار ، 1990 ، هەرروەها لەکتێبی ( لێکۆڵینەوە زمانییەکان ، هەولێر ، 2010 ، کە لەلایەن شێروان عبدالله خۆشناو و شێروان میرزا قادر کۆکراوەتەوە ، چاپکراوەتەوە .

10- محەمەدی مەحوی ، ئاوەڵناوی کوردی لە نێوان تیۆری و تایبەتمەندییەکاندا ، ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، بەشی B، ژمارە(44) ، شوباتی 2014 .

11- هۆگر مەحمود فەرەج ، کردەی گەیاندن لە نێوان سیمانتیك و پراگماتیکدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، بەشی B ، ژمارە (15) ، 2005 .

**بەزمانی عەرەبی :**

1- ابوحامد الغزالی ، معیار العلم في علم المنطق ، ط4 ( بیروت ، دارالاندلس ، 1983 ).

2- احمد مختار عمر ، علم الدلالة ، مکتبة الدار العروبة للطبع والنشر ، الطبعة الاولی ، الکویت ، 1982 .

3- عزمی اسلام ، مفهوم المعنی دراسة تحلیلیة ، حولیات کلیة الاداب الحولیة السادسة ، جامعة الکویت ، 1985.

4- حسام البهنساوی ، التولید الدلالی ، الطبعة الاولی ، مکتبة زهراء الشرق للنشر والطباعة ، القاهرة ، 2003

5- (مجید عبدالحلیم ماشطة و حلیم حسین فالح و کاضم حسین باقر ، علم الدلالة ، کلیة الاداب – جامعة البصرة ، مطبعة جامعة البصرة ، ترجمة ، (Lyons :1968 ) ، 1980 ).

6- مجید ماشطة ، من علم المعانی الی علم الدلالة ، مرکز الانما الحضاری ، دیمشق ، 2009 .

7- مازن الوعر ، نحو نظرية لسانية عربية حديثة لتحليل التراكيب الاساسية فى اللغة العربية ، دار طلاس للدراسات والترجمة والنشر ، طبعة الاولى ، 1987 .
8- محمد على الخولى :معجم علة الغة النضرى ، بيروت، لبنان 1991 .
9- محمد محمد يونس ، مقدمة فى علم الدلالة والتخاطب ، دارالكتب الجديدة المتحدة ، بنغازي ، 2004 .
10- عبدالقادر عبد الجليل ، علم اللسانيات تاحديثة ، دار صفاء- للنشر والتوزيع-عمان ، الطبعة الاولى 2002 .
11- عبدالقادر عبدالجليل ، المعجم الوظيفى لمقايس الأدوات النحوية والصرفية ، ط/1 دار الصفاء للنشر والتوزيع ، عمان 2006 .
12- ميشال زكريا ، مباحث فى النظرية الالسنية وتعليم اللغة ، مؤسسة الجامعية للدراسات و النشر ، طبعة الثانية ، بيروت ، 1985 .
13- يسري ساوي ، الدلالة التركيبية بين النحاة العرب والتوليدين التحويلين ، مجلة:وحدة المتطلبات الجامعية العامة ، مجلد الثانى ، 2006 .

**به زمانی فارسی :**

1- **لاینزجان ، مقدمه‌ای بر معنا شناسی زبان شناسی ، ت . حسین واله ، چ**[2] **، گام نو ، تهران ،** 1385

2- **کورش صفوی ، گفتارهای در زبان شناسی انتشارات هرمس ، تهران ،** 1380 .

**به زمانی ئینگلیزی :**

**1-** Adrián Slavkovský · Michal Kutáš **,** Introduction to the Philosophy of Language **,** Trnavská univerzita , 2013 .
2- Alexander Miller , fundamental of philosophy , 1998 .
3- Alfred Jules Ayer , , Language , Truth and Logic , 2012 .
4- Bates, E. *Language and context: Studies in the acquisition of pragmatics* , New York: Academic Press , 1976 .
5- Bloomfield ,L , Language , New York : Holt , Rinehart & Winston ,1933 .
6- Bob hale &crispinwright , A companion to the philosophy of language , 1997 .

7- Corinne Beatrice Iten (C.B.Iten) , 'Non-Ttuth-Conditional' meaning,Relevance And Concessives , Department of Phonetics and Linguistics , University College London , 2000
8- Corinne Iten(C.B.Iten) , linguistic meaning Truth conditions and Relevance , the case of concessives , 2005
9- Daniel Vanderveken & Susumu cubo , Essay in speech act theory , illustrated , John Benjamin publishing , 2002 .
10- Donald Davidson , Truth and meaning , 1967 .
11- Emest Lepore , Sam Cumming , Meaning and Argument : an introduction to logic Through Language , 2009 .
12- Fabio Bocchin , Massimo Dellutri and stefano Caputo , New frontiers in Truth , Cambridge scholars publishing , 2015 .
13- François Recanati , Truth-Conditional Pragmatics , Clarendon press , oxford , New Yourk , 2010 .
14- Geoffrey Leech , semantics – the study of meaning , New-York ,USA , 1985 .
15- George Lakof, SYNTAX AND SEMANTICS ,VOL,7 ACADEMIC , PERSS INC , NEW YORK ,SANFRANISCO , LONDON, 1976 .
16- George Yule , Pragmatics , oxford University Press , oxford New – York , 1996 .
**17-** Gerhar preyer, Donald Davidson on truth and meaning and the mental , oup oxford , 2012 .
18- Gennaro chierchia & Sally Mcconnell Ginet , Meaning and grammar an introduction to semantics , 2nd edition , illustrated , MIT press , 2000 .
19- Herbert B. Enderton , A Mathematical introduction to Logic , Academic press , 2001
20- Irene Iteim &Angelika kratzer , Generative grammar , Malden, Masschusetts , 02148 , USA , 1998 and 2000 .
21- Karim Nazaribagha ,Genrative semantics ,2011 .
22- Kirk Ludwing , Donald davidson , illustrated , Cambridge University press , 2003 .

23- Kirk Ludwing and Ernest Lepore , Donald Davidson: Meaning , truth , Language , and reality , oxford University Press,2005 .

24- K. M . Jaszczolt, Semantics and Pragmatics Meaning in Language and Discourse , Longman , 2002 .

25- Lyons , John , Semantics , Cambridge : Cambridge University Press ,1977 .

26- Marina sbia , Jan- olaostman & JefVerschuren ,philosophical perspectives for pragmatics( Amsterdam / Philadelphia ) , 2011 .

27- Mark Gezareli , Logic for Dummies , 2007 .

28- Noam Chomsky , ByThe Massachwetts Institute Of Technology all Rights ReservedLibrary of Congress Catalog Card Number: 65-I9080 , Printed in the United States of America (Cambridge, Massachusetts (1965).Copyright @) .

29- Peter Krause , Topics in Presupposition Theory , Institut fur maschinelle Sprachverarbeitung der Universit¨at Stuttgart ,2001 .

30- RICHARD J. KOSCIEJEW, The Corpses Of Times Generations: Volume Two , Author House, 2014 .

31- R. Car nap ,Meaning and Necessity , Chicago , The University Of Chicago Press , 1956 .

32- Richmond H. Thomason , 1996 .

**33-** S.L.Tsohatzidis, foundations of speech act theory: philosophical and linguistic perspectives , rout ledge , 2002 .

34- Scott Soames , philosophy of language , Princeton university press , 2010 .

35- Stephen C.Levinson , pragmatics , Cambridge university press , Cambridge , 1983 .

36- Substantive , Donald Davidson( standford Encyclopedia philosophy , may; 1996 , revision may , 2014 .

37- Watson , Behaviorism , New Yourk , 1924 .

38- William G.Lycan ,Philosophy of Language a Contemporary Introduction, Second Edition, by Routledge ,270 Madison Ave, New York, NY 10016 2008 .

**39-** William G. Lycan , Direct argument For The Truth Condition Theory Of Meanung , , volume 29 , Issue 2 , University Of North Carolina , October 2010 .

40- Wolfgang carl ,frege's theory of sense and reference, Cambridge university press , 1994 .

Internet PDF

1- www.cse.iitb.ac.in/~cs626-460-2012/seminar-ppts/pragmatics.pdf

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.

## الخلاصة


**هذا البحث بعنوان ( تحليل شروط الصحة في المعنى الَلغوي )،يبحث في تحليل وتفسير المعنى الجمل والعبارات اللغوية ،لغرض وصول الى شروط صحتها ،و لتبيان صحتها وخطأها من خلال دراسة صحة تلك الجمل وقيمتها الحقيقية مستمدة من دلالات الجمل البسيطة، يتكون هذا البحث من مقدمة وثلاثة الفصول:**

**يتضمن الفصل الأول قسمين،تناول القسم الأول، الأتجاهات المدارس اللسانية في دراسة اللغة ،ومواضع اختلافها،وتناول ( القسم الثاني ) ،أنواع المعنى ،حيث استطاع الباحثة أشارة الى بعضها.**

**اما الفصل الثاني،فيتكون من ثلاثة الأقسام ،القسم الأول،يتضمن بداية الظهور نظرية (الأشتراط الصحة) ومبادئها،لغرض تحديد وتفسير (المعنى) وكشف عن شروط صحتها وتحديد القيمة الحقيقية للجمل ،وذكرت الباحثة في هذا الصدد العوائق الموجودة في طريق تحقيق شروط الحقيقة ، محاولة تقديم وعرض الجدول الحقيقة للمصطلحات المنطقية .وتتطرق الباحثة في القسم الثاني الى عرض شروط عدم الصحة( خطأ ) الملفوظات ،التي هي عبارة عن ظاهرة التداولية( أستعمال اللغة ) ،ومن الأستعمالات اللغوية في السياقات المقام والمواقف الأجتماعية ،تتخذ الملفوظات صوراّ التداولية كثيرة وتوليد معاني كثيرة ،حيث تتأسس الأستدلالات التداولية على الأعراف الأجتماعية تم الأتفاق عليها ،وتعالج تلك الملفوظات بأستدلالات ومعلومات مستقاة من معارف مستمدة من العالم الخارجي ،ويتواضع من أفراد المجموعات اللغوية المتواطئةعلى ذلك ،لغرض وصول الى قصد المتكلم.وقد تناول القسم الثالث ،أهم شروط الصحة في الجملة الخبرية والأستفهامية والخبرية في جميع أنواع الجمل .**

**واختص الثالث للدراسة التطبيقيةوالعملية،لأستفادة من شروط الصحة ،وتطبيقها على (الصفات) لتبيان معنى اللغوي ،وهو بدوره يتكون من ثلاثة الأقسام،القسم الأول،خصص للمعنى اللغوي من حيث التكوين والرتبةوالتصنيف الدلالي.و الثاني خصص لشروط الصحة (الصفات) في جمل الخبرية والأستفهامية والطلبية ،في جميع أنواع الجمل في اللغة الكوردية.اماالثالث، فيتضمن شروط عدم الصحة (الصفات) في جمل الخبرية والأستفهامية والطلبية ،في جميع أنواع الجمل ،وتوضحيها بالأمثلة في اللغة الكوردية**

Abstract

The title of the message (exposing the truth condition beyond linguistic meaning) the main reason behind chosen this subject is clarifying the modality explaining and exposing of sentences and expressions meanings. For the sake of getting truth condition through dealing the reality and truth value of the sentences. That comes from simple sentences.

The message includes three chapters despite preface and conclusion.

First chapter consists of two parts:

First part: trying to clarify schools of linguistics and problems.

Second part: talking on sorts of meaning, we generally cover about seven types of meaning.

Second chapter: includes three main parts:

First part: generally, discuss about beginning of truth condition theory and roots of truth condition theory for semantic interpreting and modality of identifying of real condition with the real value of the sentences and obstacles in front of truth condition, also try to prepare and clarify the real structure of logical expressions.

Second part: talks on non truth conditions which is a pragmatic phenomenon that got at the time of using language. We can get the speakers purpose because of around, situation and sharing information.

Third part: try to clarify the real condition of the sentences for that purpose try to show real condition of declarative, interrogative and imperative, also in simple, derivative and complex sentences.

Chapter three: this chapter is practical and domains of practicing and getting benefit from the real condition. Adjectives was got as practical example of semantic and real condition that distributes into three parts:

First part: linguistic meaning of adjectives in Kurdish language in the case of formation, degree and classification.

Second part: real conditions of adjectives in declarative, interrogative and imperative sentences, also in simple, compound and complex sentences.

Third part: discussing about unreal conditions of adjectives in Kurdish language in declarative, interrogative and imperative sentences,also in simple, compound and complex sentences of

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.